# بیرەوەرییە هەرگیز لەبیرنەکراوەکانی من

نووسینی: گەلاوێژ

# بیرەوەرییە هەرگیز لەبیرنەکراوەکانی من

## بەرگی دووەم

گەلاوێژ

بیرەوەرییە هەرگیز لەبیرنەکراوەکانی من/ بەرگی دووەم
نووسینی: گەلاوێژ
بابەت: بیرەوەری
بەرگ: محەمەد زادە
چاپ: چاپی نوێ/ سلێمانی ٢٠١٨
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن: (٢٣٤٦)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری دراوەتێ

# پێشەکی

کاتێـک گەلاوێــژ خــان بەرگــی یەکەمــی بیرەوەرییەکــانی بەچــاپ گەیانــد، نــــزیکەی ٨٠ دانەم بەســـــەر نووســــەر و ڕۆشـــنبیر و ناســـیاوانی بنەمـــاڵەی مامۆســتا بــرایم دابەش کــرد. لەڕاســتیدا پێشــوازییەکی گەرموگوڕیــان لــێ کــرد و بەتاســـەوە چــاوەڕوانی بەرگــی دووەمیــان دەکــرد، تــا بە زووتــرین کــات بکەوێــتە بەر دەســـتیان، بەڵام بەداخەوە هەنـــدێک ڕەوشـــی نـــاهەموار هـــاتنە کــایەوە، وەک نەســاغیی خــودی گەلاوێــژ خــان و نەخۆشــیی کتــوپڕی بەڕێــز مــام جەلال کە هەرگیــز بە خەیاڵیشــدا نەدەهــات، ڕێگــر بــوون لە دواکەوتنــی نووســـین و چـــاپکردنی بەشـــی دووەم، وا ئەوەی خـــوێنەران لە چاوەڕوانیـــدا بـــوون هـــاتەدی، بە بەرگێکـــی قەشـــەنگ و دیزاینـــی نـــاوەوەی ڕێکوپێـــک بیرەوەرییەکــان خۆیــان دەردەخەن، ڕووداوەکــان خۆیــان بە خــوێنەر ئاشـــنا دەکەن، کە زۆربەیـــــان تراژیـــدین و بـــێ ڕتووشـــکردن و شـــاردنەوەی ڕاســـتییەکان دێـــنە بەرچـــاو، کە ســـیمای گەوهەری ڕاســـتەقینەی ژنێکـــی ڕۆشـــنبیری بـــوێری چاونەترســـی ڕاســـتگۆیە و ڕاشـــکاوانە دەدوێـــت، قســـە دەکـــات، ڕەخـــنە لە کـــار و ڕەفتـــارە هەڵە و چەوتەکـــان دەگرێـــت، ئەگەر ئەو کەس و لایەنە نزیکتـــرین کەسیشـــی بێـــت، ئافرەتێـــک کە هەر لە منـــداڵییەوە ژیـــانی دەربەدەری و خۆشـــاردنەوە و چەوســـانەوەی بە خـــۆوە دیبێـــت، لە

ئەنجامی خەباتی بێوچانی مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵای خاڵی، هەر لە سەرەتای ژیانیدا کەوتبێتە بەر شەپۆلی مەینەت و ئاوارەیی و لە ڕەگی ژینگەی لەدایکبوونی بنەماڵەکەیان ترازابێت و جارێکی تر لە تەمەنی هەڕەتی لاوی و لەگەڵ مرۆڤێکی کوردپەروەری ڕۆشنبیر و پارێزەرێکی ناسراو و ئەدیبێکی داهێنەر و پیاوێکی جوامێر و خەباتگێڕ ببێتە هاوسەر، کە بەڕاستی نموونەی ڕۆژنامەنووسێکی ڕەسەن بێت بە هەموو ماناوە. کاتێک دەستبەرداری دادوەری هەڵەبجە بوو تەنیا بۆ ئەوەی گۆڤاری "گەلاوێژ"ی ناودار دەربکات، دوای شایی و زەماوەندی هاوسەرگیری لە ئەنجامی گۆڕانی بارودۆخەکە و گرتن و ڕاونان و دەربەدەری و برسێتی و نەداریی خودی مامۆستا برایم و ژینی مەینەتی پڕ ئێش و ئازاری خودی گەلاوێژ خان، کە بەدەگمەن ڕێک دەکەوێت ژن بەرگەی بگرێت و نەکەوێتە سەرکۆنەکردن و تۆرانی لە دەست ئەو ڕەوشە نالەبارەی کە دووچاری بووە و پێوەی گرفتار بووە؛ ئەگەر ئەو ژنە ژنێکی عاقڵ و ژیر و هۆشیار نەبێت، ژیانی خۆی بە ژیانی هاوسەرەکەی نەبەستێتەوە کە لە دڵەوە خۆشی دەوێت و پەیوەندییەکی ڕۆحی و ویژدانی لە نێوانیان نەبێت، ئەویش وەک ژنێکی خەباتگێڕی دڵسۆزی کورد و کوردستان چارەنووسی خۆی بەو ڕێگەیە نەبەستێتەوە کە مامۆستا برایم بێوچان گرتوویەتیە بەر، دەشزانی بە گوڵ و ڕەیحان دانەپۆشراوە، بەڵکو پڕ دڕک و دار و بەرد و بەندی ئێش و ئازارە، ئەو ڕێگەیەی هەڵنەدەبژارد کە ڕێگەی ژیانی ڕاستەقینەیە، کە مردنە بۆ ژیان، نەک ژیان بۆ مردن، زمانحاڵیشی دەفەرمووێت:

مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان
چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان
لە زڕەی زنجیر دڵت نەلەرزێ
پێوەند بۆ لەشە نەوەک بۆ گیان

ژنێـــک که بەرگەی ئەو هەمـــوو دەربەدەری و ئـــێش و ئـــازار و ژیـــانی ســـەخت و دژوارەی هاوســـەرەکەی و خـــۆی و منـــداڵەکانی بگرێـــت، دەبێـــت چ جـــۆرە ژنێـــک بێـــت، ئەگەر ژنێکـــی نمـــوونەیی قـــاڵبووەوەی قوتابخـــانەی ژیـــان نەبێت دەبێـت چـی بێـت. ئایـا کـورد بە خـۆڕایی گوتـوویەتی: "ژن هەیە شـارێک دەهێنێـت و ژنـیش هەیە شـانەیەک ناهێنێـت؛ هەروەهـا ژنـیش هەیە و ژانـیش هەیە"، کە ژیـــانی خێزانـــی دەکەنە دۆزەخ، کـــۆڵ بە پیـــاوی خەبـــاتگێڕ دەدەن، هەردەم چاویـــان لە دەوڵەمەنـــدی و ڕواڵەتە پووچەکـــانی ژیـــانە، لە ئەقـــڵ و زانیاریـدا بێبەهـرەن، هەرگیـز بیـر لە واقیعـی نالەبـاری میللەتەکەیـان نـاکەنەوە، خۆپەرســـتی وای لـــێ کـــردوون هەر بـــۆ خۆیـــان بـــژین، کە ســـەیری نێـــو پانۆرامـــای ژیـــانی هاوســـەرگیریی گەلاوێـــژ خـــان و مامۆســـتا بـــرایم دەکەیـــت وەک لە ڕەوتـــی بیرەوەرییەکانـــدا دەردەکەوێـــت، کە ڕۆژێـــک لە ڕۆژانـــی نـــاهەموار وەک پەیوەنـــدی نێـــوان کەســـانی تـــری خێزانـــی دەبێـــت بە نمـــوونە بهێنـرێتەوە، کە لەسـەر خەبـاتی نیشـتمانی و نەتەوەیـی نـاکۆک نەبـوون، بـۆیە دەکرێـت نووســەری بیرەوەرییەکــان بە ژنێکــی نمــوونەیی لە قەڵەم بــدەین، کە وەک ڕەمـزی ژنێکـی لەخـۆبردووی فیـداکار هـاتووتە کـار و خەبـاتی کـردووە، هەرچەنـدە ژنێـک نەبـووە کە لە ڕیزەکـانی حیزبـدا کـاری کردبێـت، بەڵام بە نهێنـــی و بە ئاشـــکرا لە هەر بارودۆخێکـــدا ئەرکـــی سەرشـــانی دڵســـۆزانە ڕاپەڕانـــدووە، ئەوەی کە مـــن لەو پەیوەنـــدییە بەهێـــزە نەپچـــڕاوەی نێـــوان سەرسـامی و ڕێزلێنـانی یەکتـری، وێـڕای لەبـار و لەبـارنەبوونی بـارودۆخەکە لە خۆشـــی و لە ناخۆشـــیدا دوو پەنـــدی گرنـــگ ئەو دوو بـــوونەوەرەی بەو ڕۆحـیەتە بەیەک بەسـتووەتەوە کە مرۆڤـی ژیـر دەبێـت بەهەنـدی وەربگرێـت و لە هەمـــوو کاتێکـــدا بیکـــاتە ڕابەری ژیـــانی، بەتـــایبەت بەر لە دروســـتبوونی هاوســـەرگیری. "پیـــاو دەبێـــت نەبێـــتە هاوســـەری ئافرەتێـــک کە هەمـــوو ســـامانەکەی جـــوانییە، ژنـــیش نەبێـــتە هاوســـەری ئەو پیـــاوەی کە هەمـــوو سـامانەکەی پـارەیە"، ژنێـک کە هەمـوو سـامانەکەی جـوانی بێـت، ئەگەر ژیـر و ڕێکوپێـک نەبێـت جـوانییەکەی لـێ دەبێـتە بەڵا، پیـاویش ئەگەر تەنیـا پـارەدار

بێت و سوودی بۆ میللەتەکەی خۆی نەبێت، تەنیا پارەپەرست بێت، سوودی چییە؟!

کە بیرەوەرییەکانی گەلاوێژ خان دەخوێنمەوە، سەرم دەسوڕمێت، سەرەڕای ئەو هەموو بارودۆخە ناهەموارەی پڕ ئێش و ئازارە، توانیویتی بەوپەڕی ڕێکوپێکی منداڵەکان بخوێنن و بیانگەیەنێتە پلەی باش، ئەمە بە چ ژنێک دەکرێت کە بەو شێوەیە مشووری منداڵەکانی بە جۆرێک بخوات کە بە هەموو دەردەسەری و نەداری پێیان بگەیەنێت، بە پێچەوانەی ژنانی تر ئەگەر منداڵەکانیان لە خوێندندا دوا بکەون، هۆیەکە دەخەنە سەر ئەستۆی باوکیان. مەلا محەمەدی کۆیی جوانی بۆ چووە، دەڵێت:

| | |
|---|---|
| تەربییە لای داکە | داک چا بی ئەولاد چاکە |
| باب لە ئەسڵدا بێباکە | فەرقەکە ناکا چەندان |
| داک مامۆستای فیترییە | تەشەکولت لەوییە |
| مادی یا مەعنەوییە | روشدە یا لەڕێ لادان |
| کە داکی چاکی نەبی | سێسەد حەدیسی "نەبی" |
| چلۆن تەئسیری دەبی | وەک پف لە پەتک و سندان |

دەکرێت لەم شیعرەی مەلای گەورەدا مامۆستا برایم هەڵاوێر بن کە گەلاوێژ خان کچی دەبوو لە خۆشیاندا ئاهەنگی دەگێڕا، کچەکانیشی نموونەی خەبات و کۆڵنەدان بوون، کام کچ قوربانی بە سێی کۆلێژی پزیشکی داوە وەک شاناز خان، ئەگەر بارودۆخەکە ناهەموار نەبووبایە، کام ژنی خەباتگێڕ بووە پێشمەرگە و جلی پێشمەرگایەتی کردە بەر وەک هێرۆ خانی هاوسەری بەڕێز مام جەلال، ئەگەر پەروەردەی باوک و دایکی و بیروباوەڕی ڕاستەقینەی شۆڕشگێڕی کوردایەتی نەبێت و هاوسەنگەری هاوسەرە دڵسۆزەکەی خاکی کوردستان نەبێت.

خاڵێکی زۆر گرنگ کە لە گەلاوێژ خاندا دەردەکەوێت، ئەو خۆپێگەیاندنەیە بەم شێوە باڵایە، وەک نووسەرێکی قەڵەم بەبڕشت و چاپووک و چالاک، بەو هەموو بەرهەمەی بە کوردی و بە عەرەبی، بە

بـابەتی هەمەجـۆرەوە، تـا بڵێیـت جـێگەی ڕێـزە و شـیاوی پێبەخشـینی خەڵاتێکـی گەورەیە، ئەوا لە کاتێکـدا ژنـــی وا ڕێزیـــان لـــێ نـــراوە و خەڵات کـــراون (وەک ژنـــی خەبـــاتگێڕ) کە لەو ئاســـتەدا نـــین گەلاوێـــژ خـــان بە درێژایـــی ژیـــانی کردوویەتـــی، یـــان وەک ژنـــی نووســـەریش لە ئاســـتی ئەودا نـــین کەچـــی مەدالیـــای ڕێزیـــان بە مـــلەوە دەکرێـــت، ســـەیر لەوەدایە خەڵاتـــبەخش نزیکتـــرین کەس بێت لە ئەو.

بـــا منـــیش وەک گەلاوێـــژ خـــان چەنـــد دێـــڕە شـــیعرێکی عەرەبـــی تـــێکەڵ بە نووســـینەکەم بـــکەم، کە هەردووکمـــان هـــاودەردی یەکـــین. شـــاعیرێکی عەرەبـــی ئەم ڕەوشـــەی ئەمـــڕۆ لە بـــواری ڕۆشـــنبیری و چەنـــدین بـــواری تـــر دەردەبڕێـــت و دەڵێت:

وأمر مالا قيت من النوى — قرب الحبيب وما اليه وصول

كالعيس يقتلها فى البيداو الظمأ — والماو فوق ضهورها محمول

شاعیرێکی تر زیاتر لە حاڵەتەکە نزیک دەبێتەوە، دەڵێت:

**وظُلْمُ ذَوِي القُرْبَى أَشَدُّ مَضَاضَـةً — عَلَى المَرْءِ مِنْ وَقْعِ الحُسَامِ المُهَنَّـدِ**

گرنگیـــی ئەم بیرەوەرییـــانە لەوەدایە، کە گەلاوێـــژ خـــان وەک ڕەخنەگرێکـــی کـــۆمەڵایەتی، تـــانە و تەشـــــەر لەو کەســـــانە دەدات، لە بـــــواری خەبـــــات و قوربانیـــدان و خزمەتکردنـــی گەل و نیشـــتمان ڕۆڵیـــان نەبـــووە، بـــۆ نمـــوونە خەڵـک هەبـووە ئەڵـقە لەگـوێی ڕژێـم بـووە، کەچـی ئێسـتا پلەوپـایەی بەرزی پـێ دراوە، کەســـانی واش هەن کە شـــیاوی ڕێزلێنـــان و پلەوپـــایەی بەرزن، کەچـــی پشـتگوێ خـراون و مـافی ڕەوای خۆیـان پـێ نەدراوە. بـا مـن بە گەلاوێـژ خـان بڵـێم ئەم لایەنەش قەیناکـــا، هەر ئەوانەی کە مرۆڤـــی پـــاک دوێنـــێ خـــۆی لـــێ دەپاراســـتن ئەمـــڕۆ ئەوانە دەســـتە چەورەکەیـــان بە کەســـانی خەبـــاتگێڕ و ســـتەمدیدە دەســـڕنەوە، نـــاو و ناتۆرەیـــان لـــێ دەنـــێن، تـــا ڕادەیەک فایلیـــان بـــۆ دروســـــت دەکەن، هیـــــی وا هەیە هەر لە منـــــداڵییەوە لە تەمەنێکـــــی بچووکـــــدا لەســـەر چـــالاکیی نیشـــتمانی گیـــراون و ئـــازاری دیـــوە و لە ڕووی ڕۆشـــنبیری و

بەرهەمەوە هـــیچ کەس لە شـــارەکەی خـــۆی بە درێژایـــی زەمـــان بەقەد ئەو بەرهەمـی نیـیە، کەچـی بسـتە زەوییەکیشـی لەو خـاکەدا نیـیە، ئەمە لە کاتێکـدا کەسـانێک هەن لە سـەردەمی ڕژێـم و دوای ڕاپەڕینـیش بـۆ خـۆی و مـاڵ و منـداڵی زەویـی پـێ بەخشـراوە و چاویشـی پـڕ نـابێتەوە، گەلاوێـژ خـان کە مـن پێـی سەرسـامم، لەوەوە هـاتووە کە ژنێکـی دەمـارگیر نیـیە، کەسـێکی عەقڵانیـیە، ڕقـی لە هـیچ نەتەوەیەک نـابێتەوە، هەرچەنـدە خـۆی وەک خـۆی دەڵێـت نەچـووەتە نـاو کـاری حیزبـایەتی، بەڵام کە ڕەخـنەش دەگرێـت، بە سـەرپاکی و بابەتییـانە ڕەخـنە دەگرێـت، بـۆ لایەک داناتاشـێت لەسـەر حیسـابی لایەکـی تـر، ڕاشـکاوانە ڕاوبۆچـوونی خـۆی دەردەبڕێـت، مرۆڤـی پـاک و بـێگەرد دەبێـت بەم شـێوەیە بێـت، چـونکە وا پەروەردە کـراوە و هەر واش دەرسـی لە ژیـان و گرفتەکـان وەرگرتـووە. یەکێـک لە خوێندنـدا تەنیـا گەیشـتبێتە پـۆلی یەکەمـی ناوەنـدی ئەو هەمـوو بەرهەمەی هەبێـت، خـۆ ئەگەر پـێگەیەنەر (عصـامیە) نەبێـت دەبێـت چـی بێـت، ئەگەر هەڵسـوکەوت و دابەزیـن و سـەرکەوتنی ژیـان یەکەم قوتابخـانەی نەبێـت، دەبێـت چ قوتابخـانەیەک ڕابەر و ڕێنیشاندەری بێت؟!

بە لای مـنەوە ژیـان چـاکترین قوتابخـانەیە بـۆ مرۆڤـی ژیـر و بەتوانـا و هۆشـیار، کە بتوانێـت ڕووبەڕووی شـتە دژوارەکـان ببێـتەوە و بـۆ مەبەسـتی پیـرۆز ڕێـگە سـەختەکان تەخـت بکـات، گەلاوێـژ خـان خـاوەنی بەڵگەنـامەی بـاڵا نیـیە وەک هەنـدێک کەس شـانازی پێـوە دەکەن و هیچیـان لەبـار نیـیە کە لە ئاسـتی بەڵگەنامەکەیـان بێـت. بـۆیە دووپـاتی دەکەمەوە گەلاوێـژ خـان لە چەنـد لایەکەوە شـیاوی ڕێزلێنـانە، چـونکە قوتـابییەکی زرنگـی دەرچـووی قوتابخـانەی ژیـانە، کە گەورەتـرین بڕوانـامەی پـێ بەخشـیوە. لە ئەدیبـی نـاوداری ڕووسـیان پرسـی: "ئەنجـامی خوێنـدنت چ پـلەیەکە؟ گـوتی: مـن دەرچووی قوتابخانەی ژیانم".

**د. کەمال غەمبار**

**خوێنەری ئازیز:**

کاتێک ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە، ئەگەر بەرگی یەکەمی بیرەوەرییەکان و هەرسێ بەرگی "بەرەو ئەشکەوتی دلێران" یان "ثلاثیه نحو کهف الشجعان" کە من کردوومە بە عەرەبی و پێشەکیم بۆ نووسیوە، بۆت ڕوون دەبێتەوە کە هەندێک دیمەن دووپات بوونەتەوە، بەڵام بە هەمان شێوەی دارشتنی پێشوو نییە، بەڵکو زانیاریی تری خراوەتە سەر و لە هەندێک لاوە لە کۆنەکان ناکات، بەڵکو خۆشتر و ڕەوانتر و دڵگیرترە، ئەم جۆرە شێوازەش دەبوو تالیبی شاعیری ڕووسیمان بیر دەخاتەوە کە ڕەسوڵ هەمزاتۆڤ لە کتێبەکەی داغستانی مندا دەڵێت: "دەبوو تالیب زۆر جار هەندێک شتی کۆنی دەگێڕاوە کە دووپاتکردنەوە بوو، بەڵام ئەوەندە بەتام و لەزەت دەیگێڕایەوە مرۆڤ حەزی لێ بووە و پێی خۆش بووە". لە کۆتایی بیرەوەرییەکاندا گەلاوێژ خان پێی خۆشبوو کە گرتنی شەمەندەفەر لە ئێستگەی سلێمان بەگ لە تەمووزی ١٩٦٢دا بە سەرکردایەتیی ڕەیس "کەمال مفتی" لەگەڵ ڕەوتی نووسینی بیرەوەرییەکان بێت، بەڵام من لەبەر گرنگیی ڕووداوەکە کە کاردانەوەیەکی ڕاستەقینەی کاریگەر بوو دژی قسەکانی عەبدولکەریم

قاسم، که گوایه شۆڕشی ئەیلوول لە دوا نەفەسیدایە، پێم باش بوو بیکەم بە پاشکۆ، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە بیرەوەرییەکانەوە هەیە و زیاتر لە کتێبەکە شوێنی شیاوی خۆی دەگرێتەوە.

ئیتر بە پێویستی دەزانم داوای لەشساغی و تەمەندرێژی بۆ گەلاوێژ خان بکەم، هیوای بەردەوامبوونی لەسەر نووسینەکانی کە بەنرخترین سامانی مرۆڤ و مایەی نەمری و جاویدانی و ناودارین.

هەولێر

شەوی ١٠-٢٠١٣\٧\١١

سەعات ٤,٥٥ی بەیانی

زستانی ١٩٦٤ زستانێکی ئێجگار سەخت و کوشندە بوو، بەتایبەتی لەو کەژ و کێو و ناوچە شاخاوییانەی ئێمەی لێ بووین (ئاوکورتێ و خەزێنە و ژاژڵە). بەپێی قسەی زۆر کەسی بەتەمەن و پیری ئەو دەوروبەرە، دەیانگوت لە دەمێ ساڵەوە و کەم بە بیریان دێت کە سەرما و زستانی وایان دیبێت، چەندەها کەس و ڕێبوار ڕەق بووبوونەوە و مردبوون. بەفر تا ناوقەدی خەڵک دەهات، کاتێک هاتوچۆیان ئەکرد چەمەکەی بەردەممان بەستبووی، بە جۆرێک کە ڕێبوار و وڵاخ بەسەریدا دەهات و دەچوون، پلووسک و زۆری کانیاو بەتەواوی بەستبوویان، چلوورەی سەهۆڵ بەگویسەوەکاندا بەمەلاو ئەولای دەرگای ئەشکەوتەکاندا وەکو تیلای بلوورین هاتبوونە خوارەوە.

پێش ئەوەی فەسڵ ئێجگار وای لێ بێت، باوکی هێرۆ لە ڕێی ئێرانەوە چووبووە دەرەوەی وڵات، هەروەها مام جەلالیش چووبوو، هەر کەسەیان بۆ لایەک بۆ ناساندنی شۆڕش بە وڵاتان، بۆ داوای یارمەتی لە هەندێک وڵاتانی ئاگاداری کێشەی کورد.

وەکو لە بەشی یەکەمدا باسم کرد، کە شای ئێران زانیی شۆڕشی کورد خۆی گرتەوە و زۆر هاتووەتە پێش و هێزی پێشمەرگە دلێرەکان چەند

سەرکەوتوو بوون، ئێرانیش کەوتە پشی پشی بۆ شۆڕش و سەرکردەکانی کە دەتوانن خەڵک بنێرن بۆ خۆیان کەلوپەل و خواردن و زەخیرە بکڕن و هەموو پێویستییەکانیان دەست بخەن، هەروەها ڕێگەش کراوەیە بۆ سەرکردەکانی کورد کە بە ئێراندا بێن و بڕۆن.

ئاشکرا بوو کە شای ئێران لەبەر خاتری چاوی ڕەشی کورد وای نەدەکرد، ئەگەر ڕاستی دەکرد بۆچی وای لە کوردەکانی خۆی دەکرد، کە نەیاندەتوانی هەناسەش بە سەربەستی هەڵبکێشن، هەمیشە خەباتکەرانیان لە بەندیخانەکانی شادا بوون و لە ژێر ئەشکەنجەدا بوون. لەبەر ئەوە ئەو ڕێگەدان و تێپەڕین و هاتووچۆیە قازانجی خۆی تیادا بووە و کەڵکی لەو کردەوانە وەرگرتووە.

وەکو گوتم باوکی هێرۆ و مام جەلال چووبوونە دەرەوەی وڵات بۆ ناساندنی شۆڕش بەو گەلانەی هەستیان بەرانبەر بە کورد باش بووە و لە کێشەیان ئاگادار بوون بە دەست حکومەتە یەک لە دوای یەکە بەدناوەکانی پێشووی عێراق، کە هەر حکومەتێک لەو حکومەتانە دوای کودەتا لە یەکتری و یەکتری لەناوبردن، ئەو کەسەی سەر دەکەوت گورج دەیگوت دەی کوردینە وەرن با قسە بکەین بزانین چیتان دەوێت؟ دیسان وەفدی کورد و سەرکردەکانی کورد دەکەوتنە ڕێ بەرەو بەغدا، خەڵکی شارەکانیش دەکەوتنە هەڵپەڕین و هەلەکەسەما.

پێشمەرگەش بڵاو دەبوونەوە و دڵیان خۆش دەبوو، چونکە وا مفاوەزات دەستی پێ کرد و دەهاتنە ناو شارەکان بۆ سەردانی کەسوکاریان. حکومەتیش دەکەوتە خۆی و لە بنەوە جێی خۆیان قایم دەکرد و ناحەزەکانیان لەناو دەبرد و وردە وردە دەکەوتنە دەستوەشاندن لە پێشمەرگە، بەتایبەتی ئەوەی ناوی دەرکردبوو لە ئازایی و قارەمانێتیدا. لە ناو شارەکان دەکەوتنە دەستوەشاندن لێیان بە هۆی جاشەکانیانەوە، دواتر بڵاویان دەکردەوە کە ئەمە شەڕی شەخسی بووە و ئەو دوو کەسە

شەڕی کۆنەقینیان لە بەیندا هەبووە، کە هیچیش وا نەبووە و هەموو پیلانی حکومەتە ڕەگەزپەرستە بەدناوەکان بوو.

دواتر حکومەت بە کوردەکانی دەگوت: ئەوەی ئێوە داوای دەکەن ناکرێت و نادرێت، بیانوو لەسەر بیانوویان دەهێنایەوە. ئینجا دەستیان دەکرد بە دەستوەشاندن لە خەڵکی ناوشار، هێزی کورد و سەرکردە و لەشکریش دەگەڕانەوە شاخەکان، ئینجا فڕۆکە جەنگییەکانی حکومەت دەکەوتنە فڕکوهوڕ بەسەر شار و دێهاتی کوردستاندا و بۆردومانی دێهاتەکانیان دەکرد، لە شارەکانیش کێیان دەست بکەوتایە لەو کەسانەی بۆنی خەباتکردنی لێ بهاتایە، هەر دەستبەجێ بێسەروشوێنیان دەکردن و گومیان دەکردن؛ بەڵام لە ناو ئەو هەموو حکومەت و کودەتاچییانە تەنیا لە شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ زەعیم عەبدولکەریم قاسم باش بوو بۆ کورد و هەموو میللەتی عێراق، لە دەستووری عێراقیشدا ددان بەوەدا نرا کە کورد و عەرەب شەریکن لەم وڵاتەدا و مافیان وەکو یەک وایە، کوردیش زۆری بۆ عەبدولکەریم قاسم کرد و زۆر بە دڵ و بە گیان و بە سەر و ماڵ پشتگیرییان کرد و زۆر دڵسۆزی بوون، چەندین کودەتایان لە دژ پوچەڵ کردەوە، بەتایبەتی کودەتای "شەواف" کە لە موسڵ کرا و کودەتایەکی ئێجگار گەورە بوو بە پشتیوانیی کورد و شان و بازووی ڕۆڵە نەبەزەکانی کوژێنرایەوە، بەڵام دیسان لە ئاخریدا زەعیم عەبدولکەریم قاسم لەگەڵ کورد نێوانی تێک چوو و لە کورد هەڵگەڕایەوە، زۆر کەس هەبوون کە دڵیان لە کورد وەرگەڕان بۆ مەسڵەحەت و قازانجی خۆیان. عەبدولکەریم کەوتە لێدانی کورد، یەکەم گورز باوکی هێرۆی دا بە مەحکەمەی عورفی لەسەر ئەوەی وتارێکی لە ڕۆژنامەی خەباتدا بڵاو کردبووەوەوە، کە ڕۆژنامەی خەبات خۆی عەبدولکەریم قاسم دای بە باوکی هێرۆ، ڕێگەی دا پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئاشکرا کار بکات و لە لای خۆیەوە باوکی هێرۆی زۆر خۆش دەویست و مەتحی دەکرد، کەچی لەسەر ئەو وتارە دای بە مەحکەمەی عورفی و **خەباتی** لە

دەرچــوون ڕاوەســتاند، چــونکە نووســیبووی: عێــراق بەشــێک نیــیە لە میللەتــی عەرەبی، عەرەبی عێراق بەشێکن لە میللەتی عەرەبی.

مامۆســتا ئیبــراهیم ئەحــمەدی نەمــر (بــاوکی هێــرۆ) درایە دادگــای عــورفی، ســەرباری ئەوەش خەبــات داخــرا. بیــرمە زیــاتر لە دووســەد محــامی لە هەمــوو شــارەکانی عێــراقەوە هــاتنە پێشــەوە تــا بــێن لە دادگــا بەرگــری لە بــاوکی هێــرۆ بــکەن، ئەو کــاتە تــازە مــام جەلال کــولییەی تەواو کردبــوو، بــوو بە محــامی تــا لەســەر بــاوکی هێــرۆ بــکەنەوە، ئەگەرچــی بــاوکی هێــرۆ خــۆی ئەوەنــدە زیــرەک و قــانونزان بــوو هەروەکــو لە تەلەبەیــیەوە هەنــدێک مامۆســتای پێیــان دەگــوت "بــلە بلــیمەت" بەتــایبەت مامۆســـتای خوالێخۆشــبوو "ســالح قەفتــان" کە مامۆســتای بــوو، بــاوکی هێــرۆ پێویســتی بە کەس نەبــوو لەســەری بــکەنەوە، بەڵام ئەو هاتنەپێشــەی ئەو هەمــوو محــامییە بــۆ لەســەرکردنەوەی بەبــێ تــرس، زۆر زۆر جێــی شــانازی و ورە بەرزکــردنەوە بــوو، لەوەش خۆشــتر نیــیە کە مــرۆڤ بزانێــت بەنــرخ و خۆشەویســتە لە لای مــیللەت و گەلەکەی و هــیچ ئــاوات و دەســتکەوت و ســەروەت و ســامانی ســەرزەمین ناگــاتە ســەعاتێک و کــاتێکی بچــووکی ئەو خۆشەویســتییەی کە مــرۆڤ لای مــیللەتەکەی ســەربەرز و خۆشەویســت بێــت، هەرچۆنێــک بــوو ڕۆژی دادگــا هــات و بــاوکی هێــرۆ بەپێــی قــانوون بێــبەری دەرچــوو. بــۆیە ئەم جــارە حکــومەتی قاســم کەوتە پیلانێکــی تــر ئەویــش فەرمــانی گرتنــی بــاوکی هێــرۆی دەرکــرد، کە گــوایە لە ڕێــگەی شــەقڵاوە ســدیق میرانــی کوشــتووە، گــوایە ســدیق میــران پەیوەنــدیی بە حکــومەتەوە هەبــووە و دژی خەبــاتکەرانی کــورد لەو ڕێگەوبــانەی شــەقڵاوە کوژرابــوو، حکــومەتیش خســتیە ســەر بــاوکی هێــرۆ و فەرمــانی گرتنــی بــۆ دەرکــرد، لەبەر ئەوەی مامۆســتا بــرایم ئەحــمەد لە بەغــدا بــوو و لە گرتنــی قەڵەمــیش زیــاتری نەیــدەزانی، ئینجــا نــازانم دەبێــت چــۆن ســدیق میرانــی کوشــتبێت؟ ئەو کاتــانەش هێشــتا "ڕیمــوت کــۆنترۆڵ" دانەهــاتبوو، تــا بڵێــین دیارە لە بەغداوە بە ڕیموت کۆنترۆڵ سدیق میرانی کوشتبێت.

هەرچۆنێــک بێــت هەمــوو مــیللەت دەیزانــی کە ئەمە بیــانوو پێگــرتنە، حکــومەت بەســەر بارەگــای پارتیابــدا دابــوو کە لە بەغــدا لە "بەتــاوین" بــوو، چــۆن بــاوکی هێــرۆ بگــرن! کە ئەوســا بــاوکی هێــرۆ ســکرتێری گشــتیی پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان بــوو، بارەگــای پــارتی دوو دەرگــای هەبــوو، بــۆیە بە پەلە برادەرانــی توانیبوویــان لە دەرکــی پشــتەوە ڕزگــاری بــکەن، ئیتــر لەو دوو ڕووداوەوە بەتەواوی ڕەوشــەکە شــێوا و کەوتــنە دەســت بەســەرداگرتنی بارەگــا و کەلــوپەلی چاپخــانەی خەبــات، هەمــووی گیــرا و لەکــار کەوتــن، بــاوکی هێــرۆ لە لای هەنــدێک بــرادەری کــوردی فەیلــی لە بەغــدا بــۆ مــاوەیەک شــاردرایەوە، ئــێمەش ئیتــر زۆر دڵتەنــگ و نــاڕەحەت بــووین و کەوتیــنە ژێــر چــاودێری، پــاش مــاوەیەک هەر جــارە و لەناکــاو دەهــاتنە ســەرمــان و ماڵپشــکنینی بەوەخــت و ناوەختیــان ئەنجــام دەدا؛ جارێکیــان نزیــک ســەعات ســێی بەرەبەیــان بــوو، دیســان لە دەرگایــان دا و دایکــم ڕاپەڕیــی و چــوو کــردیەوە، ســەیر دەکــات بە دەیــان عەســکەر و پیــاوی ئەمــن و ئۆتۆمبێــل هەرایــانە و لەبەر دەرگــان، دایکــم تــوڕە بــوو لێیــان و گــوتی: "خــوا چــۆن لێتــان هەڵــدەگرێت بەم شــەوە درەنــگە دێــنە ســەرمان، خــۆ ڕامــان نەدەکــرد بــا بەیــانی ڕۆژ ببــوایەتەوە ئینجــا بهاتنــایەتە ســەرمان، مــاڵ و منــداڵتان هەمــوو تۆقانــد". مــن و منــداڵەکان و ئەو کەســانەی لە مــاڵ بــووین، هەمــوو ڕاپەڕیــن لەخەو بــزانین ئەمە چیــیە، پیــاوێکی بــاریکی سەرســپییان لەگەڵ بــوو بە دایکمــی گــوت: "خوشــکم نــاڕەحەت مەبە، ئەمە ئەمــری حکــومەتە لێمــان ببــوورە و ئەمە ئەمــڕۆ چلوهەشــت ئیبــراهیم ئەحمەدیــان گرتــووە، هیچیــان ئەو ئیبــراهیم ئەحــمەدە نەبــوون کە بــۆی دەگەڕایــن، بــۆیە مــن گــوتم بــابە لــێم بگەڕێــن خــۆم بچــم ئیبــراهیم ئەحــمەد معمیلــی بــرایم ئەحــمەد ناســیاوی مــنە و لە کــۆنەوە مــن دەیناســم، کە دەگیــرا و دەهێنــرایە ئەمــن بــۆ لامــان، بــۆیە وا مــن هــاتم". ئینجــا ســەیری ئەوانەی دەوروپشــتی کــرد و گــوتی: "هــزوله الزعــاطیط مــایعرفون ئیبــراهیم ئەحــمەد" واتە: "ئەم منــداڵە وردکە تــازە پیــاکەوتوانە ئیبــراهیم ئەحــمەد ناناســن (مەبەســتی لە کاربەدەســتانی شۆڕشــی ١٤ی تەممــووز بــوو خــۆی

هیـی کـاتی مەلیـک نـووری سـەعید بـوو)". مـرۆڤ قسـەی حەق بلێـت ئەوانە چەنـد خـراپ بـووبن لەگەڵ خەبـاتکەران، بەڵام لەگەڵ مـاڵ و منـداڵ و ژن زۆر لەسـەرخۆ و بەئەدەب بـوون، بەتـایبەتی کـاتی مەلیـک وا بـوون لەگەڵ ژن و ماڵ و منداڵ، بە پێچەوانەی سەردەمی سەدام و بەعسی خوێنڕێژ.

هەروەکـو لە سـەرەتاوە باسـم کـرد، مـاڵی کـاک نـووری شـاوەیس و دایکـی ڕۆژ دیوارمـان بەیەکەوە بـوو، دراوسـێی یەک بـووین لە مشـتەمەلیکی گەورەدا بـوون کە لە بـاخ و حەوشـەکەمان برابـوو، ئەویـش هەمـووی هەر مـوڵکی "مـونیر ئەلقـازی" بـوو، کە سـەردەمی پاشـایەتیی وەزیـر بـوو، هەروەهـا زووش مامۆسـتای بـاوکی هێـرۆ بـوو کە لە حقـوق بـوو، بـۆیە مـونیر ئەلقـازی ئـێمەی زۆر خـۆش دەویسـت و زۆر نـاڕەحەت دەبـوو کە دەهـاتنە سـەرمان و وایـان پـێ دەکـردین، تـاوەکو دوو-سـێ مـانگیش کرێـی خـانووی لـێ نەسـەندین، جارێـک بە نـاڕەحەتییەوە هـات بـۆ لامـان و کەوتە قسـە و دڵـدانەوەمان و نـاڕەحەتیی خـۆی بـۆ دەربـڕین و لە دڵیشـدا لە خـۆی دەترسـا، نەوەکـو بیگـرن و پێـی بڵـێن بـۆچی جاربەجـار دەچێـتە مـاڵی بـرایم ئەحـمەد بە بیـانووی کرێـوەرگرتنەوە. ئەگەرچـی بەسـتەزمانە زۆر پیـر بـوو، لەگەڵ ئەوەشـدا دەترسا بیگرن.

جارێکیـان کە هـات لە هـۆڵەکە دانیشـت، دایکـم و هەموومـان دانیشـتبووین، گـوتی: "بـۆچی ڕەوشـەکە وای لـێ هـات؟ خـۆ کـورد لە هیچـی کەم نەبـوو! لەچـاو جـاران زۆر باشـن، خـۆزگە بە بێـدەنگی دادەنیشـتن، چییـان دەوێـت قـابیلە دەوڵەتـی سـەربەخۆیان بووێـت! هێـرۆی کچـم ئەو کـاتە منـداڵ بـوو، هەر دە-یـازدە سـاڵێک دەبـوو، کە لە ژووری تەنیشـت هـۆڵەکەوە نـازانم خەریکـی چـی بـوو لەگەڵ بـرا و خوشـکەکانی، کە لەپـڕ قیژانـدی و وەڵامـی مـونیر ئەلقـازیی دایەوە و گـوتی: "ئەی لوبنـان کە خـاک و ئەرزەکەی بەقەد "حلـلە"یە بۆ دەوڵەت بێت و دەوڵەتی هەبێت، بۆ کورد نەیبێت؟!"

منیـر ئەلقـازی سـەری سـوڕما و چـاوی زەق بـووەوە، گـوتی: "ئەم منـداڵە کـێ بـوو؟"، مـن قیڕانـدم و گـوتم: "کچـێ هێـرۆ گیـان وس بە جـوابی مەیەرەوە

عەیبە"، کە زانی ئەمە هێرۆیە زەردەخەنە گرتی و گوتی: "های فرخ البط عوام"، گوتی: "بێچووی قاز مەلەوانە". ئیتر مونیر ئەلقازی هەندێک قسەی تری کرد و هەستا و ڕۆیشتەوە.

***

وەکو لە بەشی یەکەمی بیرەوەییەکانمدا نووسیومە ئیتر ڕەوشەکە بەتەواوی تێک چوو، ئێمە بە دڵەکوتێ و ترس و لەرز لە بەغدا دەرچووین و گەیشتینە سلێمانی. تا دەهات ڕەوشەکە خراپتر دەبوو، هەموو سەرکردە و زۆربەی ئەندامانی پارتی خۆیان گەیاندە شاخ، دوای ئەوەی شەڕ دەستی پێ کرد و یەکەم جار لە ناوچەی سلێمانی عەشایەری کورد پەلاماری عەسکەریان دا، کاتێک کە عەسکەری حکومەت دەیانویست بپەڕنەوە بەرەو سلێمانی لە دەربەندی بازیان و پێش ئەوەش لە ناوچەی بارزان و بەشێک لە بادینانیش شەڕ دەستی پێ کردبوو، ناوچەی بارزان و ئەو ناوچانەی تری بادینان هەموو فڕۆکەی حکومەت چووبووە سەریان و کەوتبووە بۆردومانکردنیان، ئیتر ئەوە بوو وەکو لە بەشی یەکەمی بیرەورییەکانمدا باسم کردووە، کە لە شاخ هێزی پێشمەرگە پێک هات لەو کەسانەی بەرەو شاخ و کێوە سەرکەش و شیرینەکانی کوردستان بەڕێ کەوتبوون. ناوی پێشمەرگەش باوکی هێرۆی خۆشەویستم ناوی لەو هێز و چەکدارانە نا پێشمەرگە دواییش ئەو شیعرەی بۆ گوتن لە ماوەت:

من پێشمەرگەی کوردستانم
ئامادەی جەنگی مەیدانم
بە سەر و ماڵ و ژیانم
ئەیپارێزم نیشتمانم
دەست لە چەکم هەڵناگرم
یان سەرئەکەوم یان ئەمرم

ئـێمەش بە مـاڵ و منـداڵەوە گەیشـتینە لایـان... ئەو مـاڵ و خێـزانەی مەترسـییان لەسـەر بـوو ئەوانـیش خۆیـان گەیانـدبووە ئەو ناوچـانەی وەکـو مـاوەت و دێهاتەکـانی دەوروپشـتی، وەکـو مـاڵی خوالێخۆشـبوو کـاک نـووری ئەحمەد تەها و چەند ماڵێکی تر وەکو ئەوانەی من لەوێ دیبوومن.

هـاوین بـڕایەوە، پـاییز گەیشـتە سـەرمان و سـەرەتای زسـتانیش بە گرموهـۆڕی هەورەتریشـقە و بـاران و پەڵە، دوایـیش بەفربـارین... ئیتـر حـاڵی هەمووومـان شـڕ بـوو. ئـاخری لە دوای دوو-سـێ دێ گەیشـتینە ئـاوەکورتێ و چـووینە کـانی حوسـێن کە مـوڵکی ئاغـا بـوو، عەلـی ئاغـا و ئەو پیـاوە نـاودارانەی ئەو نـاوە زۆر پیـاو بـوون و هاوکـاریی شـۆڕش بـوون بە سـەر و ماڵەوە یارمەتییان دەدایـن.

لەپـڕدا حاڵمـان زۆر شـڕ بـوو، ئیتـر بـاش بـوو کرێکارمـان هێنـا و جـێ خـانووە ڕووخـاوەکەی مـاڵی عەلـی ئاغایـان بـۆ دروسـت کـردینەوە و سـەرەکەیان گـرت و چـووینە نـاوی، بە پەتـوو و بەتـانی پەنجەرەکانمـان داپۆشـیبوو، تـا ئەو کـاتەی دارتـاش پەنـجەرەی بچـووکی داری بـۆ کـردین منـداڵەکانم هەمـوو نەخـۆش کەوتـن، ئەمیـان هەڵدەسـتا ئەویـان دەکەوت، لە کـاتی ئەو سەرماوسـۆڵەیە بـاس بـڵاو ببـووەوە کە حکـومەت دیسـان نـاردوویەتی بە دوای کوردەکانـدا تـا مفـاوەزات بـکەن، ئەو خەبەرە زۆر خـۆش نەبـوو، چـونکە کودەتـا لە عەبـدولکەریم قاسـم کرابـوو، عەبدولسـەلام عـارف هـاتبووە جێگەی، حکـومەت دیسـان دوای کودەتـا لەیەکتـری کـردن، ویسـتی خـۆی قـایم بکـاتەوە و دەسـتی کـورد بەو فـێڵە ببڕێـت، تـاوەکو خۆیـان قـایم بـکەنەوە و بـکەونەوە سـەر و پـۆتەڵاکی کـورد و دێهاتەکـانی وێـران بـکەن و بـکەونە دەستوەشاندن لە پێشمەرگە و سەرکردەکانیان، وەکو هەموو جارێکی تر.

بـۆیە کـورد تەجـرەبەی هەبـوو، بە قەول و وەعـدی ئەو حکـومەت و ئەو کەسـە شـۆڤێنی و داخ لە دڵانەی بـاوەڕ نەدەکـرد. کە ئەم قسەوقسـەڵۆکە بە گەرمـی بـڵاو بـووەوە، بـاوکی هێـرۆ (مامۆسـتا بـرایم ئەحـمەد) کە سـکرتێری پـارتی بـوو، لەگەڵ مـام جەلال کە مەکتەبـی سیاسـیی پـارتی و

سەرپەشـــــتیکەری زۆر ناســـــراو و خۆشەویســـــت و بەناوبانــــگ بــــوو، هەردووکیـــان لە ڕێـــگەی ئێـــرانەوە ڕۆیشـــتبوونە دەرەوەی وڵات، هەریەکەیـــان بۆ لایەک بۆ ئەوەی دەنگی شۆڕشی کورد بە وڵاتانی ئەورووپی بگەیەنن.

هەرچۆنێـک بـوو ئەو زسـتانە سـەختەش دوایـی هـات، بەهـاریش بە گـوڵ و گــوڵزارەوە کــۆن و وشــک بــوو، هــاوین بــاڵی بەســەر شــاخ و دۆڵ و بنــارە شــیرینەکانی کوردســتانی ڕەنگــین کێشــا و میــوەی جۆراوجــۆری پێگەیانــد و لــق و پــۆپی درەختەکــانی کــرد بە جێــی حەوانەوە و پشــوودانی پێشــمەرگەی قارەمــــان و دلێــــری بێپشــــتوپەنا، جــــگە لە خــــوای گەورە و شــــاخە ســەربەرزەکانی نەبێــت، زیــاتر لەو کــات و وەخــت و فەســڵگۆڕینە پێشــمەرگەی دلێــر و پــاڵەوان هەر شــەڕی خۆیــان دەکــرد و خەریکــی بەگژداچــوونەوەی دەبــابە و لەشــکری پڕتفــاق و پــڕچەک و تێروتەســەلی حکــومەت بــوون، لە کاتێکـدا پێشـمەرگەی قارەمـان مەگەر نـانی ڕەق و پیـاڵە چـاییەک خـۆی دابینـی کردایە و نیسکێنە و پەڵپینەبەترش لە لایان شایی بوایە.

ئەوە هەر عەســکەری حکــومەت بــوو هەرەســی دەهێنــا و چەک و کەلــوپەل و شــــارۆچکە و بنکەکانیــــان بەجــــێ دەهێشــــت و هەڵــــدەهاتن. بەرە بەرە پێشــمەرگە خەریــک بــوون پــڕچەک دەبــوون هەر بە چەکــی عەســکەری ڕاکــردوو، بەتــایبەتی لە شــوێنەکانی وەک ئەزمەڕ و هەیبەتســولتان ئەوە هەر جێبـی عەسـکەری سـوتاو بـوو، دەبـابەی سـوتاو و بەجێمـاو بـوون. حکـومەت کە ســەری مانــگ پــارە و ئــازووقە و زەخیــرەی بــۆ مەئمــوور و کاربەدەســتانی دەنــارد، یەک لەشــکر هێــزی لەگەڵــدا دەنــاردن لە ترســی پێشــمەرگەی دلێــر و ئــــازا، هەر لە ئێــــوارەوە عەســــکەر دەوری ســــلێمانی و شــــارەکانی تــــری کوردســــتان دەچــــوونە نــــاو ڕەبایەکانیــــانەوە کە بە دەوری هەمــــوو شــــار و ســەر ڕێگەکــان دامەزرابــوون، لە ترســی پێشــمەرگە هەر لە ئێـوارەوە دەچـوونە نــــاوی و بە شــــەویش گوێیــــان لە هەر خشــــپەیەک بــــوایە گــــوللەیەکی ڕووناکردنەوەیــان هەڵــدەدا و ئەو نــاوەی دەکــرد بە ڕۆژی ڕوونــاک، ئینجــا دەکەوتــنە دەســتڕێژی گــوللە لەو کەســانەی دەپەڕیــنەوە بەرەو شــاخ، یــان

هێـزی پێشـمەرگەی ناوشـار کە خەریکـی چـالاکی بـوون و شـتیان دەگواسـتەوە بۆ پێشمەرگە.

سـەرکردەکانیش هەمیشـە و بەردەوام لە گەڕدابـوون تێکـڕا ڕیپـۆرتەری وڵاتـان دەهـاتن کـۆ دەبـوونەوە لەگەڵیـان و سـەرکردەکانی پـارتی لە گفتوگـۆ و دیـداردا بـوون و وردە وردە ڕیپـۆرتەر و غەزەتە پێیـان زانـی و لە ڕێـی ئێـرانەوە یـان لە شـوێنی تـرەوە خۆیـان دەگەیانـدە کوردسـتان و نـاو لەشـکری پێشمەرگە و سەرکردەکانیان.

مـام جەلال لەوپەڕی چالاکیـدا بـوو، نـاوێکی وای دەرکردبـوو کە خەڵـک ئـاواتەخواز بـوون تەنـانەت بیبیـنن، بەڕێـز و بەرز و ئـازا بـوو، لەگەڵ پێشـمەرگەکانی هەمیشـە بەڕێـوە بـوون لە چەمـی ڕەزان زۆر بە تەنـگ پێشـمەرگە و هێـزەکەیەوە بـوو، تـاوەکو بـڵاو بووبـووەوە کە مـام جەلال لە نـاو تەنەکەی ڕۆنـی بەتاڵـدا کە مەنجەڵیـان نەبـووە نیسـکێنە و نـانی بـۆ پێشـمەرگەکانی ئامـادە کـردووە، لە هەمـوو کارێکیانـدا یـارمەتیی داون. مـام جەلال ئەوەنـدە خۆشەویسـت بـوو، کە تـا ئێسـتاش هەر وایە. قوماشـێکی سورمەی کەوای کوردی هاتبووە بازاڕ، ناویان نابوو ڕیشی مام جەلال.

هەروەهـا سـەرکردەکانی تـریش هەر خۆشەویسـت و فیـداکار بـوون و زەحمەتنەنـاس و لەخـۆبردوو بـوون، وەکـو شـەهیدی میللەتپەرسـت عەلـی عەسـکەری، نـاوی ئەویـش کەوتبـووە سـەر زمانـان کە گـوایە لە ئەزمەڕ خـۆی و هێـزەکەی نانیـان لـێ بڕابـوو، دوای ڕاونـانی لەشـکری حکـومەت و جاشـەکانی چوبـوون لەنـاو قەراغە کـولێرەی وشـکی کە بەجێیـان هێشـتبوو، شـەهید عەلـی عەسـکەری و هێـزەکەی چوبـوون لە نـاو مەنـجەڵ یـان کتـری ئـاودا کوڵانـدبوویان و خواردبوویـان، ئـا بەو جـۆرە ئەو قارەمانـانە شـەڕیان دەکـرد و بەرگریـی ئەو هەمـوو تانـک و تـۆپ و دەبابـانە دەبـوونەوە، بـێجگە لە بۆردومـانی فڕۆکەکـانیش کە هەمیشـە لە ژوورسـەریان بـوو؛ یـان یەکێکـی وەکـو کـاک عـومەر دەبـابەی دڵسـۆز کە ئازایـانە و بـێ وەسـتان خەریکـی پەلامـاردان و چـالاکی بـوو لەگەڵ هێـزەکەی، لە بیـرمە کە بـۆ چەنـد ڕۆژێـک لە

شـاخی هەیبەتسـولْتان کـاک عـومەر دەبـابە و هێـزەکەی لە لایەن عەسـکەر و هێـزی حکـومەتەوە ئـابلۆقە دران و بـۆ چەنـد ڕۆژ نـان و خواردنیـان لـێ بڕابـوو، بەلاّم قارەمانـانە توانییـان ئـابلۆقەکە بشـکێنن و خۆیـان ڕزگـار بـکەن و بـۆ مـاوەیەکی زۆر جێبـی سـوتاو و ئۆتۆمبێـل و دەبـابەی شـکاو لە پەناوپاسـار و لۆفەکانی هەیبەتسولْتان پەرش و بلاّو بووبوونەوە، بە دەستی بهێنن.

جـگە لە چەنـدین قارەمـان و ئـازای دیـکە کە مـن ناویـان نـازانم، ئەگینـا زۆری دیکەش هەبوون هەر وا قارەمان و پالّەوان و دلْسۆز بوون.

لەوکاتـانەدا ڕووداوی وا دەقەومـا کە خەلْکـی دەحەپەسـاند و زۆر دلْتەزێنـی دەکـرد، وەکـو بـرای مەلا عەبـدوللا، مەشـهوور بە مەلا مـاتۆڕ لەنـاو سـەنگەردا دەبێـت لەگەلْ چـوار پێشـمەرگە خەریکـی دەسـترێژ و شـەڕ دەبـن، کە دەببـابەی لەشـکری حکـومەت بەسـەر سـەنگەرەکەیاندا تێـدەپەڕێت و هەر پێـنج و شەشـیان دەشـێلێت و دەیانکـات بە هەویـری خـوێن و خـۆلْ، وا ئەوانە و سەدانی وەکو ئەوان شەهید دەبن.

بەڕاسـتی ئەمـانە قارەمـان و شـەهیدن، نەک وەک ئێسـتا بـووە بە عـالمودە هەر کەسـێک ئەمـری خـوای کـرد پێـی دەلّـێن فـلان شـەهید، بەڕاسـتی ئەوە دەسـتدرێژییە بۆسـەر لە خـوێنی گەشـی شـەهید، ئەو کەسـانەی ئێسـتا ئەو ڕەوشـەی تێـی کەوتـوون و ئەم سەربەسـتی و حکـومەت و پەرلەمـانە، نـاوی هەر هەمـووی لە سـایەی خـوێنی گەشـی ئەو پێشـمەرگە قارەمانـانەیە، کەچـی ئێسـتا ناوەکەشـیان پـێ ڕەوا نـابینن و ئەوەی لە کـاتی مەلەکرنـدا نـوقم بووبێـت و نەیزانیبێـت مەلە بکـات پێـی دەلّـێن شـەهید، یـان ئەوەی ڕۆژی چـوار پـاکەت جـگەرەی کێشـابێت و سـنگی ئیتـر داخرابێـت و مردبێـت، پێـی دەلّـێن شـەهید! یـان لە نـاو جێگەکەیـدا مردبێـت پێـی دەلّـێن شـەهید! ئـاخر بـۆچی بـۆ!؟ قەیناکـا ڕەنـگە ئەو کەسـە شـایانی ئەوە بێـت کە چەنـدین نازنـاوی بـاش و بەرزی پـێ بـدەن، ڕەنـگە دلْسـۆز بووبێـت، بەلاّم وەکـو عەرەب گـوتی "لەگەلْ ڕێزمـدا" ئەو کەسـە شـەهید نیـیە، ئەو کەسـە شـەهیدە کە بە دەسـتی دوژمـن کوژرابێـت، حکـومەت لە سـێدارەی دابێـت، لەژێـر ئەشـکەنجە مردبێـت، وەکـو

هەڵەبــجەی شــەهید غــاز و کیمیــایی پێــوە کرابێــت، بەڵام ئەمــانەی تــر شــەهید نــین و زۆر هــاووڵاتی پێیــان ناخۆشــە دەســتدرێژی لە نــاوی شــەهید دەکرێــت، هەروەهــا منــیش زۆرم پــێ ناخۆشــە و زۆر جێــی سەرســوڕمانە کە هەنــدێک کەس بە هــیچ شــتێک چــاوی پــڕ نابێــت و تێــر نــاخوات و بیــر لەوە نــاکەنەوە کە مــیللەت و هــاووڵاتی ئەو جــۆرە ڕەفتارانەیــان لا بــاش نیــیە، بگــرە ڕەفتــارێکی سووک و داگیرکەرانەیە لە حەقی شەهید و ناوی شەهید.

بــا بێیــنەوە ســەر باســی شــۆڕش و پێشــمەرگەی قارەمــان کە لەو کاتــانەدا لەرزیــان خســتبووە نــاو دڵــی لەشــکری پــڕ چەکــی حکــومەتەوە. لەو کــاتەدا ڕەیــس کەمــال مــوفتی و هێــزەکەی، شــەمەندەفەری بەینــی کەرکــووک و بەغــدایان گــرت، کە ژمــارەیەکی زۆر عەســکەری تیــا بــوو بەرەو کەرکــووک دەگــوێزرانەوە. ڕەیــس کەمــال مــوفتییش هێــزەکەی لەو دەورە، لای چیــای حەمــرین بــوون و ئەو دەوروبەرە شــارەزا بــوون، بــۆیە زۆر ئازایــانە و ئــاقڵانە خۆیــان ئامــادە دەکەن و و دەوری ئەو نــاوە دەدەن لە نزیــک ئێســتگەی شــەمەندەفەرەکە زۆریــش چــاوەڕوان دەبــن ، ئیتــر هەر کە شــەمەندەفەرەکە دەگــات، گــورج ئەمــان دەیگــرن و عەســکەرەکان دیــل دەکەن، بەڕاســتی باســی گرتنــی شــەمەندەفەرەکە بەلامەوە زۆر گــرنگە و لە شــوێنێکی تــردا بە درێــژی، خودی ڕەیس کەمال خۆی باسی دەکات.

ڕۆژ بە ڕۆژ شــۆڕش بەرەو پێشــەوە و بەرەو ســەرکەوتن دەچــوو، لە هەمــوو ڕوویەکەوە: لە بادینــان و لە بــارزان. بــارزانی ئەوانــیش هەر لە چــالاکی و گەڕدا بــوون و هەمیشــە لە دەنگوباســی ســەرکەوتن و ئازاییــدا بــوون و هەمــوو ســەرکردە و ئەنــدامانی پــارتی یەکــدڵ و یەکــڕۆح بــوون، تــاوەکو ئەو کاتــانە دیــارە خەڵکــی مەسڵەحەتپەرســت و خەڵکــی بەد و خۆپەرســت ئەو ڕەوشــەیان پــێ نــاخۆش بــوو، بــۆیە کەوتبــوونە فیتنەیــی و قســەهێنان و قســەبردن بــۆ ســەرکردایەتیی پــارتی، کە بــارزانی ســەرۆکی حیــزبەکە و بــاوکی هێــرۆ سکرتێری حیــزب بــوو، مــام جەلال لەگەڵ برادەرانــی تــری وەکــو کــاک عــومەر دەبــابە، عەلــی عەســکەری، نــوری شــاوەیس، ســەید

عەزیــز شــەمزینی، عەلــی عەبــدوللا و کەســانی دیــکە... لە مەکتەبــی سیاســی بوو.

ئەمــانە هەمــوو مەلا مســتەفای بارزانییــان ئەوەنــدە خــۆش دەویســت کە زۆربەیــان ســوێندیان بە ســەری دەخــوارد، بەڵام وا دیــارە فیتــنە و خۆپەرســت و مەسڵەحەتپەرســت ئەم کارەیــان پــێ نــاخۆش بــوو، بــۆیە کەوتــنە فیتنەیــی و گێرەشــێوێنی و دڵکرمێکــردن لە هەردوو لاوە، بەڵام لە بەشــی ســەرکردایەتی زیــاتر گێرەشــێوێنی و خۆپەرســت و نــاحەزی مەســڵەحەتی کوردیــان تیــا بــوو، ئەویــش دیــار بــوو کە بــۆچی وایــان دەکــرد، چــونکە خۆیــان شــتێک نەبــوون، بگــرە پلەســێ و چــواریش نەدەبــوون لەچــاو مــام جەلال و بــاوکی هێــرۆ و برادەرانی تر لە لای میللەت، بەردەوام هەر خەریکی فیتنەیی بوون.

وەکــو پێشــتر باســم کــرد کە لەو کاتــانەدا بــاوکی هێــرۆ و مــام جەلال لە دەرەوەی وڵات بــوون. مــام جەلال پــێش پــێش بــاوکی هێــرۆ گەڕایەوە، ئــێمە ئەو کــاتە لە ئــاوەکورتێ بــووین، لە کــانی حوســێنی عەلــی ئاغــا بــووین، مــام جەلال ســەری دایــن و هەواڵــی بــاوکی هێــرۆم لــێ پرســی، گــوتی: "ئەویــش بەینێکــی تــر دێــتەوە"، لە بیــرمە مــام جەلال دیاریشــی بــۆ مــن و منــداڵەکان هێنابوو.

لە ســاڵی ١٩٦٤ەوە، تــا دەهــات باســی گفتوگــۆی حکــومەت و ســەرۆکی حیــزب گەرمتــر دەبــوو. دیــارە بەشــی هەرە زۆری خەڵــک و شۆڕشــگێڕان ئەو گفتوگۆیەیــان پــێ نــاخۆش بــوو کە ئێســتا شــۆڕش خــۆی گرتــووە و پێشــمەرگە قارەمانەکــــان ڕۆژ نیــــیە لەرز نەخەنە دڵــــی هێــــز و دەســــتە و دایــــرەی حکــومەتەوە، هەر نــاحیە و شــارۆچکەیە و دەســت و دایــرەی حکــومەتە چــۆڵی دەکــات و بەجێــی دەهێڵێــت و ڕا دەکــات، هەر ئەفســەر و ســەرباز و خەڵکــی نــاوداری ناوچەکــانی بەغــدا و خــوارووی عێــراقە ڕا دەکەن و پەنــا بــۆ شــۆڕش دەبەن و پەیوەندی پێوە دەکەن.

عەشــایری کــوردی نــاودار و ئەنــدامانی مەکتەبــی سیاســی، (بەتــایبەتی مــام جەلال) کەوتــــنە نــــاوبژی، بــــۆ ئەوەی ئەم گفتوگــــۆیە ســــەر نەگرێــــت و

ســـەرۆکایەتیی پـــارتی پەشـــیمان بێـــتەوە، بەڵام فایـــدەی نەبـــوو، تـــا دەهـــات ڕەوشـــەکە خراپتـــر دەبـــوو، تـــاوەکو پێشـــمەرگە و خەڵکـــیش خەریـــک بـــوو دەبـــوون بە دوو بەشـــەوە، کەوتـــنە دەســـت لە یەخەی یەکتـــر گیرکـــردن، کە هەر چەنـــد ڕۆژ لەمەوپـــێش بـــوو یەکـــدڵ بـــوون و لە بەرەی شـــەڕ لە ســـەنگەرەکاندا ئـــاه و نـــاڵە و پێکەنینیـــان تێکەڵـــی یەک دەبـــوون و دەچـــوونە نـــاو گیـــانێکەوە. ئـــاخری بـــاوکی هێـــرۆش بە پەلە گەڕایەوە و ئەویـــش بە شـــپرزەیی گەیشـــتە ڕانـــیە، چـــونکە ســـەرۆک بـــارزانی لەوێ خەریکـــی گفتوگـــۆ بـــوو، حکـــومەت هەمیشـــە وەفـــدیان بەڕێـــوە بـــوو لەگەڵ دەیـــان لـــۆری دیـــاری، وەکـــو لە نـــاو خۆیانـــدا خەڵـــک دەیـــانگێڕایەوە، لۆرییەکـــان ســـێو و پرتەقـــاڵ و جـــگەرەی ڕۆسمان و شتی دیکەشی تیا بوو.

بـــاوکی هێـــرۆ لەگەڵ مەکتەبـــی سیاســـی چـــوونە لای ســـەرۆک بـــارزانی و تـــاوەکو چەنـــد ڕۆژ و شـــەوێک هەر خەریکـــی قســـەکردن بـــوون، ئەوەی مـــن لە بـاوکی هێـرۆم بیسـت، بـاوکی هێـرۆ بە سـەرۆک بـارزانی گوتبـوو: "باشـە وا ئـێمە دەســـتمان لە چەک و شـــەڕ هەڵگـــرت و چـــووین لە شـــوێنێک دانیشـــتین، ئەی چـــی بە دایـــک و بـــاوکی ئەو شـــەهیدە بڵێـــین؟ نـــاڵێن کە نیازتـــان ئەوە بـــوو بـــۆچی ئەو ڕۆڵە قارەمانەی ئێمەتان دا بە کوشت؟ باشە ئەی ئێمە چییان جواب بدەینەوە؟"

ســـەرۆک بـــارزانییش گوتبـــووی: "کە ئـــێمە ئەم شـــەڕەمان پـــێ ناکرێـــت و زۆر زەحـــمەتە، هەر کەســـە بچێـــتە مـــاڵی خـــۆی دابنیشـــێت؟" بـــاوکی هێـــرۆ، هەروەهـــا مەکتەبـــی سیاســـییش گوتبوویـــان کە شـــەڕەکەتان دەســـت پـــێ کـــرد ئـــێمە بەدڵمـــان نەبـــوو، چـــونکە زۆر لاواز بـــوو و هیچمـــان نەبـــوو. لە ترســـی ئەوەی پـــارتی نەبێـــت بە دوو بەشـــەوە بە ناچـــاری هەرچـــی هەبـــوو بەرەو شـــــاخەکان چـــــووین، کەوتیـــــنە لەشـــــکر دروســـــتکردن و ناومـــــان لێنـــــان: پێشـــمەرگەی کوردســـــتان. پێشـــمەرگەی دلێـــر کەوتە ڕێگـــرتن لە هێزەکـــانی حکـــومەت و تـــۆپ و دەبـــابە بە بێتفـــاق، لە تفەنگەکـــانی ئەو کەســـانە زیـــاتر کە هەنـــدێک تفەنـــگە شـــڕی خـــۆی لەمـــلاو ئەولا، زۆرتـــر لە دێهاتەکـــان هەیـــانبوو ئێســـــتا کە بـــــووینەتە ئەم هێـــــزە گەورەیە و بە ســـــەدان چەکمـــــان دەســـــت

کەوتــووە، هەر هیــی عەســکەرەکان خۆیــان بــوو، کە دەشــکان و هەڵــدەهاتن و چەک و هەمــوو شــتێکیان بــۆ پێشــمەرگە بەجــێ دەهێشــت و ڕایــان دەکــرد، تــاوەکو شــای ئێــرانیش پشــی پشــیمان بــۆ دەکــات کە دەزانێــت چەنــد ســەر کەوتووین، کەچی لەو کاتەدا ئێوە دەڵێن هیچمان پێ ناکرێت.

ئــاخری هەر ڕێــک نەکەوتــن، لەبەر ئەوە بەیــانییەک مەکتەبــی سیاســی بــۆی دەرچوبــوون و لە ئــاوەکە پەڕیبــوونەوە و خۆیــان گەیانــدبووە خەزیــنە و گــردەڕەش و مــاوەت، لە مــاوەت قەراریــان دا کۆنفرانســی حیــزب ببەســتن بــۆ ئەوەی زۆریی دەنگ و ڕازیبوون و ناڕازیبوون بەتەواوی بزانن.

بــاوکی هێــرۆ ئەگەرچــی ڕازی نەبــوو بەم مفــاوەزاتە، بەڵام بە هــیچ جۆرێــک حەزی نەدەکــرد ببێــتە شــەڕی براکــوژی و کــورد بــکەونە یەکتریکوشــتن. مــام جەلال ئەوە هەر هــــیچ، زۆر کەســــی ئەو کــــاتە وایــــان دەزانــــی کە لایەنــــی ســــەرۆک بــــارزانی گرتــــووە، تێکــــڕا لە هــــاتوچۆدا بــــوو و خەریکــــی ئاگرکوژانــدنەوە بــوو، کــاک نــوری شــاوەیس لە هەموویــان گەرمتــر بــوو بــۆ بەرەنگــاریی ئەم ڕێککەوتــن و دانوســـتانە، گــوتی: "ئەگەر کەســـیش هیچـــی نەکــرد بە تــاقی تەنیــا ســندووقێک فیشــەک لەگەڵ خــۆم دەبەم بــۆ ســەر گــردەڕەش تــاوەکو پــێم بکرێــت شــەڕیان لەگەڵ دەکەم، ئەگەریــش ســەر نەکەوتم دوا فیشەک دەنێم بە خۆمەوە.

هەروەها ئەندامانی مەکتەبی سیاسییش هەموو ناڕازی و دوودڵ بوون.

ئــاخیری لە مــاوەت کــۆنفرانس گیــرا و بە دەنگــدانی هەمــوان بە هــیچ جۆرێــک ڕازی نەبــوون بەم ڕێککەوتــن و دانوســتانە، ئیتــر کــۆنفرانس بڕیــاری خۆیــان دا، هەر دوای کۆنفرانســەکە شــەڕی براکــوژی دەســتی پــێ کــرد و بــارزانی هێــزی خــۆی بە لــۆری عەســکەری حکــومەتی نــارد، لەشــکری ســەرۆک بــارزانی هــاتە ســەر مــاوەت و لەشــکری مەکتەبــی سیاســی و شــەڕی براکــوژی و شــەڕی ماڵکاولکــاری و شــەڕی کەمەری کــورد شــکاندن و شــەڕی ڕۆڵەی نەبەز و خەبــاتکەر و قارەمــان لەیەک کوشــتن دەســتی پــێ کــرد، ئیتــر خەڵــک ســەری لــێ شــێوا و کەوتــنە قوڕپێــوان، لە نــاو شــارەکانیش دووبەرەکــی کەوتە نــاو

خەڵــک و کەوتــنە یەکتــری کوشــتن، حکــومەتیش کەوتە هەلهەلەکێشــان و نینــۆک لەیەکخســتن و هەڵــپەڕین... ئەی چــۆن وا ناکــات؟ چــی لەوە خۆشــتر هەبــوو لای ئەو کە ئەو هێــــزە پــــتەوە یەکگرتــــووەی کــــورد بــــکەونە یەکتریکوشــــتن و لەنــاوبردن... ئیتــر ئــیش بــۆ ئەو ئاســان دەبێــت و دوایــیش بە بێهێــزی و لاوازی بکەونە بەردەستی، چی لەوە خۆشتر هەبوو بۆی!!

لەو کاتــانەدا تــا ئاوڕیــان دایەوە کــاک نــوری شــاوەیس خــۆی گەیانــدە بەغــدا، دایکــی ڕۆژ پاســپۆرت و ڤیــزە و هەمــوو کــارێکی بــۆ ڕێــک خســتبوو تــا بــڕواتە دەرەوەی عێــراق بە بیــانووی ئەوەی کە نەخۆشــە، کــاک نــوری ئەو کەســە بــوو کە سندوقە فیشــەکی دەبــردە ســەر گــردەڕەش و شــەڕی دەکــرد و ئــاخر گــوللەش دەینــا بە خــۆیەوە، کەچــی نــاهی خــانی ژنــی (دایکــی ڕۆژ) هەمــوو کــارێکی بــۆ کردبــوو، ئەویــش بــێ ســێ و دوو بە قســەی کــرد و شــوێنی کەوت، لەگەڵ ڕێــزم بــۆ کــاک نــوری شــاوەیس، کە زۆریــش ڕێــزی لــێ دەگــرتم و زۆر پیــاو و مەرد بــوو، بەڵام بە داخەوە دایکــی ڕۆژ دەیتــوانی لەســـەر پەنـــجەی خۆی هەڵیبسوڕێنێت بێ ئەوەی بڵێت بۆچی؟

ئەو ڕۆژە ڕەشــەی کە شــەڕی براکــوژی و ماڵکــاولکردنی تیــا بەرپــا بــوو، ئەو ڕۆژە پــڕ نەگبەتــی و پــڕ ڕیســواییەم لەبیــر نــاچێتەوە، لە ڕۆمــانی "بەرەو ئەشکەوتی دلێران"دا وەسفی ئەو ئێوارەیە دەکەم و دەڵێم:

"ئێــوارە بــوو، ڕۆژ ئــاوا دەبــوو، تیشــکی زەرد و بێتینــی بەســەر لــوتکە و هەنــدێک لێــوار و کەنــاری شــاخەکانەوە مــابوو، دەتگــوت لە تەریقیــدا دەیەوێــت خــۆی بشــارێتەوە، ئەویــش زۆر دڵگیــر و نــاڕەحەت و بێدەســەڵاتە بەرانــبەر بەم کــــردەوە ناشــــرینەی کە ڕووی داوە، بە شــــەرمەوە لەو بەرزیــــیە چــاوی لێیە کە چــۆن بــرا پەلامــاری بــرای خــۆی دەدات و چەنــد بە دڵێکــی پــڕ لە قــین و دوژمنــانە یەکتــری دەدەنە بەر گــوللە و دەســترێژ! وەک حەیــوانی کێــوی و دڕنــدەیان لــێ هــاتووە و هــیچ هەســت و هۆشــیان نەمــاوە. نــاڵێن کە ئەمە بــۆچی و لەبەرچــی؟ لەســـەر چــی وا لەیەک دەکەیــن؟ ئــاخر بــۆچی خۆمــان لەنــاو دەبەیــن و خۆمــان بە قــڕ دەدەیــن؟ ئەو هەمــوو گەنــجە قارەمــان و خەبــاتکەرەی

چەند ساڵە لەیەک دەکوژین، کە تاوەکو دوێنێ برا بووین لە سەنگەرێکدا و خۆشی و ناخۆشی و گریان و پێکەنینیان پێکەوە بوو، باوەشیان دەکرد بەیەکدا و تێکەڵاو دەبوون و دەچوونە ناو گیانێکەوە، بۆچی وا بێڕەحمانە خوێنی گەشی یەکتری دەڕێژین؟ ئێمەی بێکەس و تاک و تەنیا، لەم دنیا فراوان و بەرینەدا، لە ناو ئەو هەموو دوژمن و ناحەزە زۆرەماندا کە خوا خوایانە لەناومان بەرن و بێهێز و بێدەسەڵاتمان بکەن و بێ ناوونیشانمان بکەن، کەچی ئەوەتا خۆمان ئاواتی دوژمنی گەلە هەزارەکەمان هێناوەتەدی و وا خۆمان خۆمان لەباتی ئەوان لەناو دەبەین".

لە "بەرەو ئەشکەوتی دلێران"ی بەشی دووەم کە باسی ئەو ڕووداوانە دەکات ئەم چەند دێڕەی سەرەوەم نووسیوە.

هەر بەڕاستی دیمەنەکە بەو شێوەیە بوو کە باسم کردووە. "بەرەو ئەشکەوتی دلێران"م هەرسێ بەشەکەی هەر ڕێک ڕاستن، تەنیا وەکو نووسەر بە زەوق و زانینی خۆم ڕێکم خستوون و بە ناوی دوو خێزانی خەیاڵییەوە ڕووداوەکانم دەربڕیوە، ئەگینا هەمووی ڕاستن، لە هەموو ڕوویەکەوە لێقەومانەکە ئێجگار گەورە بوو. سەرەتا بەر لە هەموو شتێک مرۆڤ بیری لە هەست و کەیف و خۆشیی حکومەتی بەغدا بکردایەتەوە کە چۆن کردبوویان بە شایی و خۆشی و دەقیقە بەدەقیقە گوێیان هەڵخستبوو بۆ دەنگوباس کە کام باڵ زیاتر لە باڵەکەی تری کوشتووە وئێستا لە کوێن و گەیشتنە چ جێگەیەک؟

من بەش بە حاڵی خۆم کە خۆم بە ماڵ و منداڵەوە لە ناو ئەم شەڕەدا بووین، زۆریشمان بەسەر هات لەو ڕێگەوبانە سەختانەدا کاتێک کە ئاوەکورتێمان بەجێ هێشت و پەڕینەوە بۆ دیوی ئێران، ئێستاش کە دێتەوە بیرم موچڕکم پیا دێت، چونکە شەڕەکە بەینی خۆمان بوو، بۆ بە دەستی خۆمان وامان لە یەکتری دەکرد! من خەتا دەخەمە سەر هەردوو باڵەکە بەبێ جیاوازی، من هەقم نییە هۆی شەڕەکە چی بووە و خەتای کام باڵ بوو، من خەتای هەردوولا وەکو یەک دەگرم، چونکە دەبوو ئەو ڕۆژەیان لەبەرچاو بوایە و هەرلایەکیان لە عینادی و کەللەڕەقیی خۆی بهاتایەتە

خــوارەوە و بیــری لە خــوێنی گەشــی ئەو هەمــوو خەبــاتکەر و لاو و گەنــجە بکــردایەتەوە کە خوێنیــان هەمــوو بە فیــڕۆ ڕۆیشــت، ئەمە وەکــو خەبــاتکردن و شــەڕی دوژمنــی داگیــرکەر نەبــوو، ئەو دوژمــنەی بیەوێــت هەقــی کــورد داگیــر بکــات و ناونیشــانی نەهێڵێــت، ئەو شــەڕە وەکــو بــاوکی هێــرۆی خۆشەویســتم لە شیعرێکیاندا دەڵێت:

"بۆ مافی گەل و خاکەکەم

هەتا ماوم خەبات ئەکەم

سەروماڵیشی بۆ بەخش ئەکەم"

(شیعرەکە کەمی هەیە و تەواو نییە)

وەکــو دەڵــێن هەرچۆنێــک بــوو ئیتــر کــار لە کــار تــرازا و شــەڕەکە گەرم بووبــوو، شــەڕکەرەکان هەر هــیچ بیــر و هۆشــیان نەمــابوو، بــرا و ئــامۆزا و خــاڵۆزا هەمــوو یەکتریــان بەر گــوللە دان و پەلاماریــان دەدان و مــاڵی یەکتریان کاول دەکرد.

ئــێمەش دەبــوو لەگەڵ مــاڵ و منــداڵمان لە ئــاوەکە بپەڕینــایەتەوە بــۆ دیــوی ئێــران، هەرچەنــدە چەمەکە نزیکــی خۆمــان هەر بەرانبەرمــان بــوو، کەوتینــە ڕێ لەگەڵ هەنــدێک کەلــوپەلی زۆر پێویســت و ســووک و مــاڵ و نــوێن و فەرش و هەمــوو شــتێکی ماڵمــان بەجــێ هێشــت، لەگەڵ چەنــدەها مریشــکی قەڵەوی هــێلکەکەر، کە زۆرم خــۆش دەویســتن، کــاک ســاڵەح مــالوومە هەر یەک-دوانێکــی لە شــوێنێک بــۆ هــێلکە کڕیبــوو، ئەگینــا دڵمــان نەدەهــات ســەریان ببــڕین، هەروەکــو بــاوکی هێــرۆ دەیگــوت: تــازە ئەمــانە بــوون بە خــزم و لەگەڵمــان دەژیــن، چــۆن ســەریان دەبــڕین و دەیــانخۆین. بــۆ تێبینــی، بــاوکی هێــرۆ زۆر زۆر بەزەیــی بە حەیوانــدا دەهــاتەوە و زۆری خــۆش دەویســتن و لەســەری دەکــردنەوە، ئەو ئێــوارەیە زۆربەی هەڵهاتووەکــانی شــەڕی براکــوژی بەرەو چەمەکە دەهــاتن، ئــێمەش گەیشــتینە لایــان و هەنــدێک پێشــمەرگە و خەڵکــی دێهاتەکــانی ئەو دەوروبەرە خەریکــی لــق و پــۆپی دار و درەخــت و گوریســهەڵدان بــوون، بــۆ ئەوەی کەڵەک دروســت بــکەن و ئەو خێــزان و خەڵــکەی پــێ دەربــاز بــکەن،

چونکە چەمەکە زۆر بەگوڕ و بەخوڕ بوو، زەلام و ولاخیشی دەبرد و لەگەڵ خۆی ڕای دەماڵی. ئێمە و خەڵک و خێزانەکانیش هەموو بە کەساسی و مەلوولی و سەرلێشێواوی گەیشتبووینە ئەوێ.

بە چاوی پڕ فرمێسکەوە دانیشتبووین، ئێمە چەند کەسێکمان بەدیارەوە بوو، کوڕەکانی ماڵمان: خولە و کاک ساڵەح مالوومەیی پێشمەرگەی دڵسۆز، هەروەها یەک-دوو کەس لە خزم کە دڵسۆزتر و باشتریشن، ئەوانیش کاک سمایل سەرهەنگی بلیمەت بوو کە شفرەکانی بێتەلی لەشکری حکومەتی وەردەگرت، بە هۆی بێتەلی شۆڕشەوە دەستبەجێ ئاشکرای دەکرد و دەیدۆزییەوە کە حکومەت چی دەڵێت و سبەینێ کوێ بۆردومان دەکات و پەلاماری کوێ دەدات، دەستبەجێ هەموو هێزی پێشمەرگە ئاگادار دەبوو، خۆیان ئامادە دەکرد بۆ بەرەنگاری.

کاک سمایل سەرهەنگ وەکو برا و کەسی هەرە دڵسۆزمان بە درێژایی ڕێگەوبانەکان بەدیارمانەوە بوو، هەروەها برایەکی دڵسۆزی دیکەشمان لەگەڵدا بوو و بەدیارمانەوە دەبوو، ئەویش کاکە "بلەی حەمە خورشە" لەگەڵ دوو کوڕیدا بوو، هەم ژنبرای ئەو بوون و هەم برازای حاجی ئەمین میسری زاوامان بوون، ناویان زیاد و فوئاد بوو، ئەوانیش زۆر دڵسۆزمان بوون و زۆر کوڕی ئازا و بەغیرەت بوون.

ئەو ئێوارەیە تا دەهات خەڵکی ئەو دەوروبەرە بە دەنگ و باسی ناخۆش و دڵتەزێنەوە دەهاتن، خواردن و تێشوویان بۆ خۆیان و خەڵکی سەر چەمەکە دەهێنا، هەندێک مەنجەڵە چێشتی بۆ ئاشنا و خزمەکانی دەهێنا کە خەریک بوون بڕۆن. چەند کەسی لێپرسراویش پەڕیبوونەوە دیوی ئێران بۆ ئەوەی ڕەزامەندیی دەوڵەتی ئێران وەربگرن تا خەڵکەکە بپەڕنەوە دیوی کوردستانی ئێران. ئەو ئێوارەیە هەندێک کەس هەبوون لەسەر ئەو چەمە لەگەڵ ئاشنا و خزمیان دەچوونە پەنایەک و دەبوو بە چرپەچرپیان، کە ئەم چەکەی نەباتە دیوی ئێران و بیدا بەو، بەڵکو چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە کە لێرە بۆی هەڵبگرن.

ئیتر دیمەنێکی ئێجگار ناخۆش و ماڵکاولکەر و پڕ شەرمەزاری بوو بۆ هەردوولای پەلاماردەر و شەڕکەر و براکوژ.

ئینجا ئەمە نەک هەر لەو ناوچە و شاخوداخانە وا بوو، بگرە بە درێژایی هەموو وڵاتەکە وای لێ هاتبوو، لە شارەکان ئەوانەی سەر بە هەردوو لا لەسەر شەقام و جادە و کۆڵان و بازاڕ یەکتریان دەدایە بەر شەق و تێلا و دار و بەرد، منداڵ و لاو و گەنجی سەر بە هەردوو لا دەگەڕانەوە ماڵەکانیان بە سەری شکاو و دەم و لووتی خوێناوییەوە، دیار بوو کە ئۆباڵی ئەم کوشت و کوشتارە و خوێنڕشتنەش و ئەو هەموو ڕووداوە نالەبارەش دەکەوتە ئەستۆی هەردوو لا، چونکە دەبوو ئەوان بگەنە ئەنجامێک و نەهێڵن کە ڕۆژگاری ئەو میللەتە بێکەسە بگاتە ئەو ڕۆژە ڕەشە و دەبوایە زۆر دووربینتر و لەخۆبردووتر بوونایە.

زۆربەی خەڵک هەر یەکسەر دەپەڕینەوە و دەکەوتنە ڕێ بەرەو شاخەکان، بۆ ئەوەی زوو بگەنە ناو دێیەکانی کوردستانی ئێران، بەڵام ئێمە ئەو شەوە لەوێ لە قەراغ ئاوەکە ماینەوە، دایکە بێوێنەکەم هەر خەمی منداڵەکانی بوو، خەمی ئەوەی بوو کە چۆن و لە کوێ بنوون و چی بخۆن، منیش دڵتەنگ و ناڕەحەت هەر خەریکی دایکم و منداڵەکان بووم و دڵم دەدانەوە، وەکو عەرەب دەڵێت "بالمناسبە" من زۆر بەڕەحم و چاوبەفرمێسک دەبم لە پێش ڕووداوەکاندا، زۆر شپرزە و هەراسان دەبم پێش ئەوەی ڕووداوەکە بقەومێت، بەڵام کە قەوما و کەوتمە ڕووداوی وا دڵتەزێنەوە دەگۆڕێم و دەبم بە ژنێکی ئێجگار بەهێز و بەتوانا و ئازا و چاونەترس و لە هیچ ئاگر و ئۆف ناترسم و پەلاماری دەدەم، بەڵام پێش قەومانی کە دەزانم و هەست دەکەم ڕەنگە شتێکی نالەبار ڕوو بدات، ئیتر بە درێژایی ئەو کاتە من هەراسان دەبم و لە ناڕەحەتیدا دەژیم.

بۆ ڕۆژی دواتر وڵاخێکیان بۆ پەیدا کردین بکەوینە ڕێ. هەندێک منداڵی گەورە وەکو هێرۆ و هەڵۆ دەیانگوت سوار نابین، وا بزانم هێرۆ هەر سوار نەبوو، بەڵام هەڵۆ لەگەڵ منداڵان دوان و سیان سوار بوون، منیش لەگەڵ

کوردەی کچم کە زۆر منداڵ و ناسک بوو، دایکم و کەسانی تر لەگەڵمان بە پێ دەڕۆیشتن، ماوەیەکی چاک بوو بە مشتومڕمان، من دەمگوت تۆ سوار بە و کوردە بخەرە باوەشتەوە، ئەو دەیگوت من چۆن سواری وڵاخ دەبم و هێرۆ و منداڵانی تر و خەڵکی تر بە پێ بڕۆن.

زۆر بە ماندوویی و پەرێشانی ئێوارە گەیشتینە شیوێک پێیان دەگوت "شیوی شەوکوێران"، شیوەکە ئاوێکی زۆر بەگوڕ و خۆشی لە داوێن شاخەکەوە لێ دەهاتە دەرەوە و جۆگەیەکی پاکی دڵگیری لێ دروست دەبوو، هەموومان پەلاماری ئاوەکەمان دا و کەوتینە دەموچاوشتن و خۆفێنککردنەوە و ماندوودەرکردن، بەڵام هەموو هۆش و دڵ و هەستمان لە وڵات و لای پێشمەرگەی قارەمان و ئەو کەسانە بوو، کە لە ناو جەرگەی شەڕەکە بوون.

هەر خشپەیەکو یا زەلامێک لەدوورەوە دەربکەوتایە بە ڕاکردن و پەلە کوڕەکان و کاک سمایل دەچوون بزانن حاڵ چۆنە و شەڕ گەیشتووەتە کوێ، ئیتر زەلامەکانیش دەکەوتنە قسە و دەنگوباسگێڕانەوە، هەریەکەیان دوو ئەوەندەشی دەخستە سەر و دنیای بە جارێک بە قوڕ دەگرت. زۆر جار دایکم خۆی پێ نەدەگیرا و لەژێر لێوەوە دەیگوت: "ئۆە حەواڵە بە خوا بیت بۆ خۆت و دەنگوباست، خۆ ئەوەندەی تر دنیات شێواند" بە ئێمەشی دەگوت: "کچێ بە خوا قسەکانی لە ڕاست ناچن، جارێ دەڵێت خۆم لەوێ بووم و جارێ دەڵێت براکەم لە هەڵە داوان هاتەوە و ئەو وای گوتووە" ئێمەش سەرەڕای حاڵی خۆمان هەندێک جار لەبەر پێکەنین دەکەوتین بە گازی پشتدا، هەندێک جاریش وشک دەبووینەوە لە داخ و خەفەتاندا، بەڵام وەکو مەسەلەکە دەڵێت: "ئینسان زاڵمە، لە بەحریشدا مەلە دەکات و لە نەهریشدا" و ناچار ڕا دێت.

ئەو شەوە لە شیوی شەوکوێرانماینەوە، بەیانی زوو منداڵەکانمان هەستاند و کەوتینە ڕێ بەرەو دێیەک پێیان دەگوت: "بناوێ"، ئێوارە گەیشتینە بناوێ. ئەو ماڵەی بۆی چووین لە سەرەتای دێیەکەوە دەستی پێ

دەکـــرد خـــانوویەکی خـــۆش و فەرەح بـــوو بە قەدی شـــاخەکەوە بـــوو، ســـەربانێکی زۆر گەورە و بەرینـــی هەبـــوو دارتـــوویەکی گەورە گەیشـــتبووە سەربانەکە وەکو کەپری لێ هاتبوو، زۆر دڵگیر و خۆش بوو.

لە حەوشـــەکەوە بە دوو-ســـێ پێـــپلکە ســـەر دەکەوتـــین ئیتـــر هەیـــوان و دوو-ســـێ ژووری گەورە و خـــۆش هەبـــوو، ژووریێکیـــان کەلـــوپەل و نوێنیـــان تیـــا دانـــابوو، هەمـــووی بە دۆشـــەک داخرابـــوو، بە فەرش و بەڕە و لاکـــێش لە نـــاوبەری نوێنەکانمـــان چەنـــد پـــارچە نـــوێنی وەک دۆشـــەکی تیـــا بـــوو، هەمـــووی بە پەت و بەتـــانی پێچرابـــوون، مـــن نەمـــدەزانی کە ئەمـــانە چـــین و کەی تێکەڵـــی کەلوپەلمـــان بـــوون. ئـــاخری دوای چەنـــد ڕۆژێـــک بـــاوکی هێـــرۆ لەگەڵ کۆمەڵێـــک لە بـــرادەر و پێشـــمەرگە لە ڕێـــگەوە هـــاتن بـــۆ لامـــان، چـــونکە بەوێـــدا تێـــدەپەڕین بەرەو تـــاران بـــۆ چارەســـەری هێـــزی پێشـــمەرگە و چەکەکانیـــان، چـــونکە نەدەبـــوو ئەو هەمـــوو هێـــزە بە چەکەوە بێـــتە خـــاکی ئێـــرانەوە، ڕاســـتییەکەی زۆر بـــاش باســـی چەک و ئەو شـــتانە نـــازانم، بـــۆیە زۆر باســـی نـــاکەم. بەڵام کە بـــاوکی هێـــرۆی خۆشەویســـتم دی و ئەحـــواڵم لـــێ پرســـی کە چـــی دەکەن و ئـــێمە چـــی بکەیـــن... گـــوتی: "ئێســـتا دەچـــین لەگەڵ دەوڵەت قســـە دەکەیـــن، دەڵێـــین شـــا لە لەشـــکری خـــۆی دەترســـێت و ســـڵ دەکـــاتەوە، ئینجـــا هـــیچ نـــاکەن دەهـــێڵن ئەو هەمـــوو هێـــزەی ئـــێمە بە چەکەوە بێـــنە نـــاو وڵاتەکەیـــان، هەر قـــاو بـــوو ئاشـــکرا بـــوو، کە هەمیشـــە تفەنـــگ و تانـــک و چەکـــی شـــا دەبـــوو لە شـــارێک و شـــوێنێک بـــن و گوللەکانیـــان لە شـــارێکی تـــر و جێیەکـــی تـــر بێـــت، چـــونکە ئەوەنـــدە لە کودەتا و لەشکرهەڵگەڕانەوە دەترسا.

دوایـــی لە بـــاوکی هێـــرۆم پرســـی: "ئەرێ ئەم نـــوێن و دۆشـــەکانە چـــین لە نـــاو شـــتەکانمان، کـــوا ئـــێمە هیچمـــان پـــێ بـــوو؟ هەموویمـــان لە ئـــاوەکورتێ بەجـــێ هێشت".

بـــاوکی هێـــرۆ بە ئەســـپایی پێـــی گـــوتم: "دایکـــم دەزانێـــت ئەوانە چـــین، ئەوانە ئێســـتگەکەمانن بـــۆیە وا پێچـــراونەتەوە تـــاوەکو ئێـــرە کەس نازانێـــت و هەر وا بـــزانن نـــوێن و کەلـــوپەلی ئێـــوەن"، منـــیش گـــوتم: "دە باشـــە بەس نەبـــوو پێـــت

گـوتم لـێم بووبـوو به مەراق، کەچـی دایکیشـم هەمـوو شـتێکی دەزانـی و پێـی نەگوتبووم. باوکی هێرۆ ئیشە نهێنییەکانی هەمووی بەو دەگوت.

هەرچۆنێـــک بـــوو ئیتـــر دۆشـــەکەکان نـــازدار بـــوون لە لام، ئیتـــر زۆر ئاگاداریـان بـووین، تەنهـا کـاک سـمایل سـەرهەنگیش دەیزانـی و ئیتـر کەسـی تـر نا.

خـاوەن مـاڵەکە پیـاوێکی پیـری بەحـورمەت بـوو لەگەڵ ژنەکەی کە هەر لە یەکەم ڕۆژی هاتنمـــان ئەوپەڕی دڵســـۆزی و خۆشەویســـتیی خۆیـــان بـــۆ دەربـــڕین، لەگەڵ فرمێسکڕشـــتنەوە ژنەکە هەر دەیکێشـــا بە خۆیـــدا و دەیگـــوت: "ئـێمەی ئەودیـو چەنـد دڵمـان بە ئێـوە و شۆڕشـەکەتان خـۆش بـوو، کەچـی واتـــان بەســـەر هـــات، خـــاوەن مـــاڵەکە زۆر لە مـــاڵێکی قەدیـــم و لە خـــانەدان دەچـوون، تـاقە کچێکیشـیان هەبـوو نـاوی فـاتمە بـوو، قەیـرەکچ بـوو هێشـتا شـووی نەکردبـوو، تەمەنـی نزیـک پەنجـا سـاڵ دەبـوو. خـانووەکە هەیـوانێکی زۆر فەرەح و بەرینیشـــی هەبـــوو، ئـــاگردان و تەنـــوور و شـــتی وای لـــێ بـــوو. دوای ڕۆژێـــک دایکـــم بەســـتەزمانە کەوتە بەر چێشـــتلێنان و ڕاییکردنـــی ئەو هەمـــوو گەورە و منـــداڵەوە، هەرچەنـــدە بەردەســـتی زۆری هەبـــوو، بەڵام هەر مشووری ئەو هەموو خەڵکەی دەخوارد، چونکە کارێکی ئاسان نەبوو.

خـولە شـێتی کوڕمـان کە دەمێـک سـاڵ بـوو لە لامـان بـوو، هەموومـان زۆرمـان خـــۆش دەویســـت، ئەویـــش ئێجگـــار دڵســـۆزمان بـــوو، ســـوێندی هەرە گەورەی "بە ســـەری کـــاکم" بـــوو، واتە ســـەری بـــاوکی هێـــرۆ، بەڵام کەمێـــک لاڵەپەتە بـــوو، زۆر چـــاونەترس بـــوو، دەهـــات بەگـــژ هەمووانـــدا و نەدەترســـا، پشتئەســـتوور لەوەی کە خۆشـــمان دەویســـت و دڵنیـــا بـــوو لەوەی کە هەر چیـــیەک بڵێـــت تەنیـــا ڕەنـــگە دوو-ســـێ بـۆڵە و دوعـای لێمـان بەربکەوێـت، هەرچەنـدە مـن کە تـوڕە ئەبـووم زۆر جـار شـــوێنی دەکەوتـــم و ڕاوم دەنـــا؛ هەروەهـــا هێـــرۆش کە تەمەنـــی دە-یـــازدە ســـاڵان بوو، ئەویش شوێنی دەکەوت و شتی تێدەگرت.

لە بەشـــی یەکەمـــی بیـــرەوەرییە هەرگیـــز لەبیرنەکراوەکـــانم، زۆر باســـی خـولەم کـردووە، کە کاتێـک پـۆلیس و ئەمـن دەهـاتن لە بەغـدا و کەرکـووک و

سلێمانیماڵیان دەپشکنی، خولە چی پێ دەکردن و چۆن دەچوو بەگژیاندا و چەند جارێکیش هەر لە مردن ڕزگاری بوو ئەوەندەیان لێ دابوو، بۆیە خولە زۆر لە ڕووداوەکاندا باسی هەیە، لە ڕۆمانەکانی "بەرەو ئەشکەوتی دلێران" لە هەر سێ بەشەکەی بە ناوی تۆفەوە ئەو باسانەی نووسیومە و کردوومە، ئەوە هەمووی خولە و کردەوەکانین.

بۆیە کە گەیشتینە دێی بناوێ و دایکم و خەڵکەکانی دەورمان سەریان قاڵ دەبوو، لەپڕ خولە دیار نەدەما، تورە دەبووم و دەمگوت بڕۆن بزانن ئەو ئاگر تێبەربووە دیسان چیی لێ هات؟

کەمێک منگەمنگی دەکرد و دەیگوت: "دە بۆچی ئەوەندە تووڕە دەبیت، بهێڵە قسەت بۆ بکەم" دەسرەکەی بەسەر دەموچاو و سمێڵیدا دەهێنا و دەیگوت: "بڵێم چی، یەک-دوو کچ لێرە حەزیان لێ کردووم و هەر وازم لێ ناهێنن" منیش بە قیڕەوە تێی بەر دەبووم و دەمگوت: "بەم بیستوچوار سەعاتەی کە هاتووین حەزیان لێ کردیت؟ بۆچی تۆ خۆتت دیوە لە ئاوێنەکە؟" ئیتر من و دایکیشم تێی بەر دەبووین و دەمانگوت: "حەواڵە بە خوا بیت، هەر ئەوەمان کەمە حاڵمان زۆر خۆشە، هەموو دەڵێیت عەسکەری شکستەین ماڵ و حاڵمان بەجێ هێشتووە و ئەو هەموو پێشمەرگە نازدارە لە شەڕدان، تۆ وا دەڵێیت".

ئیتر هەموومان تێی بەر دەبووین و زۆر جاریش خولە بە کردەوە سەیرەکانی دەیهێنایە پێکەنین و منداڵان تێی دەئاڵان و پێیان دەگوت: "دەی باسی ئەو ساتەمان بۆ بکە کە باوەژنەکەت بە منداڵی تۆی فڕێ دابووە زێرابەوە و کە هاتیتە دەرەوە سەیر دەکەیت لە دیوی تورکیایت". هەرچۆنێک دەبوو خولە سەری هەموومانی قاڵ کردبوو، زۆر فیشاڵکەر و دەمبەهەراش بوو.

لە بناوێ ناخۆشترین شتی ئەو خانووەی کە تیایدا بووین سەربانەکەی بوو، هەر یەکسەر بە شەو لۆکس و چرای ماڵەکەی ئاوەکورتێمان لێوە دیار بوو، کە هێزەکەی سەرۆکی حیزب چووبوون داگیریان کردبوو،

ئەگەرچــی زۆر لێمــانەوە دوور بــوو، هەر ڕاســت ئــاوەکورتێ و خــانووەکەی کــانی حســینمان بەرانــبەر بــوو، ئەوە ناخۆشــترین دیــمەن بــوو لە لامــان کە شــەو بێــین بنــووین، دیــارە هەمــوو لەســەر ئەرز جێگەمــان بــۆ دادەخــرا، هەر ڕاست بەرانبەر ئەو لۆکس و چرایانە.

هەمــوو شــەوێک لەســەر جــێگەکەم بە فرمێســکەوە خەوم لــێ دەکەوت، چــاوم دەبــڕیە ئەو لــۆکس و چــرا و ڕوونــاکییە و هەناســەم بــۆ هەڵدەکێشــا، لە "بەرەو ئەشــکەوتی دلێــران"دا وەســفی ئەو دیــمەنەم کــردووە و دەڵــێم: "شــەوێکی فێنــک و خــۆش بــوو، مانــگ لە پەنــا لــوتکە شــاخەکەی پشــت سەربانەکەی مــاڵی فــاتمە خــان هــاتبووە دەرەوە و شــەوقێکی زیــوی دڵفڕێنــی بەو دەوروبەرەدا بــڵاو کردبــووەوە، مەنگــی و هێمنــی و خۆشــییەکی بەخشــیبوو بەو گــرد و شــیو و پەنــا و پاســارە. خەڵکــی دێــیەکە بێــدەنگ کــپ بووبــون، وەکــو ڕۆژی شــەوی هەمیشــەییان کفــت و مانــدوو، هەرکەســە لەســەر نــیمچە ســەربان و دەر و هەیوانەکانیــان وەک نیــوە بێهــۆش کەوتبــوون و لێــی نووستبوون.

خێــزانەکەی مــاڵی حەپســە خــان و خوشــکی ئەوانــیش لە ســەربانە پــان و بەریــنەکەی مــاڵی خانەخوێیــان لەســەر ئەرز بە ڕیــز جێگەیــان لــێ داخســتبوو، هەر لە زووەوە هــاتبوونە ئەوێ و بە کــۆمەڵ و دوودوو خەریکــی ورتەورت و قســەکردن بــوون لەگەڵ یەک، بەشــێکیان خەویــان لــێ کەوتبــوو لەگەڵ منداڵەکانیان.

ڕوونــاکیش کە بە دڵێکــی پــڕ ئــارەزووەوە بە درێژایــی ڕۆژ چــاوەڕوانی بێســتوونی کردبــوو، کە دەبــوایە ئەو ڕۆژە بێــت ســەری بــدات، کەچــی بــۆی نەکرابوو بێت، ئەویش بەو داخەوە خەوی لێ کەوتبوو.

خــولە شــێتیش وەک شــتێک بەزەیــی بە ئــامە خانــدا هــاتبووەوە هــاتبوو بــۆ لای. کــاکە حــاجی دانیشــتبوو قســەی بــۆ دەکــردن، دەیویســت دڵــی ئــامە خــان بــداتەوە، چــونکە نیــوەڕۆ هەنــدێک دەمەقاڵێیــان بووبــوو، ئــامە خــان بەپێــی ســاویلکەیی و دڵپــاکیی خــۆی بە خــولە شــێتی گوتبــوو: "تــۆفە گیــان خــۆ دنیــا

ئێستا تۆزێک هێمن بووەتەوە، ئەوە ناتوانیت لەگەڵ کەسێک بڕۆیت سەرێکی ماڵی ئێمە و سەرەوە بدەیت، ئەو جانتا کەوانەشم بۆ بێنیت، ئەمە دوو-سێ شەوە سەرمام دەبێت، بزانە ئەو مریشکە چاکانەمان چییان لێ هاتووە...".

تۆفەش بووبوو بە فیشەکەشێتە، تووڕەش بووبوو، پێی گوتبوو: کەوا و کراسی چاکت بۆ دەهێنم، قسەی خۆش دەکەیت، بۆچی هەر بەقەد سەرە هەویرێکیش ئەرزمان بە دەستەوە ماوە تا بچم شتت بۆ بهێنمەوە، ئینشەڵا بۆ نامان کەیت بە شەهیدی کەوا و کۆڵوانە!".

لەبەر ئەوە خولە هاتبوو دڵی بداتەوە و قسە و باسی ماڵی پەڕیوەکانی بۆ دەگێڕانەوە، کە ئەوانیش چەند نارەحەتن و دایکی کامیان نەخۆش کەوتووە و بوراوەتەوە و منداڵی کێ لەسەر دارە تووەکە بەربووەتە خوارەوە و کام بوک و خەسووش شەڕیان بووە، خەسووەکە تۆراوە و پەڕیوەتەوە دیوی خۆمان، حەپسە خانیش بەدیار حاجی مێردیەوە دانیشتبوو مێردەکەشی بێهێز و بێتاقەت و چاوبەفرمێسک دەستی نابووە ژێر سەری خۆی و بە پاڵکەوتوویی بە دڵێکی گوشراوی تەنگەوە چاوی بڕیبووە تروسکە چرا و لۆکسی دێهاتی ئەوبەری سنوورەکە، هەر ڕاست دێ و خانووەکەیان لێوەی دیار بوو، بە دەستی بوایە باڵی دەگرت و خۆی دەگەیاندە ئەوێ وا چاوی تێبڕیبوو دەتگوت منداڵە و لە باوەشی گەرمی پڕ ئارام و سۆزی دایکیەوە بە زۆری دەرهێنراوە و دەمێک ساڵە لەو باوەشە دوور خراوەتەوە و ئارەزووی ئەوەی کە بە پەلە و هەرچی زووتر بچێتەوە لای تاوەکو ئیتر دەست بکاتەوە ملی. هەرچەندە ئەم دیوەش هەر کوردستانە و هەر سنوورێکی دەستکردیان لەبەین بوو، بەڵام هەر فەرقی زۆر بوو.

لەڕاستیدا ئەوە هەستی تەواوی من بوو کە بە پاڵکەوتوویی چاوم دەبڕیە چرا و لۆکس و تروسکایی دێهاتی دیوی خۆمان، بەتایبەتی ماڵەکەی خۆمان دیارە بەپێی ئەوەی وەکو نووسەرێک ئەو هەستەم خستبووە

دەروونــی حــاجی مەجیــدەوە (مێــردی حەپســە خــان) کە یەکێــک بــوو لە پاڵەوانەکانی "بەرەو ئەشکەوتی دلێران".

پێویســتە خــوێنەواری خۆشەویســت ئەوە بزانێــت کە هەر ڕۆمانێــک چەنــد خەیــاڵییش بێــت، هەر لە کەرەســتەی ڕووداوەوە پێــک هــاتووە، کە بە درێژایــی ژیــانی نووســەر قەومــاوە، لە خــۆی یــان لە دەوروپشــت و ناســیاو و دراوســێی، ئینجــا هەر نووســەرە ئەو کەرەســتەی ڕووداوانە لە مێشــکیدا کــۆ دەکــاتەوە و وەکــو کەرەســتەی بینــای لــێ دێــت، دوایــی هەر نوســەرە بە زەوق و زانینــی خــۆی ئەو کەرەســتەی بینــایە بەکــار دەهێنێــت، نووســەری وا هەیە قەســر و کۆشــک و تەلار بەو ڕووداو و بیرەوەرییــانەی پێــک دەهێنێــت و دەیخــاتە ســەر کــاغەز، هیــی واش هەیە تەویــلە و ئــاخوڕی پــێ دروســت دەکــات و دەیخــاتە ســەر کــاغەز کە پــڕ دەبێــت لە درۆ و دەلەســە و خۆهەڵکێشــان و فیشاڵی سەرسوڕهێنەر.

***

بــۆ مانگێــک دەچــوو لە دێــی بنــاوێ مــابووینەوە لە دیــوی کوردســتانی ئێــران، پێشــمەرگە و هێــزیش هەر پەیتــا پەیتــا دەپەڕیــنەوە، هیــی وا هەبــوو بە برینــداری دەگەیەنــرایە خەســتەخانەکان، مــاڵ و منــداڵیش دابەش دەکــران لە دێهــات تــاوەکو بــزانن دوایــی لە کــوێ گیــر دەبــوون. زۆر کەس مــاڵ و منــداڵیان بەرەو سەردەشــــت دەچــــوون و لەوێــــوە دابەش دەکــــران، دیــــارە لە سەردەشــتەوە بە ئۆتۆمبێــل دەڕۆیشــتن، ئــێمەش چــاوەڕوان بــووین بــزانین بــۆ کوێمــان دەگــوازنەوە، حاڵمــان زۆر شــڕ بووبــوو، تاقەتمــان چووبــوو، زۆری ئەو پێشــمەرگە و بــرادەرانەی لەگەڵمــان بــوون نەخــۆش دەکەوتــن و تووشــی مەلاریا دەبوون.

ڕۆژێــک ئاگــادار کــراین کە کەســێکی دەوڵەت دێــت بە دوامانــدا و دەمانبــاتە تاران چونکە جێگەمان بۆ دانراوە.

ئــێمەش کەوتیــنە خۆمــان و ئەو کەســانەی لەگەڵمــان و خۆمــان و چــاوەڕێی زەلامەکەمــان کــرد تــا دێــت بە دوامانــدا... دەوڵەتــیش دوو بەش بــوو، بەشــێکی

به دەشت "ساواک"ەوە بوو (ساواک ئەمن و ئیستیخباراتی ئێرانی بوو هیی زەمانی شا)، بەشی دووەم سوپای جەیش بوو ساواک و سوپا زۆریان ڕق لە یەک بوو، هەردوو لا ڕقەبەرایەتیی یەکتریان دەکرد، ساواک کە کارێکی دەکرد حەزی نەدەکرد سوپا پێی بزانێت، بۆیە کە زەلامی دەوڵەت بەخێری هات بەدوامانـدا تا ڕێ پیشاندەرمان بێت، پیاوی ساواک بوو، هەر سەر و چاو و سەروسەکوتیم دی بە دایکم و ئەوانم گوت ئەمە بەخێری ڕێنیشاندەرمانە، بە خوا ئەمە زۆر لە دەستبڕ و ساختەچی و هیچوپوچ دەچێت.

هەموو هاتنە جواب و هەریەکە لە لای خۆیەوە گوتی: نا باوەڕ ناکەین زۆر پیاوێکی باش دیارە.

دایکم تۆزێ هات بەگژماو گوتی، دەی دیسان ناوو ناتۆرە لەخەڵک بنێ ئەم قوڕبەسەرە هەموو سەعاتێکە هاتووە چ زوو زانیت دەستبڕو ساختەچییە، گوتم ئێ ڕاوەستن بزانن قسەی من یا هی ئێوە دروستە من کە کەسێک ببینم لەسەرو سەکۆتو قیافەو دەمو چاوی یەکسەر ئەزانم چ جۆرە مرۆڤێکەو زەلامەکە کورد بوو ناویشی حەمە عەلی بوو.

هەر زوو خولە شێت هاتە لامەوە و بە زمانە لاڵەپەتەکەیەوە گوتی: "بە خوا باجی گیان زۆر ڕاست دەکەیت، زۆر ساختەچی دیارە" من بێدەنگم کرد و گوتم: "وس بە تۆ قسە مەکە و بڕۆ بە لای ئیشەکانی خۆتەوە و ئاگات لە کەلوپەل و شتەکان بێت کاتی بارکردنیان".

دوای گەیشتنی زەلامەکە بە دوو ڕۆژ، کەوتینە ڕێ بە ولاخ و زۆر کەسیش بە پێ. دنیا زۆر گەرم بوو چلەی هاوین بوو، پێش ڕۆیشتن و کەوتنەڕێ تووڕە بووم و کردم بە هەرا، بەو پیاوە ساواکەی کە هاتبوو بمانبات و لەگەڵمان بێت، گوتم:

- تاوەکو کوێ دەمانبەن بە ولاخ و ئەم هەموو خەڵکەشمان بە پێ؟"
- تاوەکو بانە.

- چۆن تاوەکو بانە، هەموو دەمرین لەبەر ئەم هەتاوە، منداڵەکانم هەموو پێستی دەموچاویان هەر بەم تۆزەی کە دێنە دەرەوە لە ژووره سووتاوە...

- ئاسانە، نزیکە و ئەوەندەمان پێ ناچێت. من لەبەر ئێوەمە، چونکە لە ڕێگە تووشی ناڕەحەتییەک ببن دەوڵەت ئێخەم دەگرن و هەر دەمکوژن، چونکە لە ڕێگەوبان چەتە پەیدا بووە.

- هەروەها کاک سمایل سەرهەنگ و ئەوانیش گوتیان، ئەی بۆ ناچین بۆ سەردەشت وەکو خەڵکی تر؟ زۆر نزیکە و لەوێوە بە ئۆتۆمبێل هەموو ڕۆیشتن.

- نا نابێت، ئێوە لەوێوە بڕۆن بە ڕێگەی تایبەتیدا، دەبێت بڕۆن.

ئاخری چار نەما و کەوتینە ڕێ بەو هەتاو و گەرمای ڕێگەوبانە سەخت و ناخۆشەدا.

منداڵەکانم بەستەزمانانە حاڵیان شڕ بوو، هەر بەوەدا دەگەیشتین ڕاوەستین و ئاویان پێ بدەین، یان گوێ لە بۆڵە و گریانیان بگرین، هێرۆ و هەڵۆ لەوانی تر گەورەتر بوون، ئەوان زۆر سەغڵەت و تووڕە بوون، هەر بەوەدا دەگەیشتین نەوەکو خۆیان ون بکەن و ڕا بکەن، چونکە دەیانگوت هەر دەگەڕێینەوە سلێمانی و نایەین بۆ ئەو شوێنانەی دەمانبەن. خولە شێت زۆری خۆش دەویستن و بەردەوام خەریکیان دەبوو، هەروەها ئەوانیش خولەیان خۆش دەویست.

منیش تووڕە و ناڕەحەت، دایکم بەستەزمانە خەریکی هەموومان بوو. نزیکی ئێوارە ڕووم کردە کابرای ساواک، گوتم:

- کوا تۆ گوتت زۆر نزیکین؟

خولە شێت ئەویش بۆی ڕاپەڕیی و گوتی:

- ئەمە پێنج سەعاتە تۆ دەڵێیت هەر ئەم گردە ببڕن ئیتر تەواو گەیشتین، وا لەوساوە تۆ وات گوتووە، چوار گرد و دوو شاخی گەورەمان بڕی تۆ هەر دەڵێیت ئا ئەوەتا گەیشتین...

ئیتر ئەوە حاڵمان بوو تاوەکو نزیک شەو گەیشتینە شوێنێک شاخێکی زۆر گەورە و بەرز بوو، پێیان دەگوت "سورکێو". باش بوو کانیاو و دار و درەختی لێ بوو، لەوێ ڕاوەستاین کۆڵ و باریان داگرت و پیاوەکان خەریکی تەختکردنی پانایيەک بوون، نوێن و کەلوپەلیان هەموو داگرت، دایکم و کوڕەکان خەریکی ئاگرکردنەوە و نانخواردن بوون، زۆریان برسی بوو.

لە هەموویان زیاتر دڵم بە کوردەی کچم دەسوتا، زۆر منداڵ و ناسکۆڵە بوو، تەمەنی هێشتا نەبووبوو بە ساڵێک، هەر گورج کەوتمە گرتنەوەی شیری قتوو و مەمە، چەند قتوویەک شیری وشکم پێ بوو بۆ کوردە، هەروەها یەک توورەکەی بچووکیش هەر بە خۆم بوو، چەندەها دەرمان و حەب و مەرهەم و لۆکە و ئەو شتانەم هەر پێ بوو، لێم جیا نەدەبوونەوە لە ترسی ئەوەی نەوەکو ون بن و نەوەکو لەم ڕێگە و دێهاتە کەسێک پەکی بکەوێت، بۆیە هەمیشە ئەو شتە پێویستییانەم پێ بوو.

شەو داهات، ئیتر هەرچۆنێک بوو هەریەکە بە لایەکدا وەک بوراوە و ماندوو و مردوو کەوتین. کاک سمایل سەرهەنگ و دڵسۆزەکانی تریشمان هەموویان لە دەورمان بوون و بە نۆرە ئێشکیان دەگرت تاوەکو بەیانی. بەیانی هەر ئەوەندە چاومان کردەوە، سەیر دەکەین پێشمەرگەی بریندار بە سواری وڵاخ بە شاخی سورکێودا هەڵگەڕان و گەیشتنە لامان. گوتیان لەودیو شاخەکە شەڕێکی گەورەیە... ئیتر پێی ناوێت باسی بکەم کە چیمان بەسەر هات لە داخاندا چۆن هەموو ڕاپەڕین بە گەورە و بچووکەوە. پێشمەرگەیەک گوللەیەک بەر سنگی کەوتبوو هەر خوێنی پیا دەهاتە خوارەوە، بەبێ دکتۆر بەبێ دەرمان، ئەوانی تر هەندێک بەر قاچیان کەوتبوو، هەندێک بەر شوێنی تریان، بەڵام هەر ئەوەی بەر سنگی کەوتبوو

زۆر بێحــاڵ بــوو، پێشــمەرگەی تریشــیان لەگەڵــدا بــوو، کە ئاگایــان لێیــان بــن، لەنــاو ئەو کەســانەدا ئەژی گۆرانیــان لەگەڵــدا بــوو، ئیتــر چــووین بەپیریــانەوە و نــوێن و شــتمان پــێ دان، برینــدارەکانیان داگــرت، ئەو برینــدارەی ســنگی پەرێشــان بــوو، پــاڵ خــرا بەڵام هەر خــوێنی لەبەر دەڕۆیشــت، بــانگی ئەژیــم کــرد و تــوورەکە دەرمــانەکەم خســتە بەردەســتی و گــوتم: "بــزانە شــتێکی فریــا نــاخەین، بەتــایبەتی حەبــی خــوێن لەبەرچــوون (نزیــف)م لا بــوو، کــاتی خــۆی لە بەغــدا دکتــۆر ســامرائی پێــی دابــووم کە تووشــی خــوێن لەبەرچــوون بووبــووم، زۆربــاش بــوو بە چــوار حەب خــوێنم ڕاوەســتا، منــیش چــووم هەنــدێکم لــێ کــڕی بە هۆی دکتۆرێکی خزمانەوە و لەگەڵ زۆر شتی تر لەگەڵ خۆم هێنام.

ئەژی گــۆران دەســتی نــیمچە دکتــۆری هەبــوو، زۆر ئاشــنایەتیمان هەبــوو لەگەڵ بــاوک و دایــک و خێزانیــان، هەر ســەیری کــرد و گــوتی: بە خــوا ئەم حەبــانە زۆر باشــن، یــاڕەبی ســەد جــار شــکور. بە پەلە چــوو حەبێکــی کــرد بە دەمــی برینــدارەکەدا و ئــاوی کــرد بە دەمیــدا، بەڵام پێشــمەرگەی برینــدار و خــوێن لەبەرچــوو دەتگــوت بــووەتە ڕادیــۆ، بە ئامــان و زەمــان وەکــو دەڵــێن بێــدەنگ نەدەبــوو، هەر قســەی دەکــرد و گــوڕی دەدایە خــۆی و دەیگــوت: ئەی بــا بــۆم ڕابوەســتن بە خــوا هەر کە تــوانیم خــۆم بگــرم دەچــمەوە بۆیــان. دەســتی دەکــرد بە قســە و جنێــو و هەمووەمــان لێــی ئــاڵابووین و لێــی دەپــاڕاینەوە: کــوڕە بــاوکم تۆزێــک بێــدەنگ بە هەر چەنــدە قســە دەکەیــت ئەوەنــدەی تــر خوێنــت لەبەر دەڕوات. کــاک ســمایل ســەرهەنگ تۆزێــک بە تــووڕەیی لێــی پــاڕایەوە و گــوتی: کــوڕە کــوڕی بــاوکم بێــدەنگ بە و تۆزێــک ئــارام بگــرە. بەشــکم خــوێنەکەت تۆزێــک ڕابوەســتێت، بەڵام ئەو بە هــیچ جۆرێــک بێــدەنگ نەدەبــوو، نەدەترســا و هەرچۆنێــک بــوو تــاوەکو لای ئێــوارە بە حەبــی ســێیەم خــوێنەکەی باشتر بوو، هەموو دڵمان خۆش بوو.

لەو ڕێگەوبــانە کە دەهــاتین بە کــۆمەڵ عەســکەری ئێرانیمــان دەبینــی، کە مەشــقیان دەکــرد هەر "جاویــد شــا جاویــد شــاە"یــان بــوو، بــۆیە ئەژی و کوڕەکــانی تــر وایــان بە بــاش دەزانــی کە دوای ئەوەی هەنــدێک هــێمن

بــوونەوە، وردە وردە بــڕۆن بــۆ لای پرســـگەی ئەو عەســـکەرانە، کە بێگومـــان دکتۆریـــان هەیە، بەڵام ئـــێمە لەســـەریان ڕانەوەســـتاین. ئـــێمە کەوتیـــنەوە ڕێ، دوای ئەوەی هەنـــدێک دەرمـــان و پێداویســـتیم پـــێ دان و دیســـان کەوتیـــنەوە گردبـــڕین و سەرشـــاخ کەوتـــن و لە شـــاخ دابەزیـــن و ڕێـــگەی ســـەخت و بەردەڵان کە هەندێک جار قاچی وڵاخەکان دەترازا و دەخلیسکان.

گەیشـــتینە شـــوێنێکی ئێجگـــار ســـەخت و بەردەڵان، کەوڵاخەکەی دایکـــم قـاچی تـرازا و دایکمـی دا بە ئەرزدا، هەیڤـی کچیشـم لە باوەشـیدا لەگەڵـی بـوو، کە دایکـــم کەوت هەمووومـــان دامـــانە قریشـــکە و هـــاوار و ڕاوەســـتاین و پەلامـاری دایکمـان دا، دایکـی چـی دایکـم! هەر تەقـریبەن تەواو بووبـوو، چـونکە بە ســـەردا کەوتبـوو بەســـەر تاشـــەبەردێکی بەقەد چـارەکە گردێـک، ئەوەنـدە گەورە بـوو، بـۆیە هەر دەســـتبەجێ بـــڕگەی ملـــی شـــکابوو، زمـــانی شـــکا و دەموچـــاوی بـوو بە خومخـــانەی شـین و ڕەش، ئیتـــر دیمەنێـــک بـوو قەت لە ژیانمـدا لەبیـرم نـاچێتەوە، هەروەهـا منـداڵەکانیش (ئەگەرچـی تەمەنیـان گەورە نەبـوو) هەروەکـو شـێتیان لـێ هـات و هەر دەیانقیڕانـد و پەلامـاری دایکمیـان دەدا و ماچیـان دەکـرد، هەڵـۆی کـوڕم کە تەمەنـی دە سـاڵ نەدەبـوو، خـۆی فڕێـدابووە سـەر قـاچی دایکـم و قـاچی مـاچ دەکـرد و دەیقیڕانـد، دایکـم چـاوی زەق و ڕەق بووبـوو سـەیری دەکـردین، بەڵام توانـای نەبـوو بڵێـت وا مەکەن یـان مەترســن، لەو کـاتەدا هێـرۆی کچـم قیڕانـدی و گـوتی: "وەی خـۆ ئەمە هەیڤیـیە لەو پەنـایە کەوتـووە" وەکـو گـوتم هەیڤـی لە باوەشـی دایکمـدا بـوو بە ســـواری وڵاخەکەوە کە کەوتبـــوو، هەیڤیـــیە بەســـتەزمانیش لە باوەشـــی پەڕیبـوو کەوتبـووە ئەو پەنـایە و لەتـاو دایکـم هۆشـمان لای خۆمـان نەمـابوو، کە ڕامـان کـرد و پەلامـاری هەیڤیمـان دا، هەیڤـی لە خوێنـا دەگەوزا، سـەری لە حەوت لاوە شـکابوو، خـوێنی پیـا دەهـاتە خـوارەوە، ئیتـر یـاخوا ئەوەی ئـێمە بەســـەرمان هـات لەو ڕێگەوبـانە، هەر ئەوانە وایـان بەســـەر بێـت کە بـوون بە ســـەبەب و بـــوون بە هـــۆی ئەم نـــاڕەحەتییە و ئەم خوێنڕشـــتن و ڕووداوە نالەبارانە.

دەی وردە وردە دایکـــم تـــوانیی قســـە بکـــات و دەموچـــاوی هەنـــدێک مـــۆرییەکەی و شـــینییەکەی ڕەویـــیەوە، دیســـان مـــن پەلامـــاری تـــوورەکە دەرمانەکـــانم دا و دایکـــم دانیشـــاند و هەنـــدێکیان ســـەریان ڕایـــان گـــرت، بـــرینپێچم پـــێ بـــوو، ئەو بـــرینپێچەی بە چەســـپە و مقەســـتم دەرهێنـــا و چەسـپەکەی نـا بە پشـت ملـی دایکـمەوە و تونـد لەسـەر سـەری شـانیم قـایم کـرد و سـەرینمان بـۆ دانـا. پاشـان خەریکـی برینـی هەیڤیـی بەسـتەزمانیش بـووین و ئـێمە لەو حـاڵەدا بـووین کە کـاک سـمایل سـەرهەنگ گـوتی: "ئـا وس بـــن گـــوێم لە دەنگـــی جاویـــد شـــاه بـــوو، بە خـــوا ئەوە دیســـان پرســـگەی عەســـکەرە" هەمـــوو وەک بـــت بێـــدەنگ بـــووین، کە ســـەیر دەکەیـــن: ئەرێ وەڵا ئەمە دەنگـی عەسـکەرە و مەشـق و تەدریـبە، گـوتم: دەی کـاک سـمایل پێشـم بـــکەوە بـــا بـــڕۆین... یەک-دوو کەســـی تـــریش لەگەڵمـــان هـــاتن، هەرچەنـــدە گوتیـان تـۆ مەیە هەر خۆمـان دەچـین. گـوتم بە خـوا ئەگەر مـردووبم هەر دێـم، چـــونکە لەوانەیە عەســـکەر بڕواتـــان پـــێ نەکەن، یـــان وا بـــزانن فـــێڵە، بەڵام ژن ببیـــنن بـــڕوا دەکەن و دێـــن. ئیتـــر کەوتیـــنە ڕێ بە هەزار مانـــدووبوون و فەلاکەت ســـەرکەوتین و چـــووینە لای عەســـکەرەکان، خـــوا هەڵناگرێـــت زۆر پیـاو و مەرد و بـاش بـوون، ئەوسـا فارسـیمان نەدەزانـی، بەڵام هەنـدێکیان تیـا بـوو کوردییـان دەزانـی و عەرەبییشـیان دەزانـی، بـۆم گێـڕانەوە و دەسـتم کـرد بە گریـان، نـاڕەحەت بـوون و گوتیـان هەر ئێسـتا لەگەڵ دکتۆرەکەمـان دێـین. ئیتر هەموومان کەوتینە ڕێ، گەیشتینە لای دایکم و منداڵەکان.

دکتـۆر جانتـای کەلـوپەلی کـردەوە و کەوتە سـەیرکردنی دایکـم و سـەر و ملی، لەپڕ گوتی:

- ئەمە کێ ئەم بستە پێچەی بۆ پێوە کردووە؟
- من.

بە ترســـەوە وام گـــوت و تـــوورەکەی کەلوپەلەکـــانم پیشـــان دا، دکتـــۆر سەیری کردم و گوتی:

- هەی ئافەرین بەڕاستی ئیشی باشت کردووە، خۆ منیش ئێستا هەر وام بۆ دەکرد.

دکتۆر خەریکی دایکم بوو، دەرزیی لێ دا و حەبیشی پێ داین دواتر پێی بیدەین تاوەکو ئەگەینە بانە، هەروەها هەیڤییشی چارەسەر کرد. ئیتر دکتۆر و عەسکەرەکان گەڕانەوە و ئێمەش هەزار دوعامان بۆ کردن، ئینجا دەبوو بکەوینەوە ڕێ؛ بەڵام دایکمی فەقیر چۆن دەیتوانی بەو سەر و ملە شکاوەوە بەسەر وڵاخەوە خۆی ڕابگرێت، ئیتر زۆر بەفەلاکەت و قوربەسەری کەوتینە ڕێ، لەپڕ خولە شێتمان گوتی: "ئەوە کوا ڕێبەر و پیشاندەرەکەمان؟ کە خۆی هەڵدەکێشا، ئەمەتا عەسکەریش هاتن و کەسیش هیچی نەگوت، ئەمە ئەم نامەردە بۆ وای لێ کردین بەم ڕێگەوبانە سەختەی هێناین.

پیاوەکان و کوڕەکان کەوتنە بانگکردنی کاک حەمە عەلی، لەپڕ حەمەعەلی هاتە دەرەوە و کاغەز و قەڵەمی بە دەستەوە بوو شتی دەنووسی، کە دایکم و هەیڤی وایان بەسەر هاتبوو ترسابوو، چووبوو لە پەنایەک خۆی شاردبووەوە.

کە هات هەموومان تێیبەربووین و گوتمان: ئەمەتا عەسکەر و دکتۆری عەسکەری هاتن بۆ لامان و هەموو کارێکیان بۆ کردین، ئەی کوا ئەو قسانەی تۆ دەتگوت نابێت سوپا بزانێت و نابێت عەسکەر بزانێت!

سەری شۆڕ کرد و گوتی: "باسی ئەم عەسکەرانە ناکەم" گوتمان: "بۆ چەند جۆر عەسکەرتان هەیە؟ دەبوایە تۆ بچوویتایە دکتۆرت بۆ بهێنایانیە".

لە ناو کەلوپەلەکانمان سندووقێکی گەورە چایی خۆمانمان پێ بوو، جاران سندووقی چا لە تەختەی زۆر تەنک و جوان دروست دەکرا، کە پێیان دەگوت "چای سیلان". هەموو عێراق فێری ئەو چایە بووبوو، بۆیە ئەو سندوقە چایەمان پێ بوو. کابرای ساواکیش هەر دەهات و دەچوو دەستێکی لێ دەدا و دەیگوت: بە خوا چای عێراق زۆر خۆشە. ئاخری بێزاری کردین، کاک سمایل پێی گوت:

- بۆچی لای ئێوە چا نییە؟
- بــا هەیە، بەڵام چــایی ئــێمە دەڵێیــت ئــاوی دڵــۆپەیە، کە دەم دەدا وەکو هیی ئێوە ڕەنگی جوان و بۆنخۆش و تامی خۆش نییە.
- هێشــتا ســندووقە چایەکەمــان هەڵنەپچڕیــوە، ئەگینــا بەشــمان دەدایت.
- خۆی ئاسانە دەتوانین هەڵی بپچڕین.

خــولە شــێت ئەوەنــدەی تــر شــێت بــوو، لەژێــر لێــوەوە جنێــوی پــێ دەدا و دەیگـوت: وەڵا سـەگباب بمریـت سـندووقە چـا بـۆ تـۆ هەڵنـاپچڕم. ئـاخری وازی لێ نەهێناین تاوەکو پێی پچڕاندین و بەشمان دا.

ئێـــوارەیەکی زۆر درەنـــگ لە دوورەوە چـــرا و ئەلەکتریـــک دەرکەوتـــن، کــابرای ســاواک بە خۆشــییەوە گــوتی: "ئەوەتــا ئیتــر گەیشــتین، ئەمە بــانەیە. لێرە دەبێت ڕابوەستن ئێستا ماشێن دێت بەدواتاندا.

ئــێمەش لەوێ لەســەر ئەو تەپــۆلکەیەی ســەر ڕێــگە ڕاوەســتاین و کەمێــک دڵمان خۆش بوو، کەوتینەوە چاوەڕێکردن.

ئەوەنــدەی پــێ نەچــوو وەکــو کــابرای ســاواک گــوتەنی لایتــی ســێ-چــوار ماشــێن لە دوورەوە دەرکەوتــن، تــا خۆمــان گــورج کــرد و هەنــدێکمان کەوتیــنە قســـە و ورتەورت، بەتـــایبەتی دایکـــم بەو برینـــانە و بەو ئـــازارەوە بـــوو. هەروەهــا هەیڤیــی کچیشــم کە لە حەوت لاوە ســەری شــکابوو، خــوا خوامــان بوو بە زووترین کات بگەینە شوێنێک، دکتۆر و خەستەخانەیەکی لێ بێت.

ماشــێن گەیشــت و هەموومــان ســوار بــووین، پــێش ئەوەی ســوار بــین کــابرای ســاواک لەگەڵمــان بــوو بەخێــری ڕێپیشــاندەرمان بــوو، هەڵــی دایە و گـوتی: "قوربـان دەبێـت لە نـاو ماشـێنەکان پیاوەکـان سـەر و کـڵاو و جامانەیـان داکەنــن، لە نــاو ماشــێن ســەرتان ڕووت بێــت" خــولە شــێت کە خــۆی لەو کـابرایە بێـزار بـوو، خـوا خـوای بـوو قسـەیەک یـان ڕووداوێک بێت تـاکو بچێت بەگژیــدا و لێــی تــوورە ببێــت، هەرچەنــدە کــاک ســمایل و ســەرهەنگ و کوڕەکــانی لەگەڵمــان بەســەریدا دەهــاتن تــا دەم نەخــاتە دەمــی ئەم کــابرایەوە،

کەمێک سەبر و تەحەمولی هەبێت. بەڵام کە کابرا باسی سەر و ڕووت و کڵاو و جامانەی کرد، ئیتر خولە وەکو گوللە و دەستڕێژ پیایدا هەڵشاخی، کابرا گوتی: "ئاخر کاکە گیان ئەوە ئیشی ئێمەیە" خولە دیسان بۆی ڕاپەڕیی و گوتی: "ئەم شارەی کە بۆی دەچین کە بانەیە، بۆچی کڵاو و جامانە عاجباتییە لە لایان؟ ئەی ئەوانیش وەکو ئێمە کورد نین؟! کابرا گوتی: ئاخر ئەوە ئەمری دەوڵەتە، نابێت کەس وا بتانبینێت و بتانناسێت".

خولە هەر خەریک بوو پەلاماری بدات، کە کاک سمایل سەرهەنگ و پیاوەکانی لەگەڵمان بوون پەلاماری خولەیان دا و لێی تووڕە بوون. کاک سمایل پێش هەموو کەسێک کڵاو و سەر و جامانەی داگرت و گوتی: "قەیچێکە کوڕی باوکم ئێمە میوانین خاوەنماڵ چۆنی ویست دەبێت وا بکەین". خولە چووە ئەولاوە بەدەم جنێوی ژێر لێوەوە بە کابرای ساواک و گەورەی ئەوانەش کە بوون بە هۆی ئەم دەربەدەری و وڵات و ماڵ بەجێهێشتن و کەوتنە کۆڵانانی خەڵک.

منداڵەکانم هەرچەندە زۆر ماندوو و خەواڵوو بوون، بەڵام کە ئۆتۆمۆبێلەکان بەناو شەقامەکانی بانەدا تێدەپەڕین، لە خۆشیی ئەلەکتریک و شەقامی قیرتاوکراو زۆر دڵیان خۆش بوو، دەتگوت قەت هیچ کات شەقام و ڕووناکی و شاری خۆش و جوانیان نەدیوە.

ئۆتۆمۆبێلەکان چوار لاندلۆڤەر بوون، لەبەر دەرگایەک ڕاوەستان و خۆمان و کەلوپەل و نوێن و پریاسکەمان بردە ژوورەوە. سەعات نزیک یازدەی شەو بوو. ئیتر حەمە عەلیی چاوساغمان پیاوی ساواک ئێمەی دایە دەست خاوەنماڵەکە کە دوو کوڕ و باوکێک بوون، ئیتر خۆیان و ئۆتۆمۆبێلەکان ڕۆیشتن.

ماڵەکە خۆش بوو، چەند ژوورێکی ڕێکوپێک و بە فەرش ڕاخراوی لێ بوو، نوێن و جێگەی چاک و باش. هەر زوو پیاوەکە هات و گوتی: "چی ئەفەرموون بۆ خواردنەوە؟ ئێستا سفرەشتان بۆ حازر دەکەین". سەرەتا هەموومان لە خۆشیی حەمام و تەوالێتی بە دەرگا و سەرگیراو هەر

هیچمـــان لە بیـــر نەمـــابوو. هەر منـــداڵ و گەورە بـــوون ڕایـــان دەکـــرد بەرەو حەمـام و تەوالێت، دیـارە جێـی پیاوەکـان جیـا بـوو، حەمـام و تەوالێتیشـیان جیـا بـوو، مـن لە هەمـوو کارێـک زیـاتر خەمـی دایکمـم بـوو، بـۆ ئەوەی کەمێـک پشـوو بـدات و شـتێک بخـوات، پاشـان پـاڵ بکەوێـت، بەڵام هەیڤـی هەرچەنـدە بە درێژایـی ڕێـگە بە نـۆرە بە کـۆڵ هەڵیـانگرتبوو، سـەر و ملـی زۆر ئـازاری هەبـوو، هەمـوو دەموچـاوی سـوتابوو، پێسـتی لـێ بووبـووەوە؛ بەڵام کە گەیشـتینە مـاڵەکە، کەمێـک خـۆی لە بیـر چـووەوە و کەوتە قسـە و زەردەخەنەی خۆش.

چـوار ڕۆژێـک لەو مـاڵە مـاینەوە، بەڕاسـتی زۆرمـان پشـوو دا و زۆر خزمەتیـان کـردین و نـان و چێشـت و خـواردنی چاکیـان خسـتە بەردەممـان؛ بەڵام هەر چاومان لە ڕێگە بوو، کەی دێن بمانبەن بۆ تاران...؟

بـۆ ڕۆژی پێـنجەم دیسـان ماشـێن و خەڵـک هـاتن بەدوامانـدا و سـواری سـەیارەیان کـردین بەرەو تـاران. تـاران زۆر دوور بـوو، ناچـار لەبەر منـداڵەکان و دایکـم شـەو لە شـارێک مـاینەوە، هەرچەنـدە شـکور ئەو چەنـد ڕۆژە زۆر فەرقـی کـرد و باشـتر بـوو، بەڵام هەر ئـازاری هەبـوو و نـاڕەحەت بوو.

ئەو شـەوەی لەو شـارە مـاینەوە وا بـزانم هەمەدان بـوو، بـۆ بەیـانی کەوتیـنە ڕێ و لای ئێـوارە گەیشـتینە تـاران، بەڕاسـتی ڕێگەوبـانی ئێـران ئەوەنـدە جـوان و ڕێکوپێـک و خـۆش بـوون، ئەوەنـدە جێـی حەسـانەوە و نـانخواردنی بـاش و ڕێـک و جـوانی لـێ بـوو، تـاوەکو دێهاتەکانیـان زۆر جیـاواز بـوو لەگەڵ دیـوی لای ئـێمە. لە دێهاتەکـان و سـەر ڕێگەکـان زۆر تەوالێتـی پـاکوتەمیزی لـێ بـوو بـۆ ڕێبـوار، لامـان سـەیر بـوو کە لە ڕێـگە دەمـانبینی ژنەلادێـی بە جلـی کـوردیی نەتەوەیـیەوە گوێـدرێژی لە پـێش خـۆی داوە بە بـاری سـەوزە و تەمـاتە و میـوەوە. عەینەکیشـی لە چـاودا بـوو. کەچـی ئەو کاتـانە لای خۆمـان (کە سـاڵی ١٩٦٤ بـوو) لە نـاو شـاریش زۆر کەس پێـی عەیـب بـوو عەیـنەک بکـاتە چـاو. هەر خۆمـان پـوورێکی زۆر خۆشەویسـتمان

هەبــوو، پــووری بــاوکی هێــرۆ بــوو، چــاوی بەرەو کــزی دەچــوو دکتــۆر پێــی گوتبــوو دەبێــت عەیــنەک بکەیــتە چــاوت، کەچــی پــووریّ گــوتی: "وەڵا پــێم عەیــبە عەیــنەک بــکەمە چــاوم". هەرچەنــدە شــەڕمان لەگەڵــدا کــرد و لێــی پــاڕاینەوە کەچــی ئێســتا و ئەوســاش عەینەکــی نەکــردە چــاو، بەڵام لە ئێــران لە لادێکــانیش شتێکی ئاسایی بوو!

ئەو کــاتە تــاران جــوانترین شــار بــوو. لە هەمــوو شــتێک زیــاتر کە بینیمــان و ســەری ســوڕماندین دوکــانی گوڵفرۆشــی بــوو. کە گەیشــتین هێشــتا دوکــان و بــازاڕ دانەخرابــوون، بــۆیە هەر ســەیری یەکتریمــان دەکــرد بەو هەمــوو دوکــانە گوڵفرۆشــییە. کەچــی لای ئــێمە، تــاوەکو لە بەغــدای پــایتەختیش کە ئەو کاتــانە بەغــدا وەک شــاری پــاریس وا بــوو لەچــاو هەمــوو ئەو شــار و وڵاتــانەی دەوروپشــتی عێــراق، بەتــایبەتی خەڵکــی کەنــداو، کەچــی لەو بەغــدایە جــوان و خەڵــــکە خوێنــــدەوار و تێگەیشـــــتوو و پێشــــکەوتووەی ئەویّ، تــــاقە یەک گوڵفرۆشــی هەبــوو. وا بــزانم ئەویــش لە ســاحەی ســەعدوون کە ڕەنــگە هەر بــۆ جــوانی دانرابێــت، چــونکە کەس گــوڵی بــۆ کەس نەدەبــرد. مەگەر چۆنهــا بــۆ بــووک و زەماوەنــدێک، کەچــی ئێــران ئەو هەمــوو گوڵفرۆشــییەی هەبــوو هەر کەس ســەری بئێشــایە، یــان منــداڵێک نمــرەی باشــی وەربگرتــایە لە مەکــتەب، هەر گــورج ئاشــنا و خــزم و کەس و کــار چەپــک و ســەبەتە گــوڵ و شــیرینییان بــۆ دەبــرد. ئەو کــاتە تــاران و تێکــڕای هەمــوو ئێــران وەکــو ئەورووپــا وا بــوو، چــونکە زەمــانی شــا بــوو، مینــی جــۆپ و پــانتۆڵ لە پێــی پــڕ ســەر شــەقامەکانی تــــاران و هەمــــوو شــــارێکی تــــر بــــوو، هەر مــــۆدەیەک تــــازە دەربچــــوایە لە ئەورووپــا و ئەمەریکــا، لە دوای دوو هەفــتە لە تــاران هەبــوو، هەمــوو فیلمێکــی ســینەمایی لەســەر ســینەماکانی ئێــران نیشــان دەدرا. مــن بەش بە حــاڵی خــۆم فیلمــی "کیلۆبــاترا"ی ئەلیــزابێس تــایلەر لەگەڵ ڕیچــارد بــرتنم لە تــاران بە دۆبلاژکــراوی دیــوە، زۆر جــێگەی پێکەنــین بــوو، کە ئەلیــزابێس تــایلەر کیلۆبــاترا بــوو لە فلــیمەکەدا، ڕیچــارد بــریتنیش ئەنتۆنیــۆ بــوو، کە بە فارســی قسەیان لەگەڵ یەک دەکرد.

"خــو ئــاب عەلــی"، ئەو شــاخ و شــوێنەی لە چـلەی زســتاندا و لە کــاتی بەفربارینـدا خەڵـک دەچـوون بـۆ ئەوێ، بـۆ یـاریی سـکی سـەر بەفـر، ئـاب عەلـی ئـوتێلی وا پێشـکەوتووی لـێ بـوو کە نەدەبـوو عەبابەسـەر و لەچکبەسـەر بێـنە ناو ئەو ئوتێلەوە. کەچی ئێستا تاران چۆنە (سبحانە مغیر الاحوال)!

گەیشـــتینە تــاران. ئۆتۆمۆبێلەکـــان لەبەر خـــانوویەکی کەمێــک بچووکـــدا ڕاوەســـتان، نـــاوی شـــوێن و گەڕەکەکە میهرئابـــاد بـــوو. خـــانووەکە کـــاک شەمسـەدین مـوفتیی تیـا بـوو، ئەو هەر لە دەمـێکەوە لە تـاران بـوو، پەیوەنـدیی هەبـوو لەگەڵ دەوڵەتـدا بـۆ ڕاپەڕانـدنی هەنـدێک ئـیش و کـاری شـۆڕش و هێـزی پێشـمەرگە وەکـو لەمەو پـێش باسـم کـرد. کە شـای ئێـران تێگەیشـت شۆڕشـی کـورد وا خـۆی گـرتەوە و زۆر بەهێـز بـووە. ئیتـر ئەویـش کەوتە جوابنـاردن تـا سـەرکردەی شـۆڕش دەتوانێـت بە ئێرانـدا بـێن و بـڕۆن بـۆ دەرەوەی وڵاتـان و چییـان پێویسـت بێـت دەتـوانن بـۆ خۆیـان بیکـڕن، کـاک شەمسـەدین مـوفتییش لەوێ بـوو. سـەرۆک بـارزانی کـردی بە لێپرسـراوی ئەو کـارانەی شـۆڕش، ئیتـر چـووینە مـاڵەکەی، کە خـانوویەکی خنجـیلانە و بچـووک بـوو. کـاک شەمسـەدین گـوتی لێـرە بـن بـۆ چەنـد ڕۆژ تـاوەکو خـانووی گەورەتـان بـۆ ئامـادە دەکەن، بـۆ خـۆی ڕۆیشـت بـۆ شـوێنێکی تـر و مـاڵ و چێشتکەری کە کوڕێکی گورجوگۆڵ و پاکوتەمیز بوو بۆی بەجێ هێشتین.

لەوێ هەنـدێک حەسـاینەوە و هەر بە پەلە دایکـم و هەیڤـی و هەر کەسـێک نەخـۆش بـوو دەبـرانە لای دکتـۆر و خەسـتەخانە، بەتـایبەتی خـولە شـێت کە هەر دەکـۆکیی و کۆکەکەشـی هیـی جـگەرە بـوو، چـونکە ڕۆژی دوو-سـێ پـاکەتی دەکێشـا، ئەو دەیگـوت هیـی جگەرە نییە سـەرمام بـووە، پێمـان دەگـوت باشــە ســەرما ڕۆژێــک، دوان، ســیان... تــۆ هەر گــرمەی کــۆکەت دێــت. خــولە دەچـوو بەگـژ هەمووماندا و دەیگـوت: هیـی جـگەرە نیـیە سـەرمام دەبێـت. هەموو جارێک کە دکتۆریش لێی دەپرسی:

- لە کەیەوە دەکۆکیت؟
- لە سەعات دوازدەی شەوەوە دەست پێ دەکات.

- کەواتە ئەمە سەعاتە، نەک کۆکە.

ئێمەش زۆر پێکەنین.

منداڵان برانە بازاڕ چونکە هیچیان نەمابوو، هێرۆی کچم بە درێژایی ئەو کاتەی کە لە دێی بناوی ماینەوە، ئەو هەموو ڕێگە سەختەمان بڕی تاوەکو تاران، ئەو ڕانکێکی سپیی (شەڕواڵ) هەڵۆی برای لەبەردا بوو، چونکە بۆ هەڵۆ کەمێک گەورە بووبوو، ئەگەرچی هێرۆش هەر دوازدە-سیازدە ساڵ دەبوو. منداڵەکانم زۆر گوناح بوون زۆر ئەزیەتیان کێشا و تەنگانەیان دیت، دایکم بەو سەر و ملە شکاوەیەوە سەرجێگەیەکی متیلی سپی کە دەیکرد بە کراس، بۆی دەدروون تا لەبەری بکەن و بتوانن بچن بۆ بازاڕ شتێک بکڕن. هێرۆی کچیشم کراسێکی کۆنی منی پڕ داوێنی بڕی و کردی بە کراسێک بۆ خۆی، تاوەکو بتوانێت بچێت بۆ بازاڕ، هێرۆ هەر لە منداڵییەوە دەستی هونەریی هەبوو، بەتایبەتی دروومان، چەند ڕۆژێک لەو خانووە ماینەوە کوڕە چێشتلێنەرەکەش کە "ئاغا مەجید"ی ناو بوو، زۆر خزمەتی دەکردین و نان و چێشتی خۆشی دەخستە بەردەممان.

خانوویان بۆ پەیدا کردین و پاکیان کردەوە و جوان ڕێکیان خست و کەلوپەلیان تێخست. زۆریش دوور نەبوو لە خانووەکەی کاک شەمسەدین، بەڵام من گوتم دەبێت ئاغا مەجیدیش لەگەڵمان بێت و ئەو کارە بۆ ئێمەش بکات، چونکە هیی وامان قەت دەست ناکەوێت. خوا هەڵناگرێت کاک شەمسەدین گوتی: "با بۆ ئێوە بێت من پەکم ناکەوێت، لە هەموو شوێنێک دەتوانم ئیشم ڕایی بکەم و خەڵک پەیدا بکەم". چووینە خانووەکەوە، خانوویەکی خۆشی گەورەی سێچین بوو، حەوشەیەکی گەورە و حەوزی ئاوی تیا بوو، دەورەی حەوشەکە دار و درەخت بوو، لە دوو لا بە پێپلیکانە خەڵک سەر دەکەوتن بۆ چینی یەکەم، لەوێشەوە بۆ چینەکانی تر. ژوورەکان دابەش کران، خواری خوارەوە درایە ئاغا مەجید و کاک سمایل سەرهەنگ و کاک بلەی حەمە خورشە، هەندێکی تریشیان برانە چینێکی تر،

کە وەک ماڵ و خانوو بوو بۆ ئەو کەسانەی دەهاتنە ئەمدیو. چەند ڕۆژێکی پێ چوو باوکی هێرۆش گەیشتە لامان. لە دوای ئەوەی هێزی پێشمەرگە هەمووو گەیشتنە ئێران و برانە شاری هەمەدان و لەوێ شوێن و ئۆردووگایان بۆ کرایەوە. سەرکردەکانیش زۆریان بە دیاریانەوە بوون، ئەوانەی ژن و منداڵیشیان هەبوو هەموو خانوویان بۆ گیرا و هەر لە دەوروپشتی ئەوان خرانە ناوی.

بەڵام ئەوەی لە هەموو کەس زیاتر ئەو پەنابردنە بۆ ئێران و کەوتنە ژێردەستی ساواکی پێ ناخۆشتر بوو مام جەلال بوو، مام جەلال زۆر نیگەران و نارەحەت بوو، جێی بە خۆی نەدەگرت و هەر بەوەدا دەگەیشت بڕواتەوە بۆ ئەورووپا. تاوەکو یەکەم جار کە مام جەلال ئیشێکی دۆزییەوە کە بڕواتە دەرەوە بۆ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ باوکی هێرۆ، وا بزانم لە بازاڕ دەبن مام جەلال بە باوکی هێرۆ دەڵێت: "مامۆستا چیت پێوستە تاوەکو بۆت بهێنم؟" باوکی هێرۆش پێی دەڵێت: "وەڵا هیچ شتێک بۆ کەسمان مەهێنە، بەڵام لە دەست گەلاوێژ ڕزگارم بکە سەعاتەکەی شکاوە و داوای سەعاتم لێ دەکات". ئیتر مام جەلال سەفەری کرد، من و باوکی هێرۆش سەعاتمان هەر لەبیر نەما، لەبەر تەگەرە و ئەم زرووفە ناخۆشەی تێی کەوتبووین. هەموو ڕۆژێک دەنگوباسێک لە بابەت پێشمەرگە و هەندێک سەرکردەوە کە هەندێکیان وایان دەزانی هەنگیان لە داردا دۆزیوەتەوە، هێی وایان هەبوو هەر گورج دەیویست بێتە تاران بۆ گەڕان و چوونە شوێنی ڕابواردن و گوێ لە مەهەستی و حەمیرای دەنگخۆش و گۆرانیبێژەکانی تری ئێرانی بگرێت، کە بە ژن و پیاوەوە دەنگیان یەک لەیەک خۆشتر و کەموێنەتر بوون، هێی دیکەشیان کە بەشی زۆری سەرکردە بوو، ئەم ڕووداو و پەنابەری و ژێردەستەیی ساواک و دەستتەنگ خوورییەیان پێ ناخۆش بوو، پێشمەرگەش هەموو ڕۆژێک ڕووداوێکی ناخۆشیان لێ دەقەوما، کە هەندێک کەوتنە شەڕوشۆڕ لەگەڵ ماڵ و منداڵیان و دڵپیس بوون هەروەک "ئاس" کە دایەنی منداڵەکانم بوو،

زۆر دڵسۆزمان بوو، ناردمانەوە بۆ لای کوڕ و بووکەکەی، کوڕەکەی لە ناو پێشمەرگەکانی هەمەدان بوو، بووکەکەشی کە ناوی "فەیرۆز" بوو، زۆر جوان بوو و خرابوونەوە خانووەوە، بەڵام کوڕی ئاس کە ناوی موحەممەد بوو، شەو و ڕۆژ بەدیار ژنەکەی و کوڕەکەیەوە دانیشتبوو، نەدەچووە دەرەوە و هەمیشە لەگەڵ ژنەکەی شەڕیان بوو، بۆیە ئاسمان هەر زوو ناردەوە لای ئەوان. چەندەها تەگەرە و کێشەی وا لە ناو پێشمەرگەکان ڕووی دەدا.

پێشمەرگەش هەبوو گورج ڕووی لە قومار و ساختە و فرتوفێڵ و بەدخوویی کرد، کە خەڵک سەری سوڕدەما لە کاری خوا و چاوی ئەبلەق دەبوو، ئەمە چۆن ئەوە هەمان ئەو پێشمەرگەیەیە کە چەند مانگێک لەوەوپێش قارەمان و پاڵەوانێتیی وای دەنواند کە مودیر ئەمنی حکومەت و کاربەدەستانی بە نیوەشەو لە سەربان، لە ناو جێگەکانیان دەردەهێنا و دەیبرد و تەسلیمی شۆڕشی دەکردن.

پێشمەرگەی واش هەبوو شەو و ڕۆژ چاوی لە خاک و خۆڵی ئەودیوی خۆمان بوو، هەمیشە چاوی پڕ بوو لە فرمێسک و دڵتەنگ و سەرلێشێواو. تاوەکو یەک-دوانێک لەو سەرلێشێواوانە خۆیان کوشت. دیار بوو کە گوناهی هەمووشیان دەچووە ئەستۆی ئەو کەسانەی بووبوونە هۆی ئەم سەرلێشێوان و دەربەدەری و براکوژییەی کە تووشی هاتبووین، ماوەیەک وا مواینەوە، ئاخری هەرچۆنێک بوو ڕاهاتین. وەک پەندەکەی دەڵێت: "ئینسان زاڵمە، بە هەموو شتێک ڕا دێت". ئێمە کەمێک ڕاهاتین. منداڵەکانمان برانە مەکتەب، هەر منداڵ و بەپێی تەمەنی خرایە پۆلی خوێندنەوە، ئەوانیش کە لە مەکتەب دەگەڕانەوە، ڕووداوی سەیر و پێکەنیناوییان لە یەکتری دەگێڕایەوە، بە دەست زمان و دەرسی فارسییەوە. جارێکیان هەیڤیی کچم کە هەستی کردبوو بێتاقەتە و خەریکە دڵی تێکەڵ دێت، لە پۆل دەبێت دەست هەڵدەبڕێت بۆ مامۆستاکەی و دەڵێت: "نعم خانم دلەم تیکەل میات" ئەمە بە خێری بە فارسی قسەی کردبوو.

ئیتــر زۆر ڕووداوی ســـەیریان بەســـەر دەهــات، هەروەک هەڵــۆی کــوڕم کە مــودیری مەکــتەب بە بــاوکی هێــرۆی گوتبــوو: "ئاغــا هەڵــۆ بە فارســی واتــا قــۆخ، دەترســـم تەلەبەکــان نــاڕەحەتی بــکەن و گــاڵتە بە نــاوەکەی بــکەن، بــۆیە ئەگەر نــاوی بگــۆڕین و بە نــاوێکی تــر بــانگی بکەیــن. بــاوکی هێــرۆش گوتبــووی باشــە بە ناوی حسێن بانگی بکەن" ئیتر هەڵۆ لە مەکتەب بوو بە حسێن.

خــۆ خــولە شــێت ئەوە هەر بــاس ناکرێــت کە چەنــد ڕووداوی پێکەنینــی لــێ دەقەومـــا و دەیگـــوت: تەواو بە خـــوا هەر بـــووم بە بولبـــول لە فارســـیدا، بەڵام کە ئاغــای مەجیــدی چێشـــتکەرمان بــانگی دەکــرد کــاکە خــولە وەرە ئەم ئیشــە بــکە، یــان بــڕۆ کــولێرە بکــڕە خەریکــی ســفرە دانــانم. خــولە بە کــوردی جــوابی دەدایەوە و دەیگـــوت خـــۆت بـــۆ ناچیـــت چێشـــتخانە و خـــواردن ئیشـــی تـــۆیە، بـۆچی مـن بچـم خـۆ خزمەتکـاری باوکـت نـیم، ئیتـر ئـێمەش دەچـووین بەگژیـدا و دەمـــانگوت: دە قەیچـــێکە خـــۆ نانەواخـــانە هەر هەنگاوێـــک لە مـــاڵەوە دوورە. قوڕبەســـەرە زۆر ئیشــی هەیە و مانــدووە چیــت لــێ دێــت ئەگەر بڕۆیــت کــولێرە بکڕیــت هەی بولبــولی فارســی، ئەی بــۆچی بە فارســی قســەی لەگەڵــدا ناکەیــت؟ ئەی کــوا فارســییەکەت؟" ئیتــر ئــێمەش هەمیشــە خەریکــی شــەڕ و کێشــەی ئاغــا مەجید و خولە شێت بووین.

لە دوای بەینێـــک دایکـــم دەبـــوو بگەڕێـــتەوە بـــۆ بەغـــدا لەبەر خـــاڵە مـــوحەممەدم، کە ئەو لە ســـلێمانی مـــابووەوە و نەخـــۆش بـــوو. دایکـــم بە هەڵەداوان هـــاتبوو بـــۆ لامـــان کە بیســـتبووی بـــووەتە شـــەڕی بـــاڵی مەکتەبـــی سیاســـی و بـــاڵی خوالێخۆشـــبوو مەلا مســـتەفا بـــارزانی، وا بە لـــۆری و عەســکەری حکــومەتەوە بــاڵی ســەرۆک بــارزانی چــوونەتە ســەریان، ئیتــر دایکــم بەســـتەزمانە وەک شـــێت کەوتبـــووە ڕێ و خـــاڵمی بەجـــێ هێشـــتبوو، بـــۆیە بەردەوام چاوبەفرمێســـک بـــووین بـــۆ خـــاڵە مـــوحەممەدم. دوایـــی گەیانـــدبوویانەوە بەغـــدا بـــۆ لای ڕێســـانی خوشـــکم و منـــداڵەکانی، کە چەنـــد مانگێـک بـوو دکتـۆر سـەدیق ئەتروشـیی مێـردی ئەمـری خـوای کردبـوو چـوار منـــداڵی ســـەر و بـــنکەی بێبـــاوک و هەتیـــو کردبـــوو. کـــاک ســـەدیق زۆر

خۆشەویســت بــوو لە لامــان و زۆر ئینســانێکی بەڕێــز و پــاک و ڕۆشــنبیر و دڵســۆز بــوو. لە بەغــدا کــاتی خــۆی لە ســەردەمی عەبــدولکەریم قاســم بــۆ وەزیــر کاندیــد کرابــوو، دوای ئەویــش لە دەســت حکــومەت هەڵهــاتبوو، کە کەوتبــوونە لێدانی دکتــۆر ســەدیق ئەتروشــی، هەرچەنــدە باســی چــاکی و پــاکی و مرۆڤدۆســتی و عیلمزانینــی بــکەم هەر کەمە، کــاک ســەدیقی ڕەحمەتــی لە قەڵادزێ لە کــاتی گفتوگــۆی دانوســتاندنی حکــومەت و باســی دووبەرەکــی و شــەڕی براکوژیــدا ئەمــری خــوای کــرد، ئەوەنــدە نــاڕەحەت بــوو هەمیشــە بەڕێــوە بــوو، لەبەر ئەوە دێــمەوە ســەر قســەی پێشــووم کە دایکــم ناچــار گەڕایەوە بەغــدا لەبەر خــاڵم، دوای گەڕانەوەشــی ئەوەنــدەی پــێ نەچــوو ئیتــر ئەو خــاڵە فیــداکار و دڵســۆزەم ئەمــری خــوای کردبــوو. دوای مــاوەیەک ئیتــر دایکــم گەڕایەوە بــۆ لامــان، چــونکە منــداڵەکانم هەموویــان لە باوەشــی بەســۆزی ئەودا گەورە بووبــوون، بــۆیە نەیــدەتوانی بەبــێ ئەوان بژیــی، هەروەهــا منداڵەکانیشــم بەبــێ ئەو ئۆقرەیــان نەدەگــرت، ئیتــر دایکــم کــچە بچکــۆڵەکەی ڕێســانی خوشــکمی لەگەڵ خۆیــدا هێنــا و هــات بــۆ لامــان، کە نــاوی زەینــەب بــوو. دوای چەنــدەها ســاڵ کە گەورە بــوو، بــووە هاوســەری و ئێســتا بــووکی هەڵۆی خۆشەویستمە و زۆر دڵسۆزمە.

ورده ورده لەگ تــــاران ڕاهــــاتین، هەرچەنــــدە زۆر دڵتەنــــگ و چاوبەفرمێســک بــووین، بە ناچــاری خــۆمم ســەرقاڵ دەکــرد. خەیــاڵم دایە دروومــان و چــووم لە پەیمــانگەی خەیــاتی نــاوی خــۆم تۆمــار کــرد. مەکینەیەکــی دروومانیشــم کــڕی کە دەخــرایە جانتــاوە، مەکینەیەکــی ئەڵمــانیی زۆر چــاک بــوو، ئێســتاش هەڵمگرتــووە و زۆرم خــۆش دەوێــت. ئیتــر کەوتــمە قــات و جلــدوورین بــۆ خــۆم و بــۆ ڕێســانی خوشــکم کاتێــک دەهــات ســەری دەدایــن، بەڵام هێــرۆی کچــم لەگەڵ ئەوەشــدا کە لە مەکــتەب دەیخوێنــد، بەڵام هەر خەریکــی دروومــان بــوو بــۆ خــۆی، حەزی لــێ دەکــرد و بەو منــداڵییەی خــۆیەوە زۆر دەســتڕەنگین بــوو. کچەکــانم لە هەنــدێک کــاردا هونەرمەنــدن، وەکــو شــانازی کچــم کە وێــنە و تابلۆکێشــێکی زۆر شــارەزایە، هەروەهــا لە

ماڵدارییشــدا مــرەتەبە و ئیشــی جــوانە، تــاوەکو لە نووســین و گــوتنی هەنــدێک شــیعری ڕەخــنە و گاڵتەئامێزیشــدا، هەروەهــا دەتوانێــت ئــاوازی خۆشــیش دابنێــت بــۆ ســروود و شــتی تــر. کە لە تــاران بــووین شــاناز زۆر منــداڵ بــوو هەر دە ســاڵان دەبــوو، هەنــدێک جــار کە میــوانی زۆرمــان دەهــات، دیــارە برادەرانــی خۆمــان بــوون، ئاغــای مەجیــد زۆر ســەرقاڵ دەبــوو، حەزم دەکــرد هەنــدێک خــواردنی خۆمانیــان بــۆ لێبنێین. بــۆیە کەلــوپەلی یــاپراخم حــازر دەکــرد و بــرنج و کەرەســتەکانم ڕێــک دەخســت و شــانازم بانــگ دەکــرد تــا بچێــت دەســتی بشــوات و بێــت ئەم یــاپراخە بپێچێــتەوە. خۆشــی زۆر حەزی لەو ئیشــانە بــوو، ئیتــر دەهــات دادەنیشــت، دۆشــەکەڵەیەکم بــۆ دادەنــا و فێــرم دەکــرد کە چــۆن بیــانپێچێتەوە. ئیتــر گەڵامێــوو و پیــاز و شــتی تــری دەگــرت بە دەســتەوە و یەکە یەکە دەیپێچــانەوە و دەیخســتنە نــاو ئەو مەنــجەڵەوە کە لە تەنیشــتیدا دابنــابوو، ئیتــر مــن بەجــێم دەهێشــت و دەچــووم بە لای ئیشــێکی تــرەوە. ئەویــش لەســەرخۆ و زۆر بە ڕێکوپێکی ئەو مەنجەڵە زلەی بۆ دەپێچامەوە.

هەروەهــا هەڵــۆی کوڕیشــم ڕەســم و تــابلۆی جــوانی دەکێشــا. هەیڤیــی کچیشــم ئەو بەهــرەیەی هەیە، بــاوکی هێــرۆش زۆر جــار کە چــاوی بە ڕەســم و تــابلۆی منــداڵەکانی دەکەوت کە کێشــاویانە، پێــدەکەنیی و دەیگــوت: "ئەمــانە چــوونەتەوە ســەر کــێ؟ جارێکیــان لە مەکــتەب مامۆســتایەک پێــی گــوتین ڕەســمی قــۆریی چالێنــان بکێشــن، قۆرییەکەشــی لەبەر چاومــان دانــابوو، کەچــی مــن ڕاســتەکەم بەدەســتەوە بــوو، دەمویســت بە ڕاســتە ڕەســمی بکێشــم، ئیتــر من هەر نەمزانی چۆن ڕەسمی دەکێشرێت".

هــاوڕێی کوڕیشــم زۆر هونەرمەنــدە لە وێــنە و تابلۆکێشــاندا، هەروەهــا لە دیزاینــی جلوبەرگــدا. ئێســتا خەریکــی دیزاینــی جلــوبەرگە لە لەنــدەن، هەروەهــا بــاقێلی نەوەشــم وێنەکێشــێکی زۆر لێهــاتووە، ســوپاس بــۆ خــوا منــداڵەکانم هەرچەنــدە زۆر دەربەدەری و ژیــانی ئاوارەییــان دیــوە و کەســیان نەیــانتوانی خوێنــدنیان تەواو بــکەن لەبەر گــۆڕانی زرووف، بەڵام ســوپاس بــۆ خــوا ســاڵی ١٩٧٥ کە جــاری دووەم هــاتین بــۆ تــاران، شــانازی کچــم بە نمرەیەکــی بــاش

گەیشتە قۆناغی سێی پزیشکی، بەڵام کە پەیماننامەی جەزاییر لە بەینی ئێران و سەدامدا مۆر کرا، شۆڕش هەرەسی هێنا و ئیتر هەموومان سەرمان لێ شێوا، ئەوە بوو ئێمە بەرەو سوریا و شام ڕۆیشتین، چونکە ئەوسا مام جەلال لەوێ بوو لەگەڵ هێرۆ و هەندێک لە مندالەکانم و خوشکەزاکانم، ئێمەش چووینە ئەوێ.

مام جەلال لەگەڵ باوکی هێرۆ تەگبیریان کرد، کە ئێمە بچینە شوێنێک کە قانون و نیزامیان هەبێت، نەک بۆ وڵاتێک کە کاربەدەستەکان خۆیان قانون بن و بە کەیفی خۆیان کار بکەن، کێیان ویست بڵێن لێرە بمێنە و کێیان نەویست معاهەدەیان کرد پێت بڵێن دەی بڕۆن لێرە مەمێنن. بۆیە باوکی هێرۆ لەندەنی هەڵبژارد. کە بەینێک لەوەوپێش نەخۆش کەوتبوو، چوو بۆ ئەوێ و بۆ هەشت مانگ لەوێ مابووەوە، لەگەڵ من و هاوڕێی کوڕم کە سێ ساڵ بوو لەگەڵ کوڕێکی خزمیشمان بەدیارمانەوە بوو.

وەکو دەڵێن: پێڵاوی ئاوارەییمان لە لەندەن کرابووەوە. بۆیە لەگەڵ لەندەن ڕاهاتبووین و زۆرمان بەدڵ بوو. کە پەیماننامەکەی جەزاییر بەسترا و شۆڕش هەرەسی هێنا، کوردی دەربەدەر هەر کەسە ڕووی کردە شوێنێک، زۆربەیان گەڕانەوە عێراق و عەفوویان بۆ دەرچوو. هەندێکیان ڕوویان کردە ئەورووپا و ئەو دەوروبەرە و هەندێکیشیان هەر لە ئێران مانەوە. پێش ئەوەی ئێمە بڕۆین بۆ شام، شای ئێران جوابی بۆ باوکی هێرۆ ناردبوو کە دەتوانێت لە ئێران بمێنێتەوە و خانوو و ئۆتۆمبێلی پێ دەدرێت و هەموو کارێکی بۆ جێبەجێ دەکرێت، بە مەرجێک چالاکیی سیاسی و سەفەری دەرەوەی ئێران نەکات.

باوکی هێرۆش وەڵامی بۆ ناردەوە و گوتی: "زۆر سوپاستان دەکەم، ناتوانم لێرە بمێنمەوە و دەبێت بڕۆین" خوا هەڵناگرێت بەقەدر و حورمەتەوە بە ماڵەوە بۆ لەندەن ڕەوانەیان کردین، بلیتی فڕۆکەشیان بۆ بڕین.

بەڵام زیـــانێکی زۆریـــان لە شـــانازی کچـــم دا، بەوەی بڕوانامەکەیـــان ون کـــرد و گوتیـــان بۆمـــان نـــادۆزرێتەوە، شـــاناز بە غەدر ســـێ ســـاڵ کـــۆلێژی پزیشـــکی لەکـیس چـوو، دەبـوایە سـەرلەنوێ لە لەنـدەن دەسـتی پـێ بکـاتەوە، بەڵام فریـــای نەکەوت، چـــونکە شـــووی بە دکتـــۆر لەتیـــف کـــرد کە ئەوســـا لە کۆمپانیـــایەکی گەورە لە لەنـدەن ئیشـی دەکـرد و بگـرە هێشـتا لە تـاران بـووین کە هـــات داوای شـــانازی کـــرد و بووبـــوو بە دەزگیرانـــی، هەروەهـــا لیلـــۆزی کچیشم لە سوریا گەیشتە پۆلی دووی کۆلیژی پزیشکی.

هەروەکـو پێشـتر گـوتم وردە وردە لەگەڵ تـاران ڕاهـاتین، ئەگەرچـی زۆر دڵتەنـــگ و چاوبەفرمێســـک بـــووین، بەڵام هەرچۆنێـــک بـــوایە دەبـــوایە لەگەڵ بـــارودۆخ و پێشـــهاتەکان خۆمـــان بگـــونجێنین، دەچـــووین بـــۆ بـــازاڕە ئاوەدانەکـــانی ئەوســـای تـــاران کە ســـوپەرمارکێت و شـــوێنی بـــازاڕی زۆر پێشـکەوتوو و خۆشـی لـێ بـوو، هەروەهـا تـاران زۆر جـوان و دڵگیـر بـوو، بە دیـمەن و دار و درەخـت و گـوڵ و گـوڵزار و شـاخەکانی، بەتـایبەتی شـەقامی پەهـلەوی کە ئێسـتا نـازانم چییـان نـاو نـاوە، ئەو شـەقامە بە دەیـان گـازینۆ و شـوێنی نـانخواردنی لـێ بـوو کە بە قەدی شـاخەوەکەوە بـوون. مـانگی جارێـک، یـان ئەگەر کەسـێک سـەری بـداینایە دەچـووین بـۆ ئەو شـوێنانە. دەوڵەت (یـان ڕاسـتتر سـاواک) ئۆتۆمبێـل و شـوفێری بـۆ تەرخـان کردبـووین، شـوفێرەکەمان نـاوی "ئاغـای قەسـری" بـوو، پیـاوێکی بـاش و دڵفـراوان، زۆر بەتەنگمـانەوە بـوو، ئەگەرچـی سـاواک بـوو، بەڵام خـۆی کەسـێکی زۆر میهرەبـان بـوو، زوو زوو کـچە بچکـۆلەکەی دەهێنـایە لامـان بـۆ لای کـوردێ کە بەیەکەوە یـاری بـکەن، کـچەکەی نـاوی "سـوهەیلە" بـوو، دوو-سـێ سـاڵ دەبـوو، هـاوتەمەنی کوردێی کچم بوو.

ڕۆژێـک لەگەڵ بـاوکی هێـرۆ منـداڵەکانمان هەڵگـرت بەرەو مەشـهەد بـۆ زیـارەتی مەرقەدەکەی ئیمـام ڕەزا، کە شـوورەی قەبـرەکەیم گرتبـوو دوعـام دەکـرد بەدەم گریـانی بێـدەنگەوە، کە تکامـان بـۆ بکـات لای خـوای گەورە و میهرەبـان ئەم بـارودۆخە خراپەمـان بـۆ بگۆڕێـت و بگەڕێینەوە بـۆ خـاک و

وڵاتــی خۆمــان، لەو کاتــانەدا کە بە ئەســپایی لە ئیمــام ڕەزا دەپــاڕامەوە هەســتم کــرد قــۆڵ و دەســتم شــتێکی نائاســایی بەر دەکەوێــت، دیــارە شــوێنەکە زۆر چــڕ و قەرەبــاڵغ بــوو ســەدان دەســت ئەو شــوورە زیووونەبــان گرتبــوو، لەپــڕ دەســت و قــۆڵم ڕاکێشــا تــا بــزانم ئەو جــووڵە و خۆلێــدانە چییــە، ســەیرم کــرد پیاوێــک خەریکــی ســەعاتەکەمە دەیەوێــت لە دەســتم بکــاتەوە و بیــدزێت، منــیش دەســتم ڕاکیشــا و تــووڕە بــووم ئاغــای قەســری بــۆی چــوو و گرتــی و تەســلیمی پۆلیســی کــرد، سەعاتەکەشــم زۆر خوشەویســت بــوو لام، کــاتی خــۆی مــام جەلال بــۆی هێنــابووم کە ســەفەری دەرەوەی کــرد و بــاوکی هێــرۆ پێــی گوتبــوو ســەعاتێک بــۆ گەلاوێــژ بهێــنە، ســەعاتەکەم زۆر جــوان و نایــاب بــوو، مــارکەی "ئۆمیگــا" بــوو، ئیتــر ئەمەش بــوو بە بەزمــی زیــارەت و دزیــی نــاو مەرقەد.

هەورەهــا ئەو مــاوەیەی لە تــاران بــووین ســەردانی زۆر شــوێنی ترمــان کــرد، وەک ئەســفەهان و کــاخ و قەســری "چــل ســتوون" لە شــیراز و مەرقەدی "حــافزی شــیرازی" و "ســەعدی شــیرازی" و جــارێکیش چــووین بــۆ "بــاکووری ئێــران" (ڕامســەر) کە شــوێنی بــرنجە نایابەکــانی ئێــرانە "ســەدری" و "دم ســیا" و جۆرەکــانی تــر، کە ڕێبــوار دێــت بەرەو ڕامســەر لە دوورەوە بــۆنی ئەو بــرنجە نایابــانەی دێــت بە لوتیــدا، دەڵێیــت پــڵاو لێنــراوە و بــۆنی دێــت، هەروەهــا چەنــد جــارێکیش چــووینە "ئــاب عەلــی" کە جــێگەی ئاســک بــوو، لە زســتانان بەفــری زۆری لێ دەباری.

تــاران و بگــرە هەمــوو ئێــران زۆر لە لامــان ســەیر و ســەرنجڕاکێش بــوو، کە ئەوەنــدە دوکــانی گوڵفرۆشــی لــێ بــوو، ئەوەنــدە بە زەوق بــوون لەگەڵ گــوڵ و گــوڵزار، لای ئــێمە ســاڵی "١٩٦٤" بەغــدا وەک عەلــی و نیویــۆرک وا بــوو لەچــاو وڵات و شــارەکانی دەوروبەری عێــراق، بەتــایبەتی وڵاتــانی کەنــداو، کە عێــراق لە ســەردەمی پاشــایەتییش ســەرکردە و گەورەکــانی وڵاتــانی کەنــداو بە ئــاواتەوە بــوون کە ڕۆژانــی جەژن و پشــوو بــێن ســەرێک لە بەســرە بــدەن، بەســرە ئەوەنــدە پێشــکەوتوو و خــۆش بــوو، بەتــایبەتی "بەنــدەری بەســرە" ئەوە

هەر باســـی ناکرێـــت، کە چەنـــد شـــوێنێکی نایـــاب و پێشـــکەوتوو بـــوو، کۆڵبەرەکـانی بەسـرە هەموویـان وەکـو بولبـول ئینگلیزییـان دەزانـی، چـونکە کـاتی خـۆی لە سـاڵانی جەنگـی جیهـانیی دووەم ئینگلیـزی لـێ بـوو، سـاڵانێک کە خـاڵە مـوحەممەدم نەفـی کرابـوو بـۆ بیابـانی عەفەک، لە دوایـیش بـۆ دیـوانیە و بەسرە و قورنە.

سـاڵی ١٩٤١ و ١٩٤٢ مـن و خوشـکم منـداڵ بـووین، لە قـورنە دەمـانبینین کە ئینگلیـز لە بەسـرەوە دەهـاتن، هەر لە بەردەم ماڵەکەمـان درەختـی کـۆنی لـێ بـوو پێیـان دەگـوت "ئیبـراهیم خەلیـل"، دەهـاتن لای درەخـتەکە دادەبەزیـن و بە چەقـۆ داریـان لـێ دادەتاشـی و دەیانخسـتە قتـووەوە و بـۆ پیـرۆزی دەیـانبرد، ئەوانـیش لەو خەڵـکەوە فێـر بووبـوون یەکشـەممان دەهـاتن ئەو کارەیـان دەکـرد و منـداڵە وردەکەی قورنەیـان لـێ کـۆ دەبـووەوە و ئەوانـیش چوکلێتیان بەسەردا دابەش دەکردین.

کە لە تـاران بـووین، زوو زوو کـاکە سـەید عەزیـز شـەمزینی سـەری دەدایـن بە دەسـت و دیـاریی زۆرەوە، وەک فەردە برنجـی کـوردی و زۆر شـتی تـریش. کـاکە سـەید عەزیـز هەر لە ئێـران دەژیـا و ئەنـدامی مەکتەبـی سیاسـیی پـارتی بـوو. کـاتێکیش پـارتی بـوو بە دوو بەشـەوە، شـەڕی براکـوژی دەسـتی پـێ کـرد، ئەو لەگەڵ دەسـتەی مەکتەبـی سیاسـی بـوو، پاشـان گەڕایەوە ئێـران و مـاڵ و موڵکیـان لە ورمـێ بـوو. دێیەکیشـیان هەبـوو وا بـزانم نـاوی "ڕاژان" بـوو، بـاوکی کـاکە "سـەید عەزیـز" نـاوی "سـەید عەبـدوڵڵای نەهـری" بـوو، بنەمـاڵەیەکی زۆر خـانەدان و خـاوەن موریـد بـوون، لەو کـاتەدا کـاک سـەید عەزیـز تـازە ژنـی دووەمـی هێنـابوو، نـاوی ژنەکەی "پەرویـن" خـان بـوو، ئەویـش هەر یەکێـک بـوو لە خزمەکانیـان، کچێکـی ئێسکسـووک و زۆر جـوان بـوو، لە تەمەنیشـدا زۆر لە کـاکە سـەید عەزیـز منـداڵتر بـوو، خوشـکی کـاکە سـەید عەزیـز دەبـوو بە بـاوەژنی پەرویـن خـان، چەنـد جارێـک سـەریان داین و ئێمەش چووینەوە بۆ لایان.

کـاکە سـەید عەزیـز خـوویەکی زۆر سـەیری هەبـوو، وەکـو ئەوەی بڵێـین سـبەینێ سـەفەر دەکەن و دەگەڕێـنەوە ورمـێ و شـوێنەکەیان، کـاکە سـەید لە ئەمـڕۆوە خـۆی ئامـادە دەکـرد و پشـتی ئۆتـۆمبێلەکەی پـڕ دەکـرد لە میـوە و سندوقی بەفر و بوتڵی ئاو و ئەو شتانە... ئینجا پێیان دەگوت:

- ئـاخر کـاکە سـەید تـاوەکو سـبەینێ ئەم بەفـرە دەتـوێتەوە، میوەکان خراپ دەبن لە ناو سندوقی ئۆتۆمبێلەکەت.
- نا با حازر بێت.

کـاکە سـەید زۆر ئینسـانێکی مەرد و ڕووخـۆش و دەمبەپێکەنـین بـوو، مـن لە ژیانمـدا دوو کەسـی دیـکەی ئـاوام دیـوە کە بـۆ سـەفەر وا شـڵەژاون و لە دوو ڕۆژ لەوەوپێشـــەوە خۆیـــان بـــۆ ئامـــادە دەکـــرد، بگـــرە جـــل و پێداویستییشـیان لەبەر دەکـرد و دەکەوتـنە پیاسـەکردن لە نـاو ژوورەکەیانـدا و دەتگـوت لەسـەر ئـاگر دانیشـتوون، ئەوانـیش یەکەم "خـاڵە هەمـزە"م بـوو کە هەمیشـە قاچـاغ و شـاراوە و لە ژێـرزەمین بـوو، هەمـوو لاوێتیـی لە دێهـات و ژێــرزەمین بــردە ســەر لەتــاو حکــومەتە بەدناوەکــانی عێــراق، کە دوژمنــی سـەری بـوون. دووەم کەسـیش کە وا بـوو بـۆ سـەفەر، مـامە ڕەمـزی فەتـاحی مــامی بــاوکی هێــرۆ بــوو، ئەویــش هەروەکــو کــاکە ســەید شــپرزە دەبــوو، دەکەوتە شـــتپێچیانەوە و خـــۆ کـــۆکردنەوە کە هێشـــتا دوو ڕۆژی مـــابوو بـــۆ سەفەر.

سـێیەم کەسـیش ئەوە مـنم، کە دەچـم بـۆ سـەفەرێک بەتـایبەتی کە دێـم بـۆ کوردســـتان، مانگێـــک لەوەوپـــێش جانتاکـــانم دەپـــێچمەوە و هەر خەریکـــی شــتەکانم دەبــم تــا بیــرم نەچێــت، هەر دێــم و دەچــم و جانتــا دەکەمەوە و دایـدەخەمەوە، ئیتـر زۆر نائـارام و شـپرزە دەبـم، هیـی واش هەیە دوو-سـێ سـەعات پـێش سـواربوونی ئۆتۆمبێـل و سـەفەر جانتاکـانی دەپێچێـتەوە و گوێشی لێ نییە.

ســاڵێک زیــاتر بــوو کە بە دەربەدەری و پەنــابەری لە ئێــران بــووین، جارێـک بـرادەران دیسـان هـاتنەوە بـۆ ماڵمـان، سـەیر دەکەم کـاکە نـووری

شــاوەیس و كــاک عەلــی عەبــدوڵلایان لەگەڵــدا بــوو، ئــێمە لەگەڵ ئەوان لە شــار و لە شـــاخ و كێـــویش زۆر تـــێكەڵ بـــووین و زۆر خۆشەویســـت بـــوون لای بــاوكی هێــرۆ؛ هەروەهــا لای منــیش زۆر بەڕێــز بــوون، هەمــوو جارێــک كە بـــاوكی هێـــرۆی خۆشەویســـتم دەڕۆیشـــت بـــۆ ســـەفەری دەرەوەی وڵات، كە پێویســـتیمان بە كارێــک و شــتێک دەبــوو نــامەم بــۆ كــاک عەلــی عەبــدوڵڵا دەنووســی، ئــێمە لە كــانی حســێن ئــاوەكورتێ بــووین، مەكتەبــی سیاســییش لە خەزێــنە بــوو، بــێجگە لەوەش ئــێمە كــاک عەلــی عەبــدوڵلامان، كاتێــک خــاڵە هەمـــــزەم گەڕابـــــووەوە لە ئێـــــران و پـــــارتی دیمـــــوكراتی كوردســـــتانی دامەزرانــدبوو، هێشــتا مــن منــداڵكار بــووم و شــووم نەكردبــوو. لەبەر ئەوە لەگەڵ كــاكە عەلــی عەبــدوڵلا هەروەكــو كەســێكی زۆر نزیكمــان ڕەفتارمــان لەگەڵ دەكرد.

كاتێــک لە كــانی حســێن بــووین بــاوكی هێــرۆ و مــام جەلال چووبــوونە دەرەوەی وڵات بـــۆ ناســـاندنی شۆڕشـــی كـــورد بە ئەورووپـــا و یەكێتیـــی ســـۆڤێتی ئەوســـا. ســـاڵی ١٩٦٣ ئەو مـــاوەیە زســـتان بـــوو، زســـتانێكی زۆر ســـەخت بـــوو، بەتەواوی مـــن و منـــداڵەكانم لەوســـەری شـــاخە تاقەتمـــان چووبــوو، لە نــاو دێــیەكەش نەبــووین، بەڵكــو بە تەنیــا لەو بەرزایــیەدا بــووین، نــامەم نووســی بــۆ كــاكە عەلــی عەبــدوڵلا و گــوتم: "كــاكە عەلــی دەمەوێــت بــڕۆم بــۆ ســلێمانی". كــاكە عەلــی عەبــدوڵلاش نــامەی بــۆ نــاردم و گــوتی: "بــراژن چــۆن دەتوانیــت بڕۆیــت بــۆ ســلێمانی؟ هەر یەكســەر دەتگــرن دوایــی چــی بە كــاكە ئیبــراهیم بڵــێم!" زۆر قســەی تریشــی نووســیبوو، منــیش نــامەم بــۆ نووســیەوە و هەر بە دەســتی پێشــمەرگەی دێــرین و دڵســۆزمان "ســاڵەح مــالوومە"یی، گــوتم: "كــاكە عەلــی یــان دەنێریــت پــووره فــاتمم بــۆ دەهێنێــت، یــان بە خــوا هەر دەبێــت بــڕۆم"، ئیتــر ناچــار ناردیــان پــووره فاتمیــان بــۆ هێنــام، كە پــووری بــاوكی هێــرۆ بـــوو و زۆر خۆشەویســـت و دڵســـۆزمان بـــوو. بەنـــاو ئەو بەفـــر و هەڵایە پـــووری بەســـتەزمان ئەوەنـــدەیان پێچـــابووەوە، لەســـەر پشـــتی وڵاخ هەر نەدەناســـرایەوە هەر بە بەســـتنی لە ترســـی كەوتـــن بەســـتبوویان، هەرچەنـــدە

خەڵکمـــان زۆر بەدیـــارەوە بـــوو، هەر دووپســـێ ژنیـــان لەگەڵ بـــوو، بەڵام هەر زۆر بیـری پوریمـان دەکـرد بەتـایبەتی دایکیشـم کە هێشـتا لە سـلێمانی بـوو بەدیار خاڵە محەمەدەوە، چونکە نەخۆش بوو.

لەبەر ئەوە ئەو ڕۆژە کـــاک عەبـــدوڵڵا و کـــاک نـــووری شاوەیســـم دیـــت، ســـەرم ســـوڕما! چـــونکە نـــووری شـــاوەیس کە هانـــدەری ســـەرەکیی شـــەڕی دووبەرەکیـیەکە بـوو لە کـۆنگرەی مـاوەت، کـاک نـووری دەیگـوت: "ئەگەر بەم گفتوگـۆیەی بەینـی حکـومەت و مەلا مسـتەفای بەرزانـی ڕازی بـوون، مـن بە تەنیـا سـندووقێک فیشـەک دەبەمە سـەر ئەو شـاخی گردەڕەشـە و بە تەنیـا شـەڕی خـۆم لەگەڵیـان دەکەم، ئەگەر دەرەقەتیشـی نەهـاتم دوا گـولله دەنـێم بە سـەری خـۆمەوە". کەچـی دوای شـەڕی براکـوژی و پەڕینەوەمـان بـۆ ئێـران و دەوروبەری، ئەو چووبـــــــووە دەرەوەی وڵات، دوایـــــــیش گەڕایەوە لای مەلا مسـتەفای خوالێخۆشـبوو، هەروەهـا کـاکە عەلیـیش گەڕایەوە بـۆ لای. بـۆیە بە سەرسـوڕمانەوە لە بـاوکی هێـرۆم پرسـی: "بـزانە کـاکە نـووری و کـاکە عەلـی لێـرەن؟ ئەوە چـۆنە؟" بـاوکی هێـرۆ پێـی گـوتم: "کـاری چاکمـان بە دەسـتەوەیە ئینشـەڵا وا خەریکـین لەگەڵ برادەرانـی ئەولا ئاشـت دەبیـنەوە، چـونکە کاتێـک ئـێمە ڕازی نەبـووین و جیـا بـووینەوە، لەبەر ئەوەی ئەوان دەیانویسـت لەگەڵ حکـومەت گفتوگـۆ بـکەن و دەیـانگوت ئـێمەی کـورد ئەم شـەڕەمان پـێ ناکرێـت و بـا بـڵاوەی لـێ بکەیـن، ئـێمەش دەمـانگوت: ئـاخر بـۆ دیسـان شـوێن درۆی حکـومەت بکەویـن؟ ئێسـتا بـووینەتە ئەم هێـزە گەورەیە، کەچـی قسـەکەی ئـێمە دەرچـوو، دوای ئەوەی بـووین بە دوو بەشـەوە و دەربەدەربـووین، ئەوانـیش مـانەوە لەبەر دەسـتی حکـومەت، حکـومەت دوای بەینێـک بیـانووی پـێ گـرتن و وا خەریـکە هێـرش دەکـاتە سـەریان، ئـێمەش چـۆن ئەمە قبـووڵ دەکەیـن! بـۆیە وا پێشمەرگە و هێز و سەرکردەکان هەموو دەگەڕێنەوە.

هەمـوو مـاڵ و منـداڵەکان دڵمـان زۆر خـۆش بـوو، چەنـد مـاڵێکیش هـاتبوونە تـــاران، وەک مـــاڵی ڕەیـــس حەمەمینـــی فەرەج و ڕەمـــودە خـــانی ژنـــی و منـداڵەکانیان، لە خـانووەکەی کـاک شەمسـەدین مـوفتی بـوون، ئەو خـانووەی

که تــازه هــاتین بــۆ تــاران و بــۆ چەنــد ڕۆژێــک چــووینە نــاوی، ئیتــر بــرادەران دەهـــاتن و دەچـــوون و باســـی پێشـــمەرگە و منـــداڵەکانیان دەکـــردن، بەتـــایبەت ئەوانەی لە هەمەدان بـــوون، کە چەنـــد دڵیـــان خۆشـــە بەم دەنگوباســـەی گەڕانەوە بـــۆ وڵات. مـــاڵی وا هەبـــووە لە یەکەم و دووەم ڕۆژی ئەم دەنگوباســەوە کەوتــوونەتە ڕێ و دەربــاز بــوون بــۆ دیــوی خۆمــان، ســەرکردە و پێشــمەرگەکان کەوتــنە خــۆ ئامــادەکردن، تــاوەکو ئێستگەکەشــیان ئامــادە کــرد بــۆ ئەوەی بیــبەنەوە، تــاوەکو ئەو کــات لە نــوێن و پەت و بەتــانی و لە نــاو نـــوێن و کەلـــوپەلی ماڵەکەمـــان پێچرابـــووەوە. کەســـانی دەوروپشـــت و ماڵەکەمــان وایــان دەزانــی نــوێنی زیــادەیە. بــێجگە لە دایکــم و کــاک ســمایل و سەرهەنگ و من.

بـــاوکی هێـــرۆ لەگەڵیـــان نەگەڕایەوە، چـــونکە ڕەحمەتیـــی مەلا مســـتەفا وای ویســتبوو کە ئەو نەگەڕێــتەوە، بــاوکی هێــرۆش بەبــێ ســێ و دوو قبــووڵی کــرد و گــوتی: "باشــە وەکــو ئەو دەیەوێــت، خــوا دەکــات ئــێمە بەینمــان چــاک دەبێــتەوە و ئەم مـــیللەتە هەژارە بێکەســـەمان لەم دووبەرەکـــی و شـــەڕی براکـــوژییە ڕزگــاری دەبێــت، ئەگەر لەســەر هــاتن و نەهــاتنی مــن بەنــد بێــت، حەز دەکەن من هەر نایەمەوە".

مـــام جەلال و عـــومەر دەبـــابە و شـــەهید عەلـــی عەســـکەری و ڕەیـــس حەمەئەمـــین فەرەج و حیلمـــی عەلـــی شـــەریف و شـــەهید عەلـــی حەمـــدی و هەنــدێک ســەرکردەی تــر کە ناویــان نــازانم، لەگەڵ هێزەکەیــان هەمــوو کەوتــنە ڕێ بەرەو دیوی خۆمان.

بــاوکی هێــرۆو مــن و منــداڵەکانم و دایکــم و لە تــاران مــاینەوە و بە ناچــاری کەوتیـــنە چـــاوەڕێی هـــاتنی دەنگوباســـی خۆشـــیی بـــرادەران، بەڵام هـــیچ دەنگوباســـی وایـــان نەبـــوو، لەوە زیـــاتر کە زانیمـــان گەیشـــتوونەتە جـــێ و سەلامەتن.

خــولە شــێتمان گــوێی لەوە نەبــوو کە هێشــتا ئــێمە لێــرە مــاوین یــا نــا، ئەو هەر زوو کەوتە نـــاو خـــرت و پرتـــی ئەو کەلـــوپەل و وردە ئەشـــیایەی لەگەڵ

خۆمانمـــان هێنـــابوو، ئەمـــی هەڵـــدەگرت و ئەوی دادەنـــا و دەیگـــوت: "ئەم شـــڕانە چـــۆن دەبەیـــنەوە، ئەمـــانە بە خـــوا هەموویـــان بە کـــۆنەکرێ دەفرۆشـــم و دەچـــم شـــتێکی زۆر جـوانی پـێ دەکـڕم و دەیبەیـنەوە لەگەڵ خۆمـــان"، زۆر جـار مـن و دایکـم نەسـیحەتمان دەکـرد کە دەسـت بـۆ شـتی مـاڵەکە نەبەیـت، ئەوانە هەمـوو کەلـوپەلی دەوڵەتـن عەیـبە بـۆ خـاتری خـوا، خـولەش دەهـات بەگژمانـدا و بە لاڵەپەتەکەیەوە دەیگـوت: "مـن چـۆن بیـزم دێـت دەسـت بـۆ شـتی ئەوان بەرم". ئینجـا دەسـتی دەکـرد بە جنێـودانی ئاغـا مەجیـد و گەورەکـانی، دیـارە ئەو کـاتە ئاغـا مەجیـد لە خـوارەوە لە چێشـتخانە دەبـوو، ئـێمەش شـەڕمان لەگەڵ دەکـرد و دەمانگوت:

- نەگبەت بۆچی تۆ دەزانیت گەورەی ئاغای مەجید کێیە؟
- ئەی چۆن نازانم کێیە، ئاخر منیش بەوی دەدەم.
- مـــرۆڤ نابێـــت ئەوەنـــدە ســـپڵە بێـــت، گەر لە کـــانییەک ئـــاوت خـــواردەوە نابێـــت بەردی تـــێ فـــڕێ بـــدەیت، بـــۆ دوو ســـاڵ دەچێـــت خزمەتمـــان دەکەن و داڵـــدەیان داویـــن و نـــان و خۆراکیـــان دەخـــۆین و لە خـــانووبەرەی ئەوان دانیشـــتووین، دکتـــۆر و دەرمانمـــان هەمـــووی لەســـەر ئەوانە، چـــۆن وا جنێویـــان پـــێ دەدەیـــت! خـــۆ بەزۆر ئێمەیـــان نەهێنـــاوە، خۆمـــان بە هەڵەداوان هـــاتووینەتە ســـەریان و لە دەســـت بـــرا و ئـــامۆزا و کەســـی خۆمـــان هەڵهـــاتووین، دان بە خۆتـــدا بگـــرە حەواڵە بە خوا بیت، تاوەکو ئێمەش دەڕۆینەوە.

ڕۆژێکیـــان بـــوو بە هەرا و قـــڕە لەبەر دەرکـــی حەوشـــە، ئاغـــا مەجیـــد و کوڕەکـــان ڕایـــان کـــرد بـــزانن چیـــیە، کە ســـەیریان کـــرد خـــولە و کـــابرای کۆنەکڕیـــار دەســـتیان داوەتە یەخەی یەکتـــری و قـــاپ و قاچـــاغ و بەڕە کـــۆن لە قەراغ شـــەقامەکە لە ژێـــر قاچوقولیـــانە، ئاغـــای مەجیـــد و کوڕەکـــان لە یەکیـــان کـــردنەوە و ئاغـــای مەجیـــد لە کۆنەکڕیـــار تـــووڕە بـــوو قیڕانـــدی بەســـەریدا و گـــوتی: "هەی واوا لێکـــراو بـــۆچی تـــۆ دەزانیـــت ئەمە کێـــیە وا پەلامـــارت داوە؟

ئەمانە میوانی دەوڵەتن، قورت بەسەر بە خوا ئێستا دەتگرن و دەتخەنە بەندیخانەوە" کۆنەکڕیاری بەستەزمان هەر تۆقیی و کەوتە پاڕانەوە، ئاغای مەجید و کورەکان لە خولە و کابرایان پرسی بۆچی ئەم شەڕە دەکەن؟ کابرای کۆنەکڕیار گوتی: "ئەم ئاغایە بانگی کردم و ئەم کەلوپەلە کۆنانەی پیشان دام و گوتی: بە چەند لێم دەکڕیت؟ منیش سەروخوارم کردن و گوتم: بە سەد تمەن، ئەو گوتی چۆن ئەم هەموو شتە بە سەد تمەن؟ نا بە چوارسەد تمەن، منیش گوتم: هەر بە سەد تمەن دەیدەیت باشە نایدەیت "ئیختیارداریت" (ئیختیارداریت بە فارسی یەعنی کەیفی خۆتە، یان هەوەسی خۆتە)، خولە وای زانیوە کە پێی گوتووە تۆ "ئیختیارداریت"، یەعنی پیری و خەڵەفاویت، ئیتر خولە بۆی ڕاپەڕیوە و پێی گوتووە هەی نامەرد وەڵا خۆت ئیختیاریت و خەڵەفاویت و دایک و باوکت ئیختیار و خەڵەفاون. دوایی هەموو هاتنە ژوورەوە و زانیمان کە هۆی شەڕەکە چی بووە. "بولبولی فارس ئەوە چۆن نەتزانی "ئیختیارداریت" چییە؟ خۆ تۆ دەڵێیت بوومەتە مامۆستا لە فارسیدا، کەچی تێنەگەیشتی چی دەڵێت؟"

بەڵام خولە باکی نەبوو لە قسەکانی ئێمە و خۆی تەریق نەدەکردەوە و دەهات بەگژ هەمووماندا پشتئەستوور بوو بەوەی کە زۆرمان خۆش دەویست، بەتایبەتی منداڵەکان.

***

بەینێکی باشی پێ چوو برادەران هیچ دەنگوباسیان نەبوو جگە لە قسەی ئەم و ئەو کە هەندێک دەهاتن و دەیانگێڕایەوە، لە سەرێکەوە زۆر نیگەران بووین بۆیان، بەتایبەتی باوکی هێرۆ، لە سەرێکیشەوە دەمانگوت دەی شوکر گەیشتوون دیارە سەریان قاڵە و خەریکی جێ و ڕێی خۆیانن.

ڕۆژێکیان باوکی هێرۆ لەپڕ لە دەرەوە هاتەوە، بە سەرساممییەکەوە گوتی: "نامەی برادەرانم بۆ هات" نامەکەشی بە دەستەوە بوو هەندێک جار قسەی دەکرد و هەندێک جار بۆی دەخوێندمەوە، سەرساممییەکەش ئەوە بوو کە نامەی برادەرانی لە بەغداوە بۆ هاتبوو.

لە نـــامەکەدا نووســـرابوو، لە هەمـــان کاتـــدا دەنگوباســـی باوەڕپێکراویشـــمان بـــۆ هـــات کە دەڵـــێن کاتێـــک مـــام جەلال و بـــرادەران و هێـــزی پێشـــمەرگە گەڕاونەتەوە بـۆ دیـوی خۆمـان و تێکەڵـی هێـزی ئەوان بـوون و چـوونەتە لای خوالێخۆشـبوو، کەچـی بە چـاوێکی نـاڕازی و گومـانەوە سـەیریان کـردوون و ڕەفتاریـــان لەگەڵـــدا کـــردوون، دوای بەینێـــک کە لە دۆڵەڕەقە خـــڕ دەبـــنەوە و دەگەنە ئەویَ، مەلا مسـتەفا بـارزانیی ڕەحمەتـی دەسـتەیەک چەکـداری تـایبەتی دەنێـرێتە دۆڵەڕەقە بـۆ گواسـتنەوەی مـام جەلال و برادەرانـی تـری و دەیـبەن بـۆ شـوێنێک کە لەژێـر دەسـەڵاتی ئیـدریس بارزانیـدا بـوو، برادەرانمـان لە هـاتنی ئەو دەسـتە چاکـدارە و گواسـتنەوەیان بـوو بە جـێگەی مەترسـی لە لایـان، بەتـایبەتی کە عەبـاس ئاغـای مامەنـد ئاغـای ڕەحمەتـی و پیاوەکـانی ئاگـاداری کردبـوون کە نیازیـان بـاش نیـیە لە بەرانبەریـان. بـۆیە بە نهێنـی بە یـــارمەتیی عەبـــاس مامەنـــد خـــۆی لە دۆڵەڕەقەوە دەربـــاز دەکەن و دەگەنە ناوچەکـانی دەوروپشـتی سـلێمانی، بەو جـۆرە دوو بـاڵی جیـاوازی پـارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان دروســـت دەبێـــت، ئەو کاتـــانە کە دەوروبەری ١٩٦٦/١/٣٠ بـوو حکـومەتی عێـراق بە چەنـد جـۆر گـۆڕا و کودەتایـان لە یەک کـــرد و لە ١٩٦٦/٤/١٣ عەبدولســـەلام عـــارف گیـــانی لەدەســـت دا و هەلیکـۆپتەرەکەی کەوتە خـوارەوە. ئینجـا بـراکەی عەبـدولڕەحمان عـارف هـاتە جـێگەی و بـوو بە سـەرۆک کۆمـار، دیسـان کەوتەوە ئەوەی: کوردەکـان وەرن بـا دابنیشـین و قسـە بکەیـن، داوا بـکەن چیتـان دەوێـت؟" ئەویـش لەبەر ئەوە بـوو کە هێزەکـانی حکـومەت هەر شکسـتیان دەهێنـا و لە بەینـی خۆیانـدا بـاش دەبـوون، هەروەهـا خەریکـی کودەتـا بـوون، بـۆیە حکـومەتی عەبـدولڕەحمان بەزاز هـاتە پێشـەوە و لە ڕادیـۆی بەغـداوە بەیانیـان خوێنـدەوە و لە تەلەڤزیۆنـدا بـڵاو کـرایەوە کە چـۆن دەبـن بـۆ کـورد و ئەم جـارە بەڕاسـتی و بەدڵ ئاواتەکـانی بـرا کوردەکانیان دەهێننە دی.

ئەوسـا مـام جەلال و ئەوانـیش لە چەمـی ڕێـزان بـوون، کە ناردیـان بە دوایانـدا و گوتیـان وەرن، مـام جەلالـیش پێـی گـوتن جـاریَ چەنـد ئەنـدامی

وەفدی پێشوومان حەپسن، بەرەڵایان بکەن و دواتر خەریکی گفتوگۆ دەبن لەگەڵیان، هەروەها برادەران ناردیان بە دوای باوکی هێرۆشدا کە بگەڕێنەوە بەغدا، ئیتر ئەویش گەڕایەوە؛ بەڵام هەندێک بەگومان بووین، چونکە کە حکومەت لاواز دەبوو دەیگوت: وەرن گفتوگۆ دەکەین.

باوکی هێرۆش ڕۆیشت، بەڵام ئێمە ماینەوە و گوتی: دوایی دەنێرین بەدواتاندا.

ئیتر دانیشتین و چاوەڕێ بووین، دەتگوت لەسەر ئاگر دانیشتووین ئەوەندە پەلەمان بوو تا بگەڕێینەوە و ئەم دەربەدەری و سەرلێشێواوییە زۆر کاری تێکردبووین، ئەگەرچی ئینسان بۆ هەق بڵێت لە ئێران زۆر حورمەتمان گیرابوو، زۆریش خزمەتیان دەکردین و لە ئاستێکی بەرز ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکردین، بەڵام هەر پێمان ناخۆش بوو حەزمان دەکرد بە پەلە بگەڕێینەوە وڵاتی خۆمان.

دوای گەڕانەوەی باوکی هێرۆ بۆ وڵات و دوای دوو-سێ هەفتە نامەی بۆ ناردین تا خۆمان ئامادە بکەین، گوتی برادەرێکی خۆمان دێت بەدواتاندا. برادەرەکەی "کاک ئەسعەد خەیلانی" بوو، ئیتر ئەوەندەی تر کەوتینە سەعات و دەقیقەژماردن و خۆ ئامادەکردن.

ئەم ڕووداوانەم هەمووی لە ڕۆمانی "بەرەو ئەشکەوتی دلێران"دا نووسیوە کاتی خۆی، هەر سێ بەشەکەی پێک هاتوون لەم ڕووداوانە، بەشی یەکەم "دوای شەڕی شۆڕشی ١٤ی تەمموز لە پێکهاتنی شۆڕش و دروستبوونی هێزی پێشمەرگەی قارەمان و چوونە شاخ" پێک هاتووە، بەشی دووەم پێک هاتووە و هەڵقولاوە لە: "دروستبوونی شەڕی براکوژی و بوونی پارتی بە دوو بەشەوە، بەشی باڵی مەکتەبی سیاسی و بەشی باڵی سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی". بەشی سێیەمیش (بەرەو ئەشکەوتی دلێران) لە کاتی ڕێککەوتنامەی جەزاییر و هەرەس پێهێنانی شۆڕشی کوردستان بوو لە ساڵی ١٩٧٥، کە زۆربەی کورد پەرتەوازە بوون و چوونە ئەورووپا و ئەمریکا.

دیـــاره هەرســـێ بەشـــەکەی "بەرەو ئەشـــکەوتی دلێـــران" هەر هەمـــان پـــاڵەوانێتی و پـــاڵەوانی خەیـــاڵین، بەڵام لە ڕووداوی زۆر ڕاســـت ئەو ســـێ بەشــە هەڵقــوڵاون و دروســتبوون. زۆریشــم ئەزێــت لەگەڵــدا کێشــاون و بگــرە تووشـــی حەساســـیەت بـــووم و دەموچـــاو و دەســـتم هەمـــووی بووبـــوون بە زیــپکە، ئەویــش لە کــاتی نووســیندا، بە هەمــوو هەســتێکمەوە دەچــوومە نــاو ڕووداوەکـــان و لەگەڵ پاڵەوانەکـــانی ڕۆمـــانەکەدا دەمـــامەوە وا هۆگریـــان بووبــووم دەتگــوت لە نــاو خــزم و ناســیاو و خۆشەویســتەکانمدا دەژیــم، بــێجگە لە دەموچــاو و دەســت، زۆر ئەزێتــی دەدام، چــونکە زیپکەکــان لە نــاو چاویشــم دەرچـــوون، لە لەنـــدەن بـــووم و بەردەوام ســـەری دکتـــۆری عایلەمـــان دەدا کە نـــاوی دکتـــۆر "دەیڤیـــد تۆمـــاس" بـــوو، ئەو ئاگـــای لـــێم بـــوو، زۆر دکتـــۆرێکی دڵســـۆزمان بـــوو، هەر خەریکـــی دەرمـــان و تەحلیلکـــردنم بـــوو، ئێســـتاش هەر دکتۆرمـانە کە مـاوەی "٣٣" سـاڵ دەبێـت، تـاوەکو جارێـک نـاردمی بـۆ خەسـتەخانە کە هەر بـــۆی دەچـــووم و لەوێ خەریکـــی ئەشـــیعە و تەحلیـــل و ئەو شـــتانەم دەبــوون، نــاوی خەســتەخانەکە "ســانت هیلیــر" بــوو، جارێکیــان چــووم ئەوەنــدە دەموچـــاو و دەســـتم هەڵتۆقیبـــوو، ئەوســـا زیـــپکە بـــوو (تەلەبەی کـــولییەی پزیشــکی)یان هێنــابوو کە ســەیری دەســت و دەموچــاوم بــکەن و دەرســی لەســەر وەربگــرن، هەروەهــا چاویشــیان گــرتم و ڕەســمیان گــرتم کە بــیخەنە کتێبــی دکتۆرییەکانیـــانەوە، نـــزیکەی شـــەش-حەوت ســـاڵ ئەوە حـــاڵم بـــوو، تـــاوەکو هەنــدێک ســەرم ســووک بــوو، هەرســێ بەشــەکەی "بەرەو ئەشــکەوتی دلێــران"م تەواو کـــرد و لە چـــاپ درا و کەوتە بەردەســـتی خـــوێنەران، کە ئەوســـا ســـاڵی ١٩٨٥ بەشی یەکەمی لە سوید چاپ کرا.

هەروەهــا بــاوکی هێــرۆ بە تــایپێکی زۆر عــادی و فەقیــرانە کە لە دوکــانی دەســـتەی دەســـتی دوو کڕیبـــووی، ئەو شـــوێنانە زۆرن لە لەنـــدەن، زۆرم ئەزیەت بە "بەرەو ئەشـــکەوتی دلێـــران"ەوە دیـــوە، هەروەهـــا بە ڕۆمانەکـــانی تریشـــمەوە ئەزیەتـــم دیـــوە، نووســـینی کتێـــب هەر وا ئاســـان نیـــیە، بەتـــایبەتی "ڕۆمان و چیرۆک".

لە منـداڵییەوە حەزم لە قەڵەم و کـاغەز بـوو، بیـرم دێـت تـازە چووبـوومە مەکـتەب کە دەگەڕامەوە مـاڵەوە، لەجیـاتی چـوونە بەردەرگـا و دەرەوە و یـاری لەگەڵ هاوڕێکـانم، ئەگەرچـی ئەو کاتـانە دوور خرابـووینەوە بـۆ بیابـانی عەفەک کە حکـومەتە بەدناوەکـانی ئەو کـاتە نەفییـان کردبـووین بـۆ ئەوێ لەسەر خاڵە هەمزەم، چونکە گرِیان خستبووە ژێر خاڵە موحەممەدیشمەوە.

لە عەفەک سـەرقاڵی هەرە خۆشـم ئەوە بـوو قەڵەمە ڕەنگینەکـانم ڕیـز بـکەم، سـپی و پەمەیـی و سـەوزی کـاڵ و زەردی کـاڵ، ئەوە منـداڵەکان بـوون لە مەکـتەب بـوون، سـوورە تێرەکـان و سـەوز و شـینە تێرەکـانیش دایکەکـان بـوون لە مـاڵەوە خەریکـی مـاڵ کـۆکردن و چێشـتلێنان بـوون، تـاوەکو منـداڵەکان گەڕانەوە لە مەکـتەب نـان و خـواردن بۆیـان ئامـادە دەبێـت، قـاوەیی تێـر و ڕەش و ڕەنـگە زۆر تێرەکـانیش نەنـک و دایە گەورەکـان بـوون، بـۆ خۆیـان پـێکەوە دادەنیشـتن و قسـە و باسـیان دەکـرد، ئەو قەڵەمـانەم وا بە جیاجیـا ڕیـز دەکـرد و قسەشـم لەبـاتی ئەوان دەکـرد، دیـارە ئەو بەهـرەی ڕۆماننووسینەم هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ بووە، بۆیە ئەو کارەم دەکرد.

زۆر جـار قەڵەمەکـانم لە ژێـر سـەرینەکەم ڕیـز دەکـرد کـاتی نوسـتن، هەرچەنـدە دایکـم لـێم تـوڕە دەبـوو و دەیگـوت نەوەکـو دەرپەڕن و ئـازارت بـدەن تـۆ نووسـتوویت ئاگـات لە خـۆت نییە، تـاوەکو ئێسـتاش جـێ بـرینێکم بە پـێمەوەیە کاتێـک قەڵەمەکـانم ڕیـز دەکـرد گـوێزانێکی ڕیشتاشـینیان لەنـاو بـوو بـۆ کـاتی دادانـی قەڵەم. ئەو کـاتە سـاڵی ١٩٤٢ جەنگـی جیهـانیی دووەم بـوو، قەڵەم دادان و ئەو کەلـوپەلانە ئەوەنـدە لە بـازاڕدا نەبـوو، بـۆیە خەڵـک بە گـوێزانی ڕیشتاشـین سـەری قەڵەمیـان دادەدا، لەبەر ئەوە کاتێـک خەریکـی قەڵەمەکـانم بووبـووم گـوێزانەکە کەوتبـووە نـاو جـێگەکەمەوە، ئیتـر کە پـاڵکەوتبووم و قـاچم جووڵانـدبوو، یەکسـەر گـوێزانەکە زۆر بە خراپـی پێمـی بڕیبـوو، بیـرم دێـت کە دەچـووم بـۆ مەکـتەب تـاوەکو مـاوەیەکی بـاش نەمـدەتوانی پـێڵاو لە پـێ بـکەم. لەبەر ئەوە مـن و قەڵەم و دەفـتەر و کـاغەز زۆر هـۆگری یەکـین، ئێسـتا و تـا ماویشـم سوپاسـی خـوای گەورە دەکەم بـۆ

ئەو بەهــرەی نووســینەی کە داویەتــی بە مــن، بەڕاســتی زۆر بــڕوام بە خــۆمە و زۆر ســەربەرزم و لە خــوای خــۆم زیــاتر لە هــیچ کەســێک ناترســم و ســڵ نــاکەمەوە، بــۆ هــیچ کەس ســەر دانــانوێنم و خــۆم بە ژنێکــی چــاونەترس و ئــازا دەزانــم، چــونکە ســـەرم بەرزە، دیســـانەوە ســـوپاس بـــۆ خـــوای گەورە و میهرەبان بۆ ئەو بەهرانەی داویەتی بە من.

یەکەم نــامە و نووســینم نــارد بــۆ بڵاوکــردنەوە کە هێشــتا کچــۆڵە بــووم، ســاڵی ١٩٤٥ نــامەم بــۆ ســەباحی گــۆرانیبێژ نووســی و نــاردم بــۆ گۆڤــاری "السـینما و الکواکـب" ئیتـر ئەوانـیش بۆیـان بـڵاو کـردمەوە، زۆر زۆر دڵـم پێـی خـــۆش بـــوو، دوایـــیش هەر وردە شـــتم دەنووســـی، بەڵام ســـاڵی ١٩٧٥بە پەنــابەری چــووینە لەنــدەن، کە شــۆڕش هەرەســی هێنــا، لەوێ هەنــدێک ئــارام بـــووین و بە سەربەســـتی منـــداڵەکانم دەبـــرد بـــۆ مەکـــتەب و بە دڵنیـــایی دەمانهێنــانەوە ئەگەرچــی غەریبــی زۆر کــاری تێکردبــووین، بەڵام مــاڵی لەنــدەن ئـاوا بێـت تـا مـاوم هەر سوپاسـیان دەکەم و هەر دوعـای ئاوەدانییـان بـۆ دەکەم، چــونکە لە وڵاتــی خۆمــان هەمیشــە لە تەگەرە و شەڕەشــەقدا بــووین بە دەســت حکــومەتە بەدناوەکــانی عێــراقەوە و هەمیشــە لەژێــر چــاودێریی ئەمــن و پۆلیســدا بــووین لەبەر بــاوکی هێــرۆ و لەبەر گــرتن و ئەمــبەر و ئەوبەر. بیــرم نــایەت دوو ســاڵ یــان ســێ ســاڵ لە خانوویەکــدا بــووبین لەبەر ڕاونــان و مــاڵ تاڵانکردنمــان بە دەســـت ئەو حکومەتـــانەوە. بـــێجگە لە بـــاوکی هێـــرۆ، مـــن لەبەر خـــاڵە هەمـــزە عەبــدوڵڵای نەمــر و ســەربەرزم هەر لە تەمەنــی پێــنج-شــەش ســاڵییەوە حــاڵی خێزانەکەمـــان وا بـــووە بە دەســـت ئەو حکومەتـــانەوە، دوایـــیش کە گەورە بـــووم و لە تەمەنــی حەڤــدە ســاڵیدا بە شــوویان دام بە مامۆســتا ئیبــراهیم ئەحــمەد، ئیتــر بۆیە ژیانم نائارام بوو بە دەست حکومەتەکانی عێراقەوە.

کە گەیشــتینە لەنــدەن و کەمێــک ئــارام و دڵنیــا بــووینەوە، تــوانیم هــۆش و تەرکیــزم کــۆ بــکەمەوە، هەروەهــا غەریبــی و دەربەدەریــیش زۆر کــاری تــێ کردبــووم، بــۆیە کەوتــمە هەســت دەربــڕین لەســەر کــاغەز دانــان و نووســین. یەکەم ڕۆمانم "بەرەو ئەشکەوتی دلێران" بوو لە "عەلی الحبیبە".

سـیوپێنج سـاڵە لە خانوویەکـداین ئیتـر چـۆن لەنـدەنم بیـر بچێـتەوە، هەقـی ئەوەم نیـیە کە خەتـای ئینگلیـز بـووە کە وا پـارچە پـارچەین، ئەوە خەتـای حکومەتەکانیان بووە، بەڵام ئینگلیز خۆیان میللەتێکی زۆر میهرەبانن.

لە لەنـدەن زۆر وتـار و نامەشـم دەنووسـی و دەمنـارد بـۆ ڕۆژنـامە عەرەبییەکـان بەتـایبەتی ڕۆژنـامەی "العـرب" دیـارە بە نـاوی خـۆمەوە نـا، هەنـدێک جـار "أم زینـب" و "أم هیفـا"، جارێـک لەسـەر جیهـانی ژنـی ئەنـوەر ساداتم نووسـی، گـوتم کـاتی خـۆی جەمـال عەبدولناسـڕ منـداڵەکانیان بە پاسـی ئاسـایی دەنـاردە مەکـتەب، کەچـی منـداڵی ئەمـان هەریەکەیـان فڕۆکەیەکـی تـایبەتیی هەیە، هەروەهـا تاکسـی هەمـوو قـاهیرەش شـەریکەی جیهـان خـانی ساداتە، بۆیـان بـڵاو کـردمەوە لە ڕۆژنـامەی "العـرب" زۆرم پـێ خـۆش بـوو، هەروەهـا کە شـەڕی لوبنـان و ئیسـرائیل سـەری هەڵـدا لە هەشـتاکاندا و کە ئیسـرائیل سـەبرە و شـاتیلای کە هەمـووی پەنـابەری فەلەسـتینی بـوو کـاول کـرد، دیسـان لەسـەرم نووسـین و زۆر زۆر مەتحـی یاسـر عەرەفـاتم کـرد کە چـــۆن لە نـــاو خەڵکـــی ســـەبرە و شـــاتیلا وەکـــو ئەوان و لەگەڵ ئەوانە، ئەوەشـیان بـۆ بـڵاو کـردمەوە. لە شـوێنێکی زۆر دیـار و گەورە، هەروەهـا ئەو کـاتە و کە لە تەلەڤزیۆنـدا ئەو خەڵـکەم دەبینـی کە چـۆن لوبنـان وا کـاول کـرا زۆرم پـێ نـاخۆش بـوو، بـۆیە دوو-سـێ دێـڕی وەکـو هـۆنراوەم نووسـی و گوتم:

"بۆ نەتەوەی یەکگرتوو"

ئەنجومەنی ئاسایش دوات بڕێ ڕەبی
بە کەڵکی چی دێیت یا خوا هەر نەبی
لە کن خۆت پشتیوان و یاری گەلانی
کەچی هەر ناوت گەورەیە و خۆت دێی وێرانی
ئەمەتە لوبنان سەبرە و شاتیلای

چوون نەوەی سەهیۆن وەک هەویر شێلای
خۆ کوردستان ئەوە هەر باس مەکە
نە دێهاتی ما نە منداڵ لە بێشکە
کەچی تۆش وا بێباک و ئەڵێی نووستووی
داشی شەترەنجی خاوەنی ڤیتۆی

دیـاره مـن شـاعیر نـیم، بەڵام هەر ئەوەیە هەسـتی ئەو کـاتەم بەم جـۆره خستبووه سەر کاغەز.

ئێسـتا بگەڕێینـەوە بـۆ تـاران کە لەوێ خۆمـان ئامـادە کردبـوو چـاوەڕێی کاک ئەسعەدمان دەکرد چونکە دەهات بەدواماندا و دەگەڕاینەوە وڵات.

کەوتیـنە چـاوەڕێکردنی کـاک ئەسـعەد، هەر دیـار نەبـوو، لەنـاو مـاڵاو منـداڵاو خێزانمـان ئەگەر روداوێـک بهاتـایە پێشـەوە هەروەکـو سـفره دانـانو نـان خـواردن یـان چـاوەڕێی میوانێـک یـان کەسـێک ئەگەر درەنگـی پێبچـوایە منـداڵان و خەڵکـی ماڵەکەمـان بەیەکتریـان دەگـوت: ئەوە چییـە هەر نەهـات؟ یـان ئەوە چیـیە سـفرەکە هەر دانەنـرا؟ برسـیمانە چیـیە؟" ئەوەش بـوو بە هـاتنی کـاک ئەسـعەد زۆر تاقەتمـان چووبـوو، لەپـڕ نـامە و بروسـکەمان بـۆ هـات کە بە خۆمـان و کەلـوپەلەوە بکەویـنە ڕێ، خەڵـک هـاتوون لەسـەر مەرز چاوەڕێمـان دەکەن، لە خۆشـییاندا گەورە و بچـووک هەمـوو بـوژاینەوە، دیـاره خەبەریـش درابـوو بە سـاواک ئەوانـیش جوابیـان بـۆ نـاردین کە دوو ڕۆژی تـر حـازر بـن دێـن دەمـانبەن بـۆ قەسـری شـیرین، لەو کـاتەی خۆمـان کـۆ دەکـردەوە و لەسـەر ئـاگر چـاوەڕێی گەڕانەوە بـووین، کـوڕە چێشـتکەرەکەمان (ئاغـا مەجیـد) کە پیـاوی سـاواک بـوو، زوو زوو دەهـاتە لای مـن و دایکـم و منـداڵەکان و چـاوی خـۆی هەڵـدەگلۆفی گـوایە دەگریـی و دەیگـوت: "خـانم زۆر لەگەڵتـان ڕاهـاتووم، حەز دەکەم بـێم لەگەڵتـان، تـو خـوا ئەگەر نەمـبەن، بە خـوا لێـره چیتـان بـۆ دەکەم لەوێـش دوو ئەوەنـدەتان بـۆ دەکەم" ئـێمەش زۆر دڵمـان دەدایەوە و دەمـانگوت: "ئـێمەش هەر وا ئاغـا مەجیـد تۆمـان بیـر نـاچێتەوە و

زۆر سوپاسـت دەکەیـن، زۆر ئەزیەتـت بـۆ کێشـاوین بـا جـاریٚ بنێـرن بە دواماندا بزانین بیرێکی لیٚ دەکەینەوە.

لە بەینـی خۆشـماندا دەمـانگوت ئینجـا لە کـویٚ وەکـو ئاغـا مەجیـدمان دەسـت دەکەوێـت وەڵا لە خوامـان دەوێـت ئینجـا بـۆ نەیـبەین. دوایـی لەپـڕ دەهـاتە بیرمـان کە ئەو سـاواکە و مەعلـوم ئەوە ئەوان وایـان پـیٚ گوتـووە کە وا بکـات و وامـان پـیٚ بڵێـت، بـۆ ئەوەی بیـبەین لەگەڵ خۆمـان. بێگومـان بـۆ جاسووسـی دەیاننـارد لەگەڵمـان، تـا بزانێـت چـی دەکەیـن و چـی نـاکەین و زوو زوو دەنگوبـاس بنێرێـت بـۆ ئەمـان لە تـاران، هەروەکـو لە تـاران ئەو کـارەی دەکـرد و هەڵسـان و دانیشـتنمان هەمـووی دەکـرا بە تەلەفـۆن و نـامە دەنێـردرا بـۆ سـاواک کە کـیٚ هـاتووە بـۆ لامـان، کـام کـوردی ئێرانـی سـەری داویـن، ئەو کارانەشـی دەکـرد، دیـارە بە دزیمـانەوە و کـاری چێشـتخانە و ناوماڵیشـی بـۆ دەکـردین زۆر بە دڵ و بە گیـان و بە پـاکوتەمیزی نـان و خـواردنی چەنـدەها جۆریشـی بـۆ لـیٚ دەنـاین، پەنجـا میوانیشـی بەوپەڕی ڕێکـوپێکییەوە بەڕیٚ دەکـرد، ئاغـا مەجیـد ئێجگـار لەشسـووک و ئیشـکەرێکی ئـازا و پـاک و پوخـت بـوو، لە هەمووشـی سـەیرتر ئەوە بـوو کە دەچـوو بـۆ حەمـامی دەرەوە، دەتگـوت مـودیر عـامە و دەچێـت بـۆ سـەفەر، چـونکە ئەو دەسـتە جلەی لەبەر دەکـرد و قـاپووت و ملپـێچ و دەسـتکێش و شـەپقەی دەکـردە سـەر و یەک جانتـای "بزنسـمان"ی دەگـرت بە دەسـتیەوە، ئەمە بەخێـریٚ دەچـوو بـۆ حەمـام، کەچـی لە ماڵیشـەوە جلـی چێشـتکەر و ئیشـکەری لەبەردا بـوو. هەرچۆنێـک بـوو وردە وردە ئاغـا مەجیـدمان بێهیـوا کـرد کە نـایبەین لەگەڵ خۆمـان و هەمـوو ڕۆژێـک بیانوویەکمـان بـۆ دەدۆزیـیەوە، کە ڕەنـگە دیسـان ببێـتەوە شـەڕ، حکومەتەکەمـان لە عێـراق جێـی باوەڕمـان نیـیە، دوای یەکسـەر دەتگـرن و خـوا دەزانێـت چیـت بەسـەر دەهێـنن، ئیتـر وەکـو شـتێک ترسـا، بەڵام سـاواک دەسـتبەردار نەبـوو، هەرخەبەریـان دەنـارد کە با بێت لەگەڵتان و لەویٚ خزمەتتان بکات.

ئـاخری کە ئامـادە بـووین بـۆ ڕۆیشـتن گـوێی خۆمـان لـیٚ کەڕ کـردن و سـوار بـووین و کەوتیـنە ڕیٚ، بە دوو-سـیٚ لانـدرۆڤەر و یەک لـۆری

ئەشیاکانیشمان کە لەوێ بوون، هەندێک شتمان زیاد کردبوو وەکو تاقمێک قەنەفەی جوان و دوو-سێ فەرشی ئێرانیی جوان، دوو ئۆتۆمبێلی کاربەدەستانی ساواک هاتن بەڕێیان کردین تاوەکو کەرەج، کەرەج شارۆچکەیەکی نزیک تارانە.

لە کەرەج ئۆتۆمبێلەکانمان ڕاوەستان، هاتنە دەرەوە و بە گەرمی خواحافیزییان لێ کردین و ئێمەش سوپاسمان کردن. ئیتر کەوتینەوە ڕێ و ئەوانیش گەڕانەوە تاران. هەرچەندە لە تارانەوە تاوەکو کرماشان و قەسری شیرین زۆر دوور بوو، بەڵام ڕێگەوبانی ئێران زۆر ئاوەدان و خۆشن بەتایبەتی جێی پشوودان و نانخواردنی چاکی لێیە.

گەیشتینە قەسری شیرین و برراینە ئوتێلێک لە قەراغ شار. دواتر بۆمان دەرکەوت ئوتێلەکەش هەر هیی ساواک بوو بۆ کاروباری ئەوان، ئوتێلێکی خۆش بوو برراینە چینی سەرەوە و هەموو پیاوەکان و شۆفێری ئۆتۆمبیلەکان هەموو لە خوارەوە بوون، یەک-دوو ماڵی کوردی خۆشمان لەوێ چاوەڕێیان دەکردین تا پێکەوە بڕۆین.

کە لە تاران بووین کاک عەبدولڕەحمان ڕووتە کە هەمیشە بە ڕێگەی ئێرانەوە بوو، ئازووقە و کەلوپەلی بۆ شۆڕش دەکڕی و زۆر شارەزای ئێران و شارەکانی کوردستانی ئێران بوو، بۆیە کە "ئاسیا" (دایەنی منداڵەکانمان) ناچار ناردمان بچێتە لای بووکەکەی لە هەمەدان، چونکە کوڕەکەی موحەممەد پێشمەرگە بوو، لەگەڵ ژنەکەی لای هێزی پێشمەرگە بوون و هەمیشە لەگەڵ ژنەکەی شەڕیان دەبوو، چونکە دڵی زۆر پیس بوو، فەیرۆزی ژنیشی منداڵکار و زۆر جوان بوو بۆیە ئاسیامان ناردەوە. ئینجا کاک عەبدولڕەحمان ڕووتە چوو ژن و کچێکی بۆ هێناین، ژنەکە ناوی "خافاتم" بوو، کچەکەش "گوڵە"، خافاتم بەتەمەن بوو، شەست ساڵ زیاتر دەبوو، گوڵەش دوازدە ساڵ، خافاتم لەبەر پیری دانی لە دەمدا نەمابوو، بێوەژن بوو دوو-سێ کوڕیشی هەبوو لە تەمەنی خولە شێتی ئێمەدا بوون، کەچی هەر زوو بۆ خۆیان لەگەڵ خولە ڕێک کەوتبوون و حەزیان لەیەک

کردبوو، دیاره ئێمه نەماندەزانی، بەڵام هەستمان دەکرد خوله زۆر لەسەری دەکردەوە و زۆر جار دەیقیڕاند بەسەرماندا و دەیگوت: "قوڕبەسەرە نان دەخوات پەلەی لێ مەکەن، دەم و دانی باش نین"، ئێمەش وامان دەزانی ئەوە لەبەر ئەوەیە کە خوله خۆی لەڕاستیدا زۆر بەڕەحم و زۆر دڵی پڕ بەزەیی بوو کەچی دەرکەوت کە ئەمانە لە بەزەیی زیاتریان لەبەینە، ئیتر لەژێرەوە پێیان پێدەکەنین. لە سەرێکیشەوە دەمانگوت چی تیایە خوله دەڵێت مارەی دەکەم و با بۆ خۆیان دابمەزرێن، لە کۆتاییشدا مارەی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا خوله بەقەد کوڕی بوو.

دوو ڕۆژ لە قەسری شیرین لەو ئوتێله ماینەوە، بەیانییەکیان هەر ئەوەندەمان زانی بوو بە قوقە قوقی مریشک و ڕاکردن بەدوایاندا، لە حەوشەکە چاومان لێ بوو مریشک سەر دەبڕدرا و گورج دەکرا بە جوجە کەباب و چلو کەباب و بە سینی هاتە سەرەوە بۆمان، دایکم دەیگوت: "وەڵا ئەگەر دوو ڕۆژی تر لێرە بمێنییەنەوە دەبین بە دابەستە، بۆ خاتری خوا کوان؟ دەبا بێن بمانبەن".

منداڵەکانم هەر زوو تاقەتیان چووبوو، بەتایبەتی هێرۆ و هەڵۆ چووبوون خەریکی ئەوە بوون کە بنێرن پاسکیل بگرن بە کرێ سواری بن، چونکە تاقەتیان چووبوو، لەڕاستیدا تەگبیری ئەوەیان کردبوو کە پاسکیلیان بۆ هێنان، سواری بن و هەردووکیان ڕا بکەن بەرەو مەرز و ئاخری پێمان زانی کە نیازیان ئەوەیە.

بۆ ئێوارەی ڕۆژی سێیەم گوتیان حازر بن دەتانبەینە سەر مەرز. دیسان کەوتینەوە خۆمان، بوو بە شەو و ئۆتۆمبیلەکان کەوتنە ڕێ، گەیشتینە سەر مەرز و ئۆتۆمبیلەکان ڕاوەستان، هەر دانیشتین لە ناو ئۆتۆمبیل و کەس نەهات، لە ئێرانییەکانمان پرسی:

- ئەوە چییە بۆ ناڕۆن؟
- ئێمە ناچینە ناو خاکی عێراقەوە
- باشە ئەوانەی ئێمە با بێن، ئەی ئێمە چۆن بپەڕینەوە؟

- نا نابێت ئەوانیش بێنە ناو خاکی ئێمەوە وەرتان بگرن.

کـاک سـمایل سـەرهەنگ و کوڕەکـانی خۆمـان کـاک سـاڵەح مـالوومەیی پێشـمەرگەی دێـرین و دڵسـۆزمان قاتێـک چـاکەت و پـانتۆڵی لەبەردا بـوو هەر دەهاتن و دەچوون و دەستیان دەدا بەیەکدا و خەریک بوو تووڕە دەبوون.

خـولە شـێت ئەوە هەر بـاس ناکرێـت، دوو جـار گرتیـان کە نەچێـت لە ئۆتۆمبیلە ئێرانییەکان بدات.

لەسـەر مەرزیـش ئەوانەی خۆمـان هەر خەریکـی زەلام و خەڵـک نـاردن بـوون، ئەمـانیش نەیاندەهێشـت نە ئەوان بـێن و نە ئەوان بمـانبەن، ئەوان لەم مشـتومڕەدا بـوون کەچـی سـەیرمان کـرد ئەو دەشـتە هەمـووی بـووە بە چراخـان لە لایتـی ئۆتـۆمبیلی دیـوی خۆمـان کە هـاتبوون بەدوامانـدا، یەکسـەر بەبێ وەستان لێیان خوڕی هاتن بۆ لامان و گوێیان نەدایە کەس.

لە ڕۆمـانی "بەرەو ئەشـکەوتی دڵێـران" بەرگـی دووەم ئەو دیـمەنەم وەسف کردووە بەم جۆرە:

"نیـوەی ژن و منـداڵەکان بە دانیشـتنەوە لە نـاو ئۆتۆمبیلەکـان خەویـان لـێ کەوتبـوو، کە هەر ئەوەنـدەیان زانـی لە دوورەوە ئەو دەشـتودەرە بـوون بە چراخـان و بە دەیـان لایتـی ئۆتۆمبیـل داگیرسـان و کەوتـنە ڕێ بەرەو لای ئەوان، هەمـوو لایەک شـڵەژان و ئێرانییەکـان شـپرزە بـوون و کەوتـنە خۆیـان، بـوو بە مقۆمقۆیـان لەگەڵ یەک. چەنـد کەسـێکیان هانـای بـردە بەر ژن و منـداڵەکان: "تـو خـوا بێـزەحمەت ئەگەر سەردۆشـەک و خـاولی و پەڕۆتـان پێـیە پێمان بدەن".

لە ڕۆمانەکەدا کارەکتەری تۆفە خولە شێتە. ئینجا لە ڕۆمانەکەدا دەڵێم:

"تـۆفە سـەری گەرم بووبـوو، دەسـتەپاچە بـوو نەیـدەزانی لە خۆشـییاندا چی بکات، لە ئۆتۆمبیلچییە ئێرانییەکان چووە پێشەوە و گوتی:

- پەڕۆ و خاولی و سەردۆشەکتان بۆ چییە؟

ئەوانیش هەندێکیان بەشپرزەییەکەوە گوتیان:

- دەمانەوێت ژمارەی ئۆتۆمبێلەکانمانی پێ دابپۆشین و پێی بشارینەوە.

ژنەکان چاویان بە حەوت ئاو شۆڕایەوە و لە خۆشییاندا خەو بەری دان، بەڵام دیمەنی ئەو هەموو لایتەی ئۆتۆمبیلە زۆرە کە ئەو دەشتودەرەی ڕووناک کردبووەوە، هەر هەندێکیانی بەتەواوی شڵەژاندبوو.

ئامە خان گوتی: "وەی باوکە گیان ئەمە چییە؟ خۆ لەرزم لێ هات لە ترساندا" حەپسە خانی خوشکی وەڵامی دایەوە و گوتی: "ئەیەڕۆ!! لەجیاتی دڵمان خۆش بێت و لە خۆشییاندا هەڵبپەڕین کە وا ئەو هەموو ئۆتۆمبیلە زۆرە هاتوون بە شوێنماندا، وا بە قەدر و حورمەت دەگەڕێینەوە کەچی دەڵێیت لەرزم لێ هاتووە؟"

ئامە خان بە کەساسییەوە گوتی: "چوزانم وەڵا دەترسم، ئێستا ئەمان بیکەن بە شەڕ و بڵێن چۆن دەتوانن بێنە خاکی ئێمەوە.

منداڵەکان بە ژن و پیاوەوە هەستێکی تێکەڵ لە ترس و خۆشی و ورەبەرز بوون، حەپەسان مێشک و دەروونی وروژاندبوون ئەو دیمەنە سەیرەیان بەو نیوەشەوە لەو دەشت و بیابانە کپ و سارده و ئەو هەموو لایتەی دەهات بەرەو پیرییان وەک خەوێکی سەیریان دەهاتە پێش چاو.

دەتگوت کە وا ڕەوە گورگ و ڕەوە ئەژدیها شایی و زەماوەندیانە و ئێستا دێن و ئەمانیش ڕادەماڵن لەگەڵ خۆیان تا بچن تێکەڵاوی ئەو زەماوەندە سامناکە ببن".

**وەسفی ڕۆمانەکە تەواو**

ئەو دیمەنانەی لە ڕۆمانەکەدا وەسفم کردووە هەر دروست ئەوە بوو کە خۆمانی تیا بووین، بەڵام بە ناوی پاڵەوانی ڕۆمانەکە لێرە باسم کردووە کە تۆفە و ئامە خان و حەپسە خانی خوشکێتی.

ئۆتۆمبیلەکانی دیوی خۆمان گەیشتن، زۆر بە پەلە پەلاماریان داین و گوتیان دەی زوو بکەن و دابەش بن بەسەر ئۆتۆمبیلەکاندا، ئەوەندە

ئۆتۆمبیـــل و مارســـیدس هـــاتبوون بەدوامانـــدا کە هەر نەفەرە ئۆتـــۆمبیلێکی بەر دەکەوت و کـــاک عـــومەر دەبـــابەی دڵسۆزیشـــمان لەگەڵیـــان هـــاتبوو، هەر دەســـتبەجێ پشـــتی لۆرییەکەیـــان نـــا بە پشـــتی لـــۆرییە ئێرانییەکـــانەوە و کەلوپەلەکانیـــان هەمـــوو گواســـتەوە. ماڵەکـــانی تـــریش ســـوار کـــران. مـــاڵی کـــاک مـــوحەممەدەمین فەرەجیشـــمان لەگەڵـــدا بـــوو. ڕێچـــکەی ئۆتۆمبیـــل کەوتـــنە ڕێ بەرەو بەغـــدا، هەمووومـــان زۆر دڵمـــان خـــۆش بـــوو کە لە مەرزەکە هەر چەنـــد هەنگاوێـــک بـــوو هـــاتینە ســـەر خـــاکی دیـــوی خۆمـــان، وامـــان دەزانـــی دەفـــڕین و ئەم خـــاکەی بەســـەریدا دەڕۆیـــن چەشـــنێکی تـــرە و لە خـــۆڵ و بەردێکـــی زۆر نایـــابتر دروســـت کـــراوە. بەڕاســـتی غەریبـــی زۆر ناخۆشـــە، خەڵـــک کە لە وڵاتـــی خـــۆی دوور بـــوو غەریـــب بـــوو، ئەگەر لە نـــاو کۆشـــک و تەلاری ئاڵتوونیشـــدا دانیشـــت هەر وا دەزانێـــت کەســـاس و لێقەومـــاوە، بەتـــایبەتی ئەو کاتـــانە کە یەکەم جـــار بـــێ ئەو کەســـە خـــاک و وڵاتـــی خـــۆی بەجـــێ بهێڵێـــت، بەو خـــاکەش کە بـــووەتە هـــۆی غەریبـــی، بەڵام دوایـــی ڕادێـــت. ئێســـتا بەش بە حـــاڵی خـــۆم بـــۆ ســـیوپێنج ســـاڵ دەچێـــت لە لەنـــدەن دەژیـــن، وا ڕاهـــاتووم هـــیچ خـــۆم بە غەریـــب نەزانـــم، بگـــرە بە وڵاتـــی دووەمـــی خـــۆمی دەزانـــم و زۆرم خـــۆش دەوێـــت و زۆریـــش بیـــری دەکەم کە لێـــی دوور دەکەومەوە، جارێکیـــان ئاشـــنایەک لێـــی پرســـیم: "ئەوەنـــدە لەنـــدەن و میللەتـــی ئینگلیـــزت خـــۆش دەوێـــت، ئەی ئەگەر تیمـــی ئینگلیـــز و تیمـــی کوردســـتان یـــاری فوتبۆڵێنیـــان کـــرد حەز دەکەیـــت کامەیان بیباتەوە لەوەی تر؟"

گوتم: "حەز دەکەم یەک بە یەک بین لە یارییەکە".

***

گەیشـــتینە بەغـــدا، هەر یەک لە ماڵەکـــان چـــووە شـــوێنێک، ئـــێمەش هەنـــدێکمان بـــراینە بارەگـــایەک و دوو ژووریـــان بـــۆ چـــۆڵ کـــردین، دایکـــم و هەنـــدێک لە منـــداڵەکان چـــوونە مـــاڵی خـــاڵە هەمـــزە و ڕێســـانی خوشـــکم. دوای دوو-ســـێ ڕۆژ خانوومـــان بـــۆ گیـــرا لە گەڕەکـــی فەڵەســـتین و چـــووینە نـــاو

خانووەکەمانەوە، منداڵەکان ناردرانە مەکتەب، بچووکەکان هیچ عەرەبییان نەدەزانی، بەڵام گەورەکان کە لەوەوپێش لە بەغدا لە مەکتەب بوون، دوایش دوو ساڵ بە فارسی خوێندبوویان، ئەوان برانە مەکتەبی فارسی لە بەغدا، ئەوسا لە بەغدا مەکتەبی فارسی هەبوو، چونکە ئەوەندەیان نەمابوو کە ساڵەکەیان تەواو بێت بۆیە ویستمان بە فارسی تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن.

بۆ جاری سێیەم کەوتینە کاسە و کەوچک کڕین، چونکە هەر ماڵمان دادەنا و دوایی ڕامان دەکرد و بەجێمان دەهێشت و تاڵان دەکرا و پەرش و بڵاو دەکرانەوە. خزم و ئاشنا بەسەرماندا دابارین لە خۆشییاندا نەماندەزانی چی بکەین، ئێمەش کەوتینە ڕێ بەرەو کەرکووکی دڵی کورد و سلێمانیی خۆشەویست، شاری هەڵمەت و قوربانیی شیرین و ئیتر دامەزراین.

باوکی هێرۆ و برادەرانی هەر لە چالاکی و کۆبوونەوەدا بوون لەگەڵ حکومەتدا، حکومەتی عەبدولڕەحمان عارف بوو. بەڕاستی پیاوێکی فەقیر و بێوەی و بەحورمەت بوو. حەزی دەکرد دڵی کورد ڕازی کات. جارێکیان کە باوکی هێرۆ و برادەرانی پێیان گوتبوو ئەوان هەمیشە لەو خەیاڵەدان کە دوای بەینێک دیسان لە کورد هەڵبگەڕێنەوە هەروەک حکومەتەکانی تریان، عەبدولرەحمان عارف گوتبووی: "اخون عرزی ازا اخون الاکراد". واتا: خیانەت لە ناموسم دەکەم ئەگەر خیانەت لە کورد بکەم". ئەم قسەیە زۆر ڕاستە و باوکی هێرۆش لە کۆبوونەوەیەکیان گەڕایەوە و ئەو قسەیەی بۆمان گێڕاوە، گرنگترین ئەو دەستکەوتانەی کە بە هۆی چالاکی و فشاری شۆڕش و خەباتی کورد باڵی مەکتەبی سیاسییەوە لە نێوان ساڵانی ١٩٦٦-١٩٧٠ بەدەستیان هێنا لەو ماوەیەدا، ئەمانە بوون:

١- دامەزراندنی کۆڕی زانیاریی کورد.

٢- دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی.

٣- نــــاردنی ژمـــارەیەک خوێنـــدکارانی کـــورد بـــۆ دەرەوەی وڵات بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن.

٤- کردنی دهۆک بە پارێزگا.

٥- کردنی نەورۆز وەکو جەژنی نەتەوەیی کورد.

٦- وەرگرتنـــی ژمـــارەیەک لە لاوانـــی کـــورد لە کـــۆلێژی ســـەربازی و کۆلێژی ئەفسەری پۆلیس.

٧- دەرکردنـــی بڕیـــاری لێبـــوردنی گشـــتی بـــۆ هەمـــوو بەنـــدکراوە سیاسییەکان.

٨- ڕێگەدان بە دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی سیاسی بە ناوی "النور".

هەروەهـــا یارمەتیـــدان و قەرەبـــووکردنەوەی ئەو خەڵـــکەی زەرەر و زیانیان لێ کەوتبوو و ئیش و کاریان لەدەست چووبوو.

هەرچەنـدە وەزع خـۆش بـوو، خەڵـک بـووژانەوە و سـەریان قـاڵ بـوو، بەڵام لە کـــانگەی دڵەوە بەتـــایبەتی لای بـــاوکی هێـــرۆ و مـــام جەلال و کەمێـــک لە بـرادەران هـیچ خۆشـی و سـەرکەوتن نەبـوو، چـونکە کـورد لە نـاو خۆیانـدا ڕێـک نەبـوون و شـەڕی براکـوژی هەر مـابوو، ڕێ پێگرتنـی یەکتـری هەر مابوو، لەبەر ئەوە خۆشییەکەیان زۆر ناتەواو و پەلوپۆ شکاو بوو.

بـاڵەکەی سـەرۆک بـارزانی هەر لە شـوێنی خۆیـان مـابوون و لەسـەر هەمـان بیروبۆچونیـان مـابوون بەرانـبەر بە بـاڵی مەکتەبـی سیاسـی. بـاوکی هێـرۆ دەیگـوت:" گەڕانەوەم بـۆ عێـراق و هـاتنەکەی مـن بـۆ ئەوە بـوو کە لەگەڵ مەلا مسـتەفا بارزانیـدا ڕێـک بکەوینـەوە، بـۆ ئەوە نەبـوو شـەڕی لەگەڵـدا بکەین.

خەڵکـم نـاردبوو بـۆ لای، لەوانە سـمایل شـاوەیس کە یەکێـک بـوو لە هەرە چالاکەکـان کە هەوڵـی دەدا ناوبژیمـان بکـات، بەڵام مەلا مسـتەفا گـوێی بەوە نەدا و دەرفەتی پێ نەدان.

کـاتی خۆیشـی کە لەگەڵ بـرادەران لە ئێـران نەگەڕامەوە، بـۆ ڕێزگـرتن بـوو لەو ڕێککەوتـنەی نێوانمـان، لەسـەر داوای بـارزانی تـا ئەو کـاتە لە ئێـران مامەوە".

ڕەنـگە کەم کەس بـزانن کە بـاوکی هێـرۆ زۆر بەدڵ و بە هەمـوو توانـاوە حەزی لە شـەڕی دووبەرەکیـی پـارتی نەبـوو، حەزی لە شـەڕی براکـوژی نەبـوو، کـاتی خۆیشـی کە شـەڕی ١٩٦١ دەسـتی پـێ کـرد بـاڵی ئەوان بەدڵیـان نەبـوو، بەڵام لەبەر ئەوەی نەڵـێن پـارتی بـوون بە دوو بەشـەوە و بـاڵی عەشـایری وا دەسـتی کـرد بە شـەڕ و بـاڵی ئەوانـی تـر نایانەوێت وا لەپڕ شـەڕ دەسـت پـێ بکـات لە بەینـی کـورد و حکومەتـدا، بەتـایبەتی کە کـورد زۆر بێتفـاق و بێتوانـا بـوو، لەبەر دوو بەش و دووبەرەکـی و لە ڕووی پـارە و چەک تاوەکو نان و خواردنیش ئەوەندە نەبوو، زۆر بێهێز بوون.

بـاوکی هێـرۆ و مـام جەلال و برادەرانیـان و هەمـوو لایەنگـران و زۆربەی ئەنـدامەکان بەرەو شـاخ سـەرکەوتن بەبـێ چەک بەبـێ پشـتیوان، تەنـانەت بـێ جـل و خـۆراک، بەڕاسـتی لێـرەدا نامەوێـت کـای کـۆن بە بـا بـدەم، بەڵام هەنـدێک ڕاسـتی هەن، هەنـدێک واقیـع هەن کە نابێـت مـرۆڤ لێـی بێـدەنگ بێـت و بڵێـت ئـاخر ئێسـتا کـاتی ئەوە نیـیە، ئێسـتا سـوپاس بـۆ خـوا کـورد بـووەتە یەک دڵ و یەک دەسـت و کـاتی ئەو باسـانە نیـیە، بەڵام هەنـدێک شـت هەیە ئەوە مێـژووە و دەبێـت بـاس بکرێـت، هەرچەنـدە مـن ئـاواتی گەورەم ئەوەیە کـورد ببیـنم هەمیشـە ڕێـک و تەبـایە، بەتـایبەتی پـارتی و یەکێتـی. لە ڕابـردوودا تەجـروبەی خۆمـان و هەمـوو دونیـا دەرکەوتـووە، بەتـایبەتی میللەتێکـی بێکەسـی وەکـو کـورد دەبێـت هەمیشـە یەک بـن و یەک دڵ و یەک دەسـت بـن، هـۆیەکەی هەرچـی و بـۆچی بێـت، نابێـت کـورد پشـتی یەکتـری بەر بـدەن و بـبن بە چەنـد پـارچە و لەناویانـدا دووبەرەکـی و سـێبەرەکییان تێبکەوێـت، ئەوەش زۆر بـاش بـزانن کە دوژمـن هەوڵـی زۆر دەدات کە بیانکـات بە چەنـدبەرەکی تـاوەکو بە کەیفـی خۆیـان پەتپەتـێن بە هەموویـان بـکەن و لاواز و بێهێزیـان بـکەن و بـیخەنە ژێـر دەسـتی خۆیـان. دەبێـت سـەرۆکەکانی کـورد ئەوە بـزانن

کە قسـەهێنان و قسـەبردن، ئەو کەسـانەی حەز دەکەن فیتنەیـی بـکەن لە بەینیانـدا، کە زۆری ئەو کەسـانە بـۆ دەسـتکەوت و بەرژەوەنـدیی خۆیـان وا دەکەن، دەستبەجێ زمانی ئەو کەسانە ببڕن و گوێیان لێ نەگرن.

ئەگەر میللەتپەرسـتن و خـاک و میللەتـی خۆیـان خـۆش دەوێـت، کە زۆر چـاک دەزانـم نـاڕێکی و کەوتـنە دووبەرەکیـی نـاو پـارتی کـاتی خـۆی هەمـووی بە هـۆی ئەو فیتـنە و مەسڵەحەتپەرسـتانە بـوو کە قسـەیان دەهێنـا و دەبـرد لە بەینـی هەردوولادا؛ چـونکە کە مەلا مسـتەفای خوالێخۆشـبوو لە کـاتی شۆڕشـی ١٤ی تەممـوز گەڕایەوە بـۆ وڵات، بـاوکی هێـرۆ چـوو بە شـوێنیدا و بە دڵ و بە گیـان لەگەڵـی بـوو، زۆربەی بـرادەران بە سـەری مەلا مسـتەفا سـوێندیان دەخـوارد، بەڵام ئەو مەسڵەحەتپەرسـت و خـۆ دەوڵەمەنـدکەر بـوو بەو بۆنـانەوە و ئەوانە دەبێـت لە بیـر نەکـرێن و مـیللەت هەر نەفرەتیـان لـێ بکات و بە لەعنەتیان بکات.

ئەگەرچـی هێشـتا نەگەیشـتوومەتە باسـی پەنابردنمـان بـۆ ئینگلـتەرا و لەنـدەن، بەڵام دەمەوێـت ئەم باسە بـکەم چـونکە خـۆم ئاگـام لەوە بـوو: لەگەڵ بـاوکی هێـرۆ چووبـوومە ئەو "ڕیسێپشـن"ە، کۆبـوونەوە و زەماوەنـدەکە کرابـوو، خوالێخۆشـبوو ئیـدریس بـارزانی هـاتبوو بـۆ لەنـدەن لەگەڵ مـام جەلال و برادەرانـی هەردوولامـان، یاداشـت و ئیمـزا بـکەن و بەتەواوی ئاشـت ببـنەوە، بەڕاسـتی مـن زۆر بـاش هۆکـاری ئەم ئیمزاکـردن و ئاشـتبوونەوەیە نـازانم، بەڵام ئەوە دەڵـێم کە دیـومە، ئەمەش دوای ١٩٧٥ بـوو، ئـێمە ئەوەنـدە نەبـوو چـووینە لەنـدەن، خەڵـک زۆر دڵیـان خـۆش بـوو، دیـارە کوردەکـان کە ئەو دوو بەرەیە ئیمـزای ئاشـتبوونەوە و ڕێکییەیـان ئیمـزا کـرد، کاتێـک کە بـڵاو بـووەوە خەڵـک لەو هـۆڵە گەورەیەی لەنـدەن (هەروەهـا لەو هـۆڵە زلەی هـاتبوونە دەرەوە بـۆ پشـوودان) ڕادەوەسـتان بەدیـار یەکەوە و قسـەیان دەکـرد و هەمـوو دڵیـان خـۆش بـوو، ئـێمەش هـاتینە هـۆڵەکە کە لەوێـوە دەڕۆیشـتینە دەرەوە، سـەیرم کـرد شـێرکۆی لێـیە کە لە لەنـدەن هـاتوچۆی دەکـردین و ناسـیاومان بـوو، چـونکە خەڵکـی زاخـۆیە، شـێرکۆ عابـد

ڕاوەستابوو لەگەڵ چەند کەسێکی تر، شێرکۆ پیاوێکی بە باوکی هێرۆ نیشان دا و گوتی: "مامۆستا ئەمە کاک سامی عەبدولڕەحمانە، نایناسیت؟" باوکی هێرۆ گوتی: "چۆن نایناسم؟" منیش لە تەنیشت باوکی هێرۆوە بووم لەگەڵ ژنێکی ئاشنام قسەم دەکرد کە سامی عەبدولڕەحمان سەری هێنایە پێشەوە لە باوکی هێرۆ و دەستی دا لە سنگی خۆی و گوتی: "من مابم و بمێنم بە هیچ جۆرێک ناهێڵم ئەم کۆبوونەوە و ئیمزاکردنە سەر بگرێت" ئیتر باوکی هێرۆش نازانم چیی پێ گوت، دیار بوو قسەی باشی پێ نەگوت و توانجی خراپی تێگرت.

زۆری وەک ئەو **کابرایە** هەبوون گێرەشێوێنن و بۆ دەستکەوتی تایبەتیی خۆیانە، کە ئێستا لەم کاتەدا دەبینین چەندەها باخ و ساحە و فولکەیان بە ناویانەوە ناو نراوە و چەندەها پەیکەر و تابلۆیان هەڵواسراون، بە خوا زۆر جار سەرم سوڕدەمێنێت کە شتێکی وا دەبینم و دەڵێم: ئەمیش ساحە و شەقام و گەڕەکی بە ناوەوە ناو نراوە؟ سوبحان ئەڵڵا... هەر ڕاستە لە بیرمە کە ئەو کەسانە سەر بە حکومەت بوون و چەند دژایەتیی خەباتکەرانیان دەکرد، کە چی چەندین خەباتکەری سەرسەخت و چەندەها قارەمانی فیداکاریش لەوێدا کەوتوون هەر کەس ناویشیان نابات، هەروەک خاڵە هەمزەم کە لە تەمەنی پازدە-شازدە ساڵییەوە کوردایەتی و خەباتی کردووە کە ئەو کاتانە لە بادینان کە خۆم و باوکم لە بادینان خەبات و کوردایەتیمان دەکرد! دیارە بێجگە لە ناوچەی بارزان و عەشیرەت و شێخی بارزان کە ئەوان هەر ناوی خۆیان هەبووە، شەڕیان دەبوو لەگەڵ حکومەتەکان، بەڵام ڕاستییەکەی نازانم هۆی ئەو شەڕانە چی بوو، ناوی کەسم نەدیوە چووبێت بەگژ حکومەتدا یان کوردایەتی و خەباتی کردبێت لە چەند کەسێک زیاتر، تاوەکو پارتی پەیدا بوو.

خاڵە هەمزەم هەموو ژیانی لاوێتی لە ژێرزەمین و لە دێهاتەکان و لە خانەقای زۆر بەڕێز و زۆر موحتەرەم سەید ئەحمەدی خانەقادا بوو، ئەو خاڵە هەمزەمی دەپاراست، خاڵە هەمزەم لە کاتی دروستبوونی کۆماری

مەهابــاد کە ئەویــش چووبــوو بــۆ ئەوێ و دوای نەمــانی کۆمــاری مەهابــاد و شـــەهیدکردنی قـــازی مـــوحەممەد، ئەوە بـــوو مەلا مســـتەفا بـــارزانیی خوالێخۆشــبوو، لەگەڵ پــۆلێکی بــارزانی پەڕیــنەوە بــۆ یەکێتیــی ســۆڤیەتی ئەوســا، خــاڵە هەمزەشــم ســاڵی ١٩٤٥-١٩٤٦گەڕایەوە دیــوی خۆمــان، دوای ئەوەی لەگەڵ بــارزانی ڕێــک کەوتبــوون کە خــاڵە هەمــزەم بێت حیزبــی پــارتی دابمەزرێنێــت، ئیتــر خــاڵە هەمــزەم گەڕایەوە و کەوتە چــالاکی، بــاوکی هێــرۆش کە ئەو کــاتە هێشــتا شــووم پــێ نەکردبــوو (پــێم دەگــوت: کــاکە بــرایم) لە حیزبێکــی تــردا بــوو، بەڵام لەگەڵ خوالێخۆشــبوو شــێخ لەتیــف شــێخ مەحمــود زۆر یــارمەتیی دا، کە زۆر لە دێیەکــانی ئەو بــوو بەتــایبەتی ســیتەک، بــۆیە خــاڵە هەمزەشــم وەســێتی کــرد کە لە ســیتەک بینێــژن، بــاوەڕ نــاکەم کەس هەبێــت بەقەد خــاڵە هەمــزەم مانــدوویی ژیــانی ســەختی ژێرزەمینــانی دیبێــت و کەس هەبێــت بەقەد ئەو بەشــخوراو و مەزڵــوم بووبێــت، ئەم پــارتییەی ئێتــر ئێـــوە دەیبیـــنن و لە دەوڵەت و دەســـتکەوتی ســـەرتان ســـوڕدەمێنێت، ئەم پــارتییە خــاڵم پێکــی هێنــا و دروســتی کــرد و کــاغەز و کــاری نهێنیــی هەمــووی لە ژێــر عەبــای دایکمــدا بەڕێــوە دەچــوو، پاشــان بــڵاو دەکــرایەوە. تــاقە تــاپێکی پـــارتی کە خـــاڵم بە هەزار کـــولەمەرگی پەیـــدای کردبـــوو، لە ژێـــر عەبـــاکەی دایکمــدا دەگــوێزرایەوە ئەم لا و بــۆ ئەو لا، خــاڵە هەمــزەم خــۆی گەیانــدە بەغــدا و یەکەم کــۆنگرەی پــارتی لە بەغــدا لە مــاڵی شـــەهید عەلــی حەمــدی گیــرا لە گەڕەکـــی "ســـنک" لە خـــانوویەکی بچکـــۆلەدا، خـــاڵە هەمـــزەم هەڵبژێـــردرا بە ســـکرتێری پـــارتی، خـــاڵە هەمـــزەم لە ســـەرداب و ژێرزەمینەکـــانی بەغـــدا "بەرۆنیـــۆ" "ڕزگـــاری"ی دەردەکـــرد و ئیشـــی دەکـــرد و بەیـــانی دەردەکـــرد، ڕۆمــانی "دایــک و کــوڕ"م هەمــوو لە زرووفــی ژیــان و چــالاکی و خەبــاتی خــاڵە هەمــزەمەوە هەڵقــوڵاوە، کەچــی ئێســتاش دەبینــین خــاڵە هەمــزەم هەر نــاوی نییە و هەر بـــاس ناکرێـــت و هەر وجـــوودی نیـــیە. لە بەغـــدا خـــاڵە هەمـــزەم لە خانوویەکــدا بــوو بە نــاوێکی دەســتکرد لەگەڵ یەک-دوو کــوڕی نزیکمــان کە

خوالێخۆشــبوو حەمیــد باتــاس و نــایف عەبــدوڵڵای خزمــان بــوون و کــاک عەلی عەبدوڵڵا و دکتۆر جەعفەر موحەممەد کەریم هاتوچۆیان دەکرد.

ئینجــا ئەم خــاڵە هەمــزەیەم یەکــێکە لە ســەدان کەســی بەشــخوراوی وەک ئەو، زۆر جــار کە کتێبــی بیــرەوەری و مێــژوو دەبیــنم، دەڵــێم بە خــوا نیــوەی زیــاتر ڕاســتی گــۆڕینی تیــایە و ئەو کەســە دەستڕۆیشــتوو و دەســتدارانە بە کەیفــی خۆیــان ڕووداویــان ڕیــز کــردووە و بە ئــارەزووی دڵــی خۆیــان فیشــاڵی شــاخ دەرهێــنەر لەســەری مــرۆڤ و درۆودەلەســەیان ڕیــز کــردووە، مــن لێــرەدا وەکــو لە پێشــەوە باســم کــردووە، نیــازم نیــیە کــای کــۆن بە بــادا بــدەم، بەڵام وەکــو گــوتم هەنــدێک ڕاســتی هەن ویژدانــی مــرۆڤ برینــدار دەکەن ئەگەر باســی نەکەیــن، بەتــایبەتی ئەگەر ئەو کەســە نووســەر بێــت، هەروەهــا لە نــاوجەرگەی ئەو ڕووداوانە خوڵقابێــت و ژیابێــت وەکــو مــن، بەڕاســتی ڕووداو و ڕاســتیی وا بشــارێنەوە و بــاس نەکــرێن، لای مــن "دووڕوویــی و بێڕەوشــت"یــن، هەرچەنــدە حەز نــاکەم باســی کــۆن بــکەم، نەوەکــو کــار بــکەنە ســەر ڕێکــی و تەبــایی ئەم زرووفەی ئێســتای کــورد، کە ئــاواتی هەرە گەورەم تەبایی و ڕێکی و دڵیەکبوونی هەموو کوردە.

## ١٩٦٨-١٩٧٥

له ســـالّی ١٩٦٨ تـــاوەکو ١٩٧٥ له حکـــومەتی عێـــراق زۆر ڕووداوی گەورە و بچـــووک ڕوویـــان دا، هێزەکـــان هەر خەریکـــی کودەتـــا بـــوون له یەکتـــری و دوایـــی حیزبـــی بەعـــس هـــاتە ســـەر حـــوکم و ئەحـــمەد حەســـەن بەکـــر بـــوو بە ســـەرۆککۆمار و هـــاتە نـــاو نـــاوان. ســـەدام حوســـێنیش بـــوو بە جێگـــری؛ هەروەهـــا له نـــاو خێزانەکەشـــماندا، له نێـــوان ١٩٦٨-١٩٧٥ زۆر ڕووداوی گرنـــگ ڕوویـــان دا، یەکەمیـــان ١٩٦٨/٦/٢١ هـــاوڕێی کـــوڕم له دایـــک بـــوو، کە بەســـەر پێـــنج کچـــدا هـــات و کـــوڕ تەنیـــا هەڵۆمـــان هەبـــوو. هەرچەنـــدە کچەکـــانم زۆر خۆشەویســـت بـــوون و باوکیـــان هەمـــوو جارێـــک کە یەکێکیـــان له دایـــک دەبـــوو ئەگەر بە دەرەوە بـــوایە و له بەنـــدیخانە نەبـــوایە، ئـــاهەنگی بـــۆ دەکـــردن و دەیگـــوت ئەمە له ڕقـــی ئەوانەی هەر بـــۆ کـــوڕ شـــایی و زەماوەنـــد دەگێـــڕن، بـــاوکی هێـــرۆ زۆر لەسەر ژنی دەکردەوە و دەیگوت:

- ئەو پیـــاوەی ژنـــدار و منداڵـــدار بێـــت و بەســـەر ژنەکەیەوە دۆســـت و یـــار بگرێـــت و له بیـــر خـــۆی بەرێـــتەوە کە ئەم ژنەی ئێســـتا هەیەتـــی کـــاتی خـــۆی منەتیشـــی بـــڕاوە تـــا دەســـتی کەوتـــووە و ئێســـتا لەبەر ئەرک و منـــداڵبوون و منـــداڵ بەخێـــوکردن و مـــاڵ بەڕێـــوەبردن و ســـفرە و خـــۆراکی جۆراوجـــۆر ئامـــادەکردن بـــۆ ورگـــی مێـــردە چاوباشـــقاڵەکەی و مێـــردەکەی له بیـــر خـــۆی

بـردبێتەوە کە کـاتی خـۆی چەنـد کچێکـی جـوان بـوو، شـیرین و دڵگیـر و ئێسـتا بچێت یـاری بەسـەر بگرێـت و چـاو بـۆ ژنـی تـر بگێڕێت! لای مـن حەقە و بـۆی هەیە کە ژنەکەشـی وەکـو ئەو بکـات و یـار و دۆسـت پەیـدا بکـات، بەڵام ئەوە بـۆ ژن مەحـاڵە وا بکـات، چـونکە ژن زۆر بەغیرەتتـر و پیـاوترە لەو پیـاوانەی وا لە ژنەکەیان دەکەن.

ئەگەرچـی بـاوکی هێـرۆ زیـاتر لە گیـانی خـۆی کوڕەکانیشـی خـۆش دەویسـت، بەڵام هەر بـۆ کچەکـانی ئـاهەنگی دەگێـڕا لە ڕقـی ئەو کەسـانەی دەیانگوت: "ئەوە دیسان گەلاوێژ خان کچی بووە؟".

دووەم ڕووداوی نـاو خێزانەکەمـان نەخۆشـیی بـاوکی هێـرۆ بـوو، بـاوکی هێـرۆ لەپـڕ لە مـاوەیەکی کورتـدا زۆر لاواز و بێهێـز بـوو، دڵـی زۆر لێـی دەدا، بە جۆرێـک کە فریـا نەدەکەوتـین بیژمێـرین، دکتۆرەکـان لە بەغـدا کە ئەو کـاتە باشـترین نەخۆشـخانە و دکتـۆری عێراقـی هەبـوون و لە بەغـدا لە هەمـوو شـوێنێکی وڵات، هەمـوو لایـان وا بـوو نەخۆشـیی دڵە، بەڵام دوودڵـیش بـوون و هەر خەریکی بوون. ئیتر هەموومان زۆر ناڕەحەت بووین و شڵەژاین.

بـۆیە مـام جەلال بە زووتـرین کـات (کە تـا ئەوسـا لەگەڵ هێـرۆی کچـم بووبـوون بە دەزگیرانـی یەکتـری و خەریکـی مـاڵ پێکەوەنـان بـوون، بەڵام لەتـاو نەخۆشـیی بـاوکی هێـرۆ هەمـوو شـتێکیان لەبیـر چـوو)، هەر زوو وای کـرد بە زووتـرین کـات لە لەنـدەن دکتـۆر و نەخۆشـخانەی بـۆ حیجـز بکـات، هەروەهـا لەبەر ئەوەی بـاوکی هێـرۆ زۆر زوو مانـدوو دەبـوو، هەرچەنـدە نەیاندەهێشـت زۆر کەس بێـنە سـەردانی بـۆ هەواڵپرسـین، بەڵام هەر مانـدوو دەبـوو. دەبـوایە دە ڕۆژ ڕابوەسـتین تـاوەکو نەخۆشـخانەکە و دکتـۆر بەڕێ دەکەوت لە لەنـدەن. بـۆیە مـام جەلال وای کـرد کە ئەو دە ڕۆژە بچێـت لە قـاهیرە چـاوەڕێی بکـات، وەک لێـرە چـاوەڕێی بێـت، لەبەر قەرەبـاڵغی و سەردانی بێوچانی برادەران و هاووڵاتیانی دڵسۆز.

ئەو کـاتە دەوروبەری سـاڵی ١٩٧١ و ١٩٧٢ بـوو، ئەحـمەد حەسـن بەکـر سـەرۆککۆمار و سـەدام حسـێن جێگـری بـوو. برادەرانمـان تێکـڕا لە

کۆبــوونەوە و گفتوگــۆدا بــوون لەگەڵیــان؛ هەروەهــا حکــومەت خەریکــی وەفــد نــاردن بــوو. لەو مــاوەیەدا ئاشــتبوونەوەش هەبــوو لەگەڵ بــاڵەکەی تــری پــارتی، بــاڵی ســەرۆکی حیــزب خوالێخۆشــبوو مەلا مســتەفا بــارزانی. ئــاخری پاســپۆرت و ئیشــمان هەمــووی تەواو بــوو، بــاوکی هێــرۆ و مــن و هــاوڕێی کــوڕم کە تەمەنــی نــزیکەی ســێ ســاڵ دەبــوو، لەگەڵ کــوڕێکی خزمــی بــاوکی هێــرۆ کە نــاوی کەمــال بــوو کــوڕی کــاکە ڕەشــەی قەســاب بــوو. کــاکە ڕەشــە خزمێکــی زۆر نزیکــی بــاوکی هێــرۆ بــوو، دایکــی نــاوی ســەدیقە خــان بــوو، ژنێکــی زۆر بەحــــورمەت و خۆشەویســــت بــــوو، کەمــــال ســــەرباز بــــوو لە لای ڕەیــــس حەمەئەمــــین فەرەج لە ســــوپای عێراقــــدا بــــوو. ئیتــــر مــــاوەی عەســــکەرییەکەی تەواو بــوو و بــاوکی هێــرۆ هێنــایە لای خۆمــان، چــونکە زۆر میوانمــان دەهــات و قەرەباڵغ بووین، ئەگەرچی چەند کەسێکی ترمان هەبوو لە ژن و پیاو.

هەرچۆنێــــک بــــوو کەوتیــــنە ڕێ بەرەو قــــاهیرە، ئەو ڕۆژە فڕۆکەخــــانەی بەغــدا وەکــو ڕۆژی حەشــری لــێ هــاتبوو، تــا مــردن قســەکەی شــەهید عەلــی عەســــکەریم بیــــر نــــاچێتەوە کە بە مــــاتی و مەلــــوولییەکەوە دەســــتی دا لە نــاوچەوانی و گــوتی: "بە خــوا وا دەزانــم ئێســتا بــاوکم مــرد" بــاوکی هێــرۆی زۆر خــــۆش دەویســــت، هەمــــوو بــــرادەران وا بــــوون لەگەڵــــی و خۆشــــیان دەویســـت. پـــێش ســـەفەرەکەمان بە دوو-ســـێ ڕۆژ ســـەدام حوســـێن هـــات بـــۆ ماڵمــــان بــــۆ ســــەردانی بــــاوکی هێــــرۆ، ماڵمــــان لە شــــەقامی فەلەســــتین بــــوو، خــانووی پیاومــاقوڵێکی کــوردی زۆر نەجیــب بــوو، ســەدام ســەبەتە گــوڵێکی بــۆ بــــاوکی هێــــرۆ هێنــــابوو بەقەد نیــــوەی ئۆتۆمبیلێــــک دەبــــوو، لەگەڵ شــــیرینی بە ناوی خۆی و ئەحمەد حەسن بەکرەوە هاتبوو.

گەڕەکەکەمــان شــێوا کە دییــان ئەو هەمــوو ئۆتۆمبیــل و چەکــدارە دابەزیــن و هــاتن بــۆ لامــان، گەیشــتینە قــاهیرە، هــاتبوون بە پیرمــانەوە ئوتێلمــان بــۆ گیرابــوو لەســەر ڕووبــاری نیــل، وەکــو دەڵــێن بە عەرەبــی "جنــاح"ێکمــان بــۆ گیرابــوو. قــاهیرە زۆر قەرەبــاڵغ و شــلۆق بــوو، شــارێکی زۆر ڕەســەن و جــوان بــوو، هەر کە گەیشــتین دکتۆریــان بــۆ بــاوکی هێــرۆ هێنــا، دکتــۆری ڕەیــس

جەمال عەبدولناسر بوو، ئەوسا لە ژیاندا نەمابوو، دکتۆر هەر خۆی کردی بە ژووردا زەردەخەنە گرتی و گوتی: "ئوه دی الغده اللعینه"، یەکسەر گوتی: "نە دڵە و نە هیچ، ئەمە غودەی دەرەقیەتی، بەڵام هەرە هارەکەیە، خەڵک وا لەپڕ لاواز و بێهێز دەکات و جۆرەکەی تریش تەمەڵەکەیە خەڵک زۆر قەڵەو دەکات". هەرچۆنێک بوو دڵمان خۆش بوو کە دڵ نییە.

ئیتر بۆ ڕۆژانی تر بە ئۆتۆمبیل هاتن ئێمەیان برد بۆ گەڕان، چووینە پێش ماڵەکەی ئوم کەلسوم و لەبەر دەرگاکەی ڕەسممان گرت. خانووەکەی لە "زمالک" بوو لەسەر ڕووباری نیل. ئینجا چووین لە دوورەوە سەیری ئەهرام و ئەبولهول و زۆر شوێنی ترمان کرد، بەڵام لەبەر نەخۆشییەکەی باوکی هێرۆ هیچم بە دڵەوە نەدەنووسا، هەرچەند نەخۆشیی دڵیشی نەبوو، زۆر دڵم خۆش بوو دەتگوت هەموو دنیا هیی منە، بەڵام لە قووڵایی دڵەوە زۆر جار کە دەچوومە حەمام و شوێنێک کە بە تەنیا بم، بۆ کوردەی کچم دەگریام، چونکە منداڵ بوو بۆ یەکەم جاریش بوو لە منداڵەکانم دوور بکەومەوە، ئەگەرچی لە باوەشی بەسۆزی دایکمدا هەموو منداڵەکانم بەجێ هێشتبوو، تێکڕا هەر ئەو بەخێوی کردبوون، هەروەها هێرۆیان لە بوو، لەگەڵ مام جەلالی دڵسۆزمان کە هەمیشە لەژێر تۆپ و بۆردوومانیش بە منداڵ و گەورەوە هەر ئاگای لە هەموومان بوو؛ بەڵام هەر دەرەقەتی خۆم نەدەهاتم و هەموو ڕۆژێک دەگریام.

ئاخری دە ڕۆژی تەواو کەوتینە ڕێ بەرەو لەندەن، یەکەم جار بوو لەندەن ببینین، تەنانەت یەکەم جار بوو دەرەوە ببینین، بێجگە لە باوکی هێرۆ کە لە زەمانی زەعیم عەبدولکەریم قاسم زوو زوو بە کاری حزبی و سیاسی دەڕۆیشت بۆ ئەورووپا و دەرەوە، لە لەندەن سەفیری عێراقی هات بەپیرمانەوە و براین بۆ ئوتێلێکی گرانبەها لە نزیک "هاید پارک"ەوە، لەوێش جناحێکمان بۆ گیرابوو، هاوڕێی کوڕم حەپەسابوو.

نزیکی ئێوارە دنیا تاریک بوو، گوتم: "کەمال، هاوڕێ شیری نەماوە، بە ئەوانم نەگوت، ناچیت بە ئوتێلەکە بڵێیت؟" دیارە هەر وشەی ئینگلیزییشی

نەدەزانـــی، بەڵام زۆر هەڵپەهەڵـــپکەر و چـــاونەترس و ئـــازا بـــوو، کەمـــال هەر گـــورج ڕۆیشـــتە خـــوارەوە، دوای مـــاوەیەک هـــاتەوە تـــاوەکو دڵمـــان کەوتە مەراقەوە، گوتمـــان نەوەک ون بووبێـــت و نەزانێـــت چـــۆن بێـــتەوە، کەچـــی هـــات دوو شووشە شیری بە دەستەوە بوو، گوتی:

- چـــووم بـــۆ بـــازاڕ، دوکـــان هەمـــووی داخـــرا بـــوون، هەر دوکانێـــک هەبـوو لە چایخـانە و شـەربەتفرۆش دەچـوو، پـێم گـوت: خـوا ئەجـرت بـاتەوە، ماڵـــت ئـــاوا بێـــت شـــیرمان دەوێـــت بـــۆ منـــداڵ، ئەویـــش پێـــی گـــوتم باشـــە بەسەرچاو. ئیتر ئەم دوو شووشەی پێ دام".

باوکی هێرۆ پێکەنیی و گوتی:

- به چ زمانێک پێت گوت؟
- بە کوردی و بە ئیشارەت.
- ئێمە لەم ئوتێلە گەورەیەداین بۆچی بە ئەوانت نەگوت؟
- بە خوا حەزم کرد بچمە دەرەوە، ئاخر نەمزانی چی بەمان بڵێم.
- چیت بەوان گوت بەمانیشت دەگوت.

ئیتـر تـا بەینێـک بە "خـوا ئەجـرت پـێ بـدات"ی کەمـال پێـدەکەنین. تـاوەکو هاوڕێش تەمەنی گەیشتە دوو ساڵ و نیوو هەر ئەو ناوە بوو پێدەکەنین.

بـاوکی هێـرۆ بـرایە فەحـس و دکتـۆر، ئەوانـیش هەمـان قسـەی دکتـۆری میســریان پــێ گــوت، دڵمــان زۆر خــۆش بــوو، تــاقەتی ئــوتێلم نەبــوو، گواســتمانەوە شــوقەیەکی نزیــک ئەو شــوێنە پێیــان دەگــوت "کــۆینس گەیــت"، شــوێنەکەمان ناوەڕاســتی لەنــدەن بــوو، هەمــووی بــازاڕ و شــەقامی خــۆش و بەرانـبەر هایـد پـارک بـوو، وردە وردە فێـر بـووم دەچـوومە دوکـان و بـازاڕ، زۆر جـار هەر جلـی کـوردیم لەبەردا بـوو، خەڵـک زۆریـان لا جـوان بـوو، هەر لێیان دەپرسیم خەڵکی کوێیت؟

کە دڵنیـا بـووم بـاوکی هێـرۆ نەخۆشـیی ترسـناکی نییە، ئیتـر لەگەڵ هـاوڕێی کـوڕم خـۆم ئامـادە کـرد بگەڕێـمەوە بەغـدا بـۆ لای منـداڵەکانم، بـاوکی هێـرۆ مـایەوە و گوتیـان دەبێـت زۆر لێـرە بیـت، جـۆرە دەرمانێکیـان دەدایە هەفـتەی

جارێک دەبوایە بچێت بۆ خەستەخانە، باوکی هێرۆ و کەمال مانەوە و من گەڕامەوە بەغدا و شاد بوومەوە بە بینینی هەموویان, بەتایبەتی کوردەی کچم کە هەر بۆی دەگریام، هەموو پێیان دەگوتم تۆ بۆ کوردە دەگریایت ئەی بۆ باسی هەڵۆی کوڕت ناکەیت؟ ئەو لە هەموویان ناڕەحەتتر بوو، هەمیشە مات و مەلوول بوو لە دووریتان، من و هەڵۆ پەیوەندییەکی زۆر توندمان لەبەین بوو، زۆری خۆش دەویستم، خۆ من هەر باس ناکرێت کە چەندم خۆش دەویست. وەکو دەڵێن "موعجیب" بوو بە من، بەتایبەتی کە جلی کوردیم لەبەر دەکرد و دەهاتمە خوارەوە لە پلیکانەکانەوە. لە خوار پلیکانەکانەوە ڕادەوەستا و هەردوو دەستی وەکو کامێرا لێ دەکرد و دەیگرت بە چاویەوە و دەیگوت: "چک چک" گوایە ئەو ڕەسمم دەگرێت. بۆیە لە دووریمان زۆر ناڕەحەت بوو، زۆر پێمەوە نووسابوو، من دایکێکی ئێجگار بەپەرۆشم بۆ منداڵەکانم، ئەوە هەموو دەورووپشتم دەزانن کە منداڵێکم نەخۆش دەکەوت و تای لێ دەهات تاوەکو چاک نەبوایەتەوە و دانەنیشتایە نانی بخواردایە، من دنیام لێ دەهاتەوە یەک و نانم پێ نەدەخورا و هەمیشە چاوبەفرمێسک بووم، ئێستاش کە هەست بکەم منداڵێکم هەندێک ماتە و کزە، ئیتر سەرم لێ دەشێوێت و ئارامم نامێنێت، تاوەکو زەردەخەنە نەبینم لەسەر لێوی. بۆ نەوەکانیشم هەر ئاوام، هەموویان لە گیان و ژیانی خۆم خۆشتر دەوێن.

زۆر جار کە بۆ منداڵەکان وا ناڕەحەت دەبووم و دەگریام، نانم نەدەخوارد. دایکم دەهات نان و پارووی بۆ دەهێنام و دەیگوت: "ئاخر تۆش کچی منیت و منداڵی منیت، ئەگەر تۆ وا عاجز بیت و نان نەخۆیت دەگریم و بۆت ناڕەحەت دەبم. لێم دەپاڕایەوە و ناچاری دەکردم شتێک بخۆم.

لە دوای گەڕانەوەم بۆ بەغدا بە ماوەیەکی کەم، بەیانی یازدەی ئازار دەرچوو و بوو بە خۆشی و هەرا و زەماوەند و دەستەملانێی سەرکردەکانی باڵی سەرۆک بارزانی و حەسەن بەکر و سەدام، بە ناو شەقامەکانی بەغدا بە هەرا و خۆپیشاندانەوە دەگەڕان، من لە بەغدا مامەوە

تــاوەکو بــوو بە پشــووی مەکــتەب و لە دوای ئەوە هەموویــانم دڵنیــا کــرد لە سەلامەتی بـاوکی هێـرۆ، کـوردەی کچـم بـرد لەگەڵ هـاوڕێی کـوڕم و سـواری فـڕۆکە بـووین، فـڕۆکەی عێراقـی ئەوسـا باشـترین فـڕۆکە بـوو بە چـوار سـەعات و نیـو یـان کەمێـک زیـاتر دەگەیشـتینە لەنـدەن، وەکـو لەوەو پـێش باسـم کـرد دینـاری عێراقـی ئەوەنـدە بەرز و بەقـیمەت بـوو دینـارێکی عێراقـی دوو پـاوەنی ئینگلیـزی بـوو، ١٠٠ دۆلاری ئەمریکـی دەیکـردە ٣٥ دینـاری عێراقـی، بە گەیشـتنمان بـۆ لەنـدەن بـاوکی هێـرۆ زۆر دڵـی خـۆش بـوو، سیحەتیشـی زۆر بـاش بووبـوو، منـیش لەبەر کـوردەی کچـم کە جـاری پێشـوو هەر بـۆی دەگریـام و ئێسـتا وا لەگەڵـمە، زۆر پێـی خـۆش بـوو، کـوردە هەر بەو چەنـد ڕۆژە فێـری چەنـد وشـەی ئینگلیـزی بـوو، کە دەچـووینە دەرەوە و دەگەڕاینـەوە، کـوردە لاسـایی دەکـردنەوە و وشـە ئینگلیزییەکـانی دەدا بەسـەر یەکدا و ئێمەشی دەهێنایە پێکەنین،

دوای گەیشـتنمان بـۆ لەنـدەن بە مانگێـک دکتۆرەکـان بە بـاوکی هێرۆیـان گوتبـوو تەواو چـاک بـوویتەوە، بەڵام یەک فەحـس و پشـکنینی تـرت مـاوە دەتوانیـت دوور بکەویـتەوە لە قەرەبـاڵغی و چڕیـی نـاو لەنـدەن. پێویسـتە ئەو مـانگە بچیت لە شـوێنێکی دوور و هـێمن چـاوەڕێ بکەیـت و ئـێمەش بە هـۆی ئەو بـرادەرانەی دەماننناسـین وەکـو سـەلیم فەخریـی ڕەحمەتـی و حەمە جەزای خوالێخۆشـبوو خـانوویەکی بچووکیـان بـۆ دۆزیـنەوە لە "ویمبڵـدۆن" هەنـدێک دوور و بێدەنگ بوو لەچاو ناوەڕاستی لەندەن و دەوروبەری هاید پارک.

"ویمبڵـدۆن" خـۆش بـوو. ئـێمە دەرودراوسێشـمان هەبـوو. دراوسـێکانمان ئێـوارانی یەکشـەممان لە باخەکانیـان دادەنیشـتین و بـۆ خۆیـان گۆشـت و سۆسێج و مریشکیان دەبرژاند و خزمەکانیشیان دەهاتن بۆ لایان.

بەریتانییەکـان زۆر میهرەبـان و غەریبدۆسـتن، وەکـو ئەورووپییەکـانی تـر نـین، ئەگەر لە بەریتـانییەک بپرسـیت فـلان شـەقام لە کـوێیە، واز ناهێنێـت تـاوەکو پیشـانت نەدات و نەتبـاتە ئەوێ، ئەگەر لە فەڕەنسـییەک بپرسـیت بـۆڵەیەک دەکـات و دەڕوات. فەڕەنسـی ئەوسـا وا بـوون، بەڵام ئێسـتا وا

نەمـاون و زۆر گـۆڕاون و بـاش بـوون. خـۆ ئەڵمـانی هەنـدێکیان هەر جوابـت نادەنەوە کە هەواڵی شوێنێکیان لێ دەپرسیت.

خانووەکەمـان خنجـیلە و خـۆش بـوو لە خـوار شـەقامەکەمان ڕێستورانتێکی هینـدی لـێ بـوو نـاوی "ڕیسـتوران ئەحـمەد" بـوو. زۆر جـار نـان و چێشـتی تـونی هینـدیمان دەکـڕی، بەڵام ئەگەر خۆمـان لە مـاڵ بووینـایە، خـۆم نـان و چێشـتم لـێ دەنـا لە مـاڵەوە، لە نزیـک ماڵەکەشـمان مەکتەبـی منداڵانیش هەبـوو، کـوردەی کچمـان لەوێ نـاونووس کـرد و چـوو بـۆ مەکـتەب، لە ئینگلـتەرا تەنهـا یەک مانـگ وچـانی مەکـتەبە، وەکـو لای ئـێمە نییە سـێ مانـگ وچان بێت، بۆیە لای ئێمە وچان بوو لە لەندەن مەکتەب هەبوو.

ڕۆژێکیـان لەگەڵ بـاوکی هێـرۆ و منـداڵەکان دەڕۆیشـتین بەرەو وێسـتگەی شـەمەندەفەری "ویمبلـدۆن" تـا بـڕۆین بـۆ نـاو لەنـدەن. هێشـتا نەگەیشـتبووینە نـاو وێسـتگەکە قەرەبـاڵغییەکی زۆر هەبـوو، ئـێمەش تێکەڵاویـان بـووین، هەنـدێک ڕێبـوار دەهـاتنە دەرەوە و هیـی دیـکەش دەچـوونە ژوورەوە. جلـی کـوردیم لەبەردا بـوو، هـاوڕێی کوڕیشـم لە نـاو عەرەبانەدا بـوو پـاڵم پێـوە دەنـا و باوکیشـیان لە تەنیشـتمانەوە بـوو، سـەیر دەکەم پیـاوێکی شـیکپۆش و ڕێکوپێـک جانتـایەکی بە دەسـتەوە بـوو تەمەنیشـی وەکـو بـاوکی هێـرۆ بـوو، سـەلامی لە بـاوکی هێـرۆ کـرد و لەگەڵـی کەوتە قسـە، بـاوکی هێـرۆش بـۆی ڕاوەسـتا و وەڵامـی قسـەکانی دایەوە، بەڵام ئـێمە هەر دەڕۆیشـتین، دوایـی ئـاوڕم دایەوە و سـەیر دەکەم هەر لەگەڵ پیـاوەکە وەسـتاوە و خەریکـی قسـەن، بە کـوردەی کچـم گـوت: "ئـا بـڕۆ بە باوکـت بڵـێ وا شـەمەندەفەرەکە خەریـکە دەڕوات"، بـاوکی هێـرۆ ئـاوڕی لـێ داینـەوە و ئیشـارەتی بـۆ کـردم کە ڕابوەسـتین. پیـاوەکە و بـاوکی هێـرۆ هـاتن بـۆ لامـان، پیـاوەکە سـەلامی لـێ کـردم، یـان ڕاسـتتر "هەلەو"ی کـرد، بـاوکی هێـرۆ بە زەردەخەنەیەکـی خۆشـەوە سـەیرێکی کـردم و گـوتی: "ئەم کـابرایە زۆر حەزی لە جلەکانـت کـردووە، خـۆی کاربەدەسـتی دیـزاین و مـۆدەیە و دەڵێـت چـوار ڕۆژی تـر "شـۆ"یەکـی گەورەی جلـی مـۆدە دەکرێـت حەز دەکـات (ئەگەر ڕازی بیـت)

تۆش بچیت جلەکانت پیشان بدەیت؟" منیش هەر وا بە حەپەساوی سەیری باوکی هێرۆ دەکەم، کە قسەکانی تەواو بوو سەیرم کرد و گوتم: "ئەوە بەڕاستتە؟ بە پیاوەکە بڵێ تا زووە لا بچێت لەبەر چاوم، وەڵا هەر ئەوەم ماوە بچمە سەر شانۆ و بێم و بڕۆم لە بەر چاوی ئەو هەموو خەڵکە"، باوکی هێرۆ پێکەنیی و گوتی: "باشە تۆ دەزانیت ئەمە چ قازانج و دیعایەیەکە بۆ کورد و جلی کوردی؟" بە تورەییەوە گوتم: "ڕاست دەکەیت ئەگەر ئەو کەسە کەسێکی سادە بوایە نە ژنی سکرتێری حیزب و پیاوێکی ناوداری وەکو تۆ و ژنێکی ڕەوشت و خووبەرزی وەکو من کە هەرچەندە پێشکەوتنخواز و مۆدە بم ناتوانم ئەوە بکەم". باوکی هێرۆ دیسان بە زەردەخەنە و پێکەنینەوە گوتی: "لەوساوە لێم دەپرسێت ئەمە جلی کوێیە؟ زۆر جوانن، منیش باسی کورد و جلەکانیانم بۆ دەکرد".

لەڕاستیدا لە دوای ٣٨ ساڵ ئێستا بۆم دەردەکەوێت کە ئەوە چەند قازانجی دەبوو بۆ کورد و جلی کوردی، بەڵام هەر ڕازی نەدەبووم بچمە سەر شانۆ و خۆم پیشان بدایە، بەڵام باوکی هێرۆ زۆر پێشکەوتنخوازە هەمیشە بۆ قازانجی کورد دەگەڕا، زۆر جار دەیگوت ئەگەر ڕۆژنامە و هەندێک میدیای جیهانی سەر بە شۆڤێنییەکان جنێویشمان پێ بدەن هەر کورد دێتە ناو ناوان و قازانجی دەبێت بۆمان، بۆیە هیچ مانعی نەبوو کە بچوومایە و جلی کوردیم پیشان بدایە.

***

دوای فەحس و پشکنین گەڕاینەوە بۆ بەغدا.

برادەران لە گفتوگۆ و هاتوچۆدا بوون بۆ گەلاڵە و قەسری و سەرۆک بارزانی، کە لە بەغدا بووین کاک فاخیر مێرگەسۆری هاتوچۆی دەکرد بۆ ڕێککەوتن و نزیکبوونەوەی هەردوو باڵەکە، خەڵکیش زۆر دڵیان خۆش بوو بەو کارە، باوکی هێرۆش کەوتە سەفەر بۆ لای بارزانی و بە دڵی خۆش گەڕایەوە و کەوتنە ئەوەی ئیتر هەر هەموو بڕۆن بەرەو گەلاڵە و قەسری

و لەسەر بڕیاری بارزانی خەریکی جێوڕێ بوون بۆمان، ئێمەش خەریکی خۆ کۆکردنەوە و ئامادەبکردن بووین تا بە ماڵەوە بڕۆین.

کەوتینە ڕێ، لەوێ دابەش بووین و هەندێکمان چووینە چنگیان کە نزیک حاجی هۆمەران بوو، پانایییەکی زۆر خۆش و دڵگیر و کانیاوێکی زۆر بەگوڕ و سارد و خۆشی هەبوو، کە لە دامێنی شاخێکی بەرزەوە دەهاتە دەرەوە، لەوێ کەپر بۆ بۆ ماڵی ئێمە و شەهید عەلی عەسکەری ئامادە کرابوو، ماڵی عومەر دەبابەش لە ناوقەدی شاخەکە، بەڵام ئێمە و ماڵەکانی تر لە خوارەوە بووین، هەروەها ماڵی کاک حامید و مونیرە خانی قەفتانی دڵسۆزی کورد و خەڵکانی تریش لە شوێنی تر بڵاو بووبوونەوە، دایکم گەڕایەوە بەغدا و لەبەر کردنەوەی مەکتەب منداڵەکانی لەگەڵ خۆیدا برد، کە هەر یەکەیان لە پۆلێک بوون، لەگەڵ خوشکەزاکانم کە ماشەڵا هەر لە دواناوەندی و ناوەندیان تیا بوو تاوەکو پۆلە سەرەتاییەکان، من و هاوڕێ و باوکی ماینەوە و ماڵمان دانا.

دنیا بەرەو پاییز دەچوو، کەشوهەواش ساردی کرد، بۆیە ئێمە گواستمانەوە بۆ ناوپردان، خەڵکی تریش هەر کەسە بۆ شوێنێک، لە ناوپردان چووینە خانوویەکی لادێیانەی نزیک چەمەکە، دوایش خوالێخۆشبوو سەرۆک مستەفا بارزانی خانووی خۆشی بۆ دروست کردین، ئێمە هەر لە ناوپردان لەسەر و ماڵەکەمانەوە دامان نا، کە لەوێ خانوومان بۆ بکەن، هێشتا لە خانووە کۆنەکەماندا بووین گەڕامەوە بەغدا، چونکە هێرۆی کچم منداڵی دەبوو، مام جەلالیش لە بەیروت بوو، باڤێل لە خەستەخانەی حەیدەری لە دایک بوو، بروسکەیەکم بۆ مام جەلال کرد و لە بەغدا مامەوە تاوەکو نزیک چل ڕۆژ. ئیتر لەگەڵ هێرۆ و باڤێل و هاوڕێی کوڕم گەڕاینەوە ناوپردان، هێرۆ چەند ڕۆژێک لە لامان مایەوە و گەڕایەوە بەغدا و لەوێشەوە بۆ لای مام جەلال بۆ بەیروت، دوایش لە قاهیرە جێگیر بوون، مام جەلال تاوەکو پێش منداڵبوونی هێرۆ هەر لە لامان بوو لە

نـــاوپردان و چنگیـــان، ئەو سەرپەرشـــتیی هەمـــوو کارەکـــانی دەکـــرد، بەڵام دوایی ڕۆیشت و هێرۆش چوو بۆ لای، باڤێلیش لە لام مایەوە.

لە ئـــاوەکورتێ مـــاینەوە هەر لە خـــانووە بچـــووکەکەی نزیـــک چەمەکە تـــاوەکو خـــانووە تازەکەمـــان تەواو بـــوو، کە هەر لە ســـەرووی کۆنەکەمـــان بـوو، لەو مـاوەیە چەنـد جارێـک گەڕامەوە بـۆ بەغـدا تـاوەکو سـەری دایکـم و منـداڵەکان بـدەم و باڤێـل و هـاوڕێی کـوڕم کە منـداڵ بـوون ئەوانیشـم دەبـرد لەگەڵ خۆمـــدا، دوای چەنـــد ڕۆژێـــک دەگەڕامەوە نـــاوپردان بـــۆ لای بـــاوکی هێـــرۆ، جارێکیـــان گەڕامەوە بەغـــدا و ئێـــوارەیەک بـــارزانی و بـــرای ســـەدام حسـێن لەگەڵ ئەمـین ئاغـای بـرای تەهـا محێـدین هـاتن بـۆ لامـان، بـارزان کـاتی خـۆی ناسـیاوی لەگەڵمـان هەبـوو، بە خێـزانەوە دەهـاتن بـۆ لامـان و لەگەڵ مـام جەلال و بـاوکی هێـرۆ بەینیـان هەبـوو، بـارزانی هـات و هەواڵـی بـاوکی هێـرۆ و جەماعەتی لێ پرسیم، هەندێک عاجز دیار بوو، گوتی:

- حاڵتان چۆنە؟ ئێستا ئاشتن و ڕێکن لەگەڵ مەلا مستەفا و ئەوان؟
- ئەرێ وەڵا سوپاس بۆ خوا زۆر ڕێکین و زۆر تەباین الحمد الله.
- وەڵا ئـێمە نەمـــانزانی وا بەتەواوی دەبـــن بەیەک و دەڕۆن بـــۆ لایـــان و هەر بۆ سەردانیش مامۆستا برایم نایەتەوە بەغدا.
- وامان پێ خۆشە و ئەوە ئاواتمان بوو.
- بـــۆ خـــراپە و ڕێکـــین؟ ئەی ئێـــوەش ئاشـــت نەبـــوونەوە و ئـــاهەنگی شادیتان نەکرد؟
- قەیناکە بۆ ئەوەی شەڕ نەمێنێت، ئەوە شتێکی وەختییە؟
- ئەی بـــۆچی ئێـــوە حەزتـــان دەکـــرد ئـــێمە هەر وا بـــین و یەکتـــری بکوژین؟

دواتــر دوو-ســێ پرسـیاری تـری لـێ کـردم، پاشــان کە هەسـتان بـڕۆنەوە ڕووی تێکــردم و گــوتی: "هەر کاتێــک مامۆســتا بــرایم و برادەرانــی پێویســتیان پێمـــان بـــوو، لەشـــکر لە ڕەوانـــدوزە و بە چاوتروکانێـــک هەلیکـــۆپتەر دێـــت و دەیفڕێنێـــت بـــۆ بەغـــدا". بەهەنـــدێک تـــوڕەییەوە گـــوتم: "تەواو ئەوە ئەو ڕۆژە

ڕۆیشت، ئینشەڵا تاوەکو ماوین هەر یەک دەبین و یەکتریمان زۆر خۆش دەوێت و ئەوەی تۆ باسی دەکەیت قەت نابیبینین و نابێتەوە". هەر واش بوو، زۆر زۆریان پێ ناخۆش بوو کە ئاشت بووینەوە و بووینەوە بەیەک، حکومەت خەریک بوو شێت بێت لە داخاندا. بۆیە دەڵێم، من تەجروبەم هەیە و بە چاوی خۆم دیومە و بە گوێی خۆم گوێم لێ بووە کە ئەوانە چەند حەزیان دەکرد هەر وا دوو پارچە و سێ پارچە بین، تاوەکو ئەملامان بگرن و ئەولامان بەر بدەن و بماندەن بە شەڕ و وامان لێ بکەن یەکتری بە کوشت بدەین و پێمان پێبکەنن و بە بێهێزی و بە بێتوانا بکەوینە بەر دەست ئەوان.

هەر کوردێک و سەرکردەیەک، میللەت و وڵاتی خۆی خۆش بوێت نابێت ئەو ئاواتە نەگریسەی دوژمن بهێنێتە دی، هەرچەندە بیروبۆچونیشمان یەک نەبێت، دەبێت پشتی یەک بەر نەدەین بۆ دوژمن، چونکە ئەوان ئاواتیانە کە کورد یەکتری لەناو بەرن و ئیشی خۆیان ئاسان بکەن.

ئەمە کاتێک لە بەغدا لە شاری "حەریری" لە خانووی ڕەشید عارفی ڕەحمەتی بووم ئەم ڕووداو و قسە و باس و پرسیارانەم لێ کراوە، بەداخەوە ئێستا ئەمین ئاغا نەماوە کە دەیانگوت زۆر ڕێک و هاوڕێ بوون لەگەڵ بارزانی برای سەدام، خوا شاهیدە و ئەو شاهید بوو کە من بەو جۆرە وەڵامی بارزانم دایەوە، بە کوردستانیش سوێند دەخۆم کە هەموو وشەیەکی ئەم قسانەم لەگەڵ بارزان ڕاستن، چونکە هەندێک کەس خۆیانی پێ هەڵدەکێشن و فیشاڵی زۆریش دەکەن بۆ خۆیان و هەر ئەو قسانە و هەندێک قسەی ناڕەواشی گوت، بە توندی چووم بەگژیدا و لەسەر ئەو کەسانەم کردەوە و زۆر مەدحم کردن کە هەندێک ژنی بەڕێزی ناو نا "گولداmائیر" کە ئەوسا گولدامائیر سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بوو، ئەو ڕۆژە تووشی ڕووداوێکی ناجۆر بووین، ئەویش بە هەڤاڵی خوشکەزامم گوت: "هەڤاڵ گیان مەهێڵە ئیشکەرەکان چا بهێنن بۆیان تۆ خۆت بیهێنە" هەڤاڵیش سینییە چایەکی هێنا و یەکەم جار بۆ منی ڕاگرت، کە دەستم بۆ پیاڵەکە برد

پێـی گـوتم: "نـا نـا ئەم پیـاڵەیە هیـی تـۆ نیـیە، ئەمەی تـر هەڵبگـرە" بەڕاسـتی کــردەوە و قســەیەکی بــاش نەبــوو، چــونکە هەر زوو هەســتم کــرد بــارزان هەنـدێک سـڵەمییەوە و منـیش زۆرم پـێ نـاخۆش بـوو کە هەڤـاڵ وای گـوت، چـونکە هەرچیـیەک بێـت میـوانی پـێ دەکەوێـتە گومـانەوە، بـۆیە کە چـایەکەی دایە دەسـتم و گـوتی: ئەمە هیـی تـۆیە و دوایـی ڕایگـرت بـۆ بـارزان، دیـار بـوو بە نـابەدڵی هەڵیگـرت و داینـایە بەردەمـی خـۆی، منـیش هەر گـورج چـایەکەی خــۆمم خســتە بەردەمــی و چــایەکەی ئەوم هەڵگــرت و بە هەڤــاڵم گــوت: وا بــزانم ئەمەی کــاک بــارزان چــای مــن بــوو، چــونکە مــن چــای ســووک دەخــۆمەوە"، وام کــرد و گــوتم: وا نەزانێـت شـتێکی خراپمـان بـۆ تێخسـتووە بـۆیە نەیهێشـت مـن ئەو چـایەی هەڵبگـرم، دوایـی کە ڕۆیشـتن لە هەڤـاڵ تـووڕە بـووم و گـوتم: "کـوڕم چـۆن خەڵـک لای میـوان وا دەڵێـت، هەڤـاڵی خوشـکەزام ئەوســا لە قوتابخــانەی دواناوەنــدی بــوو، هەڤــاڵ کــوڕی دکتــۆر ســدیق ئەتروشـــیی ڕەحمەتیـــیە و کـــوڕی خوشـــکمە و ئێســـتا دکتـــۆرێکی زۆر بەناوبانگی ددانە لە نیوزلەندە.

هەروەکـو باسـم کـرد حکـومەت زۆری پـێ نـاخۆش بـوو کوردەکـان ئاشـت بـوونەوە و چـوونەوە لای یەک و یەکیـان گـرتەوە. لە نـاوپردان خــانووە تازەکەشــمان تەواو بــوو، کە ســەرۆک مەلا مســتەفا بــۆی کـردین. خـانووە تازەکەمـان زۆر خـۆش و ئـارام بـوو، ژوور و جـێ و ڕێــی بەدڵــی مــن کرابــوو، خــانووەکەی خــوارەوەش بەتەواوی درایە پێشــمەرگە و پاســەوانەکان، کە زۆر دڵســۆزمان بــوون و زۆرمــان خـۆش دەویسـتن، لە خـانووی سـەرەوە چێشـتخانەی چاکمـان هەبـوو، هەروەهــا لە دەرەوەی ماڵەکەشــمانەوە چێشــتخانەی پێشــمەرگە هەبـوو، بـاوکی هێـرۆ دایکمـی زۆر خـۆش دەویسـت و ڕێـزی زۆری لــێ دەگــرت و بەتەنگــیەوە بــوو، نــاردی چێشــتکەرێکی بــۆ پێشـمەرگەکان گـرت و گـوتی: "ئیتـر وا مـاڵ و خـانووی خۆتـان هەیە چیتـان ویسـت بە ئـارەزووی ئێـوە نـان و چێشـتتان بـۆ لـێ دەنـێن".

پێشـــمەرگە دوو-ســـێ ڕۆژ بێـــدەنگ بـــوون، دوای دوو-ســـێ ڕۆژ کەوتـنە بیـانووگرتن لە چێشـتکەرەکەیان و کەوتـنە بـۆڵە لێـی، چـونکە ئەوان فێـری چێشـتە خۆشـە بەلەزەتەکـانی دایکـم بـوون، ئێسـتا دەبێت چێشـتی دەسـتی ئەو کـابرایە بخـۆن، دایکیشـم زۆر مانـدوو دەبـوو، میوانمـــان زۆر بـــوو خۆیشـــمان خێزانێکـــی زۆر بـــووین، هەرچەنـــدە ئیشـکەری چاکیشـمان هەبـوو، بەڵام هەر نـانی دایکـم نەبـوایە نـانی کەســـی ترمـــان نەدەخـــوارد، پێشـــمەرگە دڵســـۆزەکانیش: کەریمـــی حەمەی عەلـــی و مەلا ناوێـــک و وەهـــاب بـــوون، کە ئێســـتا بـــووەتە حـاجی وەهـاب، چەنـد کەسـێکیان هەولێـری بـوون، یەکێکیـان نـاوی محێـدین بـوو، هەروەهـا سـاڵەح مـالوومەیی کە هەموویـان لە گشـت بارودۆخێکـدا لەگەڵمـان بـوون، وەکـو کـوڕی ماڵیـان لـێ هـاتبوو، هیـی دیـکەش هەبـوون کە نـاوی هەنـدێکیانم بیـر نەمـاوە، ڕۆژێکیـان سـاڵەح مـالوومەیی هـات سـەرقاپی برنجـی بە دەسـتەوە بـوو، گوتمـان: "کـاک سـاڵەح ئەمە چییـە؟" گـوتی: "وەڵا بـاجی گیـان ئەوە پێشـمەرگەکان ئەم قـاپە برنجەیـان نـاردووە تـاوەکو ببیـنن کە ئەم چێشـتکەرە چەن پیسـوپۆخڵ و بـێکەڵکە، ئـاوا برنجـی خسـتووەتە بەردەمیـان، کەچـی گومشـکی تیـایە و نەیبـژاردووە، سـەیرم کـرد یەکسـەر بـۆم دەرکەوت کە ئەم گومشـکە دەسـتکردی خۆیـانە، چـونکە وا بـرنجەکە چەنـد دانەیە گومشـکی تیـا بـوو، چێشـتکەرەکە چـاوی کـوێر بـووە و نەیـدیوە کـاتی بـژاردن؟! بەڵام وا بە ڕێکـوپێکی ڕیـز کرابێـت لەسـەر قـاپی بـرنجەکە، بە وشـکی پێـوە کرابێـت و کـۆمەڵ کرابێـت، ئەمە ڕاسـت نیـیە، ئیتـر دایکـم هـات و هەمـوو سـەیریان کـرد و زانیمـان کە ئەمە خۆیـان وایـان کـردووە و ئەم بوختانەیـان بەو چێشـتکەرە قوڕبەسـەرە کـردووە تـا دەربکرێـت و ئیتـر ئەوانـیش چێشـتی دایکـم بخـۆن. هەرچۆنێـک بـوو هەنـدێکمان تـووڕە بـووین و دواتـریش زۆر پێکەنـین. ئیتـر کە بـاوکی هێـرۆ هـات بەسـەردا و زانیـی بەزمەکە چییـە،

به ساڵەح مالوومەیی گوت: "بڕۆ پێیان بڵێ چێشتەکەی ئیمڕۆ بڕێژن و بیدەن بە مریشک و تەیرەکان، ئێستا دەنێرمە سەر چێشتکەرەکە و پێی دەڵێم جارێکی تر وای کرد دەری دەکەین و زەلامێکی تریان بۆ دەگرین". ساڵەح مالوومەیی بە مەلولی گەڕایەوە وای زانی هەر گورج بڕوا دەکەین و چێشتکەرەکە دەر دەکەین، ئێمەش زۆر بەم فێڵ و بوختانەیان پێکەنین، ئەوانیش هیچیان بۆ نەمایەوە و بێدەنگ بوون.

لەو ماوەیەدا، وردە وردە وەزع خەریکی تێکچوون بوو لەگەڵ حکومەت، هەر وەکو عەرەب گوتەنی "کالعادە" هەموو ڕۆژێک ڕووداوێک و بەزمێک ڕووی دەدا، وەفد هەمیشە بەڕێوە بوون بۆ بەغدا و گفتوگۆ (مفاوەزات)، بەڵام کە وەفدی کورد دەگەڕانەوە بۆ کوردستان جار لە دوای جار بێئومێدتر دەبوون و فرتوفێڵی حکومەتیان زیاتر بۆ ئاشکرا دەبوو هەر وەکو هەموو جارێک، ئاخری ئەوەندەی پێ نەچوو قسە و قسەڵۆک بڵاو بووەوە و فڕۆکەی حکومەت کەوتە گەڕ بەسەر ناوچەکاندا و خەڵک کەوتنە خۆیان و کەوتنە دروستکردنی کونەتەیارە، بە هەر شوێنێکدا یەکێک تێپەڕ بوایە بە درێژایی دێهاتەکان و ڕێگەکانی دوای ڕەواندوز و بەرەو گەڵاڵە، قەسرێ، ناوپردان، چۆمان و حاجی ئۆمەران، هەر خاکەناز بە دەست بوو، خەریکی چاڵهەڵکەندن و کونەفڕۆکە بوون، کە کاتێک فڕۆکە دەهاتە سەریان هەر ماڵە ڕا بکاتە چاڵەکەیانەوە. لە بەردەمی ماڵی ئێمەش لە پشتەوە خەریک بوون کونەفڕۆکە و چاڵی قووڵیان هەڵدەکەند بۆ کاتی پێویست، ئیتر لە ناکاودا هەر ئەوەندەمان زانی ساڵەح مالوومەیی دەستی گرتووە بە دەمیەوە و دەقیرێنێت "تەیارە هات ڕا بکەن"، منیش پێش هەموو شت پەلاماری باقێڵ و هاوڕێم دا و بە ڕاکردن چووینە ناو چاڵەکەوە، منداڵەکانی تریش هەموو بە ترس و بە ڕاکردنەوە دەهاتن، بۆ نەگبەتی بارانیش وردە وردە دەستی پێ کردبوو، جاری وا هەبوو کە منداڵەکانم دەبرد و دەچووین

سەیرمان دەکرد چاڵ و کونەتەیارە بەخێری بارانی تێچووە و هەمووی هەر قورە، ئیتر شێت دەبووم لە داخاندا قاچوقوڵ و داوێنی کراس و کەواکەم هەموویان دەبوون بە قوڕ تا ئەژنۆم هەموو دەچەقینە قوڕەوە.

ئیتر باس ناکرێت کە چیمان بەسەر هات، لەبەر منداڵەکان نەبوایە من هەر دەچووم لە بەردەمی فڕۆکەکە دادەنیشتم و بۆمبا و بۆردومانەکەم لا خۆشتر بوو لە چوونە ناو ئەو قەبر و چاڵەوە و ئەو منداڵە نازدارە خۆشەویستانەم بەو حاڵە دەگەیشتن، ئینجا دەکەوتمە دوعا لە خۆم تاوەکو هەندێک جار جنێوم بە خۆم دەدا و دەمگوت: "باشە حەواڵە بە خوا بێت تۆ چووبوویت بۆ قاهیرە و کە زانیت وەزع خراپە بۆ وا بە پەلە هاتیتەوە، سەرلەشکری بوویت ئاگرتێبەربوو، ئامر هێز بوویت، چوونە قاهیرە و میسریش ئەوە بوو لەو ماوەیەدا دوو جار چووم کە باڤێل تەمەنی بوو بە شەش مانگ و مام جەلال و هێرۆ لە قاهیرە جێگیر بوون. هێشتا مام جەلال باڤێلی کوڕی نەدیبوو، ئیتر وامان دانا کە بڕۆم بۆ قاهیرە، ئەوسا هێشتا دایکم و منداڵەکان لە بەغدا بوون لەبەر مەکتەب.

لەبەر ئەوەی مام جەلال و هێرۆ لە قاهیرە جێگیر بووبوون، ناردیان هەندێک لە کچەکانم و هەڵۆی کوڕم و هەڤاڵی خوشکەزام بچن لە لایان بن و لەوێ بخوێنن، ئەوە بوو منیش لەگەڵ باڤێل (کە ئەو کات شەش مانگان بوو) و هاوڕێ (کە چوار ساڵ) و کوردەی کچم، چووین و دوو مانگێک لەوێ بووین. دواتر گەڕاینەوە بۆ بەغدا و لەوێشەوە بۆ ناوپردان، دوایش کە باڤێل بوو بە ساڵێک، دیسان چووین و حەزم کرد کە ڕۆژی جەژنی لەدایکبوون لە باوەشی هێرۆ و مام جەلالدا بێت، ئیتر لەوێ مام جەلال زەماوەندێکی خۆشی بۆ کرد و بە دیدەنی باڤێل شاد بوونەوە، هێشتا لە قاهیرە بووین دەنگ و باس بڵاو بووەوە کە ڕەوشەکە لە بەینی کورد و حکومەتدا خەریکە تێک دەچێت، منیش دوودڵ بووم لە گەڕانەوە و بردنی منداڵی بەستەزمان بۆ ژێر بۆردومان و فڕۆکە، بۆیە گوتم دڵم نایەت باڤێل بەرم با لێرە لە لاتان بێت لەبەر شەڕ، ئەگەرچی لەناو ڕەوشی نالەبار و

شــەڕ و بۆردومـــان وام دەگـــوت، بەڵام لەڕاســـتیدا نەمزانـــی هەر یەک ڕۆژ لە باڤێـڵ دوور بـکەومەوە دەســتبەجێ یـان دەمــرم یــان شـێت دەبـم، مــام جەلال هــاتە قسـە و گـوتی: "چـی؟ باڤێـڵ لێـرە بێـت لەبەر بۆردومــان؟ بە خـوا لە پـێش هەمــوو کەســێک ئەو دەبێــت لەوێ بێــت، بــۆچی باڤێــڵ لەو هەمــوو منــداڵەی کــورد و منــداڵی دێهــاتی بەســتەزمان عەزیزتــرە؟! بە خــوا پـێش هەمــوو کەس دەبێت ئەو ببەیتەوە.

بە هــۆی ئەوەی وەزعەکە تێــک چووبــوو، ناچــار دایکــم و ئەو دوو-ســێ منــداڵەی بەغــداش بە هەڵەداوان ڕایــان کردبــوو بـۆ نــاوپردان، بـۆیە ئەم جــارە بە ڕێــگەی ئێــرانەوە گەڕایــنەوە و هەڵــۆی کوڕیشـــم گەڕایەوە لەگەڵمـــان و گــوتی: "نــاتوانم لەوێ شــەڕ بێــت و مــن لێــرە بــم، ئەوە بــوو ئەوەنــدەی پــێ نەچــوو فــڕۆکە کەوتە ئاســمان و کەوتیــنە چــاڵ و کــونەفڕۆکە دروســتکردن و چاڵهەڵکەنــدن. بـۆیە دوعــام لە خــۆم دەکــرد و دەمگــوت: "بـۆ هــاتمەوە و ئەم منداڵە بەستەزمانانەم هێنایەوە ناو ئەم ئاگرە؟".

دواتــر ڕێگەیەکـی ترمـان بـۆ دۆزرایەوە کە مـن باڤێـڵ و هــاوڕێ و کــوردەی کچــم بــبەم و بــڕۆم بــۆ مــاڵی کــاک عــومەر دەبــابەی نەمــر، چــونکە ئەوان خانووەکەیــان لەســەر شــاخێک بــوو نــازانم نــاوی شــوێنەکە چــی بــوو، بەڵام هەنــدێک دوور بــوو لە نــاوپردان و بەرەو ڕێــگەی حــاجی ئــۆمەران بــوو، ئەو لەوێ خــانووی کردبــوو، ژوورێکـی ژێرزەمینــی خۆشیشــی کردبــوو بـۆ کاتێـک کە فڕۆکەکـــان دێـــن و بۆردومـــان دەکەن، بـــۆیە منـــداڵەکانم بـــرد و بـــاوکی هێـرۆش گـوتی: "بـڕۆ بـۆ ئەوێ و بەرۆکمـان بەردە، تـاوەکو شـوێنێکی تـر پەیـدا دەکەیـن"، چـونکە لەبەر ئەو چــاڵە پـڕ قـوڕ و بـارانە دەمکـرد بە هەرا و شــەڕ و قیڕەقیـڕ. لە بیـرمە جارێکیـان هەمـوو ڕامـانکردە نـاو کـونەفڕۆکەکەوە و دایکـم هەر خەمــی منــداڵەکانی بــوو کە زوو بــگەنە نــاو چــاڵەکەوە، فــڕۆکەش بە ژوور ســەرمانەوە گــرم و هــۆڕی بــوو، دایکیشــم لەو نــاوە هەر دەهــات و دەچــوو و شــڵەژابوو، بــاوکی هێـرۆ بــانگی کــرد و گــوتی: "ئەوە بــۆچی نایەیــت، ئێســتا بە هـــۆی سەرپۆشـــەکەتەوە (کە ســـپییە) فـــڕۆکەکە دەمانـــدۆزێتەوە، دایکـــم بە

هەڵەداوان هـــات و لەســـەر بەردێــک لە بەردەمـــی کـــونەفڕۆکەکەدا دانیشـــت دیســان هەمــوو تێیبەربــوون و گوتیــان: "حــاجی ئەوە تــۆ چــی دەکەیــت، چیــت پێ دەڵێن؟".

ئیتــر ناچــار ئەویــش هــاتە لامــان و زۆر پێکەنــین و دەمــانگوت: "ئەرێ دایە گیــان ئەوە تــۆ بــۆ وات دەکــرد؟" دەیگــوت: "بڵــێم چــی نــاو ئەو چــاڵە قــوڕاوییە زۆر ناخۆشــە هــیچ جلەکــانم نامێنێــت". مــن و منــداڵەکان چــووینە مــاڵی کــاک عــومەر لای ســورەیا خــان، تــاوەکو مــاڵی ئــێمە گواســتیانەوە بــۆ چنگیــان. ئەو شـــوێنە نزیکـــی حـــاجی ئـــۆمەران بـــوو، یەکەم جـــار کە گەڕایـــنەوە دوای ئاشـــتبوونەوەی هەردوو بـــاڵی پـــارتی هـــاتین لەوێ لە ژێـــر کەپـــر و چـــادردا دامەزراین، تاوەکو دوایی هاتینە ناوپردان بۆ ناو خانووەکەی چنگیان.

ئیتــر مــن و منــداڵەکان گەڕایــنەوە ئەوێ و لەوێــش کەوتــنە چاڵهەڵکەنــدن و کـــونەفڕۆکە دروســـتکردن، ئەگەرچـــی زۆر جێگەیەکـــی ئەمـــین و بـــاش بـــوو، هەمــوو شــاخی ســەخت و پەنــا بــوو، هەڵــۆی کــوڕم لەگەڵ کرێکارەکــان هەر خەریکــی چاڵهەڵکەنــدن بــوو، لەپــی دەســتی هەمــووی بووبــوو بە بلــۆق. ڕۆژێــک بە دایکمم گوت:

- دایە گیان سابوونە ڕەقییەکانت هەمووی هێناوە؟

- ســـابوونی چـــی و بـــۆچی لە نـــوێن و هەنـــدێک قـــاپ و قاچـــاغ هیچـــی دیکەمــان هێنــاوە؟ مــاڵەکە هەر عەینــی خــۆی بەجــێ مــاوە. ســاڵەح مــالوومەیی و پێشمەرگەی بە دیارەوەیە.

- چــۆن ســابوونی ڕەقــی منــت نەهێنــاوە؟ بە خــوا هەر ئێســتا دەڕۆم بــۆ ناوپردان بۆ سابوونەکانم.

**تێبینـــی**: مــن بە درێژایــی ژیــانم لە ســابوونی ڕەقــی جیــا نەبــوومەتەوە، لە ژیانمـدا دەسـتم بـۆ هـیچ سـابوونێک نەبـردووە، تـاوەکو ئێسـتاش کە لە لەنـدەنم و ئەم هەمــوو جــۆرە ســابوونە جــوان و بۆنخۆشــەی هەیە، مــن لە ســابوونی ڕەقـــی زیـــاتر، هیچـــی تـــر بە کـــار نـــاهێنم و دەســـت و پـــێ و دەم و چـــاو و

سەرمی پێ ناشۆم، ئێستا لە لەندەن ژوورەکەم وەک بازاڕی شۆرجەی جارانە، ئەوەندە سابوونی ڕەقی نایابی تیایە، کە یەکسەر لە شامەوە بە کارتۆن بۆم دێت، ئەم سابوونی ڕەقییەش دیارە لە منداڵییەوە فێری بووم، هەر چاوم کردووەتەوە و هەستم پەیدا کردووە، ئەویش بە هۆی نەنکی خۆشەویستمەوە (دایکی دایکم)، کە هەر ئەو بەخێوی کردبووم، وەکو لە پێشتریش باسم کردووە.

نەنکم خەڵکی "وان"ی کوردستانی باکوورە، کچی سید سلێمانی سرییەیە، کە بابەگەورەی کوڕەزای شێخ موسا بەرزنجییە، لە بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانمدا زۆر باسی نەنکمم کردووە، کە کچی ئەو زانا گەورەیە چۆن خوێندەوارێکی دنیادیدە و ڕۆشنبیر بوو، ماڵی باپیرم (باوکی دایکم) عەبدوللا، خەڵکی زۆزانی کوردستانی باکوور بوون، لادێی و عەشایەر بوون لەچاو باوکی نەنکم و خێزانیان، چونکە ئەوان شارستانیتر و خوێندەوارتر بوون و ماڵی باپیرم عەشایەر و کۆچەری بوون و کوێستان و گەرمیانیان دەکرد و خاوەن حەیوان و مەڕوماڵات بوون. باپیرە عەبدوللایان ناردبوو بۆ وان بۆ خوێندن لە کۆلێژی سەربازی، باوکی نەنکیشم سەید سلێمانی سری مامۆستای کۆلیژەکە بوو، زانا بووە و زۆر عەبدوللای باپیرمی خۆش ویستبوو، بۆیە کچەکەی خۆی پێ دابوو (کە دەکاتە نەنکم). لەبەر ئەوە ئەم هەموو خۆشەویستییەم بۆ سابوونی ڕەقی، پاشماوەی ئەو نەنکە خۆشەویستەمە، ئەوەشی فێر کردووم کە هەموو سابوونە ڕەقییەک ساغ و باش نییە، تەنیا ئەو سابوونانەی دەیخەیتە ناو جامێ ئاوی زۆرەوە و سەرئاو دەکەوێت، مانای ئەوەیە کە هەموو زەیتی زەیتوونە، ئەگینا ئەوەی ساغ نەبێت ژێر ئاو دەکەوێت، بۆیە کە دەنێرم سابوونی ڕەقیم بۆ بێت، دەبێت سەرئاو بکەوێت ئینجا دەیکڕم.

با بگەڕێینەوە بۆ "چنگیان"، گوتم: دەڕۆمەوە ناوپردان، سابوونە ڕەقییەکانم دەهێنم، هەموو هاتن بەگژمدا، بەڵام گوێم نەدا بە کەس، باش بوو باوکی هێرۆ لە ماڵ نەبوو وا بزانم چووبوو بۆ حاجی هۆمەران بۆ لای

مەلا مستەفای نەمر، بۆیە کوڕەکانم بانگ کرد و منداڵەکانم لای دایکم دانا و هەر شەڕی دەکرد و دەیقیڕاند بەسەرمدا و دەیگوت: "چۆن دەڕۆیت بەشکم لە ڕێگە تەیارە هاتە سەرتان چی دەکەیت؟" وا بزانم هەڵۆی کوڕم بوو بە تووڕەبوونەوە گوتی: "ئینجا دەبێت بە شەهیدی سابوونە ڕەقی، هەرچۆنێک بوو سواری لاندرۆڤەر بووم لەگەڵ کوڕەکانی خۆمان بۆ ناوپردان و یەکسەر چوومە ژوورەوە، هەرچەند کاک ساڵەح مالوومەیی و پێشمەرگەکانی تر گوتیان: "دادە ئەوە چۆن هاتیت؟ بە خوا وا دەنگی تەیارەیە، گوتم: "ئینجا قیروسیا خۆ ڕۆحی من لە ڕۆحی ئێوە عەزیزتر نییە؟" ئیتر بە پەلە چوومە ژوورەکەم و کەنتۆرەکەم کردەوە و کارتۆنە سابوونە ڕەقیم دا بە کۆڵی کوڕەکاندا، یەکسەر بۆ ناو ئۆتۆمبیل و خواحافیزیمان کرد و کەوتینەوە ڕێ بەرەو چنگیان، لە ناوپردان دەربازبووین و لە چۆمان تێپەڕین و گرمەی فڕۆکەی حکومەت گەیشتە سەرمان، لە ڕێگە هەر ژن و منداڵ بوو بە وڵاخ و بە پێ بەرەو حاجی هۆمەران لە ترسی فڕۆکە و شەڕ دەڕۆیشتن، فڕۆکە گەیشتە نزیکمان، کوڕە پێشمەرگەکان لاندرۆڤەرەکەیان ڕاگرت و هەموو دابەزین لەگەڵ هەندێک لەو کەسانە پێمان گەیشتن و هەموو ڕامان کرد بەرەو ئەشکەوتێکی زۆر گەورە و بەرینی شاخە دڵگیرەکانی کوردستانی خۆشەویست، هەر یەکسەر هەموو چووینە ناو ئەشکەوتەکەوە، کاتێک سەیرمان کرد لە ناو ئەشکەوت دوو-سێ کاژە مار لەو ناوە کەوتوون، کەمێک تاریک بوو وامان زانی کیسە نایلۆنن کەچی کاژە مار بوون، زۆر سەیر بوو کەسمان نەدەترساین لە فڕۆکە، هەرچەند بۆرودومانی ئەو دەوروبەرەی کرد، بەڵام لە نزیک ئەشکەوتەکەمان نەبوو، هەندێک ئەولاتر گرمەی بۆردومان دەهات. دوایی ملیان شکاند و دەنگیان نەما، ئێمەش هەموو هاتینەوە دەرەوە و هەر کەسە بە ڕێگەی خۆیدا چوو. سواری لاندرۆڤەرەکەمان بووین و گەڕاینەوە چنگیان، کە گەیشتینەوە هەموو شڵەژابوون لەبەر دەنگی بۆردومان، دەیانزانی بەڕێوەین لەبەر ئەوە هەموو بە جارێک لێم ڕاپەڕین و تووڕە

بـوون، بەتـایبەتی دایکـم، گـوتی: "چەنـد جـار گـوتم وەختـی نیـیە، دە بـزانە خـوا ڕەحمـی کـرد کە پێـوەی نەبـوون. دەسـتی کـرد بە جنێـودانی سـابوونە ڕەقـی و ئەوەی دروستیشـی کـردووە. ئیتـر بەرە بەرە وای لـێ هـات کەس هیچـی پـێ نەدەکـرا هەر مـاڵی خۆمـان تـاوەکو هەنـدێک نـانی تیرییـان دەکـرد، چـوار-پێـنج جـار ئـاگر دەکـوژێنرایەوە و سـاج و تیـرۆک و پنەیـان پەلامـار دەدا و دەگـوێزرانەوە. بـۆیە ناچـار هەمـوو کەوتیـنەوە ڕێ بەرەو حـاجی هـۆمەران و بەرەو ئێران، دەچووین بۆ ورمێ و شارەکانی تر.

هێشـتا لە بەغـدا بـووین و هەڵـۆی کـوڕم لە مەکـتەب بـوو، مـام جەلال ئۆتـۆمبیلێکی ڕینـۆی بچـووکی بـۆ کڕیبـوو، وەزع خەریـک بـوو تێـک دەچـوو دایکـم منـداڵەکانی هەمـوو هێنـا و لە بەغـدا نەمـان. هەڵـۆش لەگەڵ کچەکـان چـوو بـۆ قـاهیرە بـۆ لای هێـرۆ و مـام جەلال، ئۆتـۆمبیلی هەڵـۆ کە هەر لەبەر ئەو بـارودۆخە نالەبـارە بە دەسـت حکـومەتە بەدناوەکـانی ئەوسـای عێـراقەوە بـوو. بـۆیە ئۆتۆمبیلیـان هێنـایە نـاوپردان لەگەڵ دوو لانـدرۆڤەر و ئۆتـۆمبیلی فیاتی هێرۆی کچم، ئیتر من چووم بۆ قاهیرە بۆ جەژنی لەدایکبوونی باڤێڵ.

لە کوردســتان وەزع تێـک چـوو، مـن و باڤێـڵ کە سـاڵێکی تەواو کـرد و هـاوڕێی کـوڕم چـوار سـاڵ، بە ڕێـگەی ئێـرانەوە گەڕایـنەوە کوردسـتان. هەڵـۆش لەگەڵمـان هـاتەوە، ئیتـر لە ژێـر بۆردومـانی فـڕۆکە و شـەڕ، ئـێمەش لەگەڵ خەڵـک کەوتیـنەوە ڕێ بەرەو ئێـران، هەڵـۆ ئۆتـۆمبیلەکەی لێخـوڕی و بەشـێکمان لەگەڵ ئەودا سـوار بـووین تـاوەکو ورمـێ. لە ورمـێ دامەزرایـن، خـانوویەکی گەورەی خۆشـیان بـۆ گرتبـووین، دوو ژوورمـان دا بە مـاڵی مـونیرە خـانی قەفتـان و کـاک حامیـد کە پیـاوێکی مەرد و دڵسـۆزی کـورد و کوردسـتان بـوو، لەگەڵ کەژاڵـی کچیـان، هەروەهـا مـاڵی کـاک عـومەر دەبـابەی نەمـریش لە ڕەزائیـیە (ورمـێ) دامەزران، هەروەهـا چەنـد مـاڵێکی تـریش... ئەوانـی دیـکەش دابەش بـوون بەسـەر شـارەکانی کوردسـتانی ئێـران، وەکـو: سـەقز و مەهابـاد و شـارەکانی تـر... مـاڵی شـەهید عەلـی عەسـکەری نەمـریش وا بـزانم گەیشـتنە مەهابـاد؛ هەروەهـا مـاڵ و خێزانـی مەلا مسـتەفای نەمـریش

پەڕیـــنەوە و تێکـــڕا هەمـــوو کـــوردی خۆمـــان پەرش و بـــڵاو بـــوونەوە لە شارەکاندا.

ورمـــێ شـــارێکی زۆر پـــاک و تەمیـــز و دڵگیـــر و خـــۆش بـــوو، بەڵام ئـــێمەی ئـــاوارە و پەڕاگەنـــدە دەتگـــوت لە نـــاو ئـــاگردایــن، چـــونکە وڵاتەکەی خۆمانمـــان بەجـــێ هێشـــتبوو. ئەوانەی نەیـــانتوانیبوو ڕزگاریـــان بێـــت، لە نـــاو چنگـــی حکـــومەتە دوابـــڕاوەکە بەجـــێ مـــابوون، ئەگەرچـــی وردە وردە خەریـــک بـــوو ڕا دەهـــاتین. کەوتیـــنەوە خۆمـــان و ژوورمـــان دادەمەزرانـــد، نـــان و چێشـــتمان لێـــدەنا و لەگەڵ ئاشـــناکانمان ســـەری یەکتریمـــان دەدا. پەیتـــا پەیتـــاش خەڵکـــانی دیـــوی خۆمـــان هەر کاتێـــک بۆیـــان هەڵبکەوتـــایە لە دەســـت ناخۆشـــیی وەزع و گرتن و بڕین بە ڕاکردن دەپەڕینەوە ناو ئێران.

ئەوەنـدەی پـێ نەچـوو ڕۆیشـتین بـۆ تـاران، چـونکە منـداڵەکانمان فارسـییان دەزانـــی و دەبـــوو بچـــنە مەکـــتەب، ئەم جـــارەماڵێکیـــان بـــۆ گـــرتین لە "تەهـــران پـــارس". خێزانەکەمـــان زۆر بـــوو و زۆر قەرەبـــاڵغ بـــووین، چەنـــد کـــوڕێکی خزمیشـــمان لەگەڵـــدا بـــوو، ماڵەکـــانی تـــر هەر لە شـــوێنی خۆیـــان مـــانەوە. مـــاڵی ســـەرۆک مەلا مســـتەفای نەمـــریش گەیشـــتنە کەرەج کە شـــار و جێگەیەکـــی خۆشـــی نزیـــک تـــارانە، بـــۆیە زوو زوو دەچـــووینە لایـــان و ســـەرمان دەدان، هەروەهـــا بـــاوکی هێـــرۆ تێکـــڕا ڕۆژ نەبـــوو نەچێـــت بـــۆ کەرەج بـــۆ لای مەلا مستەفای نەمر، کە هەمیشە دیوەخانی پڕ بوو لە کوردە دەربەدەرەکان.

منـداڵان دیسـانەوە چـوونە مەکـتەب، گەورەکـانیش هەر یەکە بەپێـی تەمەن و پـۆل خەریـک بـوون، هـاوڕێی کـوڕم کە بووبـوو بە پێـنج-شـەش سـاڵێک، مامۆسـتایەکی ژنمـان بـۆ ڕاگرتبـوو دەهـاتەوە مـاڵەوە دەرسـی پـێ دەگـوت و فارسـیی فێـر دەکـرد، نـازەی کچـم گەیشـتە زانکـۆ و لە کـۆلێجی دکتـۆری (پزیشـکی) وەرگیـرا، دیسـان سـاواک ئۆتۆمبیـل و ئۆتـۆمبیلچی بـۆ دابـین کردبـووین، ئەم جـارە نـاوی ئۆتۆمبیلچیەکەمـان ئاغـای ئەسـفەهانی بـوو. هێـرۆ و مـام جەلال لە قـاهیرەوە هـاتنە سـوریا، لە شـام گیـر بـوون، باقێـڵ گیـان پێـی گرتبـوو، بەمـلا و ئەولادا ڕای دەکـرد، تەمەنـی نزیـک دوو سـاڵ بـوو، ڕێسـانی

خوشکم شووی کردبوو بە کاک مەزهەری خالقی ئەوانیش لە "کرماشان" بوون، کە هێشتا هەر لە ڕەزائیە (ورمێ) بووین. لەگەڵ هەندێک منداڵ چووینە لایان بۆ کرماشان، کاک خالقی لەوێ بەڕێوەبەری ئێزگەی کرماشان بوو. هەر گەیشتین دوای دوو ڕۆژ هاوڕێی کوڕم و باڤێل نەخۆش کەوتن، ئینجا چۆن نەخۆشییەک! کە دوور لە گیانیان هەر گوتم ئیتر زیندوو نابنەوە، کەوتنە سەر سکچوون و هەوکردنی قوڕگ و سنگ، بە جارێک ڕووخام و هەموو سەعاتێک دەمردم زیندوو دەبوومەوە. دکتۆرەکان هەر بەڕێوە بوون و بەدیاریانەوە بوون، بە پەلە یەکێکم نارد بە شوێن دایکمدا کە لە ورمێ بوو، چونکە دکتۆرەکان نەیاندەزانی من چارەسەر بکەن یان منداڵەکان. من هەر لە ژیانمدا وا بووم و دایکێک بووم کە فیدای منداڵەکانم بووم، کە نەخۆش دەکەوتن منیش نەخۆش دەکەوتم و لەگەڵیان چاک دەبوومەوە، بەتایبەتی ئەم جارە کە هەردووکیان منداڵ بوون و باڤێل یەکەم نەوەم بوو، هەر کە لە دایک بوو لە باوەشمدا گەورە بوو، ڕۆح و هەناسەم بە موویەکی سەریەوە بەند بوو، لە دوو-سێ لاوە ئەو خۆشەویستییە کۆ بووبووەوە لە سەری، یەکەم دڵم بۆی دەسووتا کە دایک و باوکی لێ دوورن و بەو حەسرەتەوەن ببینن و لەبەر نالەباری و دوژمنایەتیی ئەو حکومەتە بەدناوانە وا لێک دابڕابووین، دووەم وەکو عەرەب گوتەنی "ما فی اعز من الولد الا ولد الولد" واتا: "هیچ شتێک لە منداڵەکەت عەزیزتر و خۆشەویستتر نییە، تەنیا منداڵی منداڵەکەت نەبێت". سێیەم هاوڕێ کە کوڕە بچوکەکەم بوو، بەسەر چوار کچەوە هاتبوو، ئەویش زۆر نازدار و خۆشەویست بوو، گیان و ڕۆحم بەسەر موویەکی سەری ئەویشەوە بوو، ئەگەرچی وەکو لە پێشەوە باسم کردووە کە کچەکانم یەک لە یەک شیرینتر و خۆشەویستتر بوون لە لامان، تەنانەت لای دایکیشم. کە کچم دەبوو باوکی هێرۆ ئەگەر لە دەرەوە بوایە و لە بەندیخانە نەبوایە یان شاراوە نەبوایە، بۆ کچەکانی کە لە دایک دەبوون، ئاهەنگی دەکرد و زەماوەندی بۆ دەگێڕان و دەیگوت: ئەوە لە ڕقی ئەوانەی

هەر بۆ کوڕ وا دەکەن و گوێی پێ نادەن کە کچیان دەبێت. دەیگوت: لە ڕقی ئەوانەش کە دەڵێن ئەوە دیسان گەلاوێژ خان کچی بوو، ئەوان نازانن کە من هەر کچێکم بە حەوت کوڕ نادەم. کوڕەکانیشی لە گیانی خۆم زیاتر خۆش دەویستن.

کاتێک مام جەلال و هێرۆ ئەوەیان بیست کە من بە نەخۆشیی باڤێل وام بەسەر هات و خەریک بوو بمرم، بەتەواوی وایان قەرار دا کە هێرۆ بێت سەرمان بدات و باڤێل بەرێتەوە بۆ لای خۆیان بۆ شام، ئەگەرچی دیسان نیوەی کچەکانم و مەیان و پەیمانی خوشکەزام و هەموویان لەوێ لە لایان بوون، هەروەها هەڵۆ گەڕایەوە لایان، چونکە دەیویست لە شام بچێتە زانکۆ، بۆیە هێرۆ هات بۆ لامان بۆ تاران و لەگەڵ دایکم و هەڵۆ باڤێلیان برد و ڕۆیشتن بۆ شام، بەڵام ئەوەی بەسەرم هات کە باڤێل لێم جیا بووەوە، یا خوا بەسەر دوژمنیش نەیەت و کەس لە جەرگی دوور نەکەوێتەوە. بە جارێک تێک چووم و شێت بووم، دادەنیشتم دەنگی پێی باڤێل دەهاتە گوێم کە بە ماڵەکەدا ڕای دەکرد. بەملادا دەچووم شتێکم دەبینی و وەک شێت پەلامارم دەدا و خەریک بوو ببووریمەوە، تا گەیشتمە ئەوەی چووم بۆ شاری قوم بۆ سەر مەرقەدەکان بەتایبەتی بۆ سەر مەرقەدی "حەزرتی مەعسومە" کە خوشکی ئیمام ڕەزایە (حەزرتی مەعسوم) مەرقەدی لە قومە و حەزرەتی ڕەزا لە مەشهەدە، میش بۆ سەر هەردووکیان چووم و باوکی هێرۆش زۆر نیگەران و ناڕەحەت بوو بۆم، هەروەها کچەکانم و باوکی هێرۆ هەر دڵی دەدامەوە و دەیگوت: ئەی تو خوا خەفەتت بۆ مام جەلال و هێرۆ نەدەخوارد کە نایبینن چووەتە لایان، دەبێت تۆ دڵت خۆش بێت، دەمگوت: دڵم خۆشە کە چووەتە لایان، بەڵام من ناتوانم و لە توانامدا نییە کە باڤێل لێم دوور بکەوێتەوە، باوکی هێرۆش دەیگوت: ئەوەتا شام هەمووی دوو سەعاتە، ئێستا دایکت و هەڵۆ لە شامن، کە دایکت گەڕایەوە ئینجا تۆ بڕۆ بۆ لایان، دایکم بۆیە چووبوو، چونکە باڤێل یەکەم جار بوو لێمان دوور بکەوێتەوە، دەبوو دایکم لەگەڵی بوایە و

هەرچۆنێک بوو دوو مانگی مابوو کە پاڤێل ببێت بە دوو ساڵ، بۆیە بۆ جەژنی لەدایکبوونی کە ببێت بە دوو ساڵ، چووم بۆ لایان لە دوای ئەوەی دایکم گەڕایەوە لامان، ئینجا هاوڕێم برد و چووم، کە گەیشتم لە فڕۆکەخانە هەموو هاتبوون بەپیرمەوە. بەیانی بوو، باڤێل لە ماڵەوە نوستبوو، کە گەیشتم یەکسەر چوومە ژوورەکەی، هەر دەتگوت بۆنی کردم هەر گورج چاوی کردەوە و بە چاوی نووستووەوە پەلاماری دام، ئیتر یا خوا هەموو دایکێک و هەموو بە حەسرەتێک وەکو ئەو دەقیقە و سەعاتەی من و باڤێل دەستمان کردە ملی یەک و بەیەک شاد بووینەوە، ئاوا بەیەکتری شاد بنەوە.

لەو کاتانەش سەدام و شای ئێران خەریکی گفتوگۆ بوون لەگەڵ یەک، خەریکی وەفد و وەفدناردن بوون کە ئیتر شا دەبێت کورد چەک بکات و نەهێڵێت لە مەرز بپەڕنەوە و بێن شەڕیان لەگەڵ بکەن، ئەوە بوو ڕێککەوتن و ناویان نا "ڕێککەوتننامەی جەزاییر"، چونکە سەرکردەی جەزاییر خەریکی ئەو کار و ناوبژی و ئاشتبوونەوەیان بوو، ناوی سەرکردە جەزایرییەکەش "هەواری بۆمدین" بوو.

سەدام "لێبووردنی گشتی"ی دەرکرد، خەڵک سەریان لێ شێوابوو، هەمیشە دەگەیشتنە یەکتری، سەرکردە و پێشمەرگە و ماڵ و کەس و ئاشنا هەردەم بەڕێوە بوون بۆ لای یەکتری تا بڕیار بدەن کە چی بکەن، هیی وا هەبوو دەیگوت نارۆمەوە و دەچم بۆ وڵاتانی تر بە پەناهەندەیی، هیی تر هەبوو دەیگوت: وەڵا باوکم ئەم سەرلێشێواوی و دەربەدەرییەمان پێ ناکرێت، وا عەفوو دەرچووە ئەگەڕێینەوە بۆ وڵات، هیی دیکەش هەبوون کە کاتی ڕێکی و تەبایی لەگەڵ حکومەتدا خرابوونە کاری گەورە و وەزارەت و پلەی بەرزەوە، لایان وا بوو سەدام ڕاست دەکات! کە ئەم گەڕایەوە بۆ شوێن و جێی خۆی لەوێ بە قەدرە و پلە و ناوی ناسراوەوە سەیر دەکرێت، زۆر لەو کەسانە کە کاتێک بوون بە کاربەدەست و حکومەتی عێراقی دایمەزراندن، بەپێی ڕێککەوتن لەگەڵ کوردەکان هەندێک

لەو کەسانە کە بوون بە وەزیر و ئەو جۆرە کارمەندانە هەر زوو کەوش و کڵاشی باوک و باپیری خۆیان لە بیر خۆیان بردەوە و کەوتنە خۆنواندن و خۆفشکردن کە هیچ جۆرە عەلەشیشێکی ئەو ناوانە گرەوی لێ نەدەبردەوە و پێی نەدەگەیشت، بۆیە یەکێک لەو جۆرە کەسانە یەکسەر خۆی پێچایەوە و کەوتە ڕێ، لەسەر مەرز سوپای عێراقی ڕاوەستابوون و ئەو خەڵکەی دەگەڕانەوە وەریان دەگرتن و دەربازیان دەبوو، یەکێک لەو لەخۆگۆڕاوانەش ئەو ڕۆژە گەیشتە سەر مەرزەکە بپەڕێتەوە، لەو کاتەدا دوو-سێ سەرباز قاچیان دا بەیەکدا و سەلامێکی عەسکەرییان کرد و کابرای لەخۆگۆڕاوی وەزیر، وای زانی ئەمە ئەم سەلامە بۆ جەنابی کراوە و سەربازی عێراقی لە بیریانە کە ئەمە چی بووە، بۆیە بە کەش و فشێکەوە دەستی هەڵبڕی و سەلامی کرد، گوایە وەڵامیان دەداتەوە، لەو کاتەدا کابرای ئەفسەر پاڵێکی پێوە نا و جنێوێکی خەستیشی پێ دا و گوتی: هەی وا وا لێکراو، ئەو سەلامە بۆ من بوو، تۆ کێیت؟ بە پاڵەپەستۆ کردیانە ناو خەڵکەکەوە.

زۆر کەسیش هەر لە ئێران مانەوە، تاوەکو ئەم نزیکانەش هەر لەوێ مابوونەوە، ڕەنگە هەتا ئێستاش هەندێکیان هەر لەوێ بن. ئێمە کەوتینە خۆمان، باوکی هێرۆ سواری فڕۆکە بوو بەرەو شام بۆ لای مام جەلال، کەوتنە تەگبیر کە ئێمە چی بکەین و بۆ کوێ بچین. ئەم هەموو خێزانە گەورەیە و ئەو هەموو ماڵ و منداڵە... مام جەلال لەگەڵ باوکی هێرۆ وا ڕێک کەوتن کە ئێمە بڕۆینە ئەورووپا، بڕۆینە وڵاتێک کە قانوون و یاسای هەبێت، نەک کاربەدەست قانون و یاسا بێت، ئەگەرچی شای ئێران وەکو زۆر باسم کرد جوابی نارد بۆ باوکی هێرۆ و گوتی: "دەتوانن هەر لێرە بن و زۆر بەقەدر و حورمەت و خانوو و ژیانی چاک، بەڵام نابێت سەفەر بکەیت و نابێت چالاکیت هەبێت، باوکی هێرۆ جوابی بۆ نارد و گوتی: "زۆر سوپاستان دەکەین و دەمانەوێت بڕۆین.

ئەو شارەی کە هەڵمانبژارد لەندەن بوو، چونکە کاتی خۆی کە باوکی هێرۆ نەخۆش کەوت چووین بۆ ئەوێ بۆ لای دکتۆر و خەستەخانە، وەکو شتێک باوکی هێرۆ هەروەها منیش لەگەڵ لەندەن ڕاهاتبووین، وەکو دەڵێن پێڵاوی غەریبیمان لەوێ کرابووەوە، لەڕاستیدا زەرەرمان زۆر لێ کەوت، بەتایبەتی خوێندنی منداڵەکانمان. بەستەزمانانە دەگەیشتنە پلەیەک و کۆلێژێک و دیسان زرووف تێک دەچوو دەبوو بڕۆیین بۆ شوێنێکی تر.

منداڵەکانمان خوێندنیان فەوتا و چەند پلە دەهاتنە خوارەوە، زۆر گوناح بوون، کەسیان نەیانتوانی خوێندن تەواو بکەن لەبەر زرووفی ئێمە و دەربەدەریی ئەم شار و ئەو شار، شانازی کچم گەیشتە سێی کۆلێژی پزیشکی لە ئێران دیسان دەبوو بڕۆین، لیلۆزی کچم گەیشتە دووی کۆلێژی پزیشکی و ئەویش ئینجا سوریە گوتی دەبێت بڕۆن، لێرە مەبن، لەگەڵ سەدام خەریکی گفتوگۆن. هەڵۆی کوڕیشم بە هەمان شێوە. هەرچۆنێک بێت هەموویان وایان لێ هات، تەنیا هەڵۆم کۆلێژی تەواو کرد، ئەویش کە هاتینە لەندەن کاک کەمال فوئاد زەمالەیەکی بۆ وەرگرت لە کەنیسەیەک،ماڵیان ئاوا بێت توانیی لە لەندەن زانکۆکەی تەواو بکات، لە سویدیش دکتۆراکەی وەربگرێت. هەڵۆ بڕوانامەی دکتۆرای لە کۆمپیوتەر وەرگرتووەوە، ڕۆژی دەرچوونەکەی لە ستۆکهۆڵم بە بایەخپێدانەوە بەرزی کردەوە.

ئێستا با بێینەوە سەر ئەو شوێنەی کە گوتمان دەڕۆین بۆ لەندەن، خوا هەڵناگرێت ئێران بلیتی فڕۆکەشی بۆ هەموومان بڕی، لە پێشەوە باوکی هێرۆ گەیشتە لەندەن و پێی گوتن کە بە پەناهەندەیی هاتووە و ماڵ و منداڵیشی دێن، ئیتر بەرە بەرە هاتین. ئەو کاتە کوردی پەنابەری کەم لێ بوو، چەند کەسێک نەبێت کە دەمێک ساڵ بوو لە لەندەن بوون، وەکو خوالێخۆشبوو وەهبی بەگ و ئاسیا خانی ژنی کە هەموو جارێک دەڵێم ئەگەر دەسەڵاتێکم هەبوایە یەک پەیکەری ژنی فیداکارم بۆ ئاسیا خان دروست دەکرد، ئەوەندە ژنێکی باش و دڵسۆز بوو بۆ وەهبی بەگ، بەو

تەمەن و نەخۆشییەی خۆیەوە چۆن خزمەتی دەکرد و میوانی ڕایی دەکرد. ڕۆژی دە جار وەهبی بەگ دەینارده سەرەوە و دەیهێنایەوە خوارەوە تا بچێتە ژووری کتێبخانەکەی و ئەو کتێب و دۆسیەی بۆ بهێنێت کە دەیەوێت.

ئێمە هێشتا لە شام بووین لە لای مام جەلال و هێرۆ، باوکی هێرۆش گەیشتە لەندەن و خەریکی کاروباری هێنانی ئێمە بوو. ئەمەی باسی دەکەم ساڵی ١٩٧٥ بوو، کە ئێمە گەیشتین باوکی هێرۆ لە ناوچەی "سەتن" بوو، کە زۆر ناوچەیەکی پاک و خۆشە لە خانوویەکی زۆر بچکۆلەدا بوو کە دوو ژووری گەورە و ژوورێکی بچووکی وەک هیی زەخیرەی لای خۆمان و چێشتخانەیەکی کەمێک گەورە و باش لەچاو خانوو و ژوورەکان. یەکەم جار من و بەشێک لە منداڵەکان هاتین؛ بەڵام خانووەکە زۆر بچووک بوو، کەوتبووین بەسەر سکی یەکتریدا، هەروەها ماڵی کاک عومەر دەبابەی نەمریش هاتبوون، ئەوانیش خەریکی خانوو دۆزینەوە بوون، پێشتر سورەیا خان و دوو منداڵەکەی هاتبوون ناچار لەبەر بێشوێنی لەگەڵ باوکی هێرۆ لەو خانووەدا بوون، بەڵام ئێمە هاتین ئەوان چوونە شوێنێکی تر، ئاشکرایە هەموو ئەمانە شوێنی حکومەت بوون کە بۆ پەنابەران و لێقەوماوانی خەڵکی بێدەرامەتی خۆیان بوو. دواتر هەر لە عەینی سەتن خانوویەکی گەورەیان دۆزییەوە و ئێمە چووینە ناوی، ماڵی کاک عومەریش گەڕانەوە خانووە بچووکەکە، خانووەکەمان گەورە و خۆش بوو، باخێکی گەورە و خۆشی هەبوو هیی پیرێژنێکی بێوەژن بوو، خانووەکەی خۆیشی بە تەنیشت ئەو خانووەوە بوو. هەمیشە پیرێژن لە ناو باخەکەی بوو، ئیشی دەکرد و جوانی دەکرد، وا بزانم دوو-سێ کوڕ و کچی گەورەشی هەبوو، دیار بوو ماڵێکی خانەدانی کۆنی ئینگلیز بوون.

ئیتر وردە وردە دامەزراین و تەگەرە و کێشەی گەورە و بچووکیش سەریان هەڵدا، یەکەمیان مەکتەبی منداڵەکان و گەورەکان، دووەم چوونە بازاڕ و کڕینی نان و کەلوپەلی خواردن و ڕۆیشتنی ئەو هەموو ڕێگەیە بە

پـێ، هەمـوو جارێـک لەگەڵ هەنـدێک لە کچەکـان دەچـووین (زۆرتـریش بـاوکی هێـرۆ دەچـوو). مـاڵەکە کەمێـک دوور بـوو لە بـازاڕەوە و دەبـوو بەو هەمـوو کیسـە و کەلـوپەلەوە بـرۆین و بگەڕێیـنەوە مـاڵەوە. مەکتەبـی منـداڵەکان بـۆ هـاوڕێ و دواتـر پاڤێڵیشـم هێنـایەوە. ڕێـگەی مەکـتەب شـەقامێکی دووردرێـژ بـوو، نـاوم نـابوو شـەقامی "گویـل ئەلعـومەر". پاشـان، مـن حەساسـیەتم هەیە بەتـایبەتی بە سـەرما، ئینجـا وەرە منـی گۆشـەگیر کە لە ژیانمـان و لە هەمـوو زرووفێکمـان فێـر نەبـووم ئەوەنـدە شـەقام و کۆڵانـان بپێـوم و قەت لە ژیانمـدا بە تەنیـا نەدەچـوومە هـیچ شـوێنێک، ئەمە لە وڵاتـی خۆیشـمان کە چەنـد لە ژێـــر چنگـــی حکـــومەتە بەدناوەکـــانی عێراقـــدا بـــووین. مـــن لە تەمەنـــی پێنجسـاڵییەوە بە هـۆی خـاڵە هەمـزە عەبـدوڵڵای نەمـرەوە لە ژیـانی مەترسـی و حەپـس و گرتنـدا بـووین، تـاوەکو لە تەمەنـی حەڤدەسـاڵییەوە کە شـووم کـرد بە مامۆســتا بــرایم ئەحــمەد، لەگەڵ خــاڵە هەمــزەم هــاوڕێ و بــرادەر و هاوخەبـات و هـاوکۆلێژیش بـوون، هـیچ کـات و لە ناخۆشـترین زرووفـدا بە تەنیـا بە شـەقامەکاندا نەڕۆیشـتووم، ئەگەرچـی ئێـرە لەنـدەن بـوو. لێـرە خەڵـک هەمـوو سەربەسـتن و لە تەمەنـی هەژدەسـاڵییەوە دایـک و بـاوک منـداڵ بەڕەڵا دەکات و جیا دەبێتەوە.

سـەرۆکی حکـومەت لە لەنـدەن خـۆی هەنـدێک جـار لە چێشـتخانەیە و قاپەکـانی دەشـوات؛ بەڵام ئـێمە یەکەم جـار بـوو بە تەنیـا بمێنـین و کەسـمان لە دەور نەبێـت لە خەڵـک و کەسـی خۆمـان، بـۆیە هێشـتا ڕانەهـاتبووین ئەو شـەقامپێوانەی بـۆ مەکـتەب و سـۆپەرمارکێت و بـازاڕ زۆر بە لامەوە زەحـمەت بـوو، بـۆیە جارێـک لەگەڵ یەک-دوو کچـم چووبـووم بـۆ بـازار بـۆ شـتی خـواردن و مـاڵ کـڕین، ئەوانـیش هەر سـەرقاڵی دۆزیـنەوەی مەکـتەب و خوێنـدن بـوون، سـەرباری دەردانـیش لە هـاتوچۆکەری لای خۆمـانەوە ڕۆژ نەبـوو میوانمـان نەیەت، کە دەهـاتن بـۆ لەنـدەن و ئەو چەنـد کەسـەی وەکـو خوالێخۆشـبوو حەمە جەزا و ڕەحمەتیـی سـەلیم فەخـری و وشـیار عابـد کە زۆر بەکەڵکمـان هـاتن، تـاوەکو بەینێکـی زۆر نەمانـدەزانی داوا لە حکـومەت بکەیـن ناومـان بنووسـن

ئەگەر نەخـۆش کەوتـین بـڕۆین بـۆ دکتـۆر. دیـارە دکتـۆر لە لەنـدەن بە خـۆڕاییە و تەنیـا بـۆ ئەوانەی گەنجـن و ئـیش دەکەن دەرمـان بە پـارەیە، هەروەهـا داوای هەفتـانە و پـارەش بکەیـن بەتـایبەتی بـۆ منـداڵەکان. شـێرکۆ عابـد ئاشـنامان بـوو، ئەو فێـری ئەو کـارانەی کـردین. وەکـو خـزم وا بـوو. شـێرکۆ خەڵکـی زاخـۆ بـوو، ناسـیاوی خانەوادەکەمـان بـوو. خەڵکـی تـریش زۆر دەهـاتن، بـۆیە ئەو ڕۆژەی لەگەڵ کچەکـانم لە ئێسـتگەی پـاس بە کیسـەوە چـاوەڕێی پاسـمان دەکـرد، سـەیر دەکەم هەر ئۆتـۆمبێلی جۆراجـۆرە لە بەردەمانـدا تێـدەپەڕن و ئەوانەی لێـی دەخوڕن هەرزەکارن.

تێبینـی: لێـرە لە ئینگلـتەرا، لە تەمەنـی هەژدەسـاڵییەوە دەتوانیـت فێـری ئۆتۆمبێللێخۆین بیت، ئەویش لە دوای تاقیکردنەوە و دەرچوون.

کـچ و ژنـی کامـڵ تێـدەڕین، پیرێـژن و پیرەمێـردی وا دەبینیـت ئەوەنـدە پیـرە بە عەینەکەکـانیەوە، هەر لـوتی گەیشـتووەتە سـوکانەکە، کە وا دەزانیـت بە حـاڵ هەناسـە دەدەن، منـیش سـەیرم دەکـردن. بـۆیە کە گەیشـتمە مـاڵەوە و دەرگامان لێ کرایەوە، ڕووم کردە باوکی هێرۆ و گوتم:

- یان ئۆتۆمبێللێخوڕین یان نەمان.
- یەعنی چی؟
- ئۆتۆمبێل لێ دەخوڕم و دەمەوێت فێر ببم.
- (بـاوکی هێـرۆ دەسـتی دا بەیەکـدا) هەی ئـافەرین دەسـتت خۆش، بێت.

ئەوانـی دیـکە هەر کەسـە و قسـەیەکی دەکـرد، بە تـایبەتی هەڵـۆی کـوڕم گوتی:

- چـی؟ ئۆتۆمبێـل لـێ دەخوڕیـت؟ ئەوە لە هـیچ کـوێ بیـرت نەکەوتەوە لە لەندەن نەبێت؟

- ئەرێ وەڵا لە لەنـدەن نەبێـت بیـرم نەکەوتەوە، لە وڵاتـی خۆمـان هەردەم ئۆتۆمبێـل و ئۆتـۆمبێلچیم هەبـوو، بەڵام لێـرە زۆر پێویستم پێیەتی.

ئینجـا باسـی ڕاوەسـتان لە پـاس و شـەپۆلی ئۆتۆمبیلەکـان کە تێـدەپەڕین و کێ لێی دەخوڕی، گوتم:

- بیـرم کـردەوە بـۆچی مـن لەو هەمـوو خەڵـکەی لێیـان دەخـوڕی بێدەسـەڵاتترم و نەزانتـرم؟ بەخـوا دیسـان دەیڵـێمەوە: یـان لێخۆڕین یان نەمان.

- دە دانیشـە حاڵمـان زۆر باشـە و ئەوەمـان کەمە! هەر پـۆلیس تەلەفـۆن بکـات و بڵێـت وەرن دایکتـان حادیسـەی کـردووە. دوای ئەوە تۆ ئینگلیزی نازانیت چۆت ئۆتۆمبێل لێ دەخوڕیت؟

- ئۆتۆمبێللێخوڕین زمانی ئینگلیزی ناوێت.

هەرچەنـد ڕاسـتی دەکـرد، دەردی ڕێسـانی خوشـکم گـوتەنی لە "زیـس ئـیس ئە بـووک"مـان زیـاتر نەدەزانـی، ئەویـش لە مەکـتەب فێـر بووبـووین، چـونکە لە حەڤدەسـاڵیدا درام بە شـوو. مەکـتەبم تەواو نەکـرد تەنیـا گەیشـتمە یەکـی ناوەنـدی وازم هێنـا، بەڵام خـۆم هەر لە منـداڵییەوە زەوق و هەسـتم لەگەڵ خوێندن و قەڵەم و دەفتەر هەبوو.

ئـاخری کەوتیـنە دۆزیـنەوەی نووسـینگەی فێرکردنـی لێخـۆڕین. حەمە تۆفیـق لێـرە دەیخوێنـد و زۆر هـاوڕێی هەڵـۆی کـوڕم بـوو، زۆر جـار شـەممە و یەکشـەممە دەهـات بـۆ لای و دەمـایەوە، منـیش هەر گـورج پـێم گـوت حەمە تـۆ دەمـێکە لێرەیـت و شـارەزایت، ئـێمە نـازانین، تـۆ نووسـینگەی فێربـوونی لێخۆڕینم بۆ بدۆزەرەوە.

حەمە گـوتی زۆر باشـە. گـورج نووسـینگەی بـۆ دۆزیـمەوە و ئۆتۆمبێلێـک بە شـوفێرەوە هـاتە بەردەرگـا. بەبـێ تـرس چـووم سـوار بـووم، بـڕوام بە خـۆمە و ژنێکـی چاونەترسـم، خـاوەن ئۆتۆمبێـل یەعنـی مامۆسـتاکەم کـوڕێکی ئینگلیـزی پـاک و پوخـت و ڕێکوپێـک بـوو، حەمە و بـاوکی هێـرۆ پێیـان گوتبـوو کە مـن ئینگلیـزی بـاش نـازانم، لەبەر ئەوە دەیزانـی مـن چـۆنم. ئۆتـۆمبێلەکە ئۆتۆماتیـک نەبـوو، ئۆتـۆمبێلێکی ئاسـایی بـوو پێـی گـوتم کە چـی بـکەم، تۆمـۆبێلەکەم داگیرسـاند و قـاچم نـا بە بەنزینـدا، وردە وردە ڕۆیشـتم، بە

ماموستاکەم گوت نیوە بە ئینگلیزی و نیوە بە ئیشارەت گوتم: "دەڕۆم، سەیری دوور بکەم یان بەردەمی خۆم؟" هەرچۆنێک بوو تێیگەیاندم کە چی بکەم، گەیشتینە سەر شەقامە گەورەکە و گوتی: "دەی بچۆرە سەرەوە لەوێوە، دەچینە سەر کۆلانی تر"، ئیتر بە هەزار "یا اللە" و ئایەتەل کورسی خوێندن لە دلی خۆمدا تێپەڕیم و پێچمان کردەوە بۆ کۆلانێک، لەوێ زۆر ئاسان و خۆش بوو بۆ من. کەمی ئۆتۆمبێل پیا تێپەڕی و خەلک کەم لە هاتووچۆدا بوون، چونکە سەر لە بەیانیان لێرە هەموو شوێنێک بێدەنگە، خەلک لە ئیشن، مندالان لە مەکتەبن، دنیا هێمنە، دوای سەعات نۆی بەیانیان و سەعاتێک هاتوچۆی پێ کردم و گەڕاینەوە مالەوە، ئەوسا سەعاتی بە پێنج پاوەن بوو، ئێستا بووە بە پازدە پاوەن، زۆر دلم خۆش بوو، زۆر حەزم لە لێخوڕین کرد، بە باوکی هێرۆم گوت هەفتەی جارێک بە کەلکی چی دێت، دەبێت هەفتەی دوو جار بێت و ئۆتۆمبێلی خۆمم هەبێت و بۆم پەیدا بکەیت، تاوەکو هەموو کاتێک لێی خوڕم. ئەوانیش گوتیان: "چۆن دەتوانیت بەبێ مۆلەت؟" گوتم: "ئاسانە و دەنێرم لای هێرۆ لە شام مۆلەتێکم بۆ بکڕێت لە بەیروت و پێی لێ دەخوڕم". لێرە کە داوای فێربوون دەکەیت خۆیان ئیجازەت پێ دەدەن، بەلام دەبێت لەگەل ماموستا لێی بخوڕیت، یان یەکێک مۆلەتی لێخوڕینی هەبێت و "L"ی سووری گەورەش لەسەر ئۆتۆمبێلەکەت بچەسپێنیت، ئەو وشەیە بە واتای فێربوون دێت. لێرنینگ (LERINING) دوای یەک-دوو هەفتە فێربوون بە کورە ماموستاکەم گوت: "دەمەوێت زوو فێر بم، چونکە مندالەکانم لە مەکتەبن و ڕێگەکە دوورە تاوەکو بیانبەم و بیانهێنمەوە، گوتی: "زۆر باشە". ئەم جارە کە ئۆتۆمبێلەکە هات ماموستایەکی تر بوو. ماموستا تازەکە هیندی بوو، نەختێک شێتۆکە بوو، هەر هاتە بەردەرگا و دایکم دەرگای لێ کردەوە. دیارە دایکم سەرپۆشی بە سەرەوە بوو، هیندییەکە سەری ڕاوەشاند و سەیری کردم و گوتی: "ها خومێنی! ئەوسا سەردەمی ئیمام خومێنی بوو، تازە شا لا برابوو، منیش و دایکم پێکەنین و گوتمان: "ئەرێ خومەینین"،

ئیتـــر لەگەڵـــی ســـوار بـــووم، بەڵام لەگەڵ ئوتـــۆمبێلە ئاســـاییەکە ڕاهـــاتبووم، کەمێک ئۆتۆماتیکم لا ناخۆش بوو.

ئیتـــر کەوتـــمە لێخـــوڕین و هەنـــدێک جـــاریش مامۆســـتا هینـــدییەکەمم هەڵدەخەڵەتانـد، بـۆ نمـوونە دەیگـوت: دوو سـبەی سـەعات چەنـد بـێم؟ دەمگـوت: سـەعات چـارەکی بووێـت بـۆ سـێ، کە دەهـات بە شـەقامەکاندا لێمـدەخوڕی تـا نزیـک سـێونیو، ئینجـا دەمگـوت: بێـزەحمەت بـا لێـرەوە بـڕۆین ئێسـتا منـداڵەکانم بەر دەبـن تـازە فریایـان نـاکەوم، بـا بچـین هەڵیـان بگـرین. ڕۆژێـک، دوو ڕۆژ کـابرای هینـدی سـەری ڕاوەشـان و گـوتی: "هـا!! ئەوە تـۆ فـێڵم لـێ دەکەیـت؟" منـیش پێکەنـیم و تێمدەگەیانـد کە تـۆ هەر دێیـت و مـن هەر لێـی دەخـوڕم، ئیتـر بـۆچی منـداڵەکانم هەڵنەگـرم!، پێکەنیـی و گـوتی: "باشـە قەیناکـا" خـوا هەڵناگرێـت وەکـو شـتێک حەزی دەکرد یارمەتیمان بدات، بەتایبەتی کە زانیی غەریبین.

لەگەڵ بـاوکی هێـرۆ و دکتـۆر لەتیفـی زاوام چـووین ئوتۆمۆبیـل بکـڕین، نـازانم بـاوکی هێـرۆ چـۆن پـارەی پەیـدا کردبـوو، لە کێـی قەرز کردبـوو، وا بـزانم کـاک فەوزی سـائیبی ڕەحمەتـی یـارمەتیی دابـوو، ئەوسـا ئۆتۆمبێـل هەرزان بـوو لەچـاو ئێسـتادا. سـەیری چەنـد گەراج و ئۆتۆمبێلێکمـان کـرد، "دافێکـی" هەنـدێک بچـووکی پرتەقـاڵیی ئوتۆماتێکمـان هەڵبـژارد کە بە ٣٠٠ پـاوەن بـوو. دیـارە نیـوداش بـوو تـازە نەبـوو، بەڵام بـۆ مـن زۆر بـاش بـوو. ئێـوارە بـوو هـاتینەوە بـۆ مـاڵەوە خەریـک بـوو دنیـا تاریـک دەبـوو، گەیشـتینەوە بـۆ مـاڵەوە، یەک-دوو میوانیشـمان هـاتبوو، دکتـۆر لەتیـف ئوتـۆمبێلەکەی هێنـایەوە مـاڵەوە و لەبەر دەرگـا ڕایگـرت و گـوتی: "گەلە خـان بـا لێـرە بێـت تـاوەکو کـابرای مامۆسـتا دێـت ئەوسـا دەبێـت لێـی بخوڕیـت" گـوتم: "باشـە بەسەرچاو".

زسـتان بـوو، وردە بەفـر و بـارانیش دەبـاری. دوای بەینێـک خـۆمم لێیـان دزیـیەوە و چـووم سـواری ئۆتۆمبێـل بـووم، پـێم نـا بە بەنزینـدا و کەوتـمە ڕێ بـۆ شـەقامە گەورەکە و یەکسـەر لـێم خـوڕی. سـەیر دەکەم بەو شـەوە هەر ئۆتـۆمبێلە و هـۆڕنم بـۆ لـێ دەدەن. گەیشـتمە چوارڕیـانێکی خـواری

خــوارەوەی شــەقامە گەورەکە، کە زۆر شــارەزای ئەو نــاوە بــووم. ویســتم پــێچ بــکەمەوە و بگەڕێــمەوە مــاڵەوە، بەڵام ترســام، چــونکە شــەو بــوو بــاران و بەفریش دەباری.

لە بەردەمــی ترافیکلایــت ڕەق ڕاوەســتام و نەمزانــی چــی بــکەم، هۆڕنیشــم هەر بــۆ لــێ دەدرێــت، ئــاخری تــوانیم پــێچ بــکەمەوە و بــڕۆم، هــاتمە ســەر کــۆڵانەکەی خۆمــان و بەرەو مــاڵەوە هــاتمەوە، گەیشــتمە بەر دەرگــا و ڕاوەســتام، کە دابەزیــم ســەیر دەکەم لایتــی ئۆتــۆمبێلەکەم دانەگیرســاندووە بۆیە ئەو هەموو هۆڕنەم بۆ لێ دەدرا.

ماشــەڵا لە خــانمی لێخــوڕ! بەخــتم هەبــوو کە لەو کاتــانەدا ئۆتــۆمبێلی پۆلیســم پــێ نەگەیشــت، هەر خــوا دەزانێــت چییــان بەســەر دەهێنــام بەبــێ مــۆڵەت، هەمــووی ســێ-چــوار ســەعاتێک بــوو بووبــووم بە خــاوەن ئۆتۆمبێــل، کە داشــبەزیم ســەیر دەکەم لە شۆســتەی بەردەرگــا زۆر دوور ڕاوەســتاوم، بەڵام نەمتــوانی ڕاســتی بــکەمەوە، چــونکە بــارانێکی زۆر دایکــرد، ئۆتۆمبێلەکــانیش هیچیــان بەرانــبەرم نەکــرد، وایــان دەزانــی لەبەر بــاران و بەفــر ئۆتــۆمبێلەکەم ســەقەت بــووە و لایــتەکەی پەکــی کەوتــووە، بــۆیە هەنــدێکیان بە دڵپێوەبوونەوە لایتیان بۆ دادەگیرساندم و هۆڕنیان بۆ لێ دەدام.

لەم کاتــانەدا لە "ســەتن" نەمــابووین و هــاتبووینە خــانووی خۆمــانەوە کە ئێســتا تیــادا‌ین و ئەوەنــدە خۆشــم دەوێــت بە هەمــوو دنیــای نــاگۆڕمەوە، چــونکە ئەوەنــدە یادگــاریم تیایــدا هەیە، ٣٥ ســیوپێنج ســاڵە لەم خــانووەداین ئێســتاش هەر وا دەزانــم بــاوکی هێــرۆ لەگەڵمــدایە و لە مــاڵەوە لە ژووری کتێبخــانەکەی دانیشــتووە و خەریکــی کتێبخوێنــدنەوەیە. هەروەهــا دایکــم دەنگــی دێــتە گــوێم، زۆر جــار لە چێشــتخانەکە دەبــووم و دەهــاتە ســەر ســەرم و دەیگــوت: "دە بەسە ئیتر ماندوو نەبوویت؟".

ئینجــا ئەم خانووەمــان چــۆن دەســت کەوت؟ ئەوەش چەنــد لاپەڕەیەکــی دەوێــت... دوای ئەوەی لە خــانووە خۆشــەکەی پیرێژنــدا کرێچــی بــووین، بە باشــمان زانــی و دیــارە بەپێــی زانیــاریی هاوڕێکــانی بــاوکی هێــرۆ، کە باشــترە

خانوویەک بکرین بۆ ئەوەی ئەوەندە ئەمبەر و ئەوبەر نەکەین، باشە خانوو چۆن دەکرِدریت؟ پارەمان لە کوێ بوو؟ هەرچەندە دەبوو پێشەکی شتێک بدریت تا معامەلەی بانک تەواو دەبوو، ئینجا بانک پارەکەی دەدا و ئەو کەسە مانگ بە مانگ شتێکی کەم دەدات و خانووەکە دەبێت بە هی خۆی، ئەمە ٣٥ ساڵە لەم خانووەداین ئێستاش قیست دەدەین، بەلام زۆر کەمی ماوە، کاتی خۆی بە ٢٥ هەزار پاوەن کریمان، وەکو منداڵ ئەو رۆژەی هاتین سەیرم کرد رقم هەڵگرت و بە باوکی هێرۆم گوت: "لێرە نارۆم تا ئیمزای نەکەیت، شێت بووم ئەوەندە سەیری خانووی بۆگەنی لەندەنم کرد، کە زۆربەیان هی هیندی و پاکستانین و هەر لەبەر دەرگاوە ئەمامەوە نەدەچوومە ژوورەوە لەبەر بۆنی بەهارات و کاری. دەمزانی کە چۆنە و سەیرکردنی ناوێت، ئێستا ئەمە زۆر خۆش و باش و پاکە، بۆیە دەبێت بیبرێنیتەوە. دکتۆر فوئاد بابان ئەوسا لە لەندەن بوو، لەوێ ئیشی دەکرد و هەر لە سەرەتاوە ئاگای لێمان بوو، زۆر ئەزیەتی بۆ کێشاین و هەموو رۆژێک بە ئۆتۆمبێلی خۆی دەیبردین بۆ دۆزینەوەی خانوو، بۆیە باوکی هێرۆ و دکتۆر فوئاد گوتیان: "بە خوا وا بکەیت و وا بڵێیت کابرا هەر ئێستا لە سەرمانی زیاد دەکات". گوتم: "کەیفی خۆتانە لەبەر ئەم دەرگایە هەڵناسم تاوەکو لەگەڵی نەبڕێننەوە". ئاخری ناچار گەرانەوە ژوورەوە و بە کابرایان گوت: "باشە بەدڵمانە". ئیتر ئەم خانووە بوو بە هی ئێمە وا سبەینێ دەچین خەریکی معامەلات و پارە دەبین.

کابرا تۆزەی دەستی دا بە ملیدا و خۆی هەندێک گێل کرد و گوتی: "باشە بەلام پێش ئێوە کابرایەکی تر ئەم خانووەی ویستووە دەبێت سبەینێ پرسی پێ بکەم". بۆ سبەینێ تەلەفۆنی بۆ کردین و گوتی: کابراکەی تر بە ٢٧ هەزار لێم دەکرێت، ئینجا ئێوە چی دەڵێن؟" باوکی هێرۆ رووی تێکردم و گوتی: "ها چیمان گوت؟ نەمانگوت ئێستا ئەم رقگرتنەی تۆ دەکات بە قازانجی خۆی و وا دوو هەزار پاوەنی لەسەر زیاد کردین" گوتم: "قەینا بە خوا هەر بۆ ئێمەیە". ئاخری هاتینە سەر پێشەکیدان کە دەبوو وەکو کرین

ده هەزار پـــاوەن لە بانـــک دابنێـــین تـــاکو معامەلەمـــان بـــۆ دەکەن. ئینجـــا ده هەزار پـــاوەن لە کـــویێ بهێنـــین، دیســـان دامـــاین، بەڵام گـــورج بـــاوکی هێـــرۆی خۆشەویســـتم بە ڕوویەکـــی خۆشـــەوە بـــانگی کـــردم و گـــوتی: "پـــارەی پێشـــەکییەکەی جێبەجـــێ بـــوو" کـــاک دارا عەتـــار جێبەجێـــی کـــرد و گـــوتی: "ســـبەینێ پـــێکەوە دەچـــین بـــۆ بانـــک بـــۆت وەردەگـــرم" کـــاک دارا عەتـــاریش ئەوســـا لە لەنـــدەن بـــوو، زۆر بە تەنگمـــانەوە بـــوو، زۆر ئاگـــای لە بـــاوکی هێـــرۆ دەبـــوو. ئیتـــر کە بـــوو بە ســـبەینێ و چـــوون، بـــاوکی هێـــرۆ و کـــاک دارا چـــوون بـــۆ بانـــک و ده هەزار پـــاوەنی بـــۆ بـــاوکی هێـــرۆ دەرهێنـــا، بەڕێـــوەبەری بانـــک ســـەیری بـــاوکی هێـــرۆی کـــرد کە زانیـــی پـــارەکە بـــۆ ئەو خـــانووەیە، ڕووی کـــردە بـــاوکی هێـــرۆ و گـــوتی: "مســـتەر تـــۆ زۆر بەختیاریـــت کە بـــرادەری ئـــاوات هەیە، ده بـــزانە ئەمە هەر ئەو ده هەزار پـــاوەنەی هەیە کەچـــی هەمـــووی بـــۆ تـــۆ دەرهێنا".

ده هەزار پـــاوەنی کـــاک دارا عەتـــار درا بە پێشـــەکی تـــاوەکو کاروبارەکـــانی تـــر جێبەجـــێ بـــوو، ده مانـــگ پـــارەی کـــاک دارا لە پێشـــەکیی خانووەکەمـــان مـــایەوە تـــاوەکو کارەکـــانی تـــری جێبەجـــێ بـــوو، ئینجـــا توانیمـــان ده هەزار پـــاوەنەکەی بـــۆ دەربهێنـــین و بە سوپاســـەوە بیـــدەینەوە دەســـتی و ئێســـتاش هەر سوپاســـی کـــاک دارا دەکەم کە ئەو ئەرک و زەحـــمەتەی بـــۆ کێشـــاین و ئەم خانووەمان لە کیس نەچوو.

بەزمـــی بانـــک و پـــارەی قەرز جێبەجـــێ بـــوو، ئەی چـــۆن بە نـــاوی بـــاوکی هێـــرۆوە تـــاپۆ دەکرێـــت کە ئیشـــی نیـــیە و پارەشـــی نیـــیە؟ بـــۆیە ئەوەشـــمان جێبەجـــێ کـــرد و بە نـــاوی دکتـــۆر فوئـــاد بابـــانەوە نووســـیمان، تـــاوەکو ســـاڵێک زیـــاتر بە نـــاوی ئەوەوە بـــوو، تـــا ئەو کـــاتەی هەمـــوو کـــاری بانـــک و ســـلفە بـــڕایەوە و دکتـــۆر فوئـــاد ویســـتی بگەڕێـــتەوە بـــۆ وڵات، بـــۆیە ئیتـــر خـــرایە ســـەر ناوی باوکی هێرۆ.

ئێســـتا کە ئەم وەزع و دنیـــایە دەبیـــنم ســـەرم ســـوڕدەمێنێت کە یەکێکـــی وەکـــو بـــاوکی هێـــرۆی خەبـــاتکەر کە لە تەمەنـــی شازدەســـاڵیدا شـــیعرێکی وەکـــو

"مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان"ی نووسیوە، پیاوێکی کەمدوێنە و پارێزەرێکی هەڵکەوتوو، سیاسی و نووسەر ناوی لەسەر زمانان و وا پاک و فیداکار و کەمدوێنەیە، کەچی پارەی ئەوەی نەبێت خانوویەک بە قیست بکڕێت و پێشەکییەکەی بدات، هەرچەندە دەشیتوانی نەک بە سەدان، بگرە بە هەزاران هەبێت ئەگەر بیویستبایە. تەنیا هەر لە کاری پارێزەری کە ئەوەندە هەڵکەوتوو بوو، جارێک لە قاهیرەوە دەعوایان بۆ هێنا، حاڵی باش بێت و موحتاج نەبێت و بگرە وەکو دەیان جار کە هەر لە زەمانی پاشایەتییەوە حکومەت داوایان لێ دەکرد، بێت کام کاری دەوێت و کام وەزارەتی دەوێت تەنیا بێدەنگ بێت و قسە نەکات و سیاسەت نەکات، بەڵام ئەو ئەوەندە بەغیرەت و میللەتپەروەر و خەباتکەر بوو، سەری بۆ هیچ شتێک دانەنواند.

زۆر بە چاکی لە بیرمە جارێکیان تازە لە کەرکووکەوە گەڕابووینەوە بۆ سلێمانی، کە دەبوو دوای ساڵێک بەندکردن دوو ساڵیش لەژێر چاودێریی پۆلیس بوایە، ساڵی ١٩٥٢ بە چاودێریی پۆلیس ڕەوانەی کەرکووک کراین، ئەمیش بە هەوڵدانی ئەو برادەرە کوردانەی لە بەغدا لەگەڵ حکومەت کاریان دەکرد، وەکو خوالێخۆشبوان: حەمە سەعید قەزاز و ماجید مستەفا و چەند کەسێکی تریش کە لەجیاتی ناردنی بۆ ئەبوغرێب و ناسریە بۆ ژێر چاودێریی پۆلیس، بۆ دوو ساڵ بینێرن بۆ کەرکووک. چووین بۆ کەرکووک و دوای دوو ساڵ گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. هەڵۆی کوڕم شەش مانگان بوو، چونکە ئەو لە کەرکووک لە دایک بوو، کە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی چووینە خانوویەکی کرێوە لە ئەسحابەسپی، چونکە خانووی خۆمان کە ئێستا بووەتە گەلەری زاموا، خانووی کۆنی باوک و باپیری باوکی هێرۆیە و باوکی هێرۆ لەو خانووەدا لە دایک بووە، ئەو خانووە ئەو کاتە خوشکەکانی باوکی هێرۆی تیا بوون و ئێمەش خێزانەکەمان زیادی کردبوو بۆیە چووینە ئەو خانووەوە، بۆیە دەڵێم زۆر چاک بیرم دێت بەیانییەک لە دەرگایان دا و ئەوەی چوو کردیەوە گەڕایەوە و گوتی: "کاک

برایم میوانە، ناوی جەمال بابانە". جەمال بابان کاتی خۆی وەزیر بوو، بەڵام ئەو کاتەی کە هات بۆ لامان لە وەزارەتدا نەمابوو، حکومەت ناردبووی و پێی گوتبوو: "ئەگەر بتوانیت برایم ئەحمەد وا لێ بکەیت کە بێت کاری حکومەت وەربگرێت، هەرچی خۆی حەزی لێ بکات، دەڵێن حەزی لە ڕەیسی مەحکەمەی تەمیزە، یان هەرچییەکی تر بێت، تۆ بتوانیت ڕازی بکەیت تەنیا سیاسەت نەکات تۆش دەکەینەوە بە وەزیر، ئیتر جەمال بابان ئەو بەیانییە بەو ئومێدەوە گەیشتە لامان، بەڵام باوکی هێرۆ هەر لە قسەی خۆی نەهاتەوە خوارەوە.

ئێستا لەم زەمان و زرووف و کاتەدا سەرم سوڕدەمێنێت لەم خەڵک و سیاسەتمەدار و کاربەدەستانەی کە ئێستا ئەوەندە دەوڵەمەند بوون و ئەوەندەیان هەیە کە خەڵک ملی خوار دەبێت و سەری سوڕدەمێنێت لە کاری خوا.

لە لەندەن بووین و زۆری بەسەردا تێپەڕی، زۆر جار لەگەڵ باوکی هێرۆ لە سوپەرمارکێت دەبوو بە دەمەقاڵێمان لەسەر شتکڕین، من دەمگوت با هەندێک کۆکا و خواردنەوەش بکڕین، ئێستا منداڵەکان دێنەوە لە مەکتەب با بە نانەکەیانەوە بیخۆنەوە حەزی لێ دەکەن، دەهات بە گژمدا و دەیگوت بەسە بەس شتی زیاد بکڕە، ئەمە هەمووی خوێنی پێشمەرگەیە، منیش تووڕە دەبووم و دەمگوت: "ڕۆڵە تۆ لێت تێک چووە خۆ لە ئەشکەوتی مالوومە نین، ئێمە لە لەندەنین و ئەمە پارەی ئینگلیزە، منداڵانیش هەفتانەیان پێ دەدەن، ئیتر ئەمە هەقی بەسەر خوێنی پێشمەرگەوە چییە؟ منیش ئەوەندە پێشمەرگەم خۆش دەوێت و ئەوەندە ناو و خوێنیان پیرۆزە لە لام کە خۆمیان بە قوربان دەکەم. باوکی هێرۆی خۆشەویستم ئەوها بوو، هەموو ئاشنا و دەوروبەرمان دەزانن کە من چۆن بووم لە لای و چەند خۆشەویست بووم و چەند بێدڵی نەدەکردم و پەیوەندیمان چۆن بوو لەگەڵ یەک... وەکو عەرەب گوتەنی: پەیوەندییەکی ئەستوری هەبوو، کەچی بۆ دوو کۆکا وای دەکرد و دەهات بە گژمدا، لەبەر ئەوە ئێستا ئەم

کاربەدەســـت و لێپرســـراو و خەڵـــکە دەبیـــنم ســـەرم ســـوڕ دەمێنێـــت، وەکـــو پـــوورە "مەنـــیج" دەڵـــێم "ســـەدەق لە کـــاری خـــوا"، ئەمـــانە ئەم هەمـــوو ســـەروەت و ســـامان و مەلایـــین و هەزارەهایەیـــان لە کـــوێ بـــوو؟ چـــۆن پەیـــدایان کـــرد؟ بـــرایم ئەحـــمەدی خەبـــاتکەر و سیاســـیی ســـەربەرز و نووســـەر شـــاعیر و پـــارێزەر و کەمـــوێنە و خەڵکـــی ســـلێمانی، بە بـــاوک و باپیریـــانەوە، ســـلێمانی شـــاری هەڵـــمەت و قوربـــانی و شـــاری شـــیرینی خۆشەویســـت جێـــی لەدایکبـــوونی و جێـــی ئەدەب و شـــیعر و خەبـــاتی یەک دیـــواری لەم شـــارە خۆشەویســـتە نیـــیە، لە خانووە کۆنەکەی باوک و باپیری زیاتر کە تیایدا لە دایک بووبوو.

ئەو دارتـــووەی کە ئێســـتاش لە حەوشـــەکەدا مـــاوە خونچەخـــانی دایکـــی لەگەڵ لەدایکبـــوونی بـــاوکی هێـــرۆ ئەو تـــووەی ڕوانـــدبوو، گوتبـــووی بـــا لەگەڵ بـــرایم گەورە بێـــت و ئێســـتا کـــوڕە گەورەکەی بـــرایم ئەحـــمەد (کە هەڵـــۆیە) لە کۆمپیـــوتەردا خـــاوەنی ســـێ بڕوانـــامە و دکتـــۆرایە. لە شـــارەکەی بـــاوکی لە خـــانووی کرێـــدایە، خەیـــار و تەمـــاتە دەفرۆشـــێت لەو شـــوێنە شـــیناییەی کە بە کرێـــی گرتبـــوو. خەڵکـــی تـــریش هەڵگـــری هـــیچ بڕوانامەیـــک نـــین و خەڵکـــی ســـلێمانییش نـــین خانوویـــان لە نـــاو شـــار و دەرەوەیـــدا، خـــانووی ســـەیرانی ڕۆژی هەینیانیـــان هەیە، بەڵام ســـوپاس بـــۆ خـــوا ســـەربەرزی و نـــاوی پـــاک و دڵســـۆزی بـــۆ مـــیللەت و وڵات و میللەتپەرســـتی لە هەمـــوو مەلیـــک و مـــاڵ، هەروەهـــا هەزارەهـــا و مەلایـــینی ســـەرزەمین بەنرختـــرە. کاتێـــک ئەو کەســـە ســـەربەرزە بەســـەر شـــەقامەکاندا دەڕوات و دەبینێـــت کە هاووڵاتیـــانی بە چـــاوێکی پـــڕ خۆشەویســـتی و حـــورمەتەوە تەماشـــای دەکەن و ئەو ســـەیرکردن و هەســـتەی لە چاویانـــدا دیـــارە هەزارەهـــا و ملیۆنەهـــا دۆلار و گـــرد و شـــاخ و باڵەخـــانە و کۆمپانیـــا دەهێنێـــت، شکســـپیر گـــوتەنی: "نـــاوی بـــاش لە گەنجیـــنەی دنیا باشترە".

پـــاش ئەوەی بـــووم بە لێخـــوڕی ئۆتۆمبێـــلو مـــۆڵەتم وەرگـــرت و دەرچـــووم، دووجـــار تـــاقیکردنەوە کـــرام، جـــاری ســـێیەم دەرچـــووم، ئینجـــا باســـی ئەو پۆلیســـە بـــکەم کە تـــاقیکردنەوەی خەڵـــک ئەکـــات، یەکەم دڵـــڕەقو گـــرژو مـــۆن

وەک ئەژدیهـا، ئەویـش پۆلیســی وا هەڵەبژێـرن کە گونـاحەو مونـاحە نەزانێـت، بڵێـت دەی توخـوا گونـاحە زۆر جـوان لێئەخـورێ، بەڵام ئەم ســەهوەی کـرد باچـاوی لـێ بپۆشـم، فێربـوونی ئۆتۆمبێـل لێخـوڕین بە تـایبەتی لە لەنـدەن بگـرە لە هەمـوو ئەوروپـا زۆر زەحـمەتو قورســەو یەک ڕووداو یـا شـتی بچـووک یەکســەر پێـت ئەڵـێ دەرنەچـووی، بـۆیە جـاری سـێیەم لە دوای ســەعاتێک لێخـوڕینو ئەمـلاو ئەولا پێکـردن کە ڕاوسـتاین کـابراکە لە تەنیشـتم دانیشـتبوو شـتێکی نووسـی لەسـەر دەفـتەرەکەی بەدەسـتیەوە بـوو سـەیری کـردمو گـوتی: (ئـۆکەی پـاس) یەعنـی دەرچـووی، بە تـرسو حەسـرەتو چـاوەڕوانیو مەراقـی زۆرەوە پەلامـاری کـابرای پۆلیســم دا وەکـو شـێت قـۆڵیم مـاچ کـرد، ئیتـر ســەری ڕاوەشــاندو گــوتی: چەنــد ڕۆژێکــی تــر ئیجــازەکەت بــۆ دێــتو خواحــافیزی کــردو ڕۆیشــت، چــونکە لە بەردەمــی دائیرەکەیــان ڕاوەســتا بـووینو مامۆسـتا هینـدیەکەش لەوێ چـاوەڕێی ئەکـردمو ئەبـوایە لەگەڵـم بێـت، بە ڕاکـردن هـات و لە دوورەوە زانـی کە دەرچـووم و گەڕایـنەوە مـاڵی بـاوکی هێـرۆ. منـداڵان هەمـوو لەســەر ئــاگر چاوەڕێیــان ئەکــردم، هەر لە دورەوە هیندی ئیشارەتی بۆ کردن ئیتر زۆر دڵیان خۆش بوو.

ئۆتۆمبێللێخـوڕین ئاوهـایە لە لەنـدەن و ئەورووپـا، نەک وەکـو لای خۆمـان ئیجـازە بـۆ فـلان دروسـت دەکەن ژنـی کـام مەسـئوولە، یـاخود کچـی کـام کاربەدەسـتە، یـان کـوڕی کـام سـەرکردەیە، خەڵکـی تـریش بە بەرتیـل و خـاتر و خـۆتر، بـۆیە ڕۆژ نیـیە لە کوردسـتان و وڵاتـانی وەک ئـێمە چەنـد ڕووداوی دڵتەزێن ڕوو نەدەن.

کاتێـک فێـر بـووم هەر کەسـێکی ئاشـنامان بهاتـایەتە لامـان بە میـوانی پـێش هەمــوو شــتێک باســی فێــر بــوون و چــۆنێتیی دەرچــوون و لێخــوڕینم لــێ دەپرســین، چــونکە پێویســتییەکی زۆر گەورە بــوو بۆمــان، لەبەر ئەوە جارێکیـان لە دکتـۆرە "بسـینە چەلەبـی"م پرسـی کە ژنـی دکتـۆر فوئـاد هەنـاری بـوو دەمێـک بـوو لە لەنـدەن بـوون، گـوتی: "چیـت پـێ بڵـێم، بە خـوا بڕوانـامەی دکتــۆرییەکەم ئاســانتر دەســت کەوتــووە، ئەوەنــدەی تــر زراوی بــردم،

جارێکیشـیان لە دکتـۆر فازیـل مەلا مەحمـودم پرسـی ئەویـش دەمێـک بـوو لە لەنـدەن بـوو، لەگەڵ ژنەکەی زۆر ئاشـنامان بـوون، دکتـۆر هـات بـۆ لامـان پرسـیارم لـێ کـرد و گـوتی: "وەڵا گەلاویـژ خـان خەڵـک دەبێـت ببێـت بە مەلا پـانکە ئەوەنـدە سـەیری ئاوێنەکـانی بەر دەم و ئەولا و ئەمـلا بـکەن". ئیتـر هـات لەگەڵـم سـوار بـوو، ئۆتـۆمبێلەکەم لـێ خـوڕی تـاوەکو کرۆیـدن چـووین و گەڕایـنەوە و گـوتی: "مەترسـە دەردەچیـت" چـونکە هەموویـان شـارەزای حاڵمـان بـوون، بـۆیە ئەوانـیش زۆر مەراقیـان بـوو کە زوو دەربچـم و بڕوانامەی سایەقی وەربگرم.

دڵـم خـۆش بـوو، کەوتـمە ئـیش و کـار و بە بـێ تـرس منـداڵەکانم دەبـرد بـۆ مەکـتەب و دەمهێنـانەوە و دەچـوومە بـازاڕ و بـۆ لای دکتـۆر. بەم سـەرما و بـاران و (هەنـدێک جـاریش بەفـرە)، تەگەرەی گەورەشـم نەخۆشـیی منـداڵەکان بـوو، دکتۆرەکەمـان (کە دکتـۆری بنەمـاڵەیە) لێـرە هەر کە هـاتبووین ئەو دکتۆرمـان بـوو، یەکـم جـار بـاوکی بـوو، دوایـی بـاوکی خانەنشـین بـوو ئەو هـاتە جـێگەی، سـیوپێنج سـاڵە دکتۆرمـانە. منـداڵەکان هەنـدێکیان لەو قۆنـاغەدا بـوون وەکـو قوبـاد، زۆرمـان خـۆش دەویسـت و زۆر دوور بـوو لێمـانەوە، عیـادەکەی لە "سـەتن" بـوو، دەبـوو هەمـوو جارێـک بە تاکسـی بـڕۆین و بە تاکسـی بێیـنەوە، ئیتـر بە کەیفـی خـۆم و بە ئاسـانی هەمـوو کارەکـانم دەکـرد، ئێسـتاش خۆشـترین کـارە لە لام و زۆر جـار سوپاسـی خـوای گەورە دەکەم کە خـۆمم فێـر کـرد و بـاوکی هێـرۆی خۆشەویسـتم پشـتی گـرتم و هـانی دام کە فێـر بـم، وا نەبـوایە دەبـوو هەر لە مـاڵەوە وەکـو حەپـس وا بـم، چـونکە تـاقەتی پـاس و ڕاوەسـتانم نییە لەسـەر شـەقامان، هەرچەنـدە سـوپاس بـۆ خـوا کوڕەکـان و نەوەکـانم گەورە بـوون و خـاوەنی ئۆتـۆمبێلن و هەر کـوێیەکم بوێـت حـازرن، بەڵام هەروەکـو ئەوە نیـیە خـۆم لێـی بخـوڕم و بە سەربەسـتی دەڕۆم و دێـم، جارێکیـان هـاوڕێی کـوڕم لەم بەیـنەدا بردمـی بـۆ سـوپەرمارکێت، ئۆتـۆمبێلەکەم برابـوو بـۆ ڕۆنگـۆڕین و شـتن، ڕاوەسـتابووم تەمـاتەم هەڵـدەبژارد، هـاوڕێی کـوڕم هەمـوو دەقـیقەیەک سـەیری سـەعاتەکەی

دەکــرد و دەیگــوت: "گەلە گیــان زۆرت مــاوە؟" ئیتــر چــۆن سوپاســی خــوای گەورە نـــاکەم کە ئەو نـــیعمەتەی پـــێ داوم و بە بێمـــنەت لە شـــەقامەکانی لەندەن لێبخورم و هەموو کارەکانم جێبەجێ بکەم.

بەینێــک دوای دەرچــوونم لە ســایەقی و لێخــورین، هەڵــۆی کــورم ئەوســا خوێنــدکاری زانکــۆ بــوو لە لەنــدەن، بەیــانییەک گــوتی: "تــو خــوا گەلە گیــان دەتوانیــت بمگەیەنیــتە ئێســتگەی شـــەمەندەفەری "ویمبڵــدن"، ئەمەی خۆمـــان (والتگتــون) زۆر دوور دامــدەنێت، دەبێــت زۆر بە ڕێــوە بــڕۆم تــاوەکو زانکــۆ، ئەمــرۆ تــا دوو-ســێ ڕۆژی تــر تــاقیکردنەوەم هەیە، ئەگەرچــی ویمبڵــدون هەندێک دوورە بۆت!

گــوتم: "بەســەرچاو ســوار بە خەمــت نەبێــت". کەوتیــنە ڕێ بەرەو ویمبڵــدون، ڕێــگەش بەیانیــان زۆر قەرەبــاڵغە لەبەر تەلەبە و کاربەدەســت و ئیشــکەر کە هەر کەســە دەچێــتە ســەر ئیشــی خــۆی، منــیش لە شــەقامە ڕاســتەکە پــێچم کــردەوە بــۆ کۆڵانێــک وەکــو لە شــلۆغی ئۆتۆمبێــل ڕزگــارم بێــت و لە کۆڵانەکەوە چــوومە ســەر ڕێگەیەکــی کەمێــک باشــتر، کەچــی هەڵــۆ پــێم دەڵێــت: "ئەرێ گەلە تــۆ چــۆن فێــری ئەم هەمــوو کۆڵانــانە بوویــت هەی ئــافەرین"، پێکەنــیم و گــوتم: "بیــرتە چــۆن تــوورە بوویــت کە گــوتم فێــری ئۆتۆمبێللێخــورین دەبــم و گوتــت: هەر ئەوەمــان کەمە لە عەلــی ئۆتۆمبێــل لــێ بخورێــت و هەمــوو ڕۆژێــک پۆلیس تەلەفۆنمان بۆ بکات و بڵێت وەرن دایکتان حادیسەی کردووە.

هەڵۆ پێکەنیی و گوتی: "بە خوا چاکت کرد هەی دەستەکانت خۆش بێت".

هەر چۆنێــک بێــت دامەزرایــن و لەگەڵ عەلــی ڕاهــاتین، بەڵام هەســتێک و نائــارامییەک هەمیشــە چاوبەفرمێســکی کردبــووم، ئەویــش بیــری وڵات بــوو، کە دامەزرایـــن و تەگەرە و نـــاڕەحەتی و جـــێ و ڕێـــی ژیـــان هەنـــدێک ســـووک بـــوون، بەڵام تەگەرەی غەریبـــی و دوورەوڵاتـــی و بیـــری وڵات و خـــاک ســـەریان لـــێ شـــێواندم، لـــێم دەخـــوری و هەنـــدێک جـــار چـــاوم پـــڕ دەبـــوو لە فرمێســک، جارێــک ڕێســانی خوشــکم لەگەڵــم بــوو دەچــووین بــۆ ســوپەرمارکێت و کەلـــوپەلی خـــواردنکرین بـــۆ مـــاڵەوە، بـــارانیش دەبـــاری، دوای ئەوەی

ئۆتــۆمبێلەکەم ڕاگــرت و دابەزیــن، ڕێســان بە نیــوە توورەبــوونەوە گــوتی: "ئەرێ گەڵاوێــژ تــۆ بــۆچی لەم هەمــوو پارکینــگ و جێڕاگرتنــی ئۆتۆمبێــل و شــوێنە چەنــدچینییە خۆشــانە دێیــتە ئەم کەلاوە ڕووخــاوەوە کە هەمــووی هەر ئــاوی بــارانە و بــووە بە گــۆم و دەبێــت هەر خۆمــان بە دار و بەردەوە بگــرین تاوەکو تێبپەڕین، ڕۆژێک ملمان دەشکێت!

دەســتم کــرد بە گریــان و گــوتم: "دەزانیــت بــۆ دێــمە ئێــرە؟ ئێــرە لە هەنــدێک شــوێنی وڵاتەکەمــان دەچێــت، نارێــک و خــۆڵ و خــاک و درەختــی پەرش و بــڵاوە... ئەم ئۆتــۆمبێلانەی هەمــوو چەقیــوی ئــاو و ئــاوی بــاران و هەنــدێک قــوڕە، بە خــوا دڵم ڕوون دەبێتەوە و وا دەزانم لە هەندێک شوێنی وڵاتەکەمم.

ســەیرم کــرد ڕێســانیش دەســتی کــرد بە گریــان، لە دنیــادا هــیچ ڕووداو و لێقەومانێــک بەقەد غەریبــی و دەربەدەری و دوورەوڵاتــی ناخۆشــتر نیــیە، ئەگەرچــی ئێســتا ڕاهــاتووم لەنــدەنم خــۆش دەوێــت یــا خــوا هەر ئــاوەدان بێــت، ٣٦ ســاڵ زیــاترە لێــرەین و ئێســتا بە وڵاتــی دووەمــی خــۆمی دەزانــم. کاتێــک لێــرەم بیــری کوردســـتان دەکەم و کە مـــاوەیەکی زۆر لە کوردســـتان دەبــم بیــری لەنــدەن دەکەم، ئەو هەســتی غەریبــی و دوورەوڵاتیــیە نــاو دەروونمــی بە جارێــک ورووژانــد و پەلامــاری قەڵەم و دەفــتەرم دا و هەســتی خــۆمم خســتە ســەر کــاغەز، دیــارە مــن شــاعیر نــیم، بەڵام هەر لە منــداڵییەوە حەزم لە نووســینی جۆراوجــۆرە، وەکــو لەوەوپــێش باســم کــرد، کەچــی کەوتــمە وشــە ئامادەکردن و ڕیزکردن، یەکەمی ئەو دێڕانەی کە نووسیم ئەوە بوو:

کوردستان خۆشەویستم　　پاش خوا تۆ ئەپەرستم
بۆ تۆ زۆر پەرێشانم　　لای تۆیە هۆش و هەستم
نە هیچ شار و وڵاتێ　　نە هیچ خۆشی و ئاواتێ
ناتوانن هەر بۆ ساتێ　　دوورت خەنەوە لە بیرم
هەی جێی باب و باپیرم
دڵم لای پێشمەرگەیە　　لای "عەزیز و هەنەیە"
هەر وا لای خەڵکی شارە　　لای دێهاتی و هەژارە

که دوژمنیان بەدکارە		دڕندە و گورگی هارە
ئەیەوێت کورد قڕان بکا		کوردستانمان وێران بکا
بەڵام خەیاڵی خاوە		کورد هەر ئەمێنێت و ماوە

**تێبینی**: "عەزیز و هەنە" مام جەلال و هێرۆن...
گەلاوێژ... لەندەن

***

دوای ئەم چەم دێــڕە، ئیتــر ســەر نووســینی ئەم جــۆرە نووســینە، هەروەک ئەم دێــڕانەی ئێســتا دەیاننووســـم یەک لە دوای یەک هەمـــوو هەســـت خســـتنە سەر کاغەز بوو، هەستی غەریبی و دەربەدەری و دوورەوڵاتیمان.

کوردستانی شیرینم

کوردستانی شیرینم		بە تۆوە خەون ئەبینم
هەموو شەوێ بە خەیاڵ		وا ئەدەم لە شەقەی باڵ
بۆ ناو کێوانەی نازدار ناو پێشمەرگە و کەس و کار
ئەبینم سەریان قاڵە		مەجلیس مام و خاڵە
هەر بۆمبایە و ئەتەقێ		هەر مناڵە و ئەتۆقێ
پێشمەرگەی قارەمانیش		چەند بە دڵ و بە گیانیش
سوورن لەسەر خەباتیان		بۆ ڕزگاریی وڵاتیان
کاتێک کە بە ئاگا دێم		جا ئەزانم من لە کوێم
بە چاوی پڕ لە ئەسرین		بێدەسەڵات و غەمگین

**گەلاوێژ... لەندەن**

ئەمەشم بۆ پێکەنین نووسی بۆ ئەورووپا:

ئەورووپایە ئەورووپا		هەموو هەر مەتح و سەنا
سەگەکانیان بەبەها		پیرەکانیش بە تەنیا
ڕەوشت و خۆی بەرباد		بە یەک فلسن لە مەزاد

هەرکە ئێوارە داهات      دنیا ئەبێت بە بەرباد
کچ و کوڕ لە پەنا دیوار      لە پارکیش و ناو قیتار
گشتیان مەست و سەرخۆشن  ئەی هاوار ئەی هاوار
باسی پەنگ تۆ هەر مەکە      ئەوەی مەڵێ هەر ڕەگە
هەر پۆپنە کەڵەشێرە      پەمەیی و شینی تێرە
هەیە هەر عەینی هیتلەر      توالێت تا پشتی سەر
قۆڵی خەت و نیشانە      چەکمە تا ئەژنۆ و ڕانە
بێجگە لە هەیپی چڵکن      لای حەرامە دەستشتن
گوایە دنیا ناهێنێ      خەڵکی خۆی بۆ بنوێنێ
شوکر خوا کە چوار فەسڵە      ئەتەزێ سەر وە بیلە
ئەگینا بەناوی خوا      ڕووت و قووت ئەڕۆیشتن
تا ماڵی دایکە حەوا

**گەلاوێژ... لەندەن**

ئەمەشم نووسی لەسەر ئەوەی هەموو ڕۆژێک تەلەفۆن دەکرا بۆ باوکی هێرۆی خۆشەویستم لە فڕۆکەخانەی هیترۆوە کە مستەر برایم ئەحمەد دەبێت بێت بۆ فڕۆکەخانەی هیترۆ، هەندێک خەڵک هاتوون ئێستا گیراون، چونکە هیچ پێناسیان پێ نییە، دەڵێن خزمی برایم ئەحمەدین، یان هەندێک دەڵێن ناسیاوی ئەوین و لە حیزبی ئەوین ڕامان کردووە لە دەست سەدام، ئەگینا دەکوژراین، بۆیە تکایە دەبێت بێیت بەلایانەوە و بزانین ئەمانە دەناسیت؟ ئیتر بەفر بوایە باران بوایە باوکی هێرۆی بەستەزمان بەو ئێوارەیە یان بەو شەوە سواری پاس و شەمەندەفەر دەبوو دەچوو بەلایانەوە، کە زۆر جار باوکی هێرۆ دەیگوت: "حەرام! هەر نەمدیوون و نازانم کێن؟!" بەڵام چۆن وای دەگوت، دوای ڕەوانەیان دەکردنەوە و

تووشـــی هەزار بەڵا دەبـــوون، بـــۆیە ناچـــار بەدیاریـــانەوە دەمـــایەوە تـــاوەکو قســـەی بـــۆ دەکـــردن و ڕزگـــاری دەکـــردن، هەنـــدێکیانی لەگەڵ خـــۆی دەهێنـــایەوە بـــۆ مـــاڵەوە، یـــان شـــوێنێکی بـــۆ پەیـــدا دەکـــردن تـــاوەکو ئیشـــیان بـــۆ جێبەجـــێ دەبـــوو، هەروەهـــا ژنێکـــیش هەبـــوو لێـــرە ئەو کـــاتە لە ڕێکخـــراوی پەنـــابەران کە خەریـــک بـــوو دابمەزرێـــت، زۆرتـــری بـــۆ کوردەکـــان بـــوو نـــاوی میـــری بـــوو، بـــۆیە منیش ڕۆژێک ئەم دێڕانەم نووسی:

## پەنابەری لەخۆگۆڕاو

تەلەفۆنە ئەڵێ هیترۆ! هەندێک حەپسن ئەیەڕۆ!
مامۆستا هەستە ڕاکە ڕیفرێنست بەرەو بڕۆ
تو خوا تۆش خوشکە میری لەگەڵ یەکێ زوو بڕۆ

***

لە ئاخریا حەپسەکان هاتنە دەرێ بە وچان
ئەوەندەشی پێ نەچوو هەفتانەشیان بۆ دەرچوو
ئیتر هەروا هاتن و چوون خەریکی جێ و ڕێ بوون

***

ساڵێکی بەسەردا چوو باشە بوو بە ئۆکەی
سوپاسیش بە سانکیو
کە چاویشت پێیان کەوت دیفید کێ بوو واندرۆ
هەرچیش ئەوەی منداڵ بوو لەگەڵ دایە لە ماڵ بوو
بانگی ئەکرد دادەی داد مامیش لەسەر لێوان بوو
مامیش پێی ئەوت پلیز ئەقڵ بە توو چاوی لیز
زۆریش هار هاری بکەیت ویک اند ناتبەمە پاریس
کاتێ زیافەت ئەکرا مێز و خوان ڕێک ئەخرا

کزە و کەباب دا ئەنرا ئەوسا بە قسە و زمان
ئەگەڕانەوە کوردستان لەوێدا هەر بە پاڵێ
سەدامیان خستە خوارێ

**گەلاوێژ... لەندەن ١٩٨٠**

ئەم دێڕانەشم بۆ دکتۆرەکان نووسیوە، کاتێک هەر چەند بەینێک دکتۆرێک لە شاخەکانی کوردستانەوە خۆی دەگەیاندە ئەورووپا و لەندەن، هەریەکە بە بیانوویەک و لە کاتێکدا کە حاڵی پێشمەرگە و خەباتکەران زۆر دژوار بوو، لە ژێر بۆردومان و شەڕی قورسدا بوون، منیش ئەم دێڕانەم بۆ نووسین:

## بۆ دکتۆرە هەڵهاتووەکان

ئەوە تۆش کاکی دکتۆر ڕات کردوە لە زوڵم و زۆر
برینی خۆشەویستان جێ هێشتووە بێ دەرمان
پێشمەرگە قارەمانە هەقی لەسەر هەموانە
ئەپارێزێ ئەو خاکی بە خوێنی جوان و پاکی
سەری کورد بەوە بەرزە کە وا ئەرکێکی فەرزە
کەچی تۆش هەڵهاتووی بەزیوو بە بێحاڵی
پەرۆشی ڤۆدکا و ویسکی شێت و شەیدای قژکاڵی

**گەلاوێژ... لەندەن**

***

ئەم دێـــڕانەش کاتێـــک نووســـیم لە داخـــی ڕووداوێـــک، ژنێکـــی گەڕۆکـــی فەڕەنســـــی گەیشـــتبووە ئێســـتگەی شـــەمەندەفەری ڤیکتۆریـــا لە لەنـــدەن،

پشیلەکەشـــی لەگەڵ خۆیـدا هێنـا بـوو، کە لە نـاو جـێگەی تایبەتیـدا بـوو، بە دەسـتیەوە بـوو لە شـوێنەکەی دەریهێنـابوو، گـوایە نەوەکـو تـاقەتی چووبێـت، پشـــیلەی قوڕبەســـەریش لە نـــاو قەرەبـــاڵغی و شـــلۆغیی خەڵـــک خـــۆی ڕاپســکاندبوو لە دەسـتی پیرێـژن و ڕایکردبـوو، ئیتـر دنیـا شـێوابوو، پشـیلە نەدۆزرایەوە، بگـرە ڕەنـگە بـۆ هەفـتەیەک باسـی ڕۆژنـامە و تەلەفزیـۆن و ڕادیـۆ و کـۆڵان و ڕێبـوار هەر بـاس باسـی پشـیلەی پیرێـژن بـوون و ڕەسـمی پیرێژنیـان بـڵاو دەکـردەوە کە چـۆن دەگریـا، ئەو کـاتەش لە کوردسـتان شـەڕی مـردن و ژیـان بـوو، بۆردومـانی کیمیبـاران بـوو، کەسـیش هەر باسـی نەدەکـرد! هەروەک جارێـک بـاوکی هێـرۆی خۆشەویسـتم تـووڕە بـوو گـوتی: "ئەم سـەگبابانە هەر جنێویشـمان پـێ نـادەن، خـۆزگە باسـیان بکردینـایە یـان جنێـویش بـوایە هەر بـاش بـوو، ئیتـر منـیش لە ڕۆژی پیرێـژن و پشـیلەکەی وا دڵم پڕ بوو، ئەم دێڕانەم نووسی:

## بانێکەو دوو هەوا

مەلەوانێک نوقم بوو لەوپەڕی دنیایەدا
شاخەوانێکیش قاچی لەجێ چوو و وەرگەڕا
یەکێ کەری خۆی لێ دا یەکێکیش لوتی پژا
پشیلەی ژنێک ون بوو بە پەرۆش بۆی ئەگەڕا
تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە بەمەوە سەریان قاڵ بوو
غەزەتەش کردییە هەرا
کوردیش بە سەدان کوژرا ماڵ و دێهاتی نەما
بە گازی ژەهراوی سەدام لەشی جوانانی خەملا
بە خوینی کۆرپە و پیری جۆگە وەک لافاو هەستا
خاکی کوردستان هەموو بە تۆپ و بۆمبا کێڵرا
بەڵام کەس ناڵی چییە؟ عالەم زمانی بەسترا

له ئاستی کورد وا کوێر بوون   هەر هیچ هەستیان نەما
حقوقی ئینسان کوانێ   تۆ بۆچی نقەت نەما؟
دیارە نەتەوەی یەکگرتووش   لای بانێکە و دوو هەوا
دونیا هەر وەها نامێنێ   زۆردارانی ڕووسیاە
کوردیش ڕۆژی هەر هەڵدێ   دوور و نزیک پشت بەخوا

**گەلاوێژ... لەندەن**

***

ڕۆژێکیش سەباحی زاوامان، کە هاوسەری هەیڤێی کچم بوو زۆر کوڕی باش بوو، بە تەنگمانەوە دەبوو، هەروەها زۆر ئاگای لە باوکی هێرۆ دەبوو، ڕۆژێک هات و گوتی: "جەو خۆشە وەرە لەگەڵ هەیڤێ و منداڵان بتانبەم بۆ شاری "کاردیف" زۆر خۆشە و یەک-دوو هاوڕێمان لەوێیە. ئێمەش هەستاین و سەباح بردینی ڕێگەوبانەکە زۆر خۆش و ئاوەدان بوو. گەیشتینە کاردیف و دوای پشوودان و نانخواردن کە بووبووین بە میوانی و بردیانینە شوێنێکی شاخاوی هەر کتومت دەتگوت کوردستانە، منیش زۆرم پێ خۆش بوو، چاوم بڕیە شاخەکان و ئیتر بە چاوی فرمێسکاوییەوە ئەم چەند دێڕەم خستە سەر کاغەز:

**ڕۆژێک بردیانمە سەیران**

ڕۆژێک بردیانمە سەیران   لە بۆ پشوودان و گەڕان
بۆ سەیری دیمەنی جوان   ڕێگەوبانی ئاوەدان
گەیشتمە گرد و شاخێ   چاوم بڕیە بنارێ
لە پڕ دڵم داخورپا   وەک گوێم بووبێ لە بۆمبا
چاوم کوێرایی داهات   کەوتمە یادکردنی وڵات

یادی دێهاتی وێران                    دایک و کۆرپەی سەرگەردان
دۆڵ و بێستانی سووتاو                 نەمامی بە گاز خنکاو
هەمووی هاتە پێش چاوم                وەکو کەسێکی داماو
چاوانم پڕ بوو لە ئاو                  لە بۆ کوردی لێقەوماو
کە گەڕامەوە ماڵ                     دڵم پڕ بوو لە زووخاڵ

**گەلاوێژ.. لەندەن**

***

لە کاتێکی تریشدا دڵم کە هەر پڕ بوو هەر چاوبەفرمێسک بووم، بەتایبەتی کە سەیری تەلەڤزیۆنم دەکرد ولاتان و شاران فڕک و هوڕ و دڵخۆشیم دەبینی و باسی چاکسازی و پێشکەوتن و خۆ ئامادەکردن بۆ بەرپاکردنی زەماندە و باسی ئۆلۆمپێک کە لە کوێ دەکرێت و چەند ئامادەیی ئەو ولاتەی کە لەوێ دەکرێت، ئیتر منیش بە چاوی پڕ فرمێسکەوە ئەم دێرانەم نووسی لە ناو ئۆتۆمبێلەکەم کە دانیشتبووم لەبەر دەرگەی مەکتەب چاوەڕێی کوڕەکانم دەکرد بێنە دەرەوە تاوەکو بیانبەمەوە بۆ ماڵەوە:

## خەڵکە چەن بە ئاواتم

خەڵکە چەن بە ئاواتم                 ئالا هەڵکا ولاتم
هەروەک هەموو میللەتان              منیش بڵێم ئەمەتام
چەند ساڵە بەش خوراوم              وایان زانی فەتاوم
ئەگەرچی دوژمنانمان                 زۆریان کرد و کۆشایان
کە وا بڵێن کوردستان                 بەشێکە لە ئەوان
کوردیش هەر وا هاتووە              لەسەری دانیشتووە
یاخود بە قسەی هەندێکیان           کورد عەشرەتێکە لەوان

بەڵام ڕۆڵەی دلاوەر پێشمەرگەی لە پشت سەنگەر
بە گیانی بێ هەم تایان کوردستانیان کردە قەڵایان
بێکەس و بێپشتیوان هەر بە هیمەتی خۆیان
وەک شێر ڕاپەڕین لێیان پەنجەیان کردە چاویان
گوتیان هەی قوڕ بەسەرتان تاوەکو تیامانا بێت گیان
ئەپارێزین خاکمان بەخت ئەکەین سەر و گیان
یان کوردستان یان نەمان

**گەلاوێژ... لەندەن**

بەینێکــی زۆر بــوو گەیشــتبووینە لەنــدەن و لە وڵات دوور کەوتبــووینەوە، وڵاتــیش لە حــاڵێکی زۆر خراپــدا بــوو بە دەســت دامودەزگــای ســەدامەوە و شۆڕشــگێران لە شــاخ بــوون و لە ژێــر بۆردومــان و تــۆپ و فــڕۆکە جەنگییەکانــدا بــوون. مــام جەلال و هێــرۆی کچــم هەر لە شــاخ بــوون، ئــێمەش لێــرە هەمیشــە داخ لەدڵ و چاوبەفرمێســک بــووین بۆیــان و بــۆ هەواڵێکیــان. بەیــن بەیــن و چەنــد ســاڵ جارێــک ئەگەر بیانتوانیــایە بە ڕێــگەی ئێــرانەوە بــێن بــۆ لامــان، مــام جەلال هەنــدێک جــار بە ئــیش بــۆ کــۆنفرانس و کــاری وا دەهــاتە دەرەوە و لەوێشــەوە دەهــات بــۆ لامــان، یــان بــاوکی هێــرۆ و مــن و باڤێــڵ و قوبادمــان لەگەڵــدا (هــاوڕێی کــوڕم کە زۆر خۆشەویســت بــوو لای مــام جەلال) دەبــرد، جارێکیــان هێــرۆی کچــم هــات بــۆ لەنــدەن بــۆ لامــان، ئەو کــات نەخــۆش بــوو، لە شــاخ ئۆتۆمبیلەکەیــان وەرگەڕابــوو، خــوا ڕەحمــی پــێ کردبــوو ئەگەرچــی شــانی شــکابوو قــۆڵی و دەستیشــی زۆر برینــدار بــوو بــوون و هەر لەوێ مــابووەوە تــاوەکو برینەکــانیش ســاڕێژ بووبــوون و بــۆی نەکرابــوو بێــت بــۆ لامــان، بەڵام شــان و قــۆڵی زۆر ئازاریــان دەدا و پێویســتی بە عەمەلیــات هەبــوو. ئیتــر ناچــار هــات بــۆ لەنــدەن، بە هــاتنی زۆرمــان پــێ خــۆش بــوو و بە بینینــی بــوژاینەوە، هێــرۆ زۆر بەکــار و بەغیــرەتە، بەو حــاڵ و شانەشــەوە کەوتە ژووری ڕێکخســتن و پیــنە و پەڕۆ، حاڵیشــمان زۆر خــراپ و بێپــارە و بێــدەرامەت بــووین، بــۆیە زۆر جــار هەڵــۆی کــوڕم بــۆیە و پیــنە و پەڕۆی

ماڵەکەی دەکرد، هەروەها هێرۆش کە هات هەر خەریک بوو تاوەکو درەنگەشەو هەر ئیش و پینەی ماڵەکەی دەکرد.

ژووریکمان هەبوو زۆر پەرپووت بوو، هێرۆ هەر تەقەی دەهات و خەریکی بوو، بە قسەی کەسی نەدەکرد کە ئەو بێتاقەتە و شان و قۆڵی خراپن، بەڵام گوێی نەدەدایە کەس، ئەو ژوورە پەرپووتە ڕێگەی حەمامی خوارەوەی بەسەرەوە بوو. شەوێک هەستام بە ئیشێک بۆ هێنانی ئەو بۆ یەکێک لە منداڵەکان بە ژوورەکەدا تێپەڕیم، سەرم سوڕما کە ئەو شەوە ئەوەندە ئەو ژوورەی جوان کردبوو و ڕێکی خستبوو، منیش بە چاوی خەواڵووەوە ئەم دوو-سێ دێڕەم بۆ خستە سەر کاغەز:

هەنە هەی گیانی شیرین          بە کارە و هونەر ڕەنگین
ئاسکەکەی سەر لوتکەی شاخ          خەمخۆری دڵی بەداخ
خوشکی هەموو پێشمەرگە          هاوڕێ و دڵسۆزی "کوکە"
یا خوا هەر وا بەگوڕ بی          لە چاوەزار بە دوور بی

* هەنە: هێرۆیە.

* کوکە: مام جەلال. یەکێک لە منداڵەکان بە منداڵی وای بانگ دەکرد و پێی دەگوت: کوکە.

دیارە ئەیویست بڵێ کاکە، بەڵام نەیدەزانی و هەر بانگی دەکرد کوکە. هەنەش هێرۆیە، باوکی هەر وای بانگ دەکرد و خاڵە هەمزەم ناوی نا هێرۆ، زۆریشی خۆش دەویست. ئەو کاتەی هێرۆ لە دایک بوو، خاڵە هەمزەم شاراوە بوو لە دەست حکومەتە بەدناوەکانی عێراق، بەزۆری لە سیتەک بوو، خەریکی ئیش و کاری نهێنیی پارتی بوو، خەریکی بەیاننامە و ئیش و کاری حیزبی بوو، بە یارمەتیی خوالێخۆشبوو "شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی نەمر" کە لە سیتەک زۆر ئاگاداری دەبوو.

بۆیە خاڵەم وەسێتی کردبوو کاتێک ئەمری خوای کرد لە سیتەک بینێژن. ئاخری ئاواتەکەی هاتە دی و ئێستا لە سیتەک نێژراوە. باوەڕ ناکەم

کەسێک هەبێت بەقەد خاڵە هەمزەم ماندوویی و ژێرزەمینی دیبێت و هەموو تەمەنی گەنجی بێبەش و لە ژێرزەمیندا بردبێتە سەر و خەباتی کردبێت. دوایش بەشخوراو و نەدار بووبێت و ئێستا دەبینین شەقام و جادە و پرد و باخ بە ناوی کەسانێکەوە ناونراون کە ڕەنگە هەندێکیان هەر دوژمنایەتیی خەباتکەرانیان دەکرد و هەمزە عەبدوڵلاش هەر ناوی نییە.

ئەم دوو-سێ دێڕەشم بۆ هەندرێنی نەوەم نووسیوە (کوڕی هەڵۆی کوڕم) کە لە سوید بوون و ئێمە لە لەندەن بووین. دیارە سەری یەکترمان دەدا. هەندرێن تازە لە دایک بووبوو، هەڵۆ هێشتا خوێندکار بوو، هەموو لایەکمان زۆر بێپارە و بێدەرامەت بووین، مام جەلال و هێرۆ و شۆڕشگێڕان هەموو لە شاخ بوون و لە ژێر بۆردومان و تۆپ و فڕۆکەی سەدامدا بوون.

بۆیە ڕۆژی جەژنی لەدایکبوونی هەندرێن گیان من لە لەندەن بووم، نەمتوانی بچم لەبەر ئەوە کوڕەکانیش لە مەکتەب بوون و بێ من ئیدارەیان نەدەکرد. ئەگەرچی دایکم و باوکی هێرۆ و یەک-دوان لە کچەکانم لە لایان بوون، بەڵام بۆم نەکرا بچم، وا بزانم لەبەر بێپارەیی بوو، بۆیە لەگەڵ کارتێکی ڕۆژی لەدایکبوونی و پیرۆزبایی ئەم دوو-سێ دێڕەم بۆ هەندرێن نووسی لەسەر کارتی جەژنە پیرۆزەکەی:

| | |
|---|---|
| یا خوا بە قوربانت بم | حەمە حەنەنۆ |
| کولەکەی دڵم | کوڕی کاکە هەڵۆ |
| یا خوا هەر خۆش بی | هیچ کات نەڵێی ئاخ |
| لەگەڵ هەڵۆی شیرین | و زووزووی گوڵەباخ |
| زۆر خەجاڵەتم حبیبی | چاوگەش |
| هیچم بۆ نەناردی | ڕووی نەبوونی ڕەش |

حەمە حەنەنو هەندرێنە، بە منداڵی وامان بانگ دەکرد، چونکە لەڕاستیدا ناوی موحەممەد هەندرێنە، زووزووش زەینەبی بووکمە، هەم بووکمە و هەم خوشکەزامە، کچی دکتۆر سدیق ئەتروشیی ڕەحمەتییە، زەینەبیشم زۆر خۆش دەوێت و زۆر دڵسۆزمە، بگرە هەموو خوشکەزاکانم زۆر

خۆش دەوێت، بەتایبەتی کچ و کوڕی دکتۆر سدیقی ڕەحمەتی، چونکە خۆم و دایکم گەورەمان کردوون، هەروەها خوشکەزاکانی تریشم خۆش دەوێت، خوشکێکی تریشم هەیە ناوی سەبرییەیە و لە دایکم نییە، بەڵام دایکی (واتا باوەژنم کە زۆر زۆر خۆشەویست و بەڕێز بوو لە لامان)، ناوی ئۆدا خاتوون بوو، سەبریەی کچی کە دەکاتە خوشکم، کوڕێکی هەیە ناوی دکتۆر دژوارە، دکتۆر دانا و دوو خوشکی هەیە شوویان کردووە.

هەروەها لەو ماوەیەی لە لەندەن بووم، خەریکی نووسینی ڕۆمان و چیرۆک و کتێب بووم ئەو دێڕانەشم دەنووسی کە لە هەستی ناو دەروونمەوە هەڵدەقووڵاون لەتاو دەربەدەری و غەریبی، بۆیە ئەم دێڕەشم بە عەرەبی نووسی، عەرەبییەکەشم باشە، چونکە لە خوارووی عێراق گەورە بووم وەکو لە پێشەوە نووسیومە، لە بیابانی (عەفەک و لە دیوانیە و بەسرە و قوڕنە) کە هەردوو ڕووبارەکەی دیجلە و فورات لە قوڕنە تێکەڵ بەیەک دەبن، چونکە خانووەکەمان لەسەر چەمی دیجلە بوو، یەکەم خانوو بوو لە ڕیزی خانووەکەمان بۆیە لەبەر چاومان لە خواروویماڵەکەمان تێکەڵ بە یەک دەبوون و دیواری ئەو هەموو ڕیزە خانووە کە بۆ مەئموور و کاربەدەستی حکومەت لە زۆر کۆنەوە دروست کرابوون، دیوارەکانی خانووەکان تاوەکو نزیک پەنجەرەکان لە ناو ئاوی دیجلەدا بوون، من ڕۆمانێکم دەست پێ کردووە ناوم ناوە "دیوارەکانی ناو ئاو" لەو ماوە و ناو ڕووبارەوە هەڵقووڵاوە، کە بە منداڵی خۆمی تیا بووم، پشت بە خوای گەورە خەریکی دەبم و تەواوی دەکەم، لە هەمووی خۆشتر و سەیرتر ئاوی دیجلە لێڵ و فورات زۆر ڕوون بوو، بۆیە کە تێکەڵ بە یەک دەبوون، تاوەکو بەسرەش ئاوەکە هەر وا بوو، مەگەر پاپۆڕێک تێبپەڕیایە و ئاوەکەی بشێوێنرایە و تێکەڵ بە یەکی بکردنایە.

ئینجا با بێینە سەر ئەو چەند دێڕە عەرەبییەی کە نووسیومە، دیارە من شاعیر نیم، بەڵام جاربەجار ئەم دێڕانەم دەنووسی، تاوەکو لە لەندەنیش لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاوم کردەوە...

(رساله الى وطنى)

**وطنى الغالي يا شامخا فى الاعالي**
**اهديك احر اشواقي يا محط أمالي**
**يا مربض الابطال واهل الشهامة**
**يا عرين الاسود ونبع الكرامة**
**اشتقت لنسيم جبالك الشماء**
**ولسماء فيضك وحنان الشتاء**
**فيها لهف لايام ولياليك الحبيبة**
**ولشذى عبير وديانك البديعة**
**ها هى الايام تجري**
**والغربة اقضمت ظهري**
**وحنينى اليك فى الدم يسري**
**يامربع الفداء والابا**
**يامهد طفولتى والصبا**
**فارقت ارضك العزيزه قسرا**
**وليلى من بعدك اصبح دهرا**
**فلابد للسفاح ان ينهار يوما**
**حيث نهاية الطغاة هكذا دوما**
**وعندها اعود ياحياتي فداء لك**
**لاروى حنيني من شهد جداول مائك**
**واستنشق العطور من نفحة هوائك**
**وازين عيني بكحل ترابك**
**واستودعك الله الى يوم لقائك**

هـذه السـطور كتبتهـا لشـده حنينـى الـى الـوطن واشـتياقى المميـت لـه مـن لندن.

**گەلاوێژ... لەندەن١٩٨٥**

ئیتــر ئەوە چــوونە لەنــدەن و غەریبیمـــان بــوو، هەمیشـــە چاوبەفرمێســک شــەو و ڕۆژ گوێهەڵخســتن بە پەرۆش و فرمێســکەوە بــۆ دەنگوباســێکی وڵات، ئێســتاش تــاوەکو دەمــخەنە قەبــرەوە دیمەنــی ئەو کــچە منــداڵەی کە هەر پێــنج-شــەش ســاڵ دەبــوو (هێــرۆی کچــم لەوێ وێــنەی بە ڤیــدیۆ گرتبــوو) لە دڵــم دەرناچێــت، زۆر دیمەنــی بــاوەڕپێنەکراوی هەیە کە بە کــامێراکەی خــۆی و لە نــاو ئەو ئــاگرەدا دەیگــرتن، دیمەنــی ئەو کــچە منــداڵە برینــدارەی وا بــزانم لە ســەرگەڵوو و ئەو نــاوە بــوو، دکتــۆر خەریکــی بــرینەکەی ئەو منــداڵە برینــدارە بــوو، لەو کاتەشــدا چەنــد پێشــمەرگە و کەســێکیش قســەیان لەگەڵ دەکــرد و دەیانویســت لە بیــری بەرنەوە و ڕوو بکــاتە ئەوان تــاوەکو شــانی برینــدار و قڵیشــاوی نەبینێــت، دەگریــا و هــاواری دەکــرد، چــونکە بە بێــبەنج شــانیان دەدووریــیەوە، چــونکە بەنجیــان لە کــوێ بــوو؟! هەرچۆنێــک بــوو پێشــمەرگە و کەســەکانی دەوری کە دەیاندوانــد تــاوەکو ســەرقاڵی بــکەن، لێیــان دەپرســی: "ئەوە بــۆ وات لــێ هــاتووە، کــێ وای لــێ کردیــت؟" بەو گریــان و فرمێســکەوە دەیگوت: "تەیارەی حکومەت وایان لێ کردم".

بەڕاســتی ئێســتا ئەم بــارودۆخە خۆشــەی هەمــوو تێیکەوتــوون نابێــت بە هــیچ جۆرێــک ئــێش و ئــازار و خــوێنی گەشــی پێشــمەرگە و ئەو کەســانەیان لە بیــر بچێــت، ئەگەر ئەو هەمــوو فیــداکاری و گیانلەدەســتدانی ئەو هەزاران شــەهیدە نەبــوایە، ئەو هەمــوو ســاڵە کە هەر بســتێکی خــاکی ئەم کوردســتانە و دۆڵ و شــاخ و پەنــا و ئەمــبەر و ئەوبەری بە خــوێنی گەشــی ئەوانە ئــاو نەدرایە، ئێســتا ئەم کــات و بــارودۆخە و ئەو حکــومەت و پەرلەمــان و سەربەســتی و خۆشــییەیان نەدەبینــی، کە زۆرێــک لەو کەســانەی ئێســتا بەری ڕەنــج و خــوێنی ئەوان بــووەتە خێــر و بەســەریاندا ڕژاوە. ڕەنــگە هەر نە شاخیان دیبێت نە ئەو زرووفە کوشندە و نالەبارەیان دیبێت.

بــێجگە لە هەڵەبــجەی شــەهید و ئەو هەمــوو منــداڵە زەرد و ســوورە نــازدارانەی لە پەنــا بەرد و خــۆڵ و پەنــا و پاســاردا لاشــەی نازداریــان پەرش و بــڵاو بووبــووەوە، کە هەمــوو ئەو شــارە و ئەو هەمــوو خەڵــکە بێتــاوانە بە

گازی ژەهراوی لەناو چوون و بوون بە عیبرەت و ڕیسوایی بۆ هەموو دیکتاتۆر و بێویژدان و نامرۆڤ و دڕندەیەک لەم دونیایەدا.

کە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید ڕووی دا، خێری وێنەگر و ڤیدیۆمانی ئێرانی بنووسێت، ئەگەر ئەو وێنە و ڤیدیۆیانەیان نەبوایە وەکو هەموو ڕووداو و کوشتار و بڕین و گازپیاکردنەکانی تر کەس پێی نەدەزانی، بەڵام ئەوان ئەو وێنە و ڤیدیۆیانەیان بڵاو کردەوە و ئاشکرایان کرد.

کوردەکان لە دەرەوەی وڵات کەوتنە خۆیان، هەرچەند زۆر خۆپیشاندانیان بەرپا دەکرد و دەکەوتنە هات و هاوار، بەتایبەتی ئەو ڕۆژەی بۆ هەڵەبجە هەموومان لە لەندەن ڕژاینە سەر شەقامەکان بە منداڵ و گەورە و پیرەوە، تاوەکو ئەو ڕۆژە دایکە بێمنداڵەکەشمان برد هەرچەندە بۆ هەموو ئەو خۆپیشاندانانە دەهات، چووینە بەر سەفارەتی عێراقی لە لەندەن، خوا هەڵناگرێت هەندێک ڕێبواری ئینگلیزیش بە تەنگەوەبوونی خۆیان بۆ دەرخستین و ناڕەحەت بوون بۆمان، ئەو ڕووداوە زۆر سەری لێ شێواندبووین، هەموو کوردەکان لە لەندەن زۆر بە پەرۆش و چاوبەفرمێسک بوون.

من هەرچەندە شاعیر نیم، بەڵام هەستم دەخەمە سەر کاغەز و لەناو ڕووداوەکەدا دەژیم و زۆر کارم تێ دەکات. بۆیە هەندێک جار هەستی ناو دەروونم کە لەو ڕووداوەوە هەڵدەقووڵێت، دەخەمە سەر کاغەز وەکو ئەم دێڕانە:

## دیاری بۆ هەڵەبجە

لە پەلکەزێڕینەی ڕۆژانی بەهار
ئەدرووم چەندەها کراس
لە ئەستێرەی شەوی شارەکەم

دروست ئەکەم چەندین ملوانکە
لە وەنەوشە و نێرگز و گوڵ
ئەچنم پڕ پڕ بە باوەشێ
بە مەرەکەبی فرمێسک و خوێن
گۆرانیی هەژارانیش ئەنووسم
لەگەڵ لایلایەی دایکێکا
لە پەنا بەردێکا
ئەمانە هەمووی ئەپێچمەوە و ئەیدەم بە کۆڵی ڕەشەبا
ئەیخەمە سەر باڵا شەپۆلەکانی تورەیی دەریا
ئەنێرم بە دیاری بۆ ئەو شارە خامۆشە
بۆ پەپوولەی کەسک و سوور
بۆ نەمامی ڕەنگپەڕیو
بۆ شۆخەکەی تازەووک
بۆ ئەو پیرە دڵتەنگە

**گەلاوێژ... لەندەن**

تێکـــڕا هەموومـــان بەو نیگەرانـــی و نـــاڕەحەتی و دڵتەنگیـــیەوە دەژیـــاین، بەتـــــــایبەتی کە ڕووداوی وا گەورە و ترســــــــناک ڕووی دەدا و لە وڵاتەوە بە فـــاکس بـــڵاو دەبـــووەوە بە ناومانـــدا بەتـــایبەتی ڕووداوی شـــەڕی براکـــوژی، جارێـک لەشـکری تـورک دەهـاتنە سـەر و جـارێکی تـر پەلامـاردانی لەشـکری ســـەدام و شـــەڕی نـــاو هەولێـــر، کە ئەوە هەر حەز نـــاکەم باســـی بـــکەم. ئـــاواتەخوازم جـــارێکی تـــر ئەو نەگبەتیـــیە بەســـەر کـــورددا نەیەتەوە، کە بـــرا پەلامـــاری بـــرای بـــدات و لەنـــاوی بەرێـــت و دوژمنـــی هەردوولاش بـــیکەن بە شـــایی و زەماوەنـد، چ لەوە خۆشـتر هەیە بـۆ دوژمنـی کـورد کە کـورد خۆیـان بەربنە گیـانی یەکتـری و ڕێگەیـان بـۆ ئاسـان و تەخـت بـکەن؟! وەکـو مەسـەلە

کوردییەکە گوتەنی، لەبەر ئەوە بەسەر ئەو ماوەیەدا تێدەپەڕم و حەز ناکەم باسی بکەم، هەرچەندە زۆر کاری تێکردبووم، بەتایبەتی کە هێرۆی کچم بۆ چەند ڕۆژێک دیار نەما و نەماندەزانی چیی بەسەر هاتبوو، چونکە کاتی پەلاماردانەکە لە لایەن ڕژێمی سەدامەوە لە هەولێر بوون، گوتیان نازانین چیی بەسەر هاتووە! سەرم سوڕدەمێنێت لە خۆم کە چۆن تا ئێستا ماوم و ئەو کاتە نەمردم؟ ڕۆژی وا هەبوو هەر بە ژماردن ئەم ژمارد کە هەژدە جار دەچووم بۆ مالّی شانازی کچم کە مالّەکەیان دووریش بوو لێمانەوە، خۆم ئۆتۆمبێلەکەمم لێ دەخوڕی تا دەگەیشتمە مالّیان، هەر ئەوەندە دادەبەزیم و سەرێکم دەکێشا، ئەوانیش هەموو بە سەرلێشێواوی و شپرزەییەوە نەیاندەزانی چی بکەن لە داخاندا، هەر لە دەرگاکەم دەدا و دەهاتن دەیانکردەوە، دکتۆر لەتیفی زاوام بوو یان یەکێکی تر، هەر ئەوەندە وەکو شێت دەمپرسی: "هیچ دەنگوباسی تازە نەبوو؟ هێرۆ نەدۆزرایەوە؟" ئیتر ئەوانیش زۆر نارەحەت دەبوون و دەکەوتنە دلّدانەوەم: "تۆ جارێک وەرە دابنیشە ئێستا فاکس دێت، تەلەفۆن دەکەن". دەمگوت: نا با بڕۆم بەڵکو فاکس و تەلەفۆن بۆ باوکی هێرۆ هاتبێت، چونکە لە مالّە و بەدیار فاکسەوەیە.

جارێکی تر لێم دەخوڕی بەرەو مالّی خۆمان، نازانم کوێر بووبووم شەقام و ڕێگەم چۆن دەبینی و چۆن دوو-سێ دەعمم نەدەکرد دەگەیشتمە مالّەوە، لەوێش هەر عەینی مالّی شاناز لە دەرگام دەدا، باوکی هێرۆ بە شپرزەییەوە و دایکم بە گریان و چاوی فرمێسکەوە لەگەڵ منداڵەکانم بە ڕاکردن دەهاتن دەرگایان بۆ دەکردمەوە و بە پەرۆشەوە پەلاماریان دەدام تا بمهێننە ژوورەوە، بەلاّم خۆمم ڕادەپسکاند لە دەستیان و دەمگوت: "جارێ پێم بلّێن هیچ خەبەری هێرۆ هات؟" هەرچەندە دەپاڕانەوە و خەریک دەبوون هەموو تێک دەچوون لەتاو من، بەلاّم گوێم نەدەدایە کەسیان، دیسان سواری ئۆتۆمبیلەکەم دەبوومەوە بۆ مالّی شاناز. ئەو ڕۆژە هەژدە

جار چووم و هاتم، دەمویست هەر لە دەرەوە و لەناو ئۆتۆمبێل بم، نەوەکو شتێکی خراپم گوێ لێ بێت.

ئاخری سێیەم ڕۆژ دیسان خۆپیشاندان و هات و هەرا بوو، هەموو کورد بە منداڵ و گەورەوە لە بەردەم سەفارەتی ئەمریکی بوون، نزیک نیوەڕۆ بوو باوکی هێرۆ هەندێک ماندوو بووبوو، چووبوو لەسەر کورسییەکی سەر شەقام دانیشتبوو کە لەپڕ باڤێل لەگەڵ یەک-دوانێک لە کوڕەکان لەگەڵ باوکی هێرۆ بوون، بوو بە هەرا و دەنگەدەنگ منیش نزیکیان بووم و بە هەڵەداوان ڕام کرد، کەچی سەیر دەکەم پەلاماریان دام و باوکی هێرۆ گوتی: "هێرۆ سەلامەتە"، گوتم: لە کوێیە؟ گوتی: "بەڕێوە بوو بەرەو سلێمانی".

بۆیە لێرەوە ئەم باسەی هێرۆ دەکەم هەروەکو دایکێک و وەکو هەستدەربڕینی دڵ و ناو دەروونی دایکێک، ئەگینا نامەوێت بە هیچ جۆرێک کای کۆن بە با بکەم.

ئیتر من هیچ ناڵێم کە ئەو مژدەیەی درا بەمن بۆ خۆتانی بەجێ ئەهێڵم کە بێتە بەرچاوتان هەموومان چیمان لێهات لەخۆشیانا تاوەکو خۆپیشاندەرەکانیش کە زانییان دڵیان خۆش بوو کەوتنە چاوەڕوانی کردنمان، لێرەوە چیتر باسی ئەو ڕووداوانە ناکەم، چونکە هەموو ئومێدو ئاواتم ئەوەیە کورد ڕێک بنو یەک دڵاو یەک دەست بنو پشتی یەک بگرن، لەسەر یەک بکەنەوەو با دوژمنەکانیان شەق بەرن، چونکە دوژمنی کورد بەهیچ شتێک کۆستی ناکەوێتو شێت نابێت بەوە نەبێت کە کورد یەک بنو لەپشتی یەکترەوەبن، کورد زۆر بێ کەسو بێ پشتە، بەڵام کە یەکبوونو ڕێکو بەهێز بوون لەهەموو لایەکەوە پشی پشیو مەراییان بۆ ئەکەن.

خۆی کاتی کۆڕەوەکە کە لەترسی کیمیابارانی سەدام کوردی بێ کەس دیسان بەو بەفرو سەرمایە پەروازە بوونو کەوتنە کەژو شاخان، ماڵاو حاڵیان هەموو بەجێهێشت، بەپیرو گەنجو نەخۆشەوە کەوتنە ڕێ پێوان لەناو بەفرو سەرماداو نیوەیان تا ئەگەیشتنە شوێنێک ئەمردن لەڕێگە، یەکێ لەو کەسانەی کە لەو ڕێگەو بانە مرد کە بەرەو تورکیا ئەڕۆیشتن،

بـــاوەژنەکەم بـــوو کە لەوەو پـــێش باســـم کـــرد، زۆر خۆشەویســـت بـــوو لەلامـــان‌و پێمئەگـــوت (ئـــۆدا خـــاتون) خـــۆی خـــاتوونی نـــاوبوو، ئینجـــا هەر ئەوە! بگـــرە دەیـــان‌و ســـەدانی وەک ئەو لەو ڕێـــگەو بـــانە ســـەختانە ئەمـــری خوایـــان کـــردو مـــردن تـــاوەکو میســـتەر مـــێجەری ســـەرۆک وەزیرانـــی ئەوکـــاتەی بریتانیـــا کە ناویـــان نـــا مهنـــدس، ئەو کـــارەی کە کردیـــان ئینگلیـــزو فەرەنســـاو ئەمەریکـــا ئەو ســـێ وڵاتە بڕیاریانـــدا کەئەگەر فـــڕۆکەی حکـــومەتی عێـــراق بەســـەر کوردستانا تێپەڕێت لێی بدەن‌و بیخەنە خوارەوە.

ئیتـــر کـــوردە لێقەومـــاوە پەرەوازەو دەربەدەرەکـــان هیـــواو ئومێـــدێکیان کەوتە دڵەوەو بەرەبەرە گەڕانەوە شـــوێن‌و جێـــی خۆیـــان، ئەوەی مـــردیش هەر لەو ڕێگەوبـــانە هەنـــدێکیان نێـــژران. ئیتـــر لەســـایەی ســـەری ئەو ســـێ وڵاتەوە کورد حەسانەوەو برینیان ساڕێژبووو کەوتنە خۆیان.

ئـــێمەی دوورەوڵاتـــیش بەو هەنگـــاوەی ئینگلیـــزو فەرەنســـاو ئەمەریکـــا دڵا خـــۆش بـــووین‌و بـــوژاینەوەو ڕێگەوبـــان کـــرایەوە لەڕێـــگەی ئێـــران‌و شـــوێنی تـــرەوە خەڵـــک تـــوانی بـــێن‌و ســـەری وڵات کەس‌و کاریـــان بـــدەن، ڕۆمـــانی (گەشـــتی کوردســـتان) کە نووســـیومە باســـی ئەو مـــاوەیە ئەکـــات کە دوو خێزانـــی کوردســـتان خۆیـــان‌و منـــداڵیان کـــۆئەکەنەوە کە بـــڕۆن ســـەری وڵات بـــدەن، کـــاتی خـــۆی کە لەوڵاتـــی خۆیـــان بـــوون هەردوو خێـــزانەکە حاڵیـــان بـــاش بـــوو، ژنەکـــان مامۆســـتای مەکـــتەب بـــوون پیاوەکـــان عەبەیـــان کە زۆر پیســـکەو ڕەزیـــل بـــوو مەئمـــوورو کارمەنـــد بـــوو لەدائیرەکـــانی حکـــومەت. هەروەهـــا پیـــاوی خێـــزانەکەی تـــریش نـــاوی دڵشـــاد بـــوو ئەویـــش لەکوردســـتان‌و ســـلێمانی حـــاڵی بـــاش بـــوو یەک دوو دوکـــانی هەبـــوو کەچـــی بووبـــوو بەچـــاولێکەری‌و هـــاتن بـــۆ ئەوروپـــا، بەهەزار فـــرت‌و فـــێڵا خۆیـــان گەیانـــدبوە ســـویدو لەوێ عەبە بووبـــوو بەدەرگـــاوانی کـــارگەیەک هەمـــوو ڕۆژێـــک ئەگەڕایەوە مـــاڵێ بەدەم‌و لـــوتی ئاوســـاوەوە ئەوەنـــدە بـــۆنی جۆراوجـــۆر ئەچـــووە لـــووتیەوە، شـــوێنەکە کـــارگەی ڕەنگـــی دەرگـــاو پەنـــجەرەو شـــتی تـــر بـــوو، دڵشـــادیش حـــاڵی بـــاش بـــوو خـــاوەن دوو ســـێ دوکـــان بـــوو لەوڵاتەکەی، بووبـــوو بەشـــاگرد لەســـوپەرمارکێتێک هەر

لەبەیـــانییەوە کـــارتۆن‌و ســـندوقیان پـــێ هەڵئەگـــرت‌و دائەنـــا، ژنەکانیشـــیان بووبـــوون بەئیشـــکەری شـــوێنی پەککەوتوەکـــان‌و خەریکـــی شـــتن‌و پـــاککردنی نەخۆشـــەکان بـــوون، ئەمە هەموویـــان قبـــوڵا ئەکـــرد بـــۆ ئەوەی پێیـــان بڵـــێن لەئەوروپا ئەژین.

ئینجـــا ئەوە زۆر ڕووداوی ســـەیرو دڵـــتەزێن‌و پێکەنینیشـــی تیـــایە ئومێـــد بەخـــوا لەم بەیـــنە چـــاپی ئەکەمەوە، چـــونکە دەمێـــک چـــاپ کرابـــوو ئێســـتا نەممـــاوە، ئەم ڕۆمـــانە باســـی ئەوکـــاتە ئەکـــات‌و باســـی هەژاری خەڵکـــی وڵات ئەکـات کە حـاڵاو وەزعیـان چـۆن بـووەو هەمـوو مـاڵاو حاڵیـان ئەفرۆشـت تـا پێـــی بـــژین، ئومێـــد ئەکەم بەزووتـــرین کـــات (گەشـــتی کوردســـتان) بـــخەمە بەردەستی خوێنەرانی خۆشەویست.

بەقەدەغەکردنـــی تێـــپەڕین‌و هـــاتنی فـــڕۆکەی حکـــومەتی ســـەدام لەلایەن ئینگلـــتەرەو فەرەنســـاو ئەمەریکـــاوە، کە ســـەرۆک وەزیرانـــی ئینگلـــتەرا میســـتەر جـــۆن مـــیجەر یەکەم جـــار ئەو بڕیـــارەی دا، بـــۆیە هەنـــدێجار پێیـــان ئەوت ئەندازیاری (مهندس)ی ئەو بڕیارە.

ئەو بڕیـــارەش کە دەرکـــرا بەنـــاوی نـــاوچەی پـــارێزراو بـــوو (ســـیف هـــێڤن) ئیتـــر بەو بڕیـــارە کـــورد بـــوژایەوەو ئاهێکیـــان تـــێکەوتەوە، ئـــێمەش کە دەربەدەر بـــووین هەمـــوو زینـــدووبوینەوەو دڵمـــان خـــۆش بـــوو. ئاوارەکـــانی کە هەڵهـــاتبوون لەترســـی کیمیابـــاران وردە وردە بەفەلاکەت‌و مانـــدویی گەڕانەوە، نیوەیان نەخۆش کەوتبوون‌و ئەوەی مردبوو هەر باس ناکرێت.

کـورد کەوتـنە خۆیـان و خەریکـی حکـومەت و دەسـتگا دامەزرانـدن بـوون. بەڵام نەبـوونی‌و بـێ دەرامەتـی ئەوەنـدەی تـر حـاڵی هاووڵاتیـانی شـڕ کردبـوو، هـیچ نەبـوو پێـی بـژین زۆریـان کەوتبـوونە خـانوو فرۆشـتن‌و ناومـاڵا فرۆشـتن تـــاوەکو مـــاڵاو منـــداڵیان پێـــی بـــژین، کـــوردی دەرەوەی وڵاتـــیش کەوتـــنە خـــۆ ئامادەکردن بۆ سەردان‌و بینینی خزم‌و کەس‌و کاریان.

دوو ڕێـــگە هەبـــوو کەپێـــی بـــێن‌و بـــڕۆن بەفـــڕۆکە ڕێـــگەی ئێـــران‌و تورکیـــا، ئـــێمەش منـــداڵەکانمان ئامـــادەکرد لەکـــاتی وچـــانی مەکـــتەب کە بیـــانهێنین بـــۆ

وڵات بــۆ بینینـــی دایـــکو باوکیـــان، بافـــڵو قوبـــاد گەورە بووبـــوون لەگەڵ هـــاوڕێی کـــوڕم کە زۆر ئارەزوویـــان بـــوو بێـــنەوە کوردســـتان ببیـــنن، چـــونکە کـــاتی خـــۆی بافـــل شـــەش مانگـــانو هـــاوڕێ چـــوار ســـاڵ بـــوو، قوبـــاد ئەوکـــاتە هێشـــتا نەهـــاتبووە دنیـــا، بەنـــۆرە چەنـــدجار مـــن ئەهـــاتمو جـــاری تـــر بـــاوکی هێـــرۆ ئەچـــوو، هەروەهـــا یەک لەدوای یەک ڕووداویـــش ئەقەومـــا، ئـــێمەش هەســـتو هـــۆشو ژیانمـــان لەگەڵ ئەو ڕووداوانە ئەبـــوون بەخۆشـــیو ناخۆشـــییەوەو بگـــرە زۆری ئەو کـــوردانەی دەربەدەربـــوون، دیـــارە هەنـــدێکیش هەبـــوون هەر گوێیـــان لەهـــیچ نەبـــوو لەوە زیـــاتر کە ئێســـتا لە ئەوروپـــایەو ئـــیش ئەکـــاتو دۆلار کۆئەکـــاتەوە بەڵکـــو بتـــوانێ بـــڕواتەوە وڵات، ئەڵـــێن خـــانووو مڵـــک هەرزان بـــووەو کەس پـــارەی نییە بەشـــکم بچـــن فریـــاکەونو بیکـــڕن، ئەو جـــۆرە کەســـانە زۆر کەم بوون، تێکڕا هەموو ناڕەحەتو لەگەڵ ڕووداوەکان ئەژیان.

ئەو ســـاڵانەی لە لەنـــدەن ژیـــابووین، تـــاوەکو ئێســـتاش چـــاکەی ئەو وڵاتەم بیـــر نـــاچێتەوە، بە جۆرێـــک تـــا چەنـــد داخـــوازیی چـــاکە و باشـــی و ســـەرکەوتنی کوردســـتان دەکەم ئەوەنـــدەش دڵـــم بە لەنـــدەن و وڵاتەکەیـــانەوە خۆشـــە، چـــونکە نـــزیکەی چـــل ســـاڵە لەو وڵاتەدایـــن و منـــداڵەکانمان بە دڵنیـــایی و بێتـــرس لەوێ گەورە بـــوون و چـــوون بـــۆ مەکـــتەب. ئەو هەمـــوو مـــاوەیەی لە لەنـــدەن بـــووین، تـــاوەکو ئێســـتا لە یەک خـــانوودایـن، ئەو خـــانووەی لە پێشـــەوە باســـم کـــرد کە چـــۆن کڕیمـــان و چـــۆن دەســـتمان کەوت، چـــونکە مامۆســـتا ئیبـــراهیم ئەحـــمەدی پێشـــکەوتنخواز، هەروەک لە کتێبـــی بەشـــێک لە بیرەوەرییەکـــانی مـــام جەلالـــی خۆشەویســـتدا نووســـراوە، لە لاپەڕە ٢٠٧دا نایشـــارێتەوە و دەڵێـــت: "زۆربەی لاوانـــی کوردســـتان سەرســـام بـــوون بە ئیبـــراهیم ئەحـــمەد، لەبەر ئەوەی بە کەســـایەتییەکی سیاســـی و ڕۆشـــنبیری و فیکریـــی ئەدەبـــی کـــوردی ناســـراوە، لە لاوێتیـــدا لە کـــۆلێژی حقـــوق وەک ڕۆشـــنبیرێکی کـــورد دەرکەوت کە لە پـــاڵ کـــوردی و عەرەبیـــدا زمـــانی ئینگلیزییشـــی دەزانـــی، هەروەهـــا شـــاعیر و چیرۆکنـــووس و ڕۆماننووســـێکی کوردیشـــە. لە نێـــوان ســـاڵانی ١٩٣٩-١٩٤٩دا یەکەم گۆڤـــاری ڕۆشـــنبیریی دەرکـــرد بە نـــاوی "گەلاوێـــژ"ەوە، ئەم گۆڤـــارە یەک

دەیەی تەواو خزمەتـی ڕۆشـنبیری و ئەدەبـی کـوردی کـرد، کـاری گرنگیشـی کـرد کـرد لە گەشـەکردنی زمـان و شـێوازی نووسـین و پـاکردنەوەی زمـانی کـوردی لە پیتی بێگانە و زمانی کوردیی هاوچەرخیش لەگەڵ ئەوەدا دەستی پێ کرد".

ئەمە چەنـد دێڕێـک بـوون لە کتێبـی "بیرەوەرییەکـانی مـام جەلال" کە باسـی ئەوسـای مامۆسـتا ئیبـراهیم ئەحـمەد دەکـات، کە بەڕاسـتی ئێسـتا ئەوەتەی بـرایم ئەحـمەدم ناسـیبوو، خـۆم بە بەختەوەرتـرین ژنـی سـەرزەمین دەزانـم کە هاوسـەری ئەوم و نـاوی ئەوم لەسـەرە و تـا مـاوم خـۆم و منـداڵەکانم فەخـر بە ناویەوە دەکەین.

هەروەهـا باسـی کـاتی لاوێتیـی دەکـرد، ئێسـتا هەر دوای مـاوە و کـاتی سـەرقاڵی حیزبـی و چـوونە شـاخ و دەسـتپێکردنی شـۆڕش، دوایـیش دەربەدەری و دوای ڕێککەوتننـامەی شـوومی جەزاییـر کە هەمـوو پەرتەوازە بـووین و گەیشـتینە لەنـدەن، زۆر بێپـارە و بێـدەرامەت بـووین، نەیتـوانی بە قەرز و بە قیسـت خـانوو بکڕێـت، ئەوە بـوو کـاک دارا عەتـار فریامـان کەوت و پێشـەکیی خـانووەکەی بـۆ دایـن کە دە هەزار پـاوەن بـوو، ئەویـش چـوو لە بـانکەکەی خـۆی بـۆ بـاوکی هێـرۆی دەرهێنـا، مـودیری بـانکیش بە بـاوکی هێـرۆی گـوت: "تـۆ زۆر پیـاوێکی بەختەوەریـت کە هـاوڕێ و کەسـی وات هەیە، چـونکە هەر ئەو پـارەیەی هەبـوو هەمـووی بـۆ تـۆ دەرهێنـا". ئەو خـانووەم زۆر خـۆش دەوێـت و بە قەسـری دنیـای نـاگۆڕمەوە، چـونکە یادگـاریی زۆر خـۆش و ناخۆشـم لە نـاو ئەو خـانووەدا هەیە، ئێسـتاش وا دەزانـم بـاوکی هێـرۆ لەوێـیە، کاتێـک دەڕۆمەوە وا دەزانـم لە ژووری مەکتەبەکەی دانیشتووە.

هەروەهـا یادگـاریی دایـکە شـیرینەکەم هەر لەو خـانووەدایە، زۆر جـار هەر بەتەواوی دەنگـی دایکـم دێـتە بەر گـوێ، وا دەزانـم بـانگم دەکـات. کەچـی کـاتی خـۆی لە وڵاتـی خۆمـان هـیچ کـات دوو سـاڵ لە خانوویەکـدا نەمـابووینەوە لەبەر ڕاونـانی حکـومەتە بەدناوەکـانی عێراقـی ئەوسـا و ڕاکـردن و دەربەدەری و ماڵ تالانکردن، ئیتر من چۆن ئەو خانووەم خۆش نەوێت؟

دیــاره دوای ئەم کــاتە خۆشــانەش، ناخۆشــترین ڕۆژم دیــت لە ژیانمــدا، ئەویــش ڕۆژی کــۆچی دوایــی یەکەم وشــەی دڵــداریی کــاتی جــوانیم و ئــاوازی بەسـۆزی هەمـوو لاویێتـیم: بـاوکی هێـرۆی خۆشەویسـتم بـوو، کە "ڕۆیـی ئیتـر تەنیـا جێـی هێشـتم لە چـۆڵی ژینـدا" هەر وەکـو خـۆی لە شـیعرێکیدا دەڵێـت؛ بەڵام مـــن هەر وا دەزانـــم زینـــدووە، هەر قســـە خۆشـــەکانی و ڕەفتـــارە بێـــوێنەکەی لە بیرمـــدایە و لەبەر چاومـــدایە. دوای بـــاوکی هێـــرۆی خۆشەویســتم، بە دوو ســاڵ دواتــر دایــکە دڵســۆز و میهرەبــانەکەم کــۆچی دوایـی کـرد، پـێش ئەوانـیش خـاڵە هەمـزەی سـەربەرزم کـۆچی کـرد و لەسـەر وەسـیێتەکەی بـرایە سـیتەک، شـوێنی خۆشـاردنەوە و خەبـاتی، کە شـێخ لەتیفـی حەفیـدی نەمـر زۆر ئاگـاداری دەکـرد و یـارمەتیی دەدا، وا بـزانم هـیچ پـرد و شـوێنێک بە نـاوی شـێخ لەتـیفەوە نەکـراوە، هەر بـۆ ئەوانە باشـە بە ناویـانەوە بــن کە زۆربەیــان لەبەر کورســی خۆیــان دوژمنــایەتیی خەباتگێرانیــان دەکــرد "سـبحان اللـه مغیـر الاحـوال". هەروەک ئەو مەسـەلە کـوردییەی دەڵێـت: "کـێ کردی و کێ خواردی!".

بـۆیە ئەم قســانەش دەکەم، چــونکە لە کەس ســڵ نــاکەمەوە و بــاکم نیــیە، جــگە لە خــوای گەورەش ســەر بــۆ کەس دانــانەوێنم. ســەرم بەرزە و بــرایم ئەحـمەدی هاوسەریشـم بە سـەربەرزی ژیـا و بە سـەربەرزی ڕۆیشـت، چەنـد خۆشـە خەڵـک لە هـیچ کردەوەیەکـی ڕابـردوو و ئێسـتا لە ژیانـدا شـەرم نەکـات و هـیچ تـرس و کەیـن و بەینـی نەبێت. ئەو کەسـە هەمیشـە دەنگـی دلێـرە و ئەو ســەربەرزی و ســەربڵندییە هــیچ خۆشــییەکی دنیــای پــێ نایگــات و هەمــوو ســەروەت و مــاڵ و باڵەخــانە و فەردە دۆلاری ســەرزەمین نــاگەنە ســاتێکی ئەو خۆشییەی لە ناو دەروون و هەستی ئەو کەسە سەربەرزەدایە.

ســاڵانی دووریمــان لە وڵات بەو جۆرەمــان بــردە ســەر و بەپێــی ڕووداو و گــۆڕینی بــارودۆخی وڵات هەســت و بیــر و خۆشــی و ناخۆشــیمان لەگەڵیــان دەگــۆڕا، هەروەک ئەوە وا بــوو کە لاشــە و جەســتەمان لە لەنــدەن بێــت و ڕۆح و هەناســە و دڵمــان لە وڵات بێــت. دواجــار کــاتی گــۆڕینی ســەدامیش هــات و

لەشکری ئەمریکا پەلاماری عێراقی دا و سەدام و دەست و دائیرەکەی لەناو برد و کوشتنوبڕینێکی زۆر بەر خەڵکی بێگوناە و ڕێبوار و بێدەسەڵات کەوت، کە ناتوانم باسی بکەم، حەزیش ناکەم بچمە ناو ئەو ڕووداوانەوە. لەوە زیاتر کە زۆر بەدڵ بۆ خەڵکی بێگوناهی سەرشەقام نارەحەت دەبووین. لەڕاستیدا هەموو خەڵکی عێراقم خۆش دەوێت و ڕەنگە هیی ئەوەش بووبێت کە بە منداڵی لە کاتی نەفی و دەربەدەریدا کە حکومەتی بەدناوی ئەوسا لەبەر خاڵە هەمزە عەبدوللام ئێمەی بە خێزان و ماڵ و منداڵەوە دوور خستبووەوە بۆ بیابانی عەفەک و دیوانیە، من لەگەڵ خوشکەکەم لە بەسرە و قورنە گەورە بووین، بۆیە دڵم لەگەڵ هەموو عێراقییەکاندایە بەبێ جیاوازیی ئەوەی شیعەیە سوننەیە، هەموویانم خۆش دەوێت و زۆر جاری تر باسم کردووە، عەرەبی عێراقی بە ساغترین عەرەبی جیهانی دەزانم. جاران وا بوون، بەڵام ئێستا دنیایان لێ شێواوە و بەستەزمانن.

کاتی خۆی کە بە دەربەدەری چووین بۆ ئێران و لەوێ بۆ ماوەیەک نیشتەجێ بووین، سەرمان سوڕدەما کە هەموو ڕۆژێک لە ڕۆژنامەکانیان باسی منداڵ و کچی ڕفێنراویان دەنووسی، دوێنێ چەند منداڵێک بە کوژراوی دۆزراوەتەوە و دوای ئەو هیی دیکە ئەزیەت دراوە و ... سەرمان سوڕئەما! بەڕاستی ئێمە لە عێراق فێری ئەوە بووین هەر بەوەدا بگەین کە ڕادیۆ بڵاوی دەکردەوە: منداڵێکی ئەوەنە ساڵە دۆزراوەتەوە، لە فلان پۆلیسخانەیە و جلێکی وای لەبەردایە، تەمەنی ئەوەندەیە با کەسوکاری بێن بیبینن، بۆیە لە هەموو ڕوویەکەوە عێراقی زۆر مەرد و پیاوچاک بوون. بڕوا دەکەم کە چەند زرووفیان ئێستا گۆڕابێت، هەر وان و وا دەمێننەوە، دەتاسێم کە ئێستا دەبینم وڵاتانی کەنداو وا گەشەیان کردووە و ئاوەدان بوونەتەوە و عێراقی نەگبەتیش وێران بووە. عێراق لەچاو هەموو ئەو شوێنانە لەندەن و پاریس بوو، ئەوان زۆر دواکەوتوو بوون، بەڵام سەرکردەکانیان وڵاتەکەیان ئاوەدان کردەوە و خۆشیان دەوێت؛ بەڵام هیی

عێراق بۆ کورسی و مەسڵەحەتی خۆیان کاولیان کرد و تووشی نەگبەتییان کرد. سەدام هەشت ساڵ شەڕی لەگەڵ ئێراندا کرد، دوایش هێرشی کردە سەر کوێت، کوێتیش لە خۆی گۆڕابوو، ئەوەتەی من بە بیرم دێت کوێت وەکو شارێکی سەر بە عێراق ناوی دەبرا، بەتایبەتی کە منداڵ بووم لە خوارووی عێراق بووین.

دوای لابردنی سەدام ڕووداو و شتی زۆر خۆش بەرپا بوو، هەروەک هەڵبژاردنی مام جەلال بە سەرۆک کۆماری عێراق، بۆ یەکەم جار کوردێک ببێت بە سەرۆککۆماری عێراق، ئەمە ڕووداوێکی زۆر ژیانی بوو بە نیسبەت هەموو کوردێکەوە، مام جەلال شایان بەو جێگەیە بوو، چونکە لە تەمەنی شازدەساڵییەوە خەبات دەکات و لە سیاسەتدایە، لە شاخ لەبەر بۆمبا و گوللەباراندا بووە و خاوەنی ناوێکی پاک و زۆر بەرز و خۆشەویست و سەربڵندی کەموێنەیە، بگرە لای من بێوێنەیە.

هەروەها کوردستان بووە هەرێمێکی خاوەن حکومەتی تایبەت بە خۆی و خاوەن پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم، سەرۆکهەرێمێکی باش و دڵسۆز بۆ کورد کە ئەویش کاک مەسعود بارزانییە.

ئەوانیش لە زووەوە ناوبانگی خۆیان هەیە، بەتایبەتی کە کوڕی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانییە، کە لە ژیانیاندا زۆریان بەسەر هات، هەمیشە لە شەڕ و ڕاونانی حکومەت و دەربەدەریدا بوون. خۆم شەخسی زۆر لە زووەوە، زۆر ڕێز لە مەلا مستەفای نەمر دەگرم. دیارە بە هۆی پەیوەندیی خاڵە هەمزەوە کە کاتی خۆی لەگەڵی بوو، هەروەها بە هۆی باوکی هێرۆوە، کە ڕەنگە زۆر کەس وا بزانن باوکی هێرۆ مەلا مستەفای خۆش نەدەویست، بەڵام ئەوان زۆر سەهون، باوکی هێرۆ کە من نزیکترین کەس بووم بۆی، دەمزانی کە وا نییە، باوکی هێرۆ خۆشی دەویست و زۆر چاکەی بۆ دەویست، بەڵام دیارە هەندێک بیروباوەڕی جیایان هەبوو، بە هیچ جۆرێک نەدەگەیشتە ئەوەی ڕقەبەرایەتی هەبێت، یان دوژمنایەتی.

ئومێـدەوارم کـورد هەمیشـە یەکـدڵ و یەک بـن و پشـتی یەکتـری بگـرن، چـونکە دوژمنـان هەمیشـە چاویـان بەوە ڕوون دەبێـتەوە کە کـورد ناڕێـک بـن و پـارچە پـارچە و چەنـد بەش بـن و یەکتـری لەنـاو بەرن و ئیشـەکە بـۆ ئەو سـووک بـکەن، کە بە بێهێـزی و سەرلێشـێواوی بـکەونە بەر دەسـتی، ئەمە جاری چەندەمینە ئەم قسەیە دەکەمەوە و دەینووسمەوە.

هەر کوردێـک و هەر کەسـێک میللەتـی خـۆی خـۆش بوێـت، دەبێـت بەردەوام ئەو ئـاواتەی هەبێـت و هەر پـارچە و هێـز و حیزبێـک ئەوەیـان بیـر نەچێـتەوە و ڕووداوی بچـووک یـان گەورە نەکەن بە بیـانوو و بەر ببـنە گیـانی یەکتـری، کـورد زۆر بـێکەس و پشـتوپەنایە، دەبێـت خۆیـان پشـتی یەکتـری بگـرن و چـاو لە خەتـا و کـردەوەی نـاجۆری یەکتـر بپۆشـن و بە هـیچ کـردەوە و بیـانوویەک پشـتی یەکتـری بەر نەدەن و نەکەونە گیـانی یەکتـری... مـن ئەم قسـانە بـۆیە دەکەم چـونکە خـۆم تەجـرەبەم هەیە و لە نـاو ڕووداو و شـەڕی براکوژیـدا بـووم و ژیـاوم، ئەو ڕۆژە بچێـت و نەیەتەوە کە بـرا بـرای دەدایە بەر دەسـترێژی گـوللە و دراوسـێ دراوسـێی دەدایە بەر شـەق، کاتێـک پـارتی بـوو بە دوو بەشـەوە، شـەڕی براکـوژی و مـاڵوێرانی دەسـتی پـێ کـرد. هەر لایەکیـان بە خەتابـار دەزانـم و هـیچ لایەک لەو بەشـانەی جیـا بـوونەوە و شـەڕی براکوژییـان بەرپـا کـرد، بێخەتـا نـازانم و دەبـوایە ڕۆژی ڕەشـی کوردیـان لەبەرچـاو بگرتـایە، هەر لایەیـان واز لە هەنـدێک داواکـانی بهێنێـت، خـوێنی ئەو هەمـوو گەنـج و خەبـاتگێڕانە نەڕێـژن، هەر وەکـو ئەو مەسـەلە کـۆنەی گوتوویـانە: "بـرا لە پشـت بـرا بێـت، مەگەر قەزا لە لای خـوا بێـت". هەروەک مـام ڕەمـزی فەتـاحی بەڕێـز و خۆشەویسـت، مـامی بـاوکی هێـرۆ کە هەر شـەڕ و ئـاڵۆزییەک دەقەومـا مـامە ڕەمـزی دەیگـوت: "چەپـڵە بە دەسـتێک لـێ نادرێـت و خەتای هەردوو لایە ".

***

لە دوا دێـڕی ئەم یادەوەرییانەمـدا ئەم دوو-سـێ دێـڕە بـۆ بـاوکی هێـرۆی خۆشەویستم دووبارە دەکەمەوە و پێشکەشی دەکەم:

بۆ یەکەم وشەی دڵداریی کاتی جوانیم
بۆ ئاوازی بەسۆزی هەموو لاویەتیم
بۆ دڵسۆزی بێوێنەی تەمەنم
بۆ دوا دێڕی عیشق و خۆشەویستیم
.....
بۆ ئەوەی لەسەر شاخ و لە ناو ئەشکەوتەکاندا هاودەمم بوو
لە غەریبی و دەربەدەریدا وڵاتم بوو
بۆ ئەوەی لە پاکی پاکتر
لە ڕاستی ڕاستتر بوو
قەڵای بەرزی هیوا و ئاواتم بوو
.....
بۆ ئەوەی شەیدای ڕووخسار و شێتی و شۆڕیم بوو
دەریای بێسنووری بڕوا و نازم بوو
ئێستا چۆن بێ ئەو بژیم؟
چۆن بڕوا بکەم هەر وا بە ئاسانی
لەچاوتروکاندنێکدا ئیتر لێم ون بوو؟

**گەلاوێژ**

## پاشکۆ

لەبەر گرنگــی و پــڕ بــایەخی ڕووداوی گرتنــی شــەمەندەفەر کە لە بەشــی یەکەمــی بیرەوەرییەکانمــدا بــڵاو نەکــراوەتەوە، بە پێویســتم زانــی وەک پاشکۆیەک بڵاوی بکەمەوە:

**گرتنــی شــەمەندەفەر لە ئێســتگەی ســلێمانبەگ و هەڵوێســتی شــۆڕش لە تەمووزی ١٩٦٢ تاکو ٨ی شوباتی ١٩٦٣**

# پێشەکی

١- لە مــــانگی تەممــــووزی ١٩٦٢ ســــەرۆکوەزیران عەبــــدولکەریم قاســــم (خــوای لــێ خــۆش بێــت) بە بــۆنەی چــوار ســاڵ تێپەڕبــوون بەســەر شۆڕشــی ١٤ی تەممــــووزی ١٩٥٨دا وتــــارێکی دا، یەکێــــک لە خاڵەکــــانی وتەکەی ئەوە بــوو کە چەکــداری کــورد نەمــاوە، ئەوەی مــاوە زۆر کەمــن و لە ســێ گۆشــەی عێــــراق- تورکیــــا- ئێــــران (واتە لە برادۆســــتن) ئەوانــــیش بەم زوانە نــــامێنن (چارەسەری دەکەین) و نەخشەمان بۆ نەمانیان داناوە...

دووبــارە پــاش مــاوەیەکی کەم لە وتەیەکــی تریــدا دووبــارە جەختــی لەســەر ئەو خاڵەی کردەوە.

٢- لەو مــــاوەیەدا لەگەڵ بەڕێــز مــام جەلال لەســــەر شــاخی هەیبەتســــولتان (لە حــــاجی قەڵا) بــــووین، مــــام جەلال زیــــاتر خەریکــــی ئەوە بــــوو کە پەیوەنــــدی لەگەڵ نــاوچەی دەشــتی کــۆیە و هەولێــر و نــاوچەی خۆشــناوەتی و بتــوێن و پشــدەر بکــات و هەوڵ بــدات بــۆ پەرەســــەندنی شــۆڕش و پەیــداکردنی چەک و پتەوکردنی ڕێکخستنەکانیان لەو ناوچەیەدا.

٣- بەو قســــانەی ســــەرۆکوەزیران زۆر نــــارەحەت بــــووم کە پــــێچەوانەی واقیــــع بــــوو، چــــونکە ئەم وتــــارانە پــــاش شــــەڕی ئــــاغجەلەری یەکەم بــــوو کە حکــومەت بە فــڕۆکە و تــۆپ و تانــک و پیــادە (جحفــل معــرکە) بە دوو-ســێ ڕۆژ نەیــــانتوانی لە چەمچەمــــاڵ- دەربەنــــدی بازیــــان- کــــانی شــــەیتان- بــــۆ

ئـــاغجەلەر بـــڕۆن بـــۆ كـــردنەوەی گەمـــارۆدان لەســـەر نـــاحیەی ئـــاغجەلەر، هەروەه لەم شـــەڕەدا كۆمەڵێـــك ئەفســـەر و دەرەجەدار گیـــران و كوشـــتاریان هەبوو.

ئەم پـــلانە مـــام جەلال خـــۆی دای ڕشـــتبوو، سەرپەرشتیارەكەشـــی هەر خۆی بوو.

٤- زۆر بیـــرم كـــردەوە چـــۆن ســـەرۆكی حكـــومەت ئەفســـەرێكی وەتەنیـــی بەتوانـــا- ســـەركردەی شۆڕشـــی ١٤ی تەممـــووز بەو جـــۆرە بیـــر دەكـــاتەوە و بـــایەخ بە مەســـەلەی كـــورد نـــادات، كە یەكـــێكە لە مەســـەلە گرنگەكـــان و ئامانجەكـــانی ١٤ی تەمـــووز و عێـــراق، بـــۆیە بیـــرم كـــردەوە كە دەبێـــت ئـــێمەش كاردانەوەمان بەرانبەر ئەو هەڵوێستە هەبێت.

٥- هەر لە حـــــاجی قەڵا بـــــووین، ڕووم كـــــردە مـــــام جەلال: پێویســـــتە بەرپەرچی سەربازی بە یەكێك لەم ئامانجانە بدەینەوە:

گرتنی كەركووك و جەلەولا:

گرتنـــی ئێســـتگەی شـــەمەندەفەر لە تـــاووق، یـــاخود تـــووز و كفـــری. یـــان ئێستگەكانی ڕێگەی كەركووك-بەغدا.

چـــونكە لەو مـــاوەیەدا شـــۆڕش هۆكارەكـــانی ڕاگەیانـــدنی نەبـــوو، نە ڕادیـــۆ نە هۆكارەكانی پەیوەندیی دەرەوە و ناوەوە.

هەروەهـــا حیـــزب لەو ئاســـتەدا نەبـــوو كە بتوانێـــت لە هەمـــوو شـــارەكانی عێراق وەڵام بداتەوە.

٦- بۆیە زۆر بە وردی تاوتوێی ئەو ئامانجانەم كرد-

چـــین ئەو شـــتانەی كە دەبـــنە هـــۆی ســـەركەوتنمان و ئەو هۆكـــارانەی كە ڕێگەمان پێ دەگرێت؟

بە خەملانـــدنی هەڵوێســـتێكی عەقڵـــی وەكـــو چەنـــد خاڵێـــك خســـتمە ســـەر پارچە كاغەزێك.

گرتنی كەركووك:

أ- كۆمەڵی ئەورووپی و ئەمریکی و بێگانە ئیش دەکەن وەکو فەرمانبەر لە کۆمپانیای نەوت.

ب- بوونی کونسوڵی ئەمریکی و ئینگلیزی و تورکی و ئێرانی لە کەرکووک.

ج- کەرکووک سەربازگەیەکی گەورەیە و بارەگای چەند سەرکردایەتیی سەربازی تیایە و بنکەی ئاسمانی لێیە.

د- جگە لەوەی کەرکووک بایەخێکی ستراتیژی هەیە لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە.

ە- هەر شێوە هێرشێک بۆ سەر کەرکووک کار دەکاتە سەر وورەی هێزەکانی حکومەت و حاڵەتی بێزاریی زیاتر لەناویاندا پەیدا دەبێت.

و- لە لایەکی ترەوە، وورەی گەل و پتەویی ڕیزی پ.م ڕۆحی فیداکاری و هەڵمەتبردن زیاتر لەناو گەل و پ.م دەچەسپێت.

## گرتنی سەربازگەی جەلەولا:

گرتنی سەربازگەی جەلەولا هەمان ئامانجەکان دێنێتە دی، چونکە سەربازگەیەکی گەورەیە کۆمەڵێک یەکەی هەمەچەشنەی تیایە و نزیک سنووری ئێران و نەوتخانەیە و چەند ئەفسەری عەرەب و دەرەجەدار پەیوەندییان هەبوو، چەند جارێک ئامادەیی خۆیان دەربڕی تا یارمەتیمان بدەن بۆ گرتنی سەربازگەکە. پێشتریش پەیوەندیی وەرزشی و سەربازییان هەبوو بە منەوە.

پاش خەملاندن و هەڵوێستێکی ورد و شیکردنەوە و تاوتوێکردن، ئەو دوو ئامانجەم کرد و گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە زەحمەتە ئەم کارە بکرێت و سەر ناکەوین، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

أ- کەمی پ.م و چەکی قورس کە بەشی ئەو ئامانجە ناکات.

ب- نەبوونی چەکی دژەهەوایی و دژەتانک بە هیچ جۆرێک نە سووک و نە قورس.

ج- پاراستنی دەوریاتی سەربازی لە دەرەوەی سەربازگەی کەرکووک و کۆمپانیای نەوت زۆرن.

د- هۆکارەکانی پەیوەندی و هۆشدارییان بەتەواوەتی هەیە.

ە- دووریی ڕێگە و سروشتی زەمین یارمەتیمان نادات بۆ خۆشاردنەوە و نزیکبوونەوە لە کەرکووک.

٧- پاش هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەو وەختە و بە وردی خەملاندنی هەلویست لەسەر ئەو ئامانجانە بڕیارم دا کە ئامانجی سەرەکیی سێیەم جێبەجێ بکەین، واتە گرتنی شەمەندەفەر لە یەکێک لەم ئێستگانە:

تاووق (داقوق)- توزخورماتو- ئاسکی کفری (قتار مسافر) (بەینی کەرکووک- جەلەولا- بەغدا) چونکە ئەم ئامانجانەی خوارەوە مسۆگەر دەکات:

أ- لە ناو شەمەندەفەردا کۆمەڵێک ئەفسەر و سەربازی تیایە کە بە مۆڵەت دەڕۆنەوە.

ب- کۆمەڵێک ئەندازیار و فەرمانبەری کۆمپانیای نەوت کە بە مۆڵەت بەرەو بەغدا دەڕۆن کە ئەمریکی و ئەوروپین.

ج- خۆ ئەگەر توانیمان شەوی چوارشەممە لەسەر پێنجشەممە بێت، ئەوە باشتر، چونکە زۆر لەسەربازەکان بە مۆڵەتی هەفتانە دەڕۆنەوە بەرەو بەغدا.

د- یاخود شەوی شەممە لەسەر یەکشەممە کە ئەوروپی و ئەمریکییەکانی کۆمپانیای نەوت بەرەو بەغدا دەڕۆن.

٨- لەو ئامانجە سەرەکییانە چەند ئامانجێکی تر پیادە دەکەین.

أ- گەیشتنی پ.م بۆ لێواری حەمرین و گەیشتن بۆ ناوچەی عەرەب بەتایبەت نزیکبوونەوە لە عەشیرەتەکانی بەیات- عوبێد- عەزە- کروی- جبوور.

ب- چوونە ناو قووڵایی ناوچەی گەرمیان بۆ پەرەسەندنی شۆڕش لە ناوچەی شێخان و ڕەبات و هەموو ڕەگەزەکانی جاف لە سەنگاو و

هەمەوەنـد، ئینجـا بەرەو خـوارتر بـۆ نـاوچەی زەنگـنە و جەبـاری- بنـاری گـل و تاڵەبان و داودە و جافی گەرمیانی خواروو وەدەلۆ.

ج- هەوڵـــدان بـــۆ دوورخســـتنەوەی خەڵکـــی نـــاوچەکە لە حکـــومەت و نزیکبوونەوەیان لە شۆڕش بە هەر شێوەیەک کە خۆیان پێیان باشە.

بەو جـۆرە دەتـوانین بەرپەرچـی سـەربازی حکـومەت بـدەینەوە و دەنگمـان بگەیەنین بە خەڵکی عێراق و دەرەوەی عێراق.

٩- لەبەر ئەوەی شۆڕشـــی کـــورد بەرەوپێشـــەوەچوونی شـــۆڕش بەنـــدە بە هەڵوێســـتی سیاســـی و ســـەربازیی عێـــراق و ڕێبـــازی سیاســـیی دەوڵەتە هەرێمـــی نێـــودەوڵەتی پـــاش شۆڕشـــی ١٤ی تەممـــووزی ١٩٥٨، بـــۆیە دەبێـــت زۆر بە پـــوختی بـــاس لە ڕووداوەکـــانی پـــاش ١٤ی تەممـــووزی ١٩٥٨و کارتێکردنی لەسەر مەسەلەی کورد بکەین.

## هەڵوێستی سیاسیی عێراق

پـــاش ســـەرکەوتنی شۆڕشـــی ١ی تەممـــووز لە ســـاڵی ١٩٥٨ بە ســـەرکردایەتیی عەبـــدولکەریم قاســـم و عەبدولســـەلام عـــارف، کە بە تونـــدی گەلـــی عێـــراق بەگشـــتی و پارتەکـــانی عێـــراق بە هەمـــوو تەوژمەکـــانەوە پشـــتگیرییان کـــرد و بەرەو پیـــری ڕۆیشـــتن و خۆشـــی کەوتە دڵـــی هەمـــوو لایەک، بەوپێـــیەی کە شـــۆڕش ئامانجەکـــانی گەل لە بـــارودۆخی سیاســـی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بەدی دەهێنێت.

ئەوەنـدەی پـێ نەچـوو، پـاش تێپەڕبـوونی سـێ مانـگ بەسـەر شۆڕشـی تەممـــووز، نـــاکۆکیی قـــووڵ کەوتە نێـــوان ســـەرکردایەتیی شـــۆڕش (ئەفسەرەکان) و بوون بە دوو بەشەوە:

### ڕێبازی یەکەم

عەبـدولکەریم زیـاتر ئەوە بـۆ ڕێکخسـتنی نـاوەوە و بـاری سیاسـی و ئـابووری و کـۆمەڵایەتی چـاک بکـات. زیـاتر دروشـمی نیشـتمانی لە دروشـمی نەتەوەیی زاڵتر بوو بەسەریانەوە.

**ڕێبازی دووەم**

ڕێبازی عەبدولسەلام عارف

لە خوتبەکانیدا لە هەموو شارەکانی عێراق دروشمی نەتەوەیی عەرەبی زاڵ بوو بەسەریدا و یەکسەر داوای یەکێتی دەکرد، بەتایبەت لەگەڵ کۆماری یەکگرتووی عەرەبی بە سەرۆکایەتیی عەبدولناسر کە کارتێکردنی لەسەر هەڵوێستەکانی گەلی عەرەب لە هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکاندا هەبوو.

ئەم دوو ڕێبازە خزانە ناو سوپاوە، هەروەها ناو میللەت و حیزبەکان و وای لێ هات سوپا و حیزبەکان و گەلی عێراق ببن بە دوو بەشەوە:

**بەشی یەکەم**

هەموو حیزبە چەپەکان و دیموکراتی، زۆربەی کورد بەزۆری پشتگیریی ئەو ڕێبازەی عەبدولکەریم قاسمیان دەکرد.

**بەشی دووەم**

هەموو حیزب و تەوژمی نەتەوەیی و دینی و زۆربەی تەوژمی ڕاستڕەوی توندڕەو کە لایەنگری هەڵوێستی عەبدولسەلام عارفیان دەکرد، کە داوای یەکێتیی یەکسەر و دژ بە تەوژمی چەپ و ئامانجی کورد وەستابوو. ئەم دوو تەوژمە (بەتایبەت تەوژمی چەپ) کە حیزبی شیوعیی عێراق سەرکردایەتیی دەکرد، تەوژمی نەتەوەیی توندڕەو کە حیزبی بەعس و تەوژمی نەتەوەیی سەرکردایەتیی دەکرد، گەیشتنە ئەوپەڕی ناکۆکی، هەروەها بەکارهێنانی توندوتیژی لەسەر بۆچوونی هەڵوێستە سیاسییەکان.

من لێرە نامەوێت بەدووردرێژی باسی بکەم و ئەو ڕووداوانە تاوتوێ بکەم و چۆنێتیی پەرەسەندنی باس بکەم، چونکە باسێکی دووردرێژە، بەڵام ئەو دوو لایەنە لە زۆر هەڵوێستی سیاسی و سەربازی کە دەسەڵاتیان پەیدا کرد خۆیان بە ئەڵتەرناتیڤی حکومەت و دەسەڵات دادەنا، بەوپەڕی توندوتیژییەوە حاڵەتی تۆڵەسەندن و کوشتن و بڕین و لە زۆر

حاڵەتـــدا کۆمەڵێـــک ئەفســـەری کـــارامە و بەتوانـــا لەگەڵ کۆمەڵێـــک کەســـانی نیشـــتمانپەروەر و دڵســـۆز و بێتـــاوان کـــوژران و ژیانیـــان لەدەســـت دا لە هەردوو لا. ئەمەش لە ئەنجـــامی نەبـــوونی پێگەیشـــتنی سیاســـی و هـــزری لە ســـەرکردایەتیی شـــۆڕش و حیـــزبە عێراقییەکـــان بەتـــایبەت لایەنـــی چەپ و ڕاســـت، هەروەهـــا حـــاڵەتی نـــاکۆکیی لاوەکـــی بەســـەر حـــاڵەتی ســـەرەکی بـــۆ دروســـتکردنی عێراقێکـــی دیمـــوکراتی پەرلەمـــانی فرەلایەنـــی داننـــان بە هەمـــوو مـــافێکی گەلـــی کـــورددا زاڵ بـــوو. ئەم حـــاڵەتە کـــاری کـــردە ســـەر هەڵوێســـت، چـــونکە ســـەرکردایەتیی حکـــومەتی عێـــراق بە شـــێوەی تـــاکڕەوی حـــوکمی عێراقیـــان دەکـــرد و حـــوکمی پێکەوەبوونیـــان نەدەکـــرد و هـــیچ وەقـــت ئامـــادە نەبـــوون بـــۆ دروســـتکردنی پەرلەمـــان یـــاخود ئەنجـــومەنێکی ڕاوێژکـــاری و بەشـــداربوونی هەمـــوو حیزبەکـــانی عێراقـــی و کـــوردیش لە بڕیـــارە سیاســـییە گرنگەکان.

بـــۆیە بەرە بەرە لە ڕۆژانـــی دواییـــدا حکـــومەتی عەبـــدولکەریم قاســـم بە حکـــومەتی هەڵوێســـتی هەڵەی عەبـــدولکەریم قاســـم، بەتـــایبەتی لە مەســـەلەی کـــورددا بەڵکـــو دژایەتیکردنـــی و لەمـــلا و ئەولا هـــان دەدرا، ناچـــار شۆڕشـــی کـــورد دەســـتی پـــێ کـــردەوە بـــۆ داوای مـــافە نەتەوایەتییەکـــان لە چوارچێـــوەی عێراقێکی دیموکراتیی پەرلەمانیدا.

مەســـەلەی عێـــراق زۆر قـــووڵ بـــووەوە و کـــارتێکردنی دەوڵەتـــانی لەســـەر بـــوو، چـــونکە شۆڕشـــی ١٤ی تەممـــووز زەبرێکـــی بەهێـــز بـــوو لە پەیمـــانی بەغـــدا و زەبـــــری لە بەرژەونـــــدییەکانی دەوڵەتەکـــــانی هەرێمـــــی و ئەورووپـــــی و ئەمریکـــی دا، بە حـــوکمی ئەوەی هەنـــدێک لە حکومەتەکـــانی پەیمـــانی بەغـــدا پەیوەنـــد بـــوون لەگەڵ پەیمـــانی ئەتڵەســـی و پەیمـــانی باشـــووری ڕۆژهەڵاتـــی ئاســـیا (ســـیتو)، لەبەر ئەوە ئەو دەوڵەتـــانە نەدەوەســـتان لە بەربەرەکـــانێی شۆڕشـــی ١٤ی تەممـــووزی عێـــراق... ئەوە لە لایەک، لە لایەکـــی تـــرەوە کۆمـــاری یەکگرتـــووی عەرەبـــی هـــانی تەوژمە نەتەوەخوازەکـــان دەدا، بەتـــایبەت لە ناو سوپادا بۆ ئەوەی بەرهەڵستیی عەبدولکەریم قاسم بکەن.

جــووڵانەوەکەی شـــەواف لە موســڵ لە ئــاداری ســاڵی ١٩٥٩ بە هانــدان و پــارە و پــوولی کۆمــاری یەگرتــووی عەرەبــی بــوو، ئەوە بــوو بە کارەســاتێک بەســەر عێراقـدا کە کۆمەڵێـک ئەفسـەری چـاک و کـارامە پێـوە بـن و بکـوژرێن و کــاردانەوەی چەپ ئەوەنــدە بەهێــز بــوو، ســەدەها ئەفســەر و خەڵــک و بەشێکی زۆر بێتاوان بەرەی چەپ و ڕاست کوژران.

١٠- لە کۆتــایی مــانگی تەمــووزی ١٩٦٢دا مەلا یاســین حــاجی شــەریف، ئەندامی لیژنەی ناوخۆی چەمچەماڵ گەیشتە حاجی قەڵا بۆ لای مام جەلال.

کۆمەڵێـک ڕاپـۆرت و هەواڵـی نـاوچەی شـوان و شـێخ بزێنـی و نـاوچەی هەمەوەنـد و جەبـاری و سـەنگاو و زانیـاری لەسـەر کەرکـووک و یەکێـک لەو شتانەی کە پێی بوو گرنگ بوو، ئەوە بوو:

نـامەی سـەید مـوحەممەد جەبـاری، سـەرۆکی عەشـیرەتی جەبـاریی پـێ بـوو بــۆ مــام جەلال، کە لە نامەکەیــدا داوا لە مــام جەلال دەکــات بەرەو گەرمیــان بێــت و دەڵێــت: "ئــێمە لەگەڵ هەنــدێک عەشــیرەتی دراوســێمان ئامــادەین بــۆ هاوکاریی شۆڕش و دیفاع لە خۆمان دەکەین".

ســەید مــحەمەد پیــاوێکی وەتەنــی بــوو، لە شۆڕشــی شــێخ مەحمــوددا بەشدار بووە و ڕەسیدێکی بەهێزیان هەیە لە ناوچەکەدا.

نــامەی دووەم نــامەی شــێخ ڕەووف هەنجیــرە بــوو، تیایــدا باســی ئەوە دەکــات کە پەیوەنــدیی کــردووە بە کەریــم ئاغــای هەمەوەنــد، کە یەکــێکە لە ســەرۆکەکانی هەمەوەنــد، لەگەڵ شــێخانی نــاوچەکە هەمــوو ئامــادەن بــۆ هاوکــاری و بەشــداربوون لە شۆڕشــی کــورد و بەرهەڵســتیکردن لە هێرشــی حکومەت.

١١- هــاتنی مەلا یاســین زۆر دڵخۆشــی کــردم، داوام لــێ کــرد زۆر بە نهێنــی مەلا ئەحــمەد مەقەســچی لە توزخورمــاتوو لە ڕێــگەی مەلا ڕەشــید تــووتنچی لە تــوز بیــدۆزێتەوە، هەروەهــا بــۆم بهێنێــت، بەڵام نابێــت کەس بزانێت.

دوو حەفـــتەی پـــێ نەچـــوو ئـــێمە هەر لە حـــاجی قەڵا بـــووین، مەلا یاســـین گەڕایەوە بۆ لامان و مەلا ئەحمەدی لەگەڵدا بوو.

مەلا ئەحـــمەدم بـــردە لاوە و لە بـــن ســـێبەری بەردێکـــی گەورە بیـــرۆکەی خـــۆمم دایەوە بە دڵنیـــاییەوە داوام لـــێ کـــرد کە زۆر بە نهێنـــی بیگرێـــت و نابێـــت کەس بزانێـــت، چـــونکە دەمەوێـــت لە ڕێـــگەی گرتنـــی شـــەمەندەفەرەوە لەپـــڕ پەلامـــاری حکـــومەت بـــدەین. داوام لـــێ کـــرد کە ســـواری شـــەمەندەفەری نەفەران بیـــت لە کەرکـــووک بـــۆ ئەوەی تـــازەترین کاتەکـــانی هـــاتنی شـــەمەندەفەر لە کەرکووک بۆ بەغدا بۆ ئەم ئێستگانە بۆم بێنیت:

بەشـــیر- تـــاووق- ئیفـــتخە- تـــووز- کفـــری- قەرەتەپە- جەلەولا- هەروەهـــا ســـواری شـــەمەندەفەری بەغـــدا کەرکـــووک و کاتەکـــانی گەیشـــتنی لە ئێستگەکاندا زەبت بکات.

هەرچەنـــدە خـــۆم زۆر شـــارەزا بـــووم، کاتەکـــانی زســـتانە و هـــاوینەی جـــووڵەی شـــەمەندەفەر بە حـــوکمی ئەوەی هـــاتوچۆی زۆرم لە کەرکـــووک بـــۆ بەغـدا بـۆ یـاریی فوتبـۆڵ کـردووە، هەروەهـا بەشـداریی خولەکـانی سـەربازییش دەکرد، بەڵام نەخشەی سەربازی پشت بە زانیاریی ورد و تازە دەبەستێت.

مەلا ئەحـــمەد گەڕایەوە بـــۆ نـــاوچەی خـــۆی بـــۆ جێبەجێکردنـــی ئەو ڕاسپێرییانەی پێم دابوو.

١٢- ئـــێمە هەر لە هەیبەتســـوڵتان مـــاینەوە و لەو وەخـــتەدا زۆربەی عەشـــیرەتە دڵســـۆزەکان خۆیـــان بە چەکەوە نۆبەدارییـــان دەکـــرد بـــۆ بەرهەڵستیی حکومەت.

مـــام جەلال بڕیـــاری دا کە جەولە بکەیـــن بەرەو دۆڵـــی خەلەکـــان بـــۆ لای ئیســـماعیل ســـوار ئاغـــا کە خـــۆی چەکـــداری عەشـــیرەتەکەیە و لە خەلەکـــان بە واجب هەڵساون.

لەگەڵ مـــام جەلال بە ســـەردان و گفتوگـــۆ چەنـــد ڕۆژێـــک لەوێ مـــاینەوە، پاشـان ڕۆیشـتین بـۆ ئەودیـوی شـاخی کۆسـرەت و میـوانی شـێخ حەمە سـاڵح تاڵەبانی بووین.

١٣- کۆتایی مانگی ٨ی ١٩٦٢ گەڕاینەوە بۆ چەمی ڕێزان، کە بارەگای سەرەکیی هێزی پێشمەرگە بوو.

دەنگوباس گەیشتە لای مام جەلال کە شێخ موحەممەد شێخ عەبدولکەریم لە پێنجوێنەوە بەرەو قەرەداغ دەڕوات بۆ گرتنی ناحیەی قەرەداغ.

١٤- لە حەفتەی دووەمی مانگی ئەیلوولی ١٩٦٢ دیسانەوە مام جەلال پلانی دانا بۆ شەڕی ئاغجەلەری دووەم، ئەویش بەم جۆرە:

چواردەوری ناحیەی ئاغجەلەر بە پ.م بگیرێت و ڕێگەی دەربەندی بازیان-کانی شەیتان- ئاغجەلەر بگیرێت، ئەمبەر و ئەوبەری جادە بە پ.م و پێشمەرگەی ڕێکوپێکی ناوچەی شوان شێخ بزێنی و قەڵاسیوکە لەوبەر جادە لەگەڵ پێشمەرگەی عەشیرەتەکانی ناوچەی ئیسماعیل عوزێر بە هەر چوار تیرە و شێخانی عەوالان و قەڵاسێوکە لەمبەر جادە کە ورەیان بەرز بوو، هەروەها ڕۆحی فیداکاری چەسپابوو لە فیکریاندا، ئەوە بوو پاش سێ ڕۆژ هێرشی حکومەت بە جەحفەلیکی معرکە بە پشتیوانیی فڕۆکە و تانک نەیانتوانی ڕێگە بکەنەوە.

لە کاتی گفتوگۆ لەسەر نەخشەکە ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو حاجی شێخ قادر سوتیکە لەگەڵ کاک مەجید ڕۆستەم لەگەڵ پ.م حیمایە و کاک عارف قەرەچەتانی زۆر بایەخیان بە حیمایەی مام جەلال دەدا. حاجی شێخ قادر- شێخ عەبدوڵلای برای دانابوو کە زۆر دڵسۆز بوو، حاجی ئیبراهیم و کاک مەجید ڕۆستەمی دانابوو بۆ هەمان مەبەست.

منیش لەگەڵ حاجی شێخ قادر و کوێخا ڕەشید بولقامیش و کوێخا عەبدوڵلا چنارتوو، هەندێک پێشمەرگەی ناوچەی خۆشناو چوونە ناو ئەو سەنگەرانەی بە ڕووی جادەدا دەیانڕوانی کە بەرانبەر بە شاخی چنارتوو لە بەرزاییەکانی ئامادەباشییەکی گرنگ بوون کە بەسەر هەموو جادەکەدا دەیانڕوانی.

لەم شـــەڕەدا ســـوپا کـــوژراو و دیلیـــان زۆر بـــوو، لە لای ئێمەشـــەوە زۆر بە داخەوە شـێخ عەبـدوللا بـرای شـێخ قـادری سـوتکە لەگەڵ پێـنج پ.م، یەکێـک لەوانە مامۆســـتا حەســـیب کەرکـــووکی مامۆســـتای وەرزش لە دواناوەنـــدیی کەرکـــووک کە تـــازە هـــاتبووە ڕیـــزی پێشـــمەرگە و لە لای ئـــێمەوە کوێخـــا ڕەشـید بلقـامیش و عەریـف قـادر خـۆرانی شـەهید بـوون و پێـنج برینـداریش بە ڕەشاشـی فـڕۆکە، یەکێـک لەوانە عەریـف عەلـی سـاڵەح خـۆرانی (خۆشـناوەتی). لە پـاش سـێ ڕۆژ سـوپا کشـایەوە و ئـێمەش لەبەر بێتەقەمەنـی، کشـاینەوە بـۆ چەمی ڕێزان.

لەو شـــەڕەدا حکـــومەت بە هەمـــوو توانـــایەکی هێرشـــی هێنـــا بە جەحـــفەل مەعـــرەکە و بە پشـــتیوانیی تـــۆپ و فـــڕۆکە و تانـــک ســـێ ڕۆژ شـــەڕ بەردەوام بـــوو. لە بەیـــانی ســـەعات ٤ بە فـــڕۆکە و تـــۆپ ناوچەکـــانی شـــەڕی داگـــرت و شـــەڕ دەســـتی پـــێ کـــرد تـــا ئێـــوارە تاریـــک داهـــات نەیتـــوانی پێشـــمەرگە لە سەنگەرەکانی هەڵبکەنێت.

١٥- ئەوەی گرنـگ بێـت پەیوەنـدیی بە هەڵوێسـتی گشـتیی پ.م و شـۆڕش هەبێـت شـــەڕی ئـــاغجەلەری یەکەم و دووەم گواســـتنەوەیەکی ســـەرەکی بـــوو لە بەرەوپێشەوەچوونی شۆڕش، کە بوو بە هۆی ئەوەی:

أ- بـــاوەڕی خەڵـــک و پ.م زیـــاتر بێـــت بەرانـــبەر بە شـــۆڕش و سەرکردایەتییەکەی.

ب- پەرەسەندنی شۆڕش و پەیوەندیی زۆربەی عەشایەر.

ج- ڕاهـاتن و خـۆڕاگری بەرانـبەر هێرشـی سـوپا، بەتـایبەتی بەرانـبەر بە هێرشـــی فـــڕۆکە و تـــۆپ و تانـــک، کە پێشـــتر لە ١١ی ئەیلـــوولی ١٩٦١ عەشیرەتەکان خۆیان ڕا نەگرت بەرانبەر ئەو هێرشانە.

د- بەم جۆرە پەیوەندی زیاتر بوو.

هەر لەو مـانگەدا بـوو مامۆسـتا عولەمـا کە بەرپرسـی مەڵبەنـدی کەرکـووک بـوو ١٤٠ پۆلیسـی شـەریکەی نەوتـی بە ڕێ کـرد بـۆ نـاو شـۆڕش، زۆربەیـان بە چەکەوە و بەشێکیشـــیان بـــێ چەک، لەگەڵ ئەوانەدا کۆمەڵێـــک ســـەرباز و

دەرەجەداری سەربازی بە چەک و بێ چەک هاتنە ڕیزی پ.م‌ەوە، زۆربەیان خەڵکی ناوچەی شوان و شێخ بزێنی و قەرەحسن بوون.

١٦- لە سەرەتای مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٦٢ و دوای ئەو گۆڕانە گرنگە مام جەلال پێشنیاری کرد کە بەرەو قەرەداغ بڕۆین، چونکە شێخ موحەممەد شێخ عەبدولکەریم ناحییەی قەرەداغی گرتبوو و ٦٠ چەکی چنگ کەوتبوو و پ.م‌ی ڕێک خستبوو بۆ پاراستنی قەرەداغ و کۆمەڵێک کادر و پ.م‌ی ناودار و چالاکی لەگەڵدا بوو. ڕەزای شێخ عەبدولکەریمی هەناران وەکو ڕابەری سیاسی و شێخ لەتیف شێخ حسێن و شێخ عەلی شێخ شەهاب.

ئەم کۆمەڵە لەگەڵ پۆلیس و سەرباز (بەتایبەتی دەرەجەدارەکانیان) بنەمای باش بوون بۆ زیاتر پەرەسەندنی شۆڕش لە ناوچەکەدا، چونکە پابەندبوونیان زیاتر بوو بە مەسەلەی سەربازی و لە دابونەریتی پێشمەرگایەتی دەرنەدەچوون.

هەر لەو ماوەیەدا لە (٢٠ی ئەیوولی ١٩٦٢) کاک شێخ موحەممەد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزان، ناحیەی قەرەداغی گرت و شەست چەک و ئامێرێکی پەیوەندیی پۆلیس ژمارە ١٢ی دەست کەوتبوو. پۆلیسەکان هاتبوونە ڕیزی ئەو و ناحیەی قەرەداغ پاک کرایەوە.

من پێشنیارم بۆ مام جەلال کرد بەرەو قەرەداغ بە دوو ڕەتل بڕۆین:

## ڕەتلی یەکەم

مام جەلال لە چەمی ڕێزانەوە بۆ سەروچاوە و لەوێوە بۆ شاخی هەنجیرە بۆ ماڵی شێخ ڕەوف هەنجیرە، لەوێوە بۆ کویک بەرەو دێلیژە و سولە قەرەداغ.

## ڕەتلی دووەم

من سەرکردایەتی بکەم لە چەمی ڕێزان- عەوالان- چەرمەگا- حاجی ئاوا- بەسەر شاخی تاسڵو جە بەرەو ئەڵلاهیی شوانکارە و داری کەلی-

سـەر زل- تیمـار- قەرەداغ- لە بـارەگەی شـێخ مـوحەممەد یەک دەگـرین؛ بەڵام کە گەیشـتینە داری کەلـی، کـاک شـێخ بابـا تـاهیر حەفیـد و چەنـد برادەرێکی خۆی گەیشتنە لای مام جەلال.

لە لایەکـی تـرەوە گرووپـی ئیسـماعیل عـوزێر لەژێـر فەرمانـدەیی عەبـدوڵڵا مەلا سـاڵەحدا، ئەوانـیش گەیشـتبوونە لای مـام جەلال بـۆ کـردنەوەی بـنکە (واتە بارەگـا) بـۆ تیـرەی خۆیـان، پـاش تـاوتوێکردن و گفتوگـۆ شـێخ ڕەوفـی هەنجیـرە لەگەڵ شـێخ قـادری هەشـەزینی و براکـانی پێشـنیاریان وا بـوو سـەرەتا بە دیـوی نـاوچەی هەمەوەنـددا سـەردانی ئەو دێیـانەی شـێخان، پاشـان بەرەو هەشـەزینی بـۆ مـاڵی شـێخ قـادر بـڕۆن و بگەڕێـن بـۆ جـێگەیەک بنکەی ئیسماعیل عوزێری لێ بکەنەوە.

بە کـۆمەڵ مـام جەلال و بابـا تـاهیر و شـێخ ڕەوفـی هەنجیـرە و شـێخ قـادر هەشـەزینی و براکـانی و شـێخ مـوحەممەد کویـک لەگەڵ کـاک عەبـدوڵڵا مەلا سـاڵەح بەنـاو دەربەنـدی باسـەرە بەڕێ کەوتـن بـۆ دیـوی نـاوچەی هەمەوەنـد و سـەنگاو، ئەشـکەوتی بەرانـبەر دێـی تیلەکـۆ لە شـاخی سـەگرمە بە دیـوی سـەنگاودا هەڵبـژارد بـۆ بـارەگەی ئیسـماعیل عـوزێری، یـاخود لە نـاو دەربەندی باسەرە بمێننەوە تا جێگەی باشیان بۆ پەیدا دەکەین.

١٧- پـاش دوو ڕۆژ بە سـەگرمەدا هەڵگەڕایـن بـۆ دیـوی قەرەداغ و گەیشـتینە بارەگـای کـاک شـێخ مـوحەممەد، چەنـد ڕۆژێـک لە بـارەگەی (مەقەڕ) کاک شێخ موحەممەد ماینەوە و ئەم مەسەلانەمان تاوتوێ کرد:

أ- ئەو عەشیرەتانەی لەگەڵمانن.

ب- ئەوانەی لەگەڵماندا نین.

ج- چـۆن ئەوەی بەرەو حکـومەت ڕۆیشـووە بگەڕێـنەوە، چ لە نـاوچەی خـانەقین و دەربەنـدیخان و کەلار و کفـری، چ لە جـێگەی تـری گەرمیـان... چۆن دەتوانین نەهێڵین بڕۆن و پەوەندییان پێوە بکەین...؟

**بۆ ئەم مەبەستە:**

لەســەر پێشــنیاری شــێخ مــوحەممەد و شــێخ ڕەزای شــێخ عەبــدولکەریم کە ڕابەری سیاســی بــوو، وا بڕیــار درا: شــێخ مســتەفا شــێخ عەلــی شــێخ فەرەج شــێخ ســەعید تیمــار و کــاک ڕۆســتەم حەمەی فەتــاح ڕوغزایــی و حــاجی عەبدوڵلا کلۆش ڕوغزایی و شێخ عەلی دۆلانی بەم کارە هەڵبسن.

خەڵــک لە نــاوچەی شــارەزوور و قەرەداغ و هەمــوو گەرمیــان، بەتــایبەتی عەشــــیرەتەکان وا تێگەیشـــتبوون کە پێشـــمەرگە بەزۆر چەکیـــان دەکـــات، هەڵــبەت لە نــاو میللەتــی کــورددا و بەتــایبەتی عەشــیرەتەکان بەپێــی ئەو دابونەریتــانە کە بۆیــان مــاوەتەوە، بە هــیچ جۆرێــک چەک تەســلیم نــاکەن، چــونکە بە شــەرەفی خۆیــانی دەزانــن، بــۆیە هەر دوو کەس هەڵبژێــردران بــۆ نــاوچەیەک، شــێخەکان بــۆ نــاوچەی ســەنگاو و شــێخەکانی میــدان (شــێخ مــوحەممەد ســاڵەح) چەکــی هەڵگرتبــوو و ڕۆســتەم حەمەی فەتــاح و کــاک عەبــدوڵلا کلــۆش بــۆ نــاوچەی شــارەزوور و گەرمیــان؛ هەروەهــا بە وردی ئاڕاســتە کــران کە بەو کــارە هەڵبســن و نەرم بــن لەگەڵ خەڵکــدا، چــونکە دیعــایەی خــراپ لەمــلاو ئەولا کــاریگەریی تێکردبــوون، مــام جەلال بەو جــۆرە ئاڕاستەی کردن بۆ ئەم کارە.

١٨- منـــیش ڕۆیشـــتم بەرەو شـــاخی گـــڵەزەردە بـــۆ ســـەنگەرلێدان و مســـۆگەرکردنی پێگەیەکــی بەرگریکــردن، تــا بتوانێــت بەرهەڵســتیی هێرشــی سوپا بۆ سەر قەرەداغ بکات.

ئینجــا دەســتم کــرد بە دروســتکردنی بارەگــایەک بــۆ ســەرکردایەتی لە پــاش چــاوپێکەوتن و شــارەزابوونی شــاخەکە، دۆڵــی تلەزەیتمــان هەڵبــژارد و ١٢ خانوومــان لــێ دروســت کــرد و پێشــمەرگەکانمان فێــر کــرد چــۆن داکــۆکی لە نــاوچەکە دەکەن و کاروبــاری کارگێڕیمــان بــۆ ڕێــک خســتن و مزگەوتــی تــلەزە تیمــان کــردە جــێگەی کــۆکردنەوە و نــانخواردن و پێداویســتیی کــارگێڕی. چەنــد جــارێکیش مەشــقمان کــرد لە داکــۆکیکردن بــۆ ئەوەی پێشــمەرگە بەتەواوی هێز و توانای بۆ داکۆکیکردن لە ناوچەکە بکەن.

بەو بۆنەیەوە دێهاتییەکانی قەرەداغ خۆیان پێداویستییان بۆ پەیدا کردین چ کارگێڕی و چ بۆ دروستکردنی خانوو.

پاشان گەڕامەوە بۆ لای مام جەلال لە قۆپی قەرەداغ لە ١٩٦٢/١١/١٠. پاش هەفتەیەک مام جەلال بەڕێ کەوت بۆ ماوەت بۆ لای م.س و من مامەوە لە قەرەداغ بۆ جێبەجێکردنی هەمان نەخشە.

١٩- مەنهەجی من ئەوە بوو لە شارەزوورەوە دەست پێ بکەین، ئینجا بۆ سەنگاو و گەرمیان، بەتایبەتی تیرەکانی جاف و شێخان چ لە شارەزوور و چ لە قەرەداغ و سەنگاو و گەرمیان زۆرن، بۆیە دەبێت بە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بجووڵێینەوە تا کاردانەوەی خراپیان نەبێت، چونکە لەو ماوەیەدا حکومەت لە دەربەندیخان- جەلەولا و خانەقین و کەرکووک و چەمچەماڵ پەیوەندی و کۆبوونەوەی لەگەڵ هەموو تیرەی عەشیرەتەکاندا کردبوو، چ لە سلێمانی چ لە گەرمیان و ناوچەکانی تری کوردستان داوای لێ کردبوون کە چەکی بۆ هەڵبگرن و بەرهەڵستیی شۆڕش بکەن.

بەرانبەر بەو کارەی حکومەت ئێمەش کەوتینە خۆمان:

**یەکەم هەنگاو:**

بەڕێ کەوتم لەگەڵ کاک شێخ لەتیف شێخ حوسێن و چەند پ.مێک بۆ لای کاک جەمال حەکیم ئاغا لە زرگوێز و تەگبیرمان کرد کە لە نەمەل، لەگەڵ کاک حەمە تالیب و خەلیفە تۆفیق و کاک سەرحەد خەلیفە یونس سەرۆکی ڕوغزایی و شێخ ئەحمەد سولە چەند کۆبوونەوەیەکمان کرد لە دێهاتی بناری گڵەزەردە و فەقیرە، پاشان بە ڕێککەوتن گەیشتینە ئەوەی کە ئێمە ئێستا بوەستین، چونکە زستانەکەی زۆر سارد بوو بەرانبەر بەوەی ئەوان بە هیچ جۆرێک پەیوەندی بە هیچ لاوە نەکەن، پاشان گەڕاینەوە بۆ بۆ ماڵی ڕۆستەم حەمەی فەتاح لە قەرەداغ، هەروەها داوامان لێ کرد کە بەڕێ بکەوێت بۆ گەرمیان بۆ ناوچەی ڕوغزایی و تەگبیریان لەگەڵدا بکات، لەبەر ڕووناکی ڕای پێشوومان، ئەو بەڕێ کەوت و ئێمەش گەڕاینەوە بۆ بارەگای هێز لە قۆپی قەرەداغ.

٢٠- ئەوەنـدەی پـێ نەچـوو لە كۆتـایی مـانگی تشـرینی دووەمـی سـاڵی ١٩٦٢دا، مەلا ئەحـمەد مەقەسـچی گەڕایەوە بـۆ قـۆپی قەرەداغ و بەیەكەوە دانیشـتین و نەمهێشـت كەس بزانێـت بـۆچی هـاتووە، پاشـان ئەویـش تـازەترین زانیاریی بۆ هێنام كە پێشتر لە هەیبەتسوڵتان پێم ڕاگەیاندبوو.

مەلا ئەحـمەد پێشـنیاری وا بـوو واز لە گرتنـی شـەمەندەفەر لە تـووز و كفـری بهێنـین و پێـی بـاش بـوو كە ئێسـتگەی شـەمەندەفەر لە سـلێمانبەگ بگرین كە هەموو مەرجێكی تیایە.

**لەبەر ئەم هۆیانە:**

أ- ئێستگەی سلێمانبەگ دوورە لە شار و چەكداری حكومەت.

ب- نزیكە لە شاخی گوز (نەفت داغ).

ج- پـانیی شـاخەكەی پشـت ئێسـتگە بـۆ نـاو داودە زۆر بەریـنە، یارمەتیمـان دەدا بـۆ خۆشـاردنەوە لە ڕۆیشـتن و هـاتن، هەروەهـا لە نـاو شـاخەكەدا (كە بەرزایـی كەمە) بەڵام دۆڵ و هەردی زۆرە و یەك-دوو دێـی سـیدە عەرەبەكانی لێیە، ئەوانیش زۆر دۆستی كوردن و زۆر بێدەخلن.

لەبەر ئەو هۆیـانەی سـەرەوە منـیش زۆرم پـێ خـۆش بـوو و پێشـنیارەكەی ئەوم پەسەند كرد.

دووبـارە داوام لـێ كـرد لەبەر ڕوونـاكیی نەخشـەكە، زۆر بە نهێنـی ئەم پێداویستییانە پیادە بكات و بە هیچ جۆرێك كەس پێی نەزانێت:

أ- چـاوگێڕانی ڕێـگە لە نـاو داودە بـۆ ئێسـتگە و زانیـاری لەسـەر ئێستگەكە.

ب- زانیـاریی تـازە لەسـەر عەشـیرەتەكانی بەیـات عـزە- عبیـد- جبـوور- كـروی و چەكـداریان و وەلائیـان بـۆ حكـومەت و بـۆ ئـێمە و جـێگەی ئیشكردنیان.

ج- زانیـاری لەسـەر جووڵانەوەكـانی سـوپا و گەڕان و سـووڕان و كاتەكانیان.

د- تەئمینکردنی ئەم شتانەی خوارەوە:

* شەش جلوبەرگی ڕەنگشینی کارکردن.

* مەقەستی هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەر.

* شەش چرای فانۆس، هەردووکی بە ڕەنگێک "سوور- سەوز- سپی".

* چوار چرای یەدەگ.

* هەشت ئێستر (قاتر).

هەر ئێستریک دوو بەتانی لەسەر بێت لەگەڵ گوریس بۆ بەستنی بار (حبال التحمیل) بۆ گواستنەوەی شەهید و بریندار.

* چوار لایتی دەست بۆ ئیشارەت لە نێوان ڕەتڵەکان.

جەختم لەسەر ئەوە کردەوە لە گەرمیان خۆت بە هیچ جۆرێک ئاشکرا نەکەیت.

مەلا ئەحمەد بەو ڕاسپێریانە گەڕایەوە بۆ ناوچەی تووز بۆ ئیشکردن بۆ ئەو کارانەی پێی سپێردراوە.

منیش لای کەس باسی ئەو بابەتەم نەکرد نەبادا ئاشکرا بێت. ئینجا بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ عەشیرەتە دڵسۆزەکانی ناوچەی سەنگاو و گەرمیان پیادە بکەین و هەریەکە بە جۆرێک چەک هەڵبگرن.

٢١- لەگەڵ جەمال ئاغا بەڕێ کەوتین بۆ ناو ڕەبات و شێخەکانی سەنگاو کە پێشتر تۆزێک دڵگران بوون، کۆبوونەوەمان لەگەڵدا کردن و بەتایبەتی شێخ ڕەشید شێخ کەریم و شێخ ڕەوفی کێلەبەرز و شێخ تاهیر لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ مەحمود و ئاغا و غیدان ئاغا و فایەق ئاغای ڕەبات ڕێک کەوتین کە یارمەتیمان بدەن و بە دڵی خۆیان قسەمان لەگەڵ کردن، پاشان بەڕێ کەوتین بۆ تیپەگروس بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ عەشیرەتی ڕوغزایی و سەرۆکەکانیان، نزیکەی ٢٠٠ سوار لە تەپەگروس کۆ بوونەوە و کاک ڕۆستەم حەمە فەتاح گفتوگۆی لەگەڵدا کردبوون و لەگەڵ جەمال ئاغا بەیەکەوە داوامان لێ کردن کۆبوونەوەی خۆیان بکەن

که چـۆن بـنکه دەکەنەوە، (بەرپرسـی بنکەیەکـی بێـت) ئـێمە هەنـدێک پ.م بەرپرسی سیاسی ڕابەری سیاسی و ڕابەری کارگێڕییان بۆ دادەنێین.

بـۆ ئەو مەبەسـتە عەلـی سـەلیم بەگ کە بەرپرسـی گەرمیـان بـوو لەگەڵ چەنـد بەرپرسـێکی تـر دامـان نـا تـا لەگەڵ کـاک حەمەی تۆفیـق بەراوگەل کە خۆیان هەڵیانبژاردبوو بەو کارە هەڵبسێت.

ئەوەی مـوهیم بێـت کـاک ڕۆسـتەم حەمە فەتـاح دەسـتی بـاڵای هەبـوو بـۆ قەناعەتپێکردنیان.

هەر لەو کـاتەدا حـاجی مەحمـود هـاروونی (بـاوکی کـاکە حەمە) پەیوەنـدیمان پێـوە کـرد زۆر دڵسـۆزانە و ژیـرانە تەگبیـری بـۆ ئـێمە و بـۆ خۆشیان کرد، چونکە ناوداری ناوچەکە بوو.

هەروەهـا حـاجی ئیبـراهیم شـاتری لە تیـرەی شـاتری لەبـاتی خـۆی و مـامی حـاجی قـادری شـنزی، ئەوانـیش نـاوداری نـاوچەکە بـوون و دوو پیـاوی لێهاتوو و بەڕێز بوون لە ناوچەکە و کارتێکردنیان لەسەر خەڵکەکە هەبوو.

بەو جـۆرە ئەو ناوچەیەمـان مسـۆگەر کـرد و گەڕاینـەوە بـۆ قـۆپی قەرەداغ لە ڕێگەی ڕەباتەوە، کە زۆر دۆستی جەمال ئاغا بوو لەو ماوەیەدا.

٢٢- کەوتینە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٦٢.

لە ١٩٦٢/١٢/٢٠ چـوار ئەفسـەری دڵسـۆزی کـورد تـازە لە کـۆلێژی سەربازی گەیشتنە لامان لە قۆپی:

مـولازم نەوشـیروان فوئـاد مەسـتی، مـولازم فـازڵ نەجـم تاڵەبـانی، مـولازم نەوزاد ساڵەح خۆشناو، مولازم حەسەن بارزانی، ئێمە زۆر دڵخۆش بووین.

لەسـەر داوای م. س بەرەو مـاوەت ڕۆیشـتین و مـن داوام لە م.س و لە خۆیـان کـرد تـا بگەڕێـنەوە بـۆ لامـان، چـونکە ئەفسـەر زانیـاریی سـەربازی و زەبتـی سـەربازی پێـیە و پابەنـدبوونی سـەربازیی هەیە، بەڵام لە لایەکـی تـرەوە پێویسـتی بە زانینـی ئـیش هەیە مـامەڵە لەگەڵ گیروگرفتـی نـاو پێشـمەرگایەتی و نـاو عەشـیرەتەکان، دەبێـت ئاشـنایەتیی پەیـدا بـکەن چـۆن

مـــامەڵە لەو گیروگــرفتەی نـــاو خەڵــک دەکەن، ئەویـــش بەوە دەبێــت لەناویانـــدا بژین.

پـــاش یەک هەفـــتە کـــاک مـــولازم نەوشـــیروان و کـــاک فـــازڵ تاڵەبـــانی گەڕانەوە بـۆ لام، ئیتـر مـن زیـاتر دڵخـۆش بـووم و کۆبـوونەوەیەکی نهێنیمـان کـرد بە ئامـادەبوونی کـاک شـێخ مـوحەممەد، لەوێـدا بە وردی باسـی نەخشـەی سـەربازی و گرتنـی شـەمەندەفەرەکەم بـۆ کـردن، ئەوانـیش زۆر بە گەرمیـیەوە وەریانرت.

٢٣- بـــۆیە بـــۆ ئەم مەبەســـتە: دووبـــارە دەســـتمان کـــردەوە بە گەڕان لە سەنگاو و گەرمیان.

کاک شێخ موحەممەد لەگەڵ پێشمەرگەکانی چوون بۆ کرپچنە.

ئـێمە بەرێ کەوتـین بـۆ هەشـەزینی بـۆ لای مەلا ناسـیح و شـێخ لەتیـف بەرزنجـی کە پێشـتر داوام کردبـوو لە م.س کە لە نـاوچەی ئـێمە بـن بـۆ ئیشـی سیاســی نـــاو پێشـــمەرگە، هەر لەو مـــاوەیەدا کە لە قەرەداغ بـــووین، کوێخـــا غەفـــووری مەنمـــی بە ١٠ پ.م. مەنمـــی ڕێکوپێـــک بە خۆیـــان و چەکەکانیـــان پەیوەندییان پێوە کردین، هەروەها لەگەڵ خۆمدا بردمن بۆ سەنگاو.

یەکەم ئـیش ئەوە بـوو بـنکەی کوێخاکـانی نـاوچەی هەمەوەنـدمان کـردەوە و ناومـــان نـــا "بـــنکەی کـــاوە". بە سەرپەرشـــتیی کوێخـــا کەریـــم ژاڵە و کوێخـــا ڕەسوڵ قەرەتامور

شـێخ عەبـدوللا ئەحـمەد لەوەنـد و سـەید ئەحـمەدی نـوورە وەکـو کـارگێڕی بـنکە، چـونکە ئەم کوێخایـانە پیـاوی مـاقووڵ و نـاوداری نـاوچەکە بـوون، ئینجـا ڕوومـــان کـــردە هەر چـــوار تیـــرەی جـــاف لە ســـەنگاو- ڕەش و بـــۆری- حـــاجی تۆفیـق زالا و- شـوان کـارە- کـاک سـەعید ناسـر- ئـالەبەگی- مسـتەفا حـاجی کـــاکەوڵا لە جـــاڕێز و میکـــائیلی- حەمەی حەمە ڕەشـــید، لە پـــاش گفتوگـــۆ و کۆبوونەوەیەکی زۆر و لەبەر ئەهمیەتی ناوچەکە، ڕێک کەوتین بەم جۆرە:

کاک شێخ لەتیف بەرپرسی یەکەم و ڕابەری سیاسی جگە لە کارەکانی خۆی، کاک عەریف حەمید بەرواری بەرپرسی سەربازی کە پ.م ئازا و دڵسۆز و ڕێکوپێک بوو.

کاک حەمە ئەمینە سوور کە تازە لە چەمچەماڵەوە هەڵهاتبوو، فەرمانبەری دارایی بوو، بووە بەرپرسی کارگێڕی و حاجی موحەممەد ڕەمەزان کە جافەکان هەڵیان بژاردبوو دامان نا بە "ئەفسەری پەیوەندیی عەشیرەتەکان" و زۆری داوا کرد کە بەرپرسی یەکەم بێت و دەسەڵاتی مەحکەمەکردن هەروەها چەککردنی خەڵکی هەبێت، ئێمە ڕەفزمان کردەوە، چونکە ئەو تیرانە هەندێک حاڵەتی نەرێنییان بۆ ماوەتەوە، بۆیە نابێت دەسەڵات بدرێت بە یەک لا.

مەلا ناسیحمان بەجێ هێشت بۆ ئەو ئەرکە کە سەرپەرشتییان بکات و پەیوەندی نەپچڕێت لەگەڵ بنکەی کاوە (واتا بنکەی کوێخاکان) لە باسەڕە و لەگەڵ جافەکان.

٢٤- لەو ماوەیەدا بەرە بەرە پێشمەرگە گەشەی دەکرد لە جەباری، کە کاک عادل عیزەت بەرپرسی یەکەم بوو، ژمارەیان گەیشتە ٨٥ پ.می ڕێکوپێک کە هەموویان سەرباز و پۆلیس بوون، زۆر بە ڕێکوپێکی کاری خۆیان بەڕێوە دەبرد.

هەر لە هەمان وەختدا جموجۆڵی حکومەت زۆر بووبوو، پەیوەندیی زیاتری هەبوو بە خەڵکەوە، بەتایبەت ناوچەی گەرمیان.

بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین نەخشەکەمان جێبەجێ بکەین لەو ناوچە بەرینە عەشایەرەوە کە بەم جۆرەیە:

أ- سروشتی خاکەکە هەر لە کەرکووکەوە دەستە ڕاست تا خانەقین دەستە چەپ ٢٠٠کم زیاترە.

ب- بە قووڵی توز خورماتوو تا گڵەزەردە-شارەزوور ١٥٠کم زیاترە، پڕە لە هەردە و دۆڵ و چەم یارمەتیی دەدات بۆ خۆشاردنەوە.

ج- میللەتـی ئەم نـاوچەیە، شـێوەی عەشـایەری وەرگرتـووە و هەر تیـرە و تـایەفەیەک زیـاتر تەبـایی لە بەینـی خۆیـانەوە هەیە و لەبەر سـەختیی سروشـتی خـاکەکە و نەبـوونی ئیـدارەی حکـومەت، بەتـایبەتی لەنـاو هەردەی جـاف و زەنـگەنە بـوو بە هـۆی ئەوەی زیـاتر لە بەینـی خۆیـان گیروگرفتیـان جێبەجـێ دەکـرد و بێـبەش بـوون لە خوێنـدەواری و خزمـایەتیی تەندروسـتی، بۆیە شێوەی مامەڵە لەگەڵیاندا بەو جۆرە بێت کە ئێمە زەرەر نەکەین.

٢٥- بۆ جێبەجێکردنی نەخشەکەمان:

لە سـەرەتای کـانوونی یەکەمـی ١٩٦٢ گەیشـتینە شـاخی ئاچـداغ بـۆ ئەوەی پێشـمەرگە کـۆ بکەیـنەوە و هەنـدێک ئامادەکـاری جێبەجـێ بکەیـن بـۆ خۆمـان لەگەڵ جەماعەتی زەنگەنە خەریک کرد.

عەبـدولکەریم ئاغـا کە سـەرۆکیانە و ڕۆسـتەم ئاغـا خـان بـرای و فـاتیح لەک و فـاتیح سـەرهەنگ و عەلـی ئاغـای گوڵەبـاغ و مـوحەممەدی نـامیق ئاغـای مشـکی بـان هـاتنە دێڕەشـە (مملـحە) لە ئاچـداغ گفتوگۆمـان لەگەڵـدا کـردن، هەرچـی سیفاتی پیـاوەتی و ئـازایەتی و هەیـبەتە تیایانـدا بـوو، بە هـیچ جۆرێـک ڕازی نەبـوون چەکمـان پـێ بـدەن، بەڵام ئامادەییـان دەربـڕی بەشـدار بـن لە شـەڕدا، ئـێمەش لەو مـاوەیەدا ئامـانجی سـەرەکیمان ئەوە بـوو کە بەرەو سـلێمانبەگ، بەرەو قیتـارەکە بـڕۆین و پەرە بە شـۆڕش بـدەین، بـۆیە ئامـانجی بنەڕەتیمـان دەشـاردەوە و باسـی مەسـائیلی ترمـان دەکـرد، وەکـو جەولەی یەکناسـین و چـۆنیتیی چەکهەڵگـرتن، بـۆ هەمـان مەبەسـت بڵاومـان کـردەوە کە حـاجی حەمەجـان ڕوغزایـی زانیـاریی زۆری لایە پیـاوێکی ڕاسـتگۆ و مەردانەیە، بەرەو لای ئەو جەولە دەکەیـن، دەعـوەتی کـردووین لە دێـی ئۆمەربـل، یـاخود قولیجـانی سـەرحەد، بەو جـۆرە شـاردنەوەی زانیاریمـان لەگەڵ خەڵکـدا دەکـرد. لە ئاچـداغ بـووین، بـۆ پیـادەکردنی نەخشـەکە کـۆ بوونەوەمـان کـرد، بەرپرسـە سـەرەکییەکان: مەلا ناسـیح، کـاک نەوشـیروان فوئـاد و کـاک فـازڵ تاڵەبـانی، کـاک شـێخ مـوحەممەد و کـاک شـێخ لەتیـف و

کاک عادل عیزەت و کاک عەریف حەمید بەرواری ڕێگەمان دیاری کرد و گرووپی عادل عیزەت بۆ چەواشەی حکومەت.

حکومەت و خەڵک جەولە بەرەو سەرەوەی ناوچەی جەباری و هەمەوەند، پاشان بگەڕێنەوە ناوچەی زەنگەنە لە قەیتول و گەڕاوی و لە دێی فاتیح بەرەو ئاوباریک یەک بگرین.

شێخ موحەممەد لە ناوچەی سەنگاو بەرەو ناوچەی جاف زەنگەنە، خۆیشمان هەر لەو نزیکانە لە ناوچەی زەنگەنە لە بەینی هەردوو ڕەتڵ، بە ڕۆژ لە هەردەی زەنگەنە هەر شەوەی لە دێیەک لە بناری ئاچداغ لەناو زەنگەنەدا.

تا لە دێی گوڵباغ خواری لای ئیبراهیم ئاغا یەکمان گرت، ڕەمەزان هاتبوو هەفتەی بەسەردا تێپەڕیبوو، زۆر لە پێشمەرگەکان بەڕۆژوو بوون، هەرسێ ڕەتڵ لە ئاوباریک و کۆشک یەکمان گرت.

٢٦- دێهات لەو ماوەیەدا لەژێر فشاری پڕوپاگەندەی حیزبی شیوعی بوو، کە ئەو وەختە هەر لایەنگیری حکومەت بوون، کەس لە دێهات نەمابوو، هەموویان لە هەردەکاندا خۆیان شاردبووەوە. هەندێک چەکداریش لە بناری گل و تاڵەبان، لەوانە کاک عەدالەت سەرکردایەتیی دەکردن. ڕێگەیان لێ گرتین و کەوتینە ڕووبەڕووی یەک، کاک فازڵ تاڵەبانی بە حوکمی ئەوەی شێخەکانی تاڵەبان خزمن و دەیانناسێت، لەگەڵ هەندێک لە پێشمەرگەکان ڕۆیشتین بەرەو شاخ بۆ لایان، هەندێک تەقەی کەم کرا، بەڵام ئێمە خۆمان گەیاندە دێی کانی قادر.

چەکدارەکان بە دیوی نەوجول هەروەها کرومور ڕۆیشتن و ئێمەش لە کانی قادری شێخ حەمید لەگەڵ شێخ ئەمین و شێخ تەیب و شێخ نوری شێخ عەلی گفتوگۆمان کرد بۆ ئەوەی ئامانجەکە بشارینەوە، پێمان ڕاگەیاندن ئێمە بەرەو جاف دەڕۆین بۆ لای حاجی حەمەجان، هەدەفمان شەڕ نییە لەگەڵ کەس، با چەکدارەکان و خەڵک بگەڕێنەوە سەر دێهاتی خۆیان.

٢٧- گەڕاینەوە بۆ ئاوباریک، مەلا ئەحمەد دووبارە گەڕایەوە بۆ لامان و ئاگاداری کردین و پێداویستییەکانی ئامادە کرد لە دێی چەوری و گەرمک و ڕێنیشاندەردۆزینەوە، ئەویش کەسێکی شارەزایە، ڕەزا جاف و براکەی جوامێر کە پێشتر کرێکار بوون لە شەمەندەفەر و جێی باوەڕی مەلا ئەحمەد بوون لە ئاوباریک بەرەو کۆشک و دێهاتی سەر ئاوەسپی بە شەو دەڕۆیشتین بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبین وای لێ هات گەیشتینە دێی گەرمک و چەوری، هەر ئەو شەوە ڕۆیشتین بۆ زنانە و خۆیشمان شاردەوە و بە ڕۆژ هیچ حەرەکەمان نەدەکرد تا ڕۆژی دوایی.

٢٨- زستان بوو، حەفتەی یەکەمی ڕەمەزانی ساڵی ١٩٦٣ ئێمە لێرە ناچارین وردەکاریی نەخشەکە بە هەموو سەرپەل و بەرپرسەکان بدەین، چونکە پێشمەرگە نەگەیشتبووە ئەو ناوچانەی خوارەوە و دەبێت وردەکاریی ئامانجەکە بزانن و ئەم نەخشەیە زەحمەتە و قوربانی تیادا دەدرێت، بۆیە ئاگادارم کردن کە قوربانی بۆ ئەم مەسەلەیە ٥٠%یە، بەڵام ئامانجی سیاسی بۆ شۆڕش پیادە دەکەین، زۆریان پێ خۆش بوو، داوایان لێ کردن زانیارییەکان لە پ.م و خەڵک بشارنەوە.

ئەوەی نەخۆش و بێتوانا و ترسنۆک بوو بە فێڵێک بەجێیان بهێڵێت و بەتایبەتی ئەوەی نەخۆشیی کۆکەی هەیە، زۆریان پێ خۆش بوو.

تاریک بوو ڕووکردنمان دیار بوو کە بۆ لای حاجی حەمەجان نییە، بەڵکە ئامانجێکی ترە، لەزنانە بەرەو سلێمان بەگ رۆیشتینو دونیا تاریک بوو، نزیکەی ٥کم لە ئەرزێکی تەخت، تک تک باران دەباری.

پێشمەرگەکانمان کۆ کردەوە و بۆ هەموویان نەخشەکەمان ئاشکرا کرد و داوامان لێ کردن ئەوەی توانای نییە و نەخۆشە، عەیب نییە با بگەڕێتەوە زنانە، زۆر بە حەماسەوە وەریانگرت، بۆیە بۆ جێبەجێکردنی نەخشەکە ئەرکی هەر یەک لە کۆمەڵەکەی دیاری کرد و پێشتر لە حاجی قەڵا لەسەر کاغەزێک نووسیبووم.

٢٩- ورد و درشتی ئەرک:

أ- تاقمی خەباتکردن بۆ بەرگری.

ب- تاقمی ڕزگارکردن بۆ ڕزگارکردنی دیل.

ج- تاقمی پاراستنی ڕێگەکان.

د- تاقمی کۆنترۆڵکردن.

ه- تاقمی هێرشی بەرانبەر و کۆنترۆلکردنی خاڵی بەسەرکردنەوە و پەناگە.

و- تاقمی مەقەستچی و کۆنترۆڵکردنی ئێستگە و ئەرکی یەکەم و دووەم درا بە کاک عادل عیزەت، جەماعەتی تاقمی ڕێگەی بەغدا سلێمانبەگ سپێردرا بە کوێخا غەفووری مەنمی خۆی و ١٠ پ.م مەنمی، ڕێگەی تووز- کفری سپێردرا بە کامیلی مەلا وەیسی، ڕێگەی کفری تووز بە شێخ عەلی کاکە حەمە لە تاقمی شێخ موحەممەد سپێردرا، تاقمی کاک شێخ موحەممەد بۆ هێرشی بەرانبەر و چارەسەرکردنی هەلۆیستی تازە کە پەیدا دەبێت، هەروەها پاراستنی خۆمان سپێردرا بە شێخ عەبدوڵڵای عەبابەیلیٚ، جێگەیان لە خاڵی بەسەرکردنەوە و مەسابە (دیلگە) لەسەر ڕێگەی کفری و تووز. مەلا ئەحمەد خۆی و هەردوو برا جوامێرەکەی و ڕەزا جاف، لەگەڵ ١٠ چەکداری بە فەرماندەیی عەلی شێخ شەهاب و کامیل یادگار سەیتەرەی سەر ئێستگە و ئامێری پەیوەندی و ئێستگە، پاشان دەستبەسەر فەرمانگەی ئێستگە و پاسەوانەکەی ئێستگەدا بگیرێت.

ئێمە وەکو باسمان کرد لە خوارووی زنانە زۆر بە پەلە ئەم ئەرکانەم دابەش کرد لەسەر زەوی، بۆیە لەسەر ئەرزێکی تەخت لەگەڵ کاک نەوشیروان و کاک فازڵ، لەسەر ئەرز خەتی سکەمان نیشان کرد و داوامان کرد لە کۆمەڵەکە هەریەکە جێگەی خۆی بگرێت و ئەرکی خۆی جێبەجیٚ بکات.

ئەمە زۆر بە پەلە بوو، چونکە ئێمە حیسابی ڕێگەمان وا کردووە کە ١٥ کیلۆمەتر ڕۆیشتین و ١٥ کیلۆمەتر گەڕانەوە ببڕین، ئەوەی نەخۆش و نەتوانا بوو، هەندێکیمان گەڕانەوە.

زۆر بە پەلە بەڕێ کەوتین بەرەو شاخی پشت تووز، شاخی نەفتداغ.

پ.م لە حەماس و خۆشیدا زۆر بە خێرایی تێپەڕ بووین لە شاخ و گەیشتینە دەشتی سلێمانبەگ، لە خاڵێک کە مەودای ٥٠٠ مەتر دوورە لە ئێستگەکە، بە هێمنی لێی پێش کەوتین تا گەیشتینە سێسەد مەتر نزیک ئێستگەی شەمەندەفەر. تکە تکە باران دەباری و چاودێریی کات و ڕۆیشتنی شەمەندەفەر لە تووز بۆ سلێمانبەگ، شەمەندەفەر لە تووز خورماتوو بەرەو سلێمانبەگ سەعات ٩ی شەو دەردەچێت و سەعات ٩/٣٠ دەگاتە سلێمانبەگ، بۆیە دەبێت لە بەینی سەعات ٩/٠٥ تا سەعات ٩/٢٠ ئێمە ئەرکی گرتنی شەمەندەفەر تەئمین بکەین، چونکە شەمەندەفەر لە ئێستگەی تووز دەرناچێت تا ئێستگەی سلێمانبەگ ئاگاداری دەکات کە سکە چۆڵە لەبەر ئەوەی شەمەندەفەر لەسەر یەک ڕێگە دەڕوات، بۆیە لە دەوروبەری سەعات ٩ زانیم شەمەندەفەر لە تووز کەوتە ڕێگە، ئێمە سەعات ٩/٣٠ دەقیقە ڕامان گەیاند بە پەلە هەر گرووپە و بە ئەرکی خۆی هەڵبسێت.

گرووپی پاراستنی ڕێگە بەڕێ کەوتن، زۆر بە دزییەوە، هەر گرووپە و بۆ جێگەی خۆی، گرووپی گۆڕینی مەقەست و کۆنترۆڵکردنی ئێستگە و ئامێری ئێستگە بە فەرماندەیی مەلا ئەحمەد و کامیل یادگار و عەلی شێخ شەهاب و ١٠ چەکدار بەو ئەرکە هەڵساند.

ئەو گرووپەی کە مابوو، زۆر بە پەلە (بەتایبەت گرووپی خەباتکردن و ڕزگارکردن لەگەڵ خۆماندا هەریەکە لەمدیو و لەودیوی سکە لە حاڵەتی ئامادەباشیدایە، بە جۆرێک ئاشکرا نەبن، هەریەکە جێگەی خۆی گرت، من و کاک نەوشیروان و کاک فازڵ و کاک عادل عیزەت و کاک حەمید بەرواری گەیشتینە بینای ئێستگە، ١٠ مەتر دوورتر لە شۆستەکە دانیشتین و کاک شێخ موحەممەد لە جێگەی خۆی ئامادە بوو بە ئەرکی خۆی هەڵبسێت.

شەمەندەفەرەکە زۆر نزیک بووەوە، لەوکاتەدا (شەمەندەفەرێکی بارهەڵگر) لەجەلەولا بۆ کەرکووک هات، لەوبەری سکە لەسەر سکەی فەرعی وەستا،

قیســمێک پێشــنیاریان کــرد، کەلێــی بــدەین چــونکە ئاســانترەو پیــادەی کــۆمەڵێ ئامانجمــان ئەکــات بەڵام مــن مــوافەقەتم نەکــرد، دەســت بەجــێ کەشــەمەندەفەر نزیــک بــۆوە بەرەو ئێســتگەی ســلێمان بەگ مەلا ئەحــمەدو گــروپەکەی دەســتیان بەســەر ئێســتگەو چەکداری ئێستگەدا گــرت مەقەســیان لەسکەدا بــۆ ئەوەی قیتــار بێــته ســـەر شۆســـتەو بەبەدلەشـــینی خـــۆی هەردوو ڕەزا بەچـــرای ســـەوز شــەمەندەفەرەکەیان هێنــایە ســەر (ســکەی شۆســتە) بەهێواشــی شــەمەندەفەرەکە گەیشتە لامانو تۆزێ زیاتر لەسنووری خۆی ڕۆیشت تێپەڕبوو.

هەنــدێک حیمــایە کە لەگەڵ منــدا بــوون: جەلیــل ســووری شــوانی و ئــامۆزایەکی بە ڕەشــاش دیکتــاریۆف تەقەی لە بــزوێنەری شــەمەندەفەرەکە کــرد، بــێ فەرمــان دەســت کــرا بە تەقە، لەوە ترســام چەکــداری حکــومەت لەو نزیکــانە بەرهەڵســتیمان بــکەن. پــاش تەقە زۆر بە پەلە دوو پــۆلیس بە تفەنــگ لە ناو شەمەندەفەرەکەوە بەرەو ئێمە تەقەیان کرد.

ناچــار بــووم بە بــن فــارگۆنی شــەمەندەفەرەکەوە بــڕۆم. پەلامــاری تفەنگــم دا و لــێم ســەندن، پاشــان کــاک بەکــری حــاجی فەرەجــم لەگەڵــدا بــوو، ڕۆیشــتمە نــاو قیتــارەکە و بە عەرەبــی پــێم ڕاگەیانــدن کە ئامانجەکــانی ئــێمە چــین، دەســتبەجێ خۆیــان بە دەســتەوە دا و ئەوەی چەکــی پــێ بــوو لێمــان ســەندن، فــارگۆن بە فــارگۆن، چــوومە ژوورەوە و گرووپــی ڕزگــاری و خەبــاتکردن دەوری خۆیــان ببیــنن و عــادل عیــزەت و کــاک حەمیــد سەرپەرشــتیارییان دەکــرد، لەگەڵ کــاک نەوشــیروان و کــاک فــازڵ خەریکــی ئەوە بــووین کە کۆنترۆڵی ڕەوشەکە بکەین.

زیـــاد لە ٣٠ دەقـــیقە بەرگـــری هەبـــوو، زۆر بە پەلە داوام لە کـــاک نەوشــیروان و کــاک فــازڵ کــرد بە پەلە دیلەکــان کــۆ بــکەنەوە لە مەســابە (دیلــگە) خــوتبەیەکم ئامــادە کردبــوو، زۆر بە کــورتی گــوتم: شــەڕی ئــێمە، شــەڕی کــورد و عەرەب نیــیە، بە پڕوپاگەنــدەی حکــومەت و دوژمــن فریــو مەخــۆن، چــونکە ئــێمە هەر بــراین، زیــاتر لە هەزار ســاڵە و قەت لە بەینــی ئەم دوو مــیللەتەدا نــاکۆکی نیــیە، بەڵکــو شــەڕی ئــێمە دژ بە حکــومەتە، کە

کشـــاوەتەوە لە ددان نـــان بە مافەکـــانی قەومـــی کـــورد و ئێســـتا حکـــومەت دژایەتیمـــان دەکـــات، ئـــێمەش موقـــاوەمە دەکەیـــن، بە هـــیچ جۆرێـــک شـــەڕی هەردوو میللەت نییە. ئەمە بە عەرەبی نووسرابوو.

ئەســـیرەکان زۆر بـــوون، نزیکـــی هەزار کەس دەبـــوون، مـــن پێشـــەکی بـــۆم بـــاس کـــردن و خـــوتبەکەم دا بە فـــازڵ کە بۆیـــان بخـــوێنێتەوە، هەروەهـــا داوام لە مەســـئولەکانی خۆمـــان کـــرد کە ئـــافرەت و پیرەمێـــرد و نەخـــۆش و منـــداڵ ئـــازاد بکەن، هەر لەوێ باقیی عەسکەری و پۆلیسی بێگانە بەرەو شاخ بکێشنەوە.

لەو کـــاتەدا چەکـــداری حکـــومەت لە ســـلێمانبەگ دەســـتیان کـــرد بە تەقە، منـــیش زۆر بە پەلە گەیشـــتمە لای کوێخـــا غەفـــوور کە لەســـەر ڕێـــگەی تـــووز-بەغـــدا بەرهەڵســـتیی تەقەمـــان لـــێ کـــردن بـــۆ ئەوەی دیلەکـــان و کـــۆمەڵەکە بکێشـــنەوە خـــاڵی پەنـــاگە و بەرەو شـــاخ بـــڕۆن. پاشـــان داوام لە کوێخـــا غەفـــوور کـــرد بچێـــتەوە نزیـــک ئێســـتگەکە، هەروەهـــا گرووپێـــک لە کـــاک حەمیـــد لە خۆشـــیی پیـــادەکردنی ئەو ئامـــانجە گەورەیە بە پەلە دەبێـــت بگەڕێـــنەوە بەرەو شـــاخ بـــۆ ئەوەی هەر بە شـــەو بـــگەیەنە نـــاوچەی هەردەی داودە نزیـــک زنـــانە، نەبـــادا هێرشـــی حکـــومەت یـــاخود ســـەرلەبەیانی بکەویـــنە بەر بۆردومـــانی فـــڕۆکە. ئـــێمە شـــەهیدێکمان هەبـــوو لەگەڵ دوو برینـــداری خەفیـــف، لەبەرەی بەرانـــبەریش چەنـــد برینـــدار و کوشـــتار هەبـــوو، هەر ئەو شـــەوە زۆر بە پەلە و بە حەماســـەوە لەگەڵ دیلەکـــان گەڕایـــنەوە. بـــۆ بەیـــانی دونیـــا ڕوون بـــووەوە، ناچار ئەو ڕۆژە تا ئێوارە لە ناو دۆڵ و چەم خۆمان شاردەوە.

٣٠- بەڵام خۆشـــبەختانە نە فـــڕۆکە نە هێرشـــی حکـــومەت نەبـــوو، توانیمـــان لەپڕ لە حکومەت بدەین و ئەم چەکانەمان چنگ بکەوێت:

شـــەش تفەنگـــی ئینگلیـــزی، ســـێ غەدارەی ئیســـترلین، ســـێ تفەنگـــی ئینگلیزیـــی تـــر، پاســـەوانی ئێســـتگە، هەشـــت دەمـــانچە ویبلـــی (پێنجـــی گەورە و ٣ی بچـــووک). ئـــامێرێکی گوێلێبـــوونی لەکـــارکەوتوو و کۆمەڵێـــک حەپســـی کـــورد کە دەبران بۆ بەغدا، بەرەڵا بوون.

بـۆ شـــەوی دووەم لە زنـــانە مـــاینەوە، زۆر هـــیلاک بـــووین و دیلەکـــان کە ژمارەیـــان ٣٧٥ نەفەر بـــوون، بەڕێمـــان خســـتن بـــۆ قەراغ و لەوێـــوە بـــۆ مـــاوەت و دووبارە ئەوەی نەخۆش و پیر و بێکەڵک بوو بەرماندان.

بـــۆ ڕۆژی ســـێیەم و چـــوارەم گەیشـــتنەوە ئاوباریـــک و کۆشـــک. دوو-ســـێ ڕۆژ لەوێ مـــاینەوە، پـــاش پیـــادەکردنی ئەو ئامـــانجە گەورەیە بـــۆ ئەوەی زیـــاتر میللەت بڕوای بە ئێمە و شۆڕش هەبێت، بووین بە سێ ڕەتڵ.

کـاک شـێخ مـوحەممەد بەنـاو جـاف و شـێخانی و بـانی مـۆرد و کـاک عـادل عیـــزەت بەنـــاو زەنـــگەنە و جەبـــاری، خۆیشـــمان بەنـــاو زەنـــگەنە لە ڕێـــگەی ئاوەسـپی بـۆ ئەوی ئامانجەکـانی خۆمـان بـۆ مـیللەت ڕوون بکەیـنەوە، پـێش ١٥ ڕۆژ لە پیادەکردنی پلانەکە.

٣١- نامەیەکم نووسی بۆ م.س و ئەوەم ڕوون کردەوە:

دەبێـــت ئەو ئامـــانجە پیـــادە بکەیـــن و لەوانەیە زیـــان لە ٥٠% بێـــت، چـــونکە ئەم ئامانجانەی خوارەوە پیادە دەکات:

أ- بەرپەرچی سەربازیی حکومەت دەدەینەوە.

ب- دەگەینە سنووری خوارووی حەمرین.

ج- زۆرتـــر ئامـــانجەکە دەبێـــت بەنـــاو هەمـــوو ئەو عەشـــیرەتانەدا بـــڕۆین کە زۆرن، ئەوەی بڕوایان قایم بێت بە شۆڕش و سەرکردایەتی.

ئـــێمە لە گەڕانەوەمـــان لە دێـــی سپیســـەر بـــووین، وەڵامیـــان گەیشـــتەوە و داوایـــان کـــردین کە پەلە بکەیـــن، چـــونکە ســـەرکەوتن گەورەیە و حکـــومەت هـــان دەدات بۆ پەیوەندی و موفاوەزات.

ئەم نـــامەیە بە مـــن گەیشـــت، ئەســـیرەکان گەیشـــتنە لای م.س لە مـــاوەت، پاشـــان ئـــێمە لە نـــاو دێهـــاتی زەنـــگەنە مـــاینەوە، هەروەهـــا ڕۆیشـــتووین بەرەو ئەشـــکەوتی میـــر ئیســـماعیل لە ئاچـــداغ، ئەویـــش بارەگـــای خۆمـــان بـــوو، کـــاک مەلا ناســـیح و شـــێخ لەتیـــف چاوەڕوانیـــان دەکـــردین. یەک حەفـــتە بەســـەردا نەڕۆیشـــت مەلا ناســـیح و مـــن و کـــاک نەوشـــیروان و کـــاک فـــازڵ هەڵســـان لە خەو، بەیـــــــــانی زۆر زوو بـــــــــوو، حەرەکەی ١٤ی ڕەمەزان ڕووی دا و

بەعسییەکان هاتنە سەر حوکم و منیش زۆر بە نارەحەتی و بە دڵێکی ناخۆشەوە وەڵامم دانەوە، کە ئیتر زەحمەتە مەسەلەی کورد جێبەجێ ببێت لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری جۆراوجۆر لە ناو سوپای عێراقی و لاوازیی تێگەیشتنی ئەو حکومەتانەی کە دێنە سەر حوکم.

**ئیمزا**

**کەمال موفتی**

**کانوونی دووەمی ٢٠٠٠**

# ئەلبوومی وێنەکان



کوردستانی باکوور (وان) ۱۹۳۱/ لە راستەوە: سوندس خانم، مستەفا ئەفەندی ئۆغرلی، نەنە حەلیمە. بە دانیشتنەوە لەگەڵ خیر النساء (دایەنی منالەکان)، راوەستاوەکان: سابیە خانم (خوشکی مستەفا ئەفەندی).



سلێمانی، ماڵی خۆمان (گەلەری زاموا) لە راستەوە: گەلاوێژ بە راوەستاوی، پورە فاتم (پوری ئیبراهیم ئەحمەد)، هەلۆ ئیبراهیم ئەحمەد، شاناز ئیبراهیم ئەحمەد.



کوردستانی باکوور (وان) ۱۹۳۱/ مستەفا ئەفەندی ئۆغرلی

(مێردی سوندس خانم)

خوشکی نەنکی گەلاوێژ.



بەغدا ١٩٣٢ خاڵە محەمەد عەبدوڵڵا (خاڵی

گەلاوێژ) و هاوڕێکانی. دانیشتوەکان لە چەپەوە:

خاڵە محەمەد



کوردستانی باکوور (وان) **١٩٣٢** سندس خانم

(خوشکی دایکی گەلاوێژ)،

خیر النساء ( کچی سندس خانم)



سەربازگەی غەزلان — موسڵ ١٩٣٢/ خاڵە محەمەد عەبدوڵڵا (خاڵی گەلاوێژ)



کوردستانی باکوور (وان)

خير النساء کچی سندس خانم



بەغدا / باجی نەعیمەی هاوسەری خاڵە هەمزە عەبدوڵلاّ و دادە مینای کچیان



موسڵ ١٩٥١/٩/١١ ناوەڕاست: خاڵە هەمزە، لەراستەوە: باجی حەمدی، باجی نەعیمە، خەدیجە، دانیشتوەکان: رەوف ئەحمەد، حەسەن ئیسماعیل.



سلێمانی ١٩٥٤/

هێرۆخان



بەغدا ١٩٦٥/٦/١٣ – مامە رەمزی فەتاحو حەلاوەخانی هاوسەری.



ئێران ١٩٦٥/ ڕێگای تاران- مەشهەد/

چایخانەیەکی سەر ڕێگا



کوت ١٩٦٧/ هەتاو، هەیڤی، کوردێ، گەلاوێژ، ئیبراهیم ئەحمەد



کوت ١٩٦٨/ گەلاّوێژ، هاوڕێ، کوردێ



تاقی کیسرا ١٩٦٨/ لە راستەوە: گەلاوێژ، ئیبراهیم ئەحمەد، هاوڕێ، سورەیاخان
(هاوسەری عومەر دەبابە)، عومەر دەبابە.



بەغدا ١٩٦٩/

مەیان سەدیق ئەتروشی

(خوشکەزای گەلاوێژ)

هاوڕێ، ئاسیا، لیلۆز



لەندەن ١١/٦/١٩٧٠ **هایدپارك**/ گەلاوێژ، هاوڕێ، کوردێ



لەندەن – باخچەی ئاژەڵان ٢١/٦/١٩٧٠ – گەلاوێژ، هاوڕێ



ئیتالیا (رۆما) ١٩٧١- ئیبراهیم ئەحمەد، گەلاوێژ، هاوڕێ



بەغدا ١٩٧١/ گەلاوێژ، هاوڕێ



لوبنان ١٩٧٣/ هێرۆ، مام جەلال، گەلاوێژ، هاوڕێ



لەندەن ١٩٧٦/ هێرۆ ئیبراهیم



بەیروت ١٩٧٧/ گەلاوێژ، بافل مام جەلال



لەندەن-

قوتابخانەی بندن هل

١٩٧٧/٧/١٠

هاوڕێ، بافل



لەندەن ١٩٧٩/  شەفیقە شالی،

گەلاوێژ



لەندەن ١٩٨٠/

مام جەلال، قوباد



لەندەن ١٩٨١/ ڕۆژەی ماچ لەنێوان گەلاوێژو قوباد



لەندەن ١٩٨٢/ ئیبراهیم ئەحمەدو نەوەکانی (قوبادوبافل)




لەندەن ١٩٨٣/

گەلاوێژ، قوباد



لەندەن ١٩٨٣/ حاجیە سەلیمەخان (دایکی گەلاوێژ)، قوباد، کوردێ، بافل



لەندەن، نەورۆزی ١٩٨٨/ گەلاوێژ، قوباد



لەندەن

١٩٨٥/١٢/١٩

گەلاوێژ، هەیڤی



لەندەن (ماڵی خۆمان) ١٩٨٧/١/٣- گەلاوێژ لەسەر جێگاکەی خەریکی رۆمان نووسینە.



کوردستانی باشوور ١٩٩٠/١١/١٧ گەلاوێژ لەکاتی گەیشتنەوەی بۆ کوردستان
لە خۆشیانا بەردەکە ماچ دەکات



لەندەن ١٩٩١/ ( لەکاتی ڕۆیشتن بۆ داوینك ستریت بۆ بەرزکردنەوەی سکالاٚ دژی کۆچڕەوی بە کۆمەڵی کوردان)، لە ڕاستەوە: دێرین لەتیف ڕەشید، مسز ئان کلوید، خونچە عەلی بوچاك، سارا لەتیف ڕەشید



سوریا ١٩٩٢/ مام جەلال، گەلاوێژ، عەبدوڵلاٚ ئۆجەلان



سلێمانی ۲۰۰۷/ لە راستەوە: نازنازخان، عەتیەخان، گەلاوێژ، تاراخان

ستۆكهۆلم ١٩٩٨/

هەندرێنی کوڕی هەڵۆ



ستۆكهۆلم ١٩٩٨/

هەندرێنی کوڕی هەڵۆ



لەندەن/ حاجیە سەلیمەخان (دایکی گەلاوێژ)، هەڵۆ باوەشی بە نەنکیا کردووە



لەندەن/ لە راستەوە: نەبەز عومەر دەبابە، گەلاوێژ،
سورەیا (خێزانی عومەر دەبابە) لەکاتی پێشوازی کردنی مام جەلال



کاردیێف/ ئەو ڕۆژەی شیعری (چوونە سەیران)م نووسی



سلێمانی/ ماڵی عەتیەخان (خوشکی ئیبراهیم ئەحمەد)، باجی حەمدی، باجی سەبیحە، باجی نەعیمە (خوشکەکانی ئیبراهیم ئەحمەد)

# له بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

- ڕۆمانی بەرەو ئەشکەوتی دلێران        بەشی یەکەم
- ڕۆمانی بەرەو ئەشکەوتی دلێران        بەشی دووەم
- ڕۆمانی بەرەو ئەشکەوتی دلێران        بەشی سێیەم
- ڕۆمانی دایكو کوڕ
- ڕۆمانی بووکی ئاتەخان
- ڕۆمانی پایزو خونچە
- ڕۆمانی دنیا بێشەیە
- ڕۆمانی ڕێبوارێکی سەرگەردان
- ڕۆمانی کارەکەر
- ڕۆمانی لەسەر باڵی سیمرخ
- ڕۆمانی گەشتی کوردستان
- اوراق من السيرة الذاتية
- ئەفسانەی گەلی ناوگردان (چیرۆکی فۆلکلۆری)
- سێ چیرۆك بۆ مێردمنداڵان
- پەیوەندیی ئیداریی، ن. عەزیز نەسین، و. لە فارسیەوە
- بیرەوەرییە هەرگیز لەبیرنەکراوەکانی من  بەشی یەکەم
- بیرەوەرییە هەرگیز لەبیرنەکراوەکانی من  بەشی دووەم
- ڕۆمانی دیوارەکانی ناو ئاو
- ئەوەی شایانی باسە چەند وتارێکی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی دەرەوەی کوردستانو عێراقدا بلاّوکردۆتەوە.